

# له بیرم دێت

**(رۆمان)**

**٢٠٢١**

**فەڕۆخ نێعمەتپوور**

**لەبیرم دێت نەمدەزانی دەبێ لەبیرم بمێنێ**

**ناوی کتێب: لەبیرم دێت**

**نووسەر: فەڕۆخ نێعمەتپوور**

**ژانر: ڕۆمان**

**تیراژ:**

من ئەوەتەی لە بیرم دێت قۆناغەکانی تەمەنی خۆمم قەت بۆ لێک جیانەدەکرانەوە. بۆ وێنە قۆناغی نێوان منداڵی و مێردمنداڵی، مێردمنداڵی و گەنجیەتی، گەنجیەتی و گەورەساڵی و... . ڕەنگە زۆر کەس وابێت. ئێمە تەنیا سەردەمانێک لە کات تێدەگەین کە بازمان بەسەردا دابێت و زەمەنێکی باشی بەسەردا تێپەڕیبێت.

لەبیرم دێت زۆرم حەز بە خوێندنەوەی کتێب بوو، یان ڕەنگە گوتیان دەبێ زۆر حەزت لێی بێت! نازانم. ڕەنگە تێکەڵێک لە هەر دووکیان بووبێت. بڕواناکەم کەس لەم ژیانەدا، تەنانەت گەر بە زۆریش پێیان کردبێت گەر کەمێک حەزی لەسەری نەبووبێت، توانیبێتی لێی بەردەوام بێت. چارەنووس و داهاتووی ئێمە شتێکە لە نێوان ئەم دووانەدا، لە نێوان زۆر و حەز، بەشێکی لەم و بەشێکی لەو.

ڕۆژێک پوورم دەستی گرتم و بردمی بۆ کتێبخانەی منداڵانی شار کە ئەوسا بینایەکی گچکەی چیمەنتۆ بوو کە بەهۆی چیمەنتۆبوونەکەیەوە خۆی بە تەواوی لە هەموو خانووەکانی تری شار جیادەکردەوە. لە

خانووە گڵییەکان مەبەستمە. ئەو سەردەمە، لەم جۆرە خانووانە زۆر نەبوون. تاق و تەرا دەستدەکەوتن. لە بیرم دێت سەرنجی خەڵکیان زۆر رادەکێشا. وەک بڵێی لەو دیو دیوارەکانیانەوە جیهانێکی سەیر و سەمەرە بێت و خەڵکێکی تایبەتیان تیا بژی. هەڵبەت یەک دوو ساڵ دوواتر گەڕەکێک بۆ ئەم جۆرە ماڵانە تەرخانکرا و ناوی لێنرا "خانە سازمانییەکان"! گەڕەکێک لە باشووری رۆژهەڵاتی شار. کەس نازانێ ئەم ناوە بۆ. یان رەنگە من نایزانم بۆ؟ ناوەکە فارسی بوو و تەنیا ئەوەندەی، بە شێوازی کوردی کرابوو بە کۆ. خانە سازمانییەکان، ئەوانەی تیا دەژیان وا خەڵکی شار نەبوون و لە شوێنەکانی ترەوە هاتبوون. لە کارمەندی ئاسایی ئیدارە جۆربەجۆرەکانەوە بگرە هەتا ساواکی و رەئیس و شتی لەم بابەتە. ئەو گەڕەکە تایبەتی بوو و بۆ چینی مامناوەندی تەرخانکرابوو، ئەو چینەی کچ و کوڕەکان و ژنەکانیان لە چەشنیکی دیکە بوون و کاتێک شۆڕشکرا زۆربەیان ونبوون. ئەو چینەی بە تاقی تەنیا لە هەموو گەڕەکەکانی تری شار زیاتر خاوەنی پاسکیل بوون و کچەکانیان بە شەرواڵ و بیجامەی گوڵگوڵییەوە سواریان دەبوون و دوواتر بۆ شەوەکەی گەنجەکانی گەڕەکەکانی تری شار دەستپەڕیان پێوەدەکردن.

رۆژێکی بەهاریی خۆش بوو. چنارە باڵابەرزەکانی درێژایی ئەو جادەیەی ئێمەی دەگەیاندە کتێبخانەکە، بەدەم شنەی باوە دەشەکانەوە، گەڵا گەنجەکانیان کە سەوزێکی کاڵ و گەش بوون خۆیان لەیەکتر دەسوو و ئاوازێکی نەرمیان دەچڕی. شتێک وەک جریوە. ئەمە تەنیا شەقامی شار بوو کە درەختەکانیان بەو شێوەیە چڕ سەریان بە سەری یەکترەوە

نابوو و دالآنێکی تایبەتیان لەم سەر تا ئەو سەری جادەکە دروستکردبوو. وەک بلّێی بەناو تونێلێکی سەوز بە سەقفێکی شینەوە تێدەپەڕیم. نازانم تاوانی کتێبخانەکە بوو یان جادەکە، بەلآم من بە ئیستایشەوە یەکجار گەشبینم و هەمیشە لام وابووە ژیان شتێکی عەجایەبە و هەمیشە بەلّێنە شتێکی خۆش رووبدات. لە داهاتوودا. هەرچەند هەتا ئەم قۆناغەی تەمەنیشم وەها شتێکم بە خۆمەوە نەبینیوە و حەزەکە تەنیا وەک حەز لەوێ ماوەتەوە. جاری وایە هەست دەکەم کەسێک هەر لەسەرەتاوە منی خەلّەتاند. نازانم کێ بوو، بەلآم دەزانم هەبوو. هەرچەند وەک لەوە پێش گوتم مرۆڤ ناکرێ شتێکی بەسەردا نەیەت کە بۆ خۆی کەمێک حەزی لێی نەبێت. من حەزم لەم خەلّەتانە بوو. لەم رۆژانە لە شوێنێک خوێندمەوە ژیان بە ئەفسانەکانەوە چێژی هەیە و ئەقلّ ژیانی بێتام کردووە. بۆیە حەزدەکەم ناوی ئەو درۆیە بنێم ئەفسانە. من هەر لەو سالآنەوە حەزم لە ئەفسانە بوو.

لە شوێنێک لە جادەکە لاماندا و چووینە حەوشەیەکی گەورەوە. لەو سەری حەوشەکە بینای کتێبخانەکە بوو. بە سەر سێ پلیکانەدا سەرکەوتین و بە دەرگایەکی ئاسنینی نیوەشووشەدا چووینە ژوورەوە. من کە لام وابوو دەبێ خەلّکێکی زۆری لێ بێت، بینیم تەنیا ژنێک لە پشت مێزێک دانیشتووە و بە شتێکەوە سەرقالّە. ژنێکی چاویلکە لەچاو. بە بزەیەکەوە لەبەرمان هەستا و بەدەم پورمەوە هات و بە نیگایەکی پڕ لە سۆز و پێکەنینەوە لە منیشی روانی. پوورم گوتی دەمەوێ لێرە وەک ئەندام ناونووسی بکەم. گوتی کوڕەکەمان دەبێتە خوێندەوارێکی

**تایبەت! لەبیرم دێت بە ناو قەفەسەی کتێبەکاندا گەڕام و لە کتێبەکانم رووانی. پوورم کە وەک بڵێی لەگەڵ خانمە بەرپرسەکە یەکتریان باش دەناسی، دانیشتبوون و بەگەرمی سەرقاڵی قسە بوون. کتێبەکان ئەوەندە زۆر بوون کە نەمدەزانی سەیری کامیان بکەم. بۆنی تایبەتیان، وێنە رەنگاوڕەنگەکانیان و ئەو رستانەی کە بە جوانی لەسەر لاپەڕەکانیان نەخشیان بەستبوو، بەتەواوی سەرنجیان رادەکێشام. هەر کامەیانم بەدەستەوە دەگرت و بەرگەکەیم هەڵدەدایەوە، دەمبینی جیهانێک خۆی تیا حەشاردابوو. من لە ناو بێ ئەژمار جیهاندا گەمارۆ درابووم. جیهانە بێدەنگ و ئارامەکان کە پاڵیان بە یەکترەوە دابوو و چاوەڕوانی کەسێک تامەزرۆی کردنەوەی خۆیان بوون. من ئەگەرچی تا ئەو ساتە یەک تاقە کتێب چییە نەمخوێندبووەوە، زانیم دەتوانم تەنیا بە بەدەستەوەگرتنی یەکیان و کردنەوەی، دەروازەیەکی تر بە رووی خۆمدا بکەمەوە. چەند هەستێکی سەیربوو.**

**کارتی ئەندامەتییەکەم وەرگرت و دوو کتێبیشم بە ئەمانەت خستە بن باڵم و وەدەرکەوتین. دەبا ساڵەکان تێپەڕن و ئەوسا من ئەو دەرفەتەم بۆ بڕەخسێ بتوانم لێکی بدەمەوە کە من ئەو رۆژە لە قۆناغی پەڕینەوەی زارۆک بەرەو منداڵی بووم. تاوانی پوورم بوو، جادەکە، یان کتێبەکان نازانم. رەنگە تاوانی هەر هەموویان پێکەوە بێت.**

**کە گەڕاینەوە دیسان هەمان رێگامان گرتەوە بەر، بەڵام ئەمجارەیان پێچەوانە و کەمێک درەنگتریش ببوو. هەتاو خواربببووەوە. گەڵاکان، سەوزە روونەکەیان نەمابوو و بگرە لە گۆرانیش کەوتبوون. جادەکە کە ناوەناوە ماشینی پیاتێدەپەڕی، وڕ دەهاتە بەرچاوم. وەک بڵێی لە**

**شتێک ترسابێ، وەک بڵێی کارەساتێک روویدابێ و من و پوورم هێشتا پێمان نەزانیبێ. دەستم خستە ناو دەستی پوورم و سەرم هەڵبڕی و بەدەمیەوە پێکەنیم. ئەویش سەیری کردم و پێکەنی. رەنگە پێکەنینەکە کارەساتەکەی ئەو رۆژەی دوور خستبێتەوە، رەنگیشە نا. من ساڵانی ساڵ دوواتر بوو زانیم ئەو رۆژە من هەنگاوێک لە ماڵەوە دوورتر کەوتمەوە. لە دایکم، لە باوکم، رەنگە لە گەڕەک و لە شارەکە و لە نیشتمانیش. پوورم گوتی دەبێ جوان ئاگام لە کتێبەکان بێت، گوتی ئەمانەتن و گەر شتێکیان لێ بێت دەبێ بە پووڵ قەرەبووی بکەینەوە. گوتی تەنیا کاتێک دەیانخوێنیتەوە لە تاقەکە دایاندەگری و دوواتر دەستبەجێ دەیانخەیتەوە سەر جێگای خۆی. گوتی هەر دووکیشیان پێکەوە ناخوێنیتەوە، بەڵکو دانەدانە. هەرچەند من ساڵانی ساڵ دوواتر ئەم نەسیحەتەی پوورمم لەبیرکرد و جاری وابوو سێ چوار کتێبم پێکەوە دەخوێندەوە. نازانم بۆ پوورم دەیگوت دەبێ دانەدانە بیانخوێنمەوە. بۆ ناکرێ هاوکات مرۆڤ لە چەند جیهاندا بژی. مەگەر خەیاڵ جەستەیە تا تەنیا بتوانێ لەیەک شوێندا هەبێ؟ دیارە هەر ئەو رۆژەیش بەقسەی پوورم نەکرد و هەردووکیانم پێکەوە دەخوێندەوە. لەمەوە بۆ ئەویان و لەوەوە بۆ ئەمیان. بەناو رستە و وێنەکاندا شێتانە دەهاتم و دەچووم و هەوڵیشم دەدا جیاوازییەکانیشیان بدۆزمەوە. راستییەکەی ئەوە بوو هەتا بردنەوەیان بۆ کتێبخانە و وەرگرتنی دوو کتێبی تر، کە هەفتەیەکی خایاند، من چەندین جار ئەو دوو کتێبەم خوێندەوە. بگرە چیرۆکەکانیشم لەبەر کردن و لە کۆڵان بۆ هاوڕێکانم گێڕانەوە. هەرچەندە هەستم دەکرد بە بێ وێنەکان ئەو تام و چێژەیان**

نیە و ناتوانم ئەوەی لە دەروونمدا بوو بۆیان راگوێزم. بەڵام ئەوان زۆر بە تامەزرۆییەوە گوێیان لێدەگرتم. بە نیگایاندا ئەوەندەی تر زانیم کە من چیتر نابێ دەست لە کتێب هەڵگرم و هەتا بتوانم دەبێ ئاوێتەیان بم. بە شەویشدا خەوم بە کتێبەکانەوە دەبینی. بۆ وێنە خەوم دەبینی لێیان دەدزیم و ندەبوون، ئەوسا بە گریان خەبەرم دەبووەوە. دایکم دەستی دەبرد و لێوانە ئاوەکەی پشت سەری دەنا بە لێومەوە و پاش ئەوەی ئارام دەبوومەوە، دەخەوتمەوە. دایکم دەیبۆڵاند و دەیگوت عاقیبەت سەرت دەخۆن! یان خەوم بە خودی چیرۆکی ناو کتێبەکانەوە دەبینی. لە خەوەکەمدا ئەو کچۆڵەی سەبەتەی خواردنەکەی لە ناو دارستانەوە بۆ دایەگەورەکەی دەبرد، دەهاتە حەوشەکەمان و لە پشت پەنجەرەکانەوە، چاو بە بزە وەک بەرپرسی کتێبخانەکە، لێی دەڕوانیم. یان خەوم دەبینی بۆ خۆم دەخزامە ناو کتێبەکەوە و دەبووم بە بەشیک لە چیرۆکەکە و هەتا دووالاپەڕە دەڕۆیشتم. لە بیرم دێت کاتێک بۆ خۆم دەبووم بە کەسێکی ناو چیرۆکەکە، داستانەکە یەکجار درێژ دەبووەوە وەها کە هەستم دەکرد قەت ناگەمە دووالاپەڕە. لە راستیدا کاتێک بەئاگادەهاتم بە خۆم دەگوت نا، قەت حەزناکەم ببمە بەشێک لە چیرۆکەکان. شتێک لە دەروونەوە بەشێوەیەکی ناڕوون پێی دەگوتم چیرۆکەکان تەنیا لەناو کتێبەکاندا خۆشن،... دەیگوت وشیاربە!

لەبیرم دێت دایکم کاتێک خەریکی خاوێنکردنەوەی ناو ماڵ بوو و بۆ یەکەم جار چاوی بە کتێبەکان کەوت، گوتی ئەمانە چین؟ ئەوسا ئەم دیواودیوێکی کردن و بە بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی من بێت خستنیەوە سەرجێگای خۆی و دەستی کردەوە بەکارکردن. باوکم بەپێچەوانەی دایکم

سەیرێکی ناوەڕۆکەکەی کردن و پاشان لە منی رووانی و ئەویش وەک دایکم خستنیەوە سەر جێگاکەی خۆیان. بۆ سبەی ئێوارە گوێم لێبوو بە پوورمی گوت دەستت خۆش! پوورم بزەیەکی هاتێ. سالانی ساڵ دوواتر کاتێک هاوڕێیەکم بە کتێبێکەوە گیرا، بیری ئەو بزەیەی پوورم کەوتمەوە. داخۆ ئەو ئەم رۆژانەی دەبینی؟ نا، بڕواناکەم. پێم وایە لای ئەو ژیان هەمان جادەی ئەو دووانیوەڕۆیەی ئەو سالانە بوو بەرەو کتێبخانەکە. رەنگە ئەو، ئەو رۆژانە لای وابوو هیچ شتێک لە کتێبەکاندا نیە بتوانێ ببێتە هۆکاری ئەوەی وا بە سەر هاوڕێکەمدا هات. رەنگە لای پوورم جیهانە خەیاڵییەکانی ناو کتێبەکان بێ ئازارترین جیهانەکانی دونیا بن. ئاخر نەک ئەوەی ئەوان لە دوو توێی خۆیاندا دەمێننەوە و قەت ناتوانن بێنە دەرەوە و ببنە بەشێک لە جیهانی راستەقینە. من هەندێ جار لام وایە هاوڕێکەم خۆی گەمژە بووە.

رەنگە پێتان سەیربێت گەر بلێم من تەنیا کاتێک تەمەنم لە چل لایدا زانیم جادەکەی ئەو رۆژە رێک ئەو شوێنە بوو من تێیدا چوومە قۆناغیکی تری ژیانمەوە... قۆناغێکی دیکەی تەمەنەوە. بۆنەکان و رەنگەکان ماون و بەردەوام شاهیدی دەدەن. گەر رۆژێک رێگات کەوتە ئەوێ و بە ناو ئەو جادەیەدا تێپەڕی، ئەویش بۆت دەگێڕیتەوە. ئەویش منداڵێکی لەبیرە بە دوو کتێب لە بن باخەڵیدا کە لای وابوو ئاسمانی شینی سەر سەری لە شوێنێک دەگەییە دونیایەکی عەجایەب، تەنیا ئەوەندەی کە ئەو دەبا بەردەوام بووایە،... بەردەوام.

***

پوورم کە ئاگای لێیە من لە کۆلان چیرۆکی ناو کتێبەکانی کتێبخانە بۆ منداڵانی گەڕەک سەرلەنوێ دەگێڕمەوە، پێی وایە کتێبخوێنی باش ئەوە نیە وا چیرۆکەکانی خەڵکی تری جوان لەبیرە، بەڵکو ئەوەیە وا دەتوانێ سەرلەنوێ هەمان چیرۆک بە شێوەی خۆی دابڕێژێتەوە و بە جۆرێکی تر بیگێڕێتەوە. بگرە ئەوەندەیش سەرنجڕاکێش کە لە خودی چیرۆکەکە سەرنجڕاکێشترە. ئەو تەنانەت هەنگاوێک واوەتر لەمە دەڕوات و لای وایە چیرۆکی ژیانی خودی مرۆڤیش ئەوەی نیە وا روویداوە بەڵکو ئەوەیە وا دەمانەوێ رووبدات! ئەو کە ئەمەی لە رۆژێکی عەسری هاوین لە بن تاقەدرەختی ناو حەوشەکەدا پێ دەگوتم، زۆر بە دڵنیاییەکی سەیرەوە ئەم رستانەی بە دەمدا دەهات. من وەک هەمیشە لە دووای ئەوەی تەمەنم لە چل لایدا هاتەوە بیرم پێی بڵێم داخۆ ئەمە خەیانەت نیە بە دەق یاخود بە ژیانی راستەقینەی خۆمان، هەستمکرد لە دووای هەموو ئەو سالانە ئەو دڵنیاییەی وا بەردەوام لە دەنگی ئەودا هەبوو، هێشتا لە مندا تۆزیشی دیارنەبوو.

بەڵام راوەستن! نەکا هۆکاری هەموو دۆڕانەکانی من ئەمە بێت؟... نەکا هۆکاری ئەمە کتێبەکان بن؟ سەیرە، ئەوە دەستی منی گرت و بەرەو کتێبخانەی بردم و گوتی دەبێ بخوێنمەوە و کەچی خۆی یەکجار لە گومان دوور بوو. ئیستا بیردەکەمەوە رەنگە هۆکاری هەموو دڕدۆنگییەکان لە خۆمدا بێت نەک لە کتێبەکاندا. گەر بەردەوام ئەو سالانە بایە، حەزم دەکرد ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ پوورم درێژە پێبدەم و بڵێم چیرۆک لە راستیدا دوو جۆرن: راستەقینە و ناڕاستەقینە (یاخود خوڵقێندراو). بەڵام زۆر خێرا بیر لە خوڵقێندراو دەکەمەوە. داخۆ ئەوەی

**وا ڕوویشی دا خوڵقاو نەبوو؟ ئیستا دەزانم کە پوورم ناڕاستەوخۆ دەیویست ئەوەم پێ بڵێ ژیان بریتییە لە خوڵقان نەک دووپاتکردنەوەی ئەوەی وا ڕوویدا. پوورم دەیزانی ئەوانەی وا خاوەن چیرۆکی خۆیانن بەڕاستی بەردەوام دەبن نەک ئەوانەی وا چیرۆکی خەڵقی و بگرە تەنانەت ئەو چیرۆکەی وا بە سەرخۆیاندا هاتووە سەر لەنوێ دەگێڕنەوە. لای ئەو چیرۆک گێڕانەوەی هەموو شتێک بوو بە شێوازی خۆمان. ئەو دەیەویست پێم بڵێ گەر ئێمە خۆمان چیرۆکەکان نەخوڵقێنین ئەوا خەڵکی دیکە دەیانخوڵقێنن. من دیسان لە دووای ساڵانی ساڵە لەمە دەگەم. نازانم بۆ. بەڵام ڕاستی ئێمە چۆن چۆنی دەبێ چیرۆکی خۆمان بخوڵقێنین، داخۆ دەتوانین؟ ڕۆژێک هەوڵدەدەم ئەمە بکەم. دەبینم یەکجار دژوارە. هەرچی دەکەم ناتوانم و دیسان لەوێوە دەست پێدەکەمەوە وا ڕوویداوە. زەینم لە شتی تر بەتاڵە تا کتوپڕ تێدەگەم کە دەبێ لە خەونەکانمەوە دەست پێبکەم. بەڵام خەونەکانیشم زۆر دوور و درێژ نین و زوو دەگەمە ئەوسەریان. ئەوسا بیرم بە لای شتێکی تردا دەچێ: تێکەڵکردنی خەون و واقع. هەموو شتەکان بە گوێرەی خەیاڵەکانم دەگۆڕم و خەیاڵەکانیشم بە گوێرەی ئەوان دادەڕێژمەوە. دەبینم دونیایەکی سیحراوی سەیر بەڕوومدا دەکرێتەوە. تەنانەت ئەمە لەگەڵ کتێبەکانیش دەکەم. پوورم چەند زیرەک بووا بەڵام ئەو ساڵانە من بە دزیی ئەوەوە هەر لە گێڕانەوەی ئەوەی وا لە کتێبەکاندا ڕوویاندەدا بەردەوام بووم. تەنیا بەو هۆکارەی کە لە دووای تەمەنی چل ساڵی بەدوواوە لە قسەکانی گەیشتم. پووریشم کە یەکجار ڕقی لە گەمژەیی من هەستابوو، وازی لە نەسیحەتەکانی عەسرانەی ژێر**

**تاقه درەختەکە هێنا و، له داخانا دەستی کرد بە چنینی گۆرەوی و دەستکێشی زستانی بۆ من. ئەو کە دەیزانی من دەبێ بە تەنیایی له برِینی جادەکەی بەرەو کتێبخانە بەردەوام بم، بۆ ئەوەی دەست و قاچم نەتەزن و بەئاسانی بگەمەوە کتێیخانەکە، هەموو ساڵێک دوو جووت گۆرەوی بەن و جووتێک دەستکێشی کاموای بۆ دەچنیم. زستانان کاتێک دەگەیشتمە ئەو سەری جادەکە، لام دەکردەوە و لە رێچکەی هەنگاوەکانی خۆمم دەڕوانی. رێچکەکە خەیاڵی دەبردم. شتێک لەوێ له ناویاندا بەجێمابوو،... لە من بە جێمابوو. چی بوو، نازانم. هەستم دەکرد گەر دەنگ هەڵبڕم و هاواری لێبکەم، وەڵامم دەداتەوە و دیسان شوێنم دەکەوێتەوە. بەڵام لە هاوارکردنەکە دەترسام. دەترسام کەسێک شتێک جوابم بداتەوە، کەسێک کە نابینرێ، بەڵام هەیە! لەمەیش ترسناکتر نیە لە دونیادا. نەکا من بوونێکم کە بەشێکم لە خۆم ونە؟ پوورم دەڵێ بە خوێندنەوە نەک تەنیا وەڵامەکان زیاد ناکەن، بەڵکو پرسیارەکانیش زۆرتر دەبن. دڵ و دەروونم دەلەرزن. یەکێک لەمنداڵەکانی گەڕەک کە تەنیا ساڵێک لە خۆم گەورەترە و گاڵتەی بە من و بە کتێبەکانم دێت، ئەوێک کە شەرم لە کەس ناکا و هەر کاتێک میزی بێت و لەهەر شوێنێک بێت پانتۆڵەکەی دادەداتەوە و بە پێوە هەڵدەمیزێنێ، دەڵێ پوورت گەر شووی بکردایە ئەم قسە زلانەی نەدەکردا! من کە دیسان لە دووای تەمەنی چل ساڵێم لەوە گەیشتم ئەمە قسەی خۆی نیە و لە ماڵەوە فێریان کردووە، دەزانم لە حەسوودیا ئەم قسەدەکا و گەر دەستی ئەویشیان وەک دەستی من بگرتایە و بە ناو جادە سیحراوییەکەدا بەرەو کتێبخانەکە بیانبردایە ئەوا قەت وای**

نەدەگوت. من جوابی نادەمەوە. ئەویش لەسەر وەڵامی من راناوەستێ و لەبەر ئەوەی میزی دێتەوە دەچێ و لە بن دیوارێک رادەوەستێ و بە میزەکەی پیایا هەڵدەزنێ. مجۆرکەی دووا چۆڕەکان بە ئاستەم جەستەی دەلەرێننەوە. زەردەواڵەیەک بەدەوری سەریدا دەسووڕێتەوە. بۆچەکی میزەکەیە سەرنجی قۆستۆتەوە. من بە گوێگرەکانم دەڵێم دارستان هەمیشە پڕی گورکە. ئەوان چاویان بزدەبێتەوە و یەکیان دەڵێ دارستان چییە. دەلێم ئەو شوێنەی وا درەختی زۆری لێیە. ئەوسا بیری وێنەی ناو کتێبەکە دەکەومەوە. چ دونیایەکی سەرسەوز! خۆشبەخت ئەوانەی لە وەها شوێنێکدا دەژین. هەڵبەت ئەمە ناڵێم. یەکێک لە منداڵەکان دەڵێ منیش دەچم بۆ کتێبخانە، باوکم دەمبا. ئەوسا هەڵدەستێ و دەڕوا. لێی ورد دەبمەوە. کتوپڕ هەڵدەستم و منیش بەپەلە جێیان دێڵم. هاواردەکەن ئەی چیرۆکەکە؟ من لاناکەمەوە و دەڕۆم.

دوو رۆژ لەماڵەوە ناڕۆمەدەر. سەری سێهەم رۆژ لەبەر ئەوەی نۆرەی ئەوەیە بچم و کتێبی نوێ بهێنمەوە، دەچمەوە کۆڵان. بە خۆشییەوە کەسی لێ نیە. بەپەلە لە چاوان وندەبم و دەگەمە جادە بەناوبانگەکە. لەوێ کتوپڕ تووڕەیی ئەو دوو رۆژەم وندەبێ و هەست دەکەم هیچ رقێکم لە منداڵەکە نیە. بگرە گەر پێکیشەوە بچین بۆ کتێبخانەکە چ باشتر. هەرچەند ساڵەکان تێپەڕین و من قەت ئەوم لەوێ نەبینی!

زستانان بالای بەرزی چنارەکان لە ژێر بەفری قورستردا دادەنوێنەوە. ناڵەناڵیانە. هەستدەکەم ماندوون. ماندووتر لەوەی بتوانن قورسایی سپیەتی لەسەر شانەکانیان راگرن. قشقڕەکان لە حەوشەی قوتابخانە قاڕەقاڕیانە. خانە سازمانییەکانیش بێدەنگتر لە هەمیشە لە ناو بەفردا

کپ و بێدەنگن. کەس بانەکانی ئەوان نامالّی. شیروانین و بەفر بۆ خۆی هەڵدەخلیسکێ و دەڕمێتە خوارەوە. هاوپۆلێکم لە یەکێک لەو خانووانەدا دەژی. ناوی 'جەمشید'ە. سپیکەلە بە قژێکی خاوەوە کە هەمیشە بەر چاوەکانی دەگرێ و بۆیە مەجبووره خێراخێرا بە دەستی لایبدا. ئەو تەنیا قوتابییەکە نە مودیر و نە مامۆستا پێی نالّێ دەبێ قژی بتاشێ. مامۆستاکان دەڵێن لەبەر ئەوەی هەموو رۆژێ حەمام دەکا و ئاگای لە پاک و خاوێنیی خۆیەتی قەیناکا. وەک دەڵێن لە مالّەوە حەمامیان هەیە. دەلین ئەو و دایکی و خوشکەکەی قەت ناچن بۆ حەمامی دەرەوە. من لە ژێر کلّاوە زستانییەکەمەوە دەست بە سەری تاشراوی خۆمدا دێنم و حەزدەکەم قژی منیش درێژ و خاو بێت. حەزدەکەم روخسارم سپی بێت و لە مالّەوە حەمام بکەم. من رقم لەوەیە لە گەڵ باوکم یاخود دایکم بچم بۆ حەمام. من رقم لەو هەموو مندالّەیە وا دەقیژێنن و دەگرین و بەناو یەکتردا دەوروکێن. کتێبەکانی بم باخەلّم، کە لە ژێر پالّتاوەکەوەن، بە خۆمەوە دەگوشم و خەیالّێک پێم دەلّێ لەگەڵ ئەوەی من دەچم بۆ حەمامی دەرەوە بەلّام لە چەشنێکی دیکەم! ئەمە، ئەو جورئەتەم دەداتێ ئاراستەی رێگاکەم بگۆڕم و بەرەو خانە سازمانییەکان بادەمەوە. دلّنیانیم کامەیان خانووی ئەوانە. خانووەکان پالّیان بە یەکترەوە داوە و بە دریژایی جادەکان راکشاون. بەفر بالّابەرزە و پەنجەرەکان بە جوانی نابینرێن. بەلّام ئەو لە یەکێک لەم خانووانەدایە. دلّنیام دەمبینێ. تەنیا ئەوەی ئەوەندە ساردە جورئەتی نیە بێتەدەرەوە. داخۆ هەروایش نەبووە؟ داخۆ وەها نەبووە ئەوانەی وەک ئەو هەمیشە لە ترسنۆکەکانن؟ جەمشید تەنانەت ناوێرێ

**بە تەنیا بچێت بۆ مەدرەسە و بە تەنیاش بڕواتەوە. هەمیشە کەسێک دێت بە شوێنیا. بە ترۆمبیلێکی سپییەوە. تەنیا ترسنۆکەکانن ناوێرن بە تەنیایی ڕێگاکان ببڕن. تەنیا قژ خاو و سپیلکەکانن لە هەموو شتێک دەسڵێمنەوە و هەڵدەبەزنەوە.**

**ئەوسا بۆنێکی خۆش سەرنجم دەقۆزێتەوە. چل ساڵ دوواتر دەزانم ئەوە بۆنی مریشکی برژاو و برینجی بۆن خۆشی شیمال بووە. ئەژنۆکانم شل دەبن. چەند رقم لە جەمشیدە! من دەبێ زوو بگەمەو ماڵەوە و دەست بکەم بە خوێندنەوەی دوو کتێبە تازەکەم. لەگەڵ ئەوەی هەست بە بوونیان دەکەم، بەڵام لە نێوان دوگمەکانەوە دەست دەبم بۆ ئەوەی دڵنیا بم بەردەوام لەوێن. ئەوانیش لەوێن، وەک هەمیشە.**

**چیرۆکەکان دەڵێن تەنیا گورگەکانن گۆشت خۆرن،... ئا، تەنیا گورگەکان!**

***

**پوورم پێنج برای هەیە. هەر هەموویان لە خۆی گەورەترن. بە باوکیشمەوە. بەڵام تەنیا باوکم لە ماڵەوە لەگەڵ پوورم دەژی. من و دایکم و خوشک و براکانیشم. باوەگەورەیشم. دایەگەورە لە مێژە مردووە. من لە بیرم نایەت کەی. کەسیش بۆی نەگێڕاومەتەوە. تەنیا ئەوەندە دەزانم لە رۆژێکی زستانیدا کاتێک کلوکلو بەفر لە دەرەوە دەباری و شار نوقمی بەفرێکی قورس بووە و شاخەکانی دوورووبەر بەهۆی هەورە نزمەکانەوە دیارنەبوون، ئەو کە لە کاتی دروستکردنی نیسکێنەدا دەبێ، بەلادادێ و دەستبەجێ گیاندەدا. پوورم لای وایە یان سەکتەی دڵ بووە یان مێشک، باوەگەورەم لای وایە کاری خوای**

گەورەیە. من دیسان دووای چل ساڵ بیر لەوە دەکەمەوە گەر دکتۆرێکیان بێنایە ئەوا دەیزانی داخۆ کێ یاخود چی کوشتوویەتی. هەڵبەت گرینگ نیە. مرۆڤ کە مرد و ڕێگایەک بۆ گەڕانەوە نەبوو، ئیتر چ فەرق دەکا. ئەگەرچی من جاری وایە دڵم دێشێ و کاتێک چوومە لای دکتۆر و لێی پرسیم داخۆ لە بنەماڵەکەماندا کەس نەخۆشیی دڵی هەبووە یان نا، تیایا مامەوە چی وەڵام بدەمەوە. تەلەفۆنەکە هەڵدەگرم و هەوڵدەدەم لە پوورم پرسم. ئەو کە بەحاڵ دەنگی لە پشت گووشییەکەوە دێت و زۆر خێرا هەناسەی سواردەبێ و ماندوویی دایدەگرێ، دەڵێ بە قوربانت بم جا چووزانم! راستدەکا، نازانێ. بەڵام من دڵینام دایەگەورە بە راوەستانی دڵ مردووە. تەرمەکەیشیان هەر لەو گۆڕستانە ناشتووە وا بە تەپۆڵکەیەکەوە بەسەر شاردا دەڕوانێ. گۆڕستانێک دراوسێی ئێمە. بەدەستی راست هەندێ بەرەوخوارتر.

یەکەم برای پوورم وەستای دیوارە. ڕەشتییەکی زل دەبەستێ و قەڵەو و کەتەیە. نازانم چۆن بەو هەموو قورساییەوە خۆی بەسەر چێوبەستەکانەوە رادەگرێ. زۆر تووڕەیشە. بەردەست نەماوە غەرقی جوێنی نەکردبێ. هەرچی بەدەما بێت نایگێڕێتەوە و دەیڵێ. دەنەڕێنێ و هەموو وەستاکانی تریش لە خۆی ئاگاداردەکاتەوە، هەر لە وەستای جۆشکارەوە بگرە تا وەستای تاق و بیرهەڵکەنەکانیش. ڕەنگە تەنیا کەسێک وا گوێی لێ نیە وەستا بیرهەڵکەنەکەیە کە بە چەندین میتر لە ناو دڵی زەویدایە. دیارە ئەویش گوێی لە شتێکە و بۆیە سەر بەرزدەکاتەوە و لە کوونە ڕوونەکەی سەر سەری کە تەنیا ئاسمانی لێوە دیارە دەڕوانێ و بە دەنگی بەرز دەڵێ "ها!" شاگردەکەیشی سەری

**نەوی دەکا (وەک بڵێی بە گوێی کەسێکدا بچپێنێ) هاواردەکا: "هیچ قوربان هیچ من نەبووم." "ئەی کێ بوو؟" شاگردەکە کە بۆی زەحمەتە ئەو هەموو چیرۆکە لەو سەرەوە بە گوێی زەویدا بچپێنێ و بیگێڕێتەوە، دەڵێ "قوربان دووایی!".**

**ـ "ها!"**

**بەم شێوەیە شاگردەکەیشی کە زۆر حەزی لە جوێنەکانی تری وەستای دیوارە، چیتر گوێی لێیان نامێنێ.**

**من لام وایە بە هۆی قەڵەوی یاخود تووڕەییەکانیەوە هەر رۆژێک بێت بەردەبێتەوە و جەستەی قورسی دووقڵێش دەبێ. لێرەدا بۆ ئاسانکاریی زیاتر ناوی ئەم برایەی پوورم دەنێم "مامەی جوێنفرۆش". مامەی جوێنفرۆش کە جەژن دەگا، رەشتییەکی تازە دەبەستێ و جوانترین جلوبەرگەکانیشی لەبەردەکا. خۆشترین بۆنی دونیایش هی ئەوە. دەڵێن لە مەکەو مەدینەوە بۆی دێت. حاجییەکان بۆی دێنن. وەک سوپاسێک بۆ ئەوەی دیوارەکانی وەها مەحکەم سازکردووە کە تا ئیستا قەت بە سەریاندا نەڕماوە. مامەی جوێنفرۆش پێش دە پانزە پیاوی کەتەی وەک خۆی دەکەوێ و تەوای رۆژی جەژن ماڵەوماڵ دەکا و لە کاتێکدا تەسبێحە زلەکەی شەقەشەقی دێت، پیرۆزبایی لە خەڵکی دەکا. دیارە هەمیشە بە دەمیشییەوە لە دیوارەکان دەڕوانێ. ئەو دونیایەک بیرەوەریی لەم دیوارانە هەیە،... لە زۆربەیان. من رقم لەم مامەمە و خۆشم ناوێ.**

**برای دووهەمی پوورم دەستفرۆشە. هەموو چەشنە وردەواڵەیەک دەفرۆشێ. ژیانی لە قەراغ جادەکاندا تێدەپەڕێ. زۆریشی حەزلێیە.**

دەڵێ مرۆڤ بێتاقەت نابێ. جووڵەی شار سەرنجی دەبا و لە سپێدەوە هەتا ئێوارە لە ڕێبواران و لەو تاق و تەرا ترۆمبیلانە دەڕوانێ وا ئەمسەراوسەریانە. جگەرەی زەڕ بە لالێوییەوە شوکری خوا دەکا کە هەموو رۆژێک بەشی ئەوەندە دەگەیەنێ بیخنێتە گیرفانی و بە رووسووری بگەڕێتەوەماڵەوە. "مامەی وردەواڵە"، بەپێچەوانەی ئەوەی یەکەم سیس و لاوازە. بنەڕیشێکی ماش و برینجی دێڵێتەوە کە بەخەستی بۆنی جگەرە گرتووە. بێدەنگ و بێ قڕەیە. من تیایا ماومەتەوە کە چۆن دوو برا لە قەوارە و لە ئەخلاقدا دەتوانن ئەو هەمووە جیاوازبن. یەک لەم سەری دونیا و ئەوی تریان لەو سەری. هەتا دوواییی لە دووای دەیان ساڵ بیر لە چیرۆکی قابیل و هابیل دەکەمەوە و تێدەگەم تەنانەت جیاوازییەکان دەتوانن ئەوەندە زۆر بن کە برایەک ببێ بە بکوژ و ئەوی تریان ببێ بە کوژراو. هەڵبەت با ئەوەیش بڵێم ئەو خانووەی وا مامەی وردەواڵەی تیایادەژی یەکێک لەدەگمەن ئەو خانووانەیە وا مامەی جوێنفرۆش سازی نەکردووە.

برای سێهەمی پوورم تەنەکەچییە. رەنگە یەکەم تەنەکەچی ئەم شارە. دیارە بە گوێرەی قسەی خۆی. هەڵبەت گەر تەقەتەق بهێڵێ و بە جوانی قسەکانی ببیستی. "مامە تەنەکە" لە کاتی قسەکردنیشدا لە کوتانی تەنەکەکانی راناوەستێ. ئەو یەک چرکە چییە لە ژیان بە فیڕۆنادات. دەڵێ ژیان لەوە کورتترە بیری لێدەکەینەوە. من لام وایە بە هۆی ئەو لێکچوونەی لە نێوان چرکە و ریتمی سانیەژمێری سەعات لەگەڵ دەنگی کوتانی تەنەکەکان هەیە ئەو بەم ئەنجامە گرینگە گەیشتبێ. هەرچەند من دیسان ئەو کاتانە لەو رستەیەی ئەو نەدەگەیشتم و دیسان دەبا

لەتەمەنم دەیان ساڵی تر بگوزەرایە. مامە تەنەکە بەرەبەرە گوێکانی قورس بوون و بۆیە کاتێک دەدوا وشەکان خاو دەبوونەوە و، بۆ لێ حاڵیبوونی دەبا کات و سەرنجێکی زیاتر بەکاربێنی. من ئەمەیانم زۆر خۆشدەویست. کورتەڵە و سپی و خوێن شیرین بوو. هەمیشە هەڵتروشکابوو. وەک بڵێی لە ئاودەستەکانی مزگەوت دانیشتبێ.

برای چوارەمی پوورم چایچییە. "مامەچایی". درێژ و باریک بە تەقیلەیەک بە سەریەوە کە لە کاتێکدا دەتوانێ بە دەستێک پێنج چایی هەڵبگرێ و یەکیش بە بەدەستەکەی تریەوە، وەک تیسکەی تفەنگ دەردەچێ بۆ ئەوەی چاییەکان بگەیەنێتە مشتەرییەکانی. خەڵکی پێی سەرسامن. هەندێ لایان وایە هی پەنجە درێژەکانییەتی و هەندێ لایان وایە هی ئەوەیە هەر لە منداڵییەوە خەریکی چایچییەتی بووە و ئیتر فێربووە. بەڵام لەناو شار چاخانەی تریش زۆرن و کەس ناتوانێ وەک ئەو بکا. ئەم مامەیەم تایبەتییە. ئەسڵەن هەموو مامەکانم تایبەتن. مامە چایی عادەتی نیە لە خەڵکی بڕوانێ، بەڵام کاتێک لێت دەڕوانێ دەڵێی دەیەوێ بە گیان و بە جەستەتدا بچێتەخوارەوە. نیگاکانی قورس و تیژن. دەتدڕن، دەتکەن بە دوو قاشەوە. من نازانم داخۆ خۆشم دەوێ یان نا.

برای پێنجەمی پوورم باوکمە. ناوی باوکمە و جاری وایشە لای خۆم ناوم ناوە "مامە باوکم"! تەنیا برای پوورمە چەند کلاسێک دەرسی خوێندەوە. هاوترازی لە هەیکەلیدا نیە. قاچەکانی لە باڵاتەنەی درێژترن و بۆیە جۆرەیەک دەنوێنێ. ئیستا کە لە دووای هەموو ئەو ساڵانە لە وێنە رەش و سپییەکان دەڕوانمەوە ئەم راستییە روونتر لە

هەر کاتێکی تر خۆی پیشاندەدا. لە قوتابخانە وەک سەرایدار کاردەکا. لەبەر ئەوەی لەگەڵ مامۆستاکان دەچێ بۆ سەر کار و لەگەڵ ئەوان لە دەرگای مەدرەسە وەدەردەکەوێ، زۆر شانازی بە خۆی و بە کارەکەی خۆیەوە دەکا. سوێندیشی خواردووە رۆژێک لە رۆژان وانەی مامۆستایەتی تەواوبکا و ببێ بە مەعلیمی پۆلی یەکەم و دووهەم. چاویلکەیەکیشی کڕیوە و قەت دایناکەنێ. من زۆرتر لەوەی باوکمم خۆش بوویێت، بەزەییم پیایا دێتەوە. نازانم بۆ. ئەمەیشیانم لە دووای تەمەنی چل ساڵی دۆزییەوە. باوکم قەت دەرفەتی ئەوەی پەیدانەکرد ببێ بە مامۆستای قوتابخانەکەی. پێش هەموو شتێک لەبەر ئەوەی هەموو ساڵێک یان بە دوو ساڵ دایکم منداڵێکی دەبوو و هەروەها دەبا بەشێکی زۆری ئەو پووڵەی وا پەیدای دەکرد بیدا بە باوکی. باوکم هەتا ژیا، لەگەڵ ئەم ئارەزووە ژیا. هەرچەند من لام وایە بەهۆی ئەوەی لە مەکتەب کاری دەکرد لەچاو براکانی تر کلتوری لەسەرتر بوو.

مامە جوێنفرۆش رقی لە خانە سازمانییەکانە لەبەر ئەوەی یەک تاقە خشت چییە ئەو لێرە سەریەکی نەخستووە. مامەوردەواڵەیش لەبەر ئەوەی قەت لێرە نەیتوانیووە شتێکی خۆی بفرۆشێ. مامە تەنەکە لەبەر ئەوەی هەتا ئیستا یەک نەفەر لە خەڵکی ئەو گەڕەکە بۆ کوورە، سەماوەر یاخود شتێکی لەم چەشنە روویان تێنەکردبوو. مامەچاییش لەبەر ئەوەی هەتا ئیستا یەک کەسیان لە چاییخانەکەی دانەنیشتبوون و داوای چایی لێنەکردبوو. تەنیا مامەباوکم رقی لە خانە سازمانییەکان نیە.

من له دووره‌وه، به کتێبه‌کانی بن باخه‌ڵمه‌وه، له گرده ئاشناکه‌وه، سه‌یری خانه سازمانییه‌کان ده‌که‌م و هه‌ر له‌خۆوه لام وایه رۆژێک له رۆژان منیش دێم و لێره ده‌ژیم.

***

باوه‌گه‌وره خۆی له خۆیا تووڕه بوو، به‌ڵام وه‌ک دایکم ده‌ڵێ له دووای مردنی دایه‌گه‌وره‌م تووڕه‌ییه‌که‌ی یه‌کجار زیادی کردبوو. ته‌حه‌مول کردنی کاری حه‌زره‌تی فیل بوو! زۆربه‌ی کاته‌کانی ژیانی له ژووری خۆیدا تێپه‌ڕده‌کرد. بگره هه‌ندێ له ژه‌مه‌کانیشی ده‌برده ئه‌وێ. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی که‌م ده‌مانبینی، به‌ڵام رۆحی له ناو خانووه‌که‌دا هه‌یمه‌نه‌ی هه‌بوو،... ده‌هات و ده‌چوو. هه‌ندێ جار گۆچانه قاوه‌ییه لووسه‌که‌ی که گرێیه‌کی له‌ناوقه‌دا بوو، هه‌ڵده‌گرت و ده‌چوو بۆ ناو بازاڕ. لانیکه‌م دوو سێ سه‌عاتێکی ده‌خایاند تا ده‌گه‌ڕایه‌وه. له‌م کاتانه‌دا دایکم ژووره‌که‌ی گسک ده‌دا و رێکوپێکی ده‌کرد. ئێمه‌ی منداڵیش که ده‌رفه‌ته‌که‌مان به‌ته‌واوی له‌بارده‌بینی، خۆمان به ژووره‌که‌دا ده‌کرد و هه‌تا ده‌مانتوانی چاومان به شمه‌که‌کاندا ده‌گێڕا و ده‌ستمان لێده‌دان! به‌تایبه‌ت له رادیۆ قاوه‌ییه زله‌که وا له سه‌ر تاکه تاقی ژووره‌که له‌پاڵ گووڵدانێکدا بوو و به خامه‌یه‌کی گووڵدۆزیکرا داپۆشرابوو. شێتانه به ده‌ستپیانانی دوگمه‌کان کاناڵه‌کانمان ده‌گۆڕی و ئه‌وجا پێچی ده‌نگه‌که‌مان هه‌ر به‌و راده‌یه شێتانه که‌م و زۆر ده‌کرد. دایکم که ژنێکی ئارام بوو هه‌ر به‌و ئارامییه ده‌نگی ده‌داین "رۆڵه مه‌که‌ن،... مه‌که‌ن، مه‌!"، به‌ڵام مه‌گه‌ر ئێمه وازمان دێنا! ژووری باوه‌گه‌وره له‌چاو ژووره‌کانی تر یه‌کجار خاوێنتر و رێک و پێکتر ده‌ینواند. نوێنه‌کان، قاڵیه‌کان و ته‌نانه‌ت ته‌ڕاوی ژووره‌که

**بۆنی تازەییان لێوەدەهات. بۆنەکە لەخۆیدا نوقمی دەکردی،... سەرنجی رادەکێشای. هەروەها بۆنی باوگەورەیش دەهات. ئەو بەردەوام لەوێ بوو. تەنانەت لە دووای مردنیشی بە ساڵان لەوێ مایەوە. ئەو ئاشقی ژوورەکەی بوو. هەندێ جار بخوریشیان تیا هەڵدەکرد و لەوێوە ناو هەموو ماڵەکەی دادەگرت. لە کاتی جەژنانیش، ئەو ژوورە بوو وا میوان رووی تێدەکرد. تەنانەت ئەو میوانانەیش وا لە گوندەوە دەهاتن و پشتاوپشت باوگەورەیان دەناسی.**

**لە بیرم دێت کەفی خانووەکانی ئەو سەردەمە چونکە لە گڵ بوو، بەرەبەرە دەنیشت و چاڵ و چۆڵی تێدەکەوت. نارێک دەبوو. بۆیە لە کاتی ژەمەکاندا کاتێک سفرە رادەخرا گەر ئاگامان لە خۆمان نەبووایە، ئاوی ناو لێوانەکان، کە تەنیا دانەیەک یان دووان بوون، قڵم دەبووەوە و بەناو سفرەکەدا پڕش و بڵاو شەپۆلیان دەدا. باوەگەورە لەم کاتانەدا تووڕەتر لە هەمیشە کەفی دەچڕی. دایکم بۆ ئەوەی ئەمە دووپات نەبێتەوە هەمیشە لە کاتی نانخواردندا کاتێک ئێمە ئاومان دەخواردەوە بە جوانی و بە پەرۆشێکی سەیرەوە کە زیاتر لە دڵەڕاوکێی دەکرد، ئاگای لێمان بوو. جا بۆ ئەم مەبەستە هەوڵیدەدا لە ناوەڕاستی هەموو منداڵەکانیدا دانیشێ. پوورم کە ئاگای لە هەموو ئەم چیرۆکانە بوو تەنیا دەیڕوانی و، هیچی نەدەگوت. منیش لەو کاتەوەی لەگەڵی چووبووم بۆ کتێبخانەکە هەر لەخۆوە زیاتر سەرنجم دەچووە سەری. وەک بڵێی چاوەڕوانی ئەوە بووم شتێک بکا و بەر بە تووڕەییەکانی باوەگەورە بگرێ. شتێک کە قەت رووینەدا! ساڵانی ساڵ دوواتر لە کتێبێکدا خوێندمەوە منداڵەکان لەم کاتانەدا چاوەڕوانن هەتا پیرکان**

پیرتر دەبن. زۆر باشە، چاوەڕوانییەکە لە جێی خۆی؛ بەڵام هەتا ئەوان پیرتر دەبن، منداڵیی ئێمەیش هەگبە بە کۆڵدا دەدا و زۆر خێرا لە چاوان وندەبوو.

من نازانم لە خانە سازمانییەکان وەها کێشەیەک هەبوو یان نا. ئەوەندەی من دەمبینین زۆربەی ئەوانەی لەوێ دەژیان دوو، سێ، یان چوار کەس بوون. نەوەیەک، تاق و تەنیا لەگەڵ خۆی. من بینیبووم نیگای منداڵەکانیان وریاتر و متمانەبەخۆتر دەینواند. جەمشیدیش یەکێک لەوانە بوو. چەند مانگێک دووای ئەوەی بووینە هاوڕێی گیانی بە گیانی و هاتووچۆی یەکترمان کرد (دیارە من زیاتر دەچوومە لای ئەو، تا ئەو لای من)، تێگەیشتم کە نە لە ماڵەکەیاندا ژوورێکی قەدەغە و تایبەت هەیە و نە کەسێک بەسەریا دەنەڕێنێ. جەمشید جاری وابوو دەستی دەخستە ناو دەستی باوکی و لە کاتێکدا نیگایان لێک دەئاڵا باسی قوتابخانە و باسی ئەو سەیرانانەیان دەکرد وا بەڵێن بوون رۆژی هەینی هەموو بنەماڵە پێکەوە بچن، بەو ترۆمبیلە پەیکانەی وا لەبەر دەرکی خانووەکەیاندا راوەستابوو. من دەستم بەو ماشینەدا هێنابوو. بە سەرسوڕمانەوە تەوێڵم بە شووشەکانییەوە نابوو و لە ناوەوەیم روانیبوو. جەمشید کە زۆر حەزی بەکایەکردن بوو، دەستی رادەکێشام و دەیگوت ئەوە خەریکی چیت، دەی خێراکە! چەندە حەزم دەرکرد رۆژێک سواری ئەو پەیکانە بم. ئەو رۆژەی وا قەت نەهات. زۆر جار ئەوان لەبەر چاوی مندا سوارببوون و رۆیشتبوون. بە تەنیا وەک تاقەداری حەوشەکەمان مابوومەوە. من جەمشید و بنەماڵەکەیم لە ناو شار لە سەیارەکەدا بینیبوو. باوەڕم نەدەکرد هاوڕێین. ئەوان چەند دوور

دەیاننواند. رادەوەستام و بە وردی سەیری تێپەڕینیانم دەکرد. لە کاتی باران و بەفریشدا بینیبووم. بە دەست هەڵمی جامەکانی دەسڕییەوە و لەگەڵ بنەماڵەکەی باسی شتێکی دەکرد. لێوەکانی ئەمەیان دەگوت.

من هەتا دەهات زیاتر خووم بە کتێبەکانەوە دەگرت. شتێک لە دەروونمەوە پێی دەگوتم تۆ خاوەنی شتێکی کەم کەس خاوەنیەتی، تەنانەت جەمشیدیش کە جاروبار دەیخوێندەوە و لە ماڵەوە کتێبخانەیان هەبوو. بە جوانی دەمبینی لەوانەی دەورووبەرم، لە هاوتەمەنەکانم، بەرەبەرە مەودام دەگرت و زیرەکتر دەبووم. هەڵبەت نەمدەزانی زیرەکتر بۆ چی و لە پێناوی چی. ئەسڵەن زیرەکتر بووم کە چی رووبدات؟ ژیان بەردەوام بوو و هیچ شتێکی وەها رووینەدەدا رۆژەکان لەیەکتر جیابکاتەوە. جاری وابوو هەستم دەکرد دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی دەخوێنمەوە. هەر کەسەو ژیان بە جۆرێک تێدەپەڕێنێ. پوورم بە گرتنی دەستی من و راپێچکردنم بۆ کتێبخانە منی خستبووە ناو رەوتێکی سەیرەوە. جاری وابوو سەرم قورس دەبوو و چاوەکانم دەخوران. بە دەستم هەڵمدەگلۆفین. کە چاوەکانم هەڵدێنان دەمبینی ژیان لێڵ بووە و نیگا رێشکە و پێشکەی دەکرد. رەنگە ئەمەیش بەشێک لە پلانی گەڕانەوەی خۆم بۆ ناو خۆم بوو. ئاگام لێ نەبوو کتێبەکان بەرەبەرە منیان بەرەو ناوەوەی خۆم دەبردەوە. لە شتەکان زیاتر لەوەی پێویست بوو رادەمام و زیاتر لەوەی پێویست بوو بێدەنگ دەبووم. کەسێک لە ناو مندا لەدایک ببوو و باڵای دەکرد و دەنگی دەدام. جاری وابوو ئاگام لە سڵاوی خەڵکی نەبوو. رەنگە گێژی بەشیک لە رەوتی خوێندنەوە بێت. خوێندنەوە سەفەرێکە لە خۆتەوە بەرەو خۆت،

هەرچەند بە ڕووداوەکانی دەرەوەدا تێدەپەڕی. ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت کە ڕووداوەکانی ژیانی ڕاستەقینە و ڕووداوەکانی سەر لاپەڕەکان لەیەکتر دەدەن و ئیتر دەبنە هۆکاری خوڵقاندنی دونیایەکی تایبەت. پوورم قەت باسی ئەمانەی بۆ نەکردبووم. قەت قەت. نامەردانە جێی هێشتبووم. دڵنیام بۆ خۆیشی نەیدەزانی. ئەو کە سەر بە یەکەم نەوەی ژنانی مامۆستای شار بوو ڕەنگە تەنیا بەهۆی ژنەفتنێکەوە منی بۆ کتێبخانەکە پەلکێش کردبوو. ڕەنگە ویستوویەتی پرۆژەی لکاندنی بنەماڵەکەی خۆی بە نەوەیەکی نوێوە یاخود بە چینێکی تایبەتەوە بەم شێوەیە کامڵ بکا. ئا، عادەت. شوێنکەوتن. دیارە سەرەڕای هەموو شتێک من دیسان مەمنونیم. گرینگ ئەوەیە جۆرێکی تر بژیت، جا ئەوەی کە جۆرەکە چۆنە موهیم نیە. تەنانەت بە بێ خواستی خۆیشت. هەرچەند دواتر هەموو ژیان و هەموو ساڵانی تەمەنت ببنە دەستەچیلەی وەها ئاگرێک. داخۆ مەگەر ژیان مۆمێک نیە بۆ ئەوەی بژی دەبێ بگڕێ؟

من ئیستا هەموو کەفی ماڵەکە دەناسم. دەزانم کوێ قۆقزە و کوێ تەخت. بۆیە قەت لێوانی ئاوەکە بەدەست منەوە ناڕژێ. دڵنیام هۆکاری خوێندنەوەی کتێبەکانە. هۆکارەکەی بێدەنگیی پوورمە و نیگاکانی. من بگرە یارمەتی خوشک و براکانیشم دەدەم. باوەگەورە کە بیانوو بۆ توورەبوونەکانی کەم بوونەتەوە، ئەمجارە پڕی شتی دیکە دەدا. بۆ وێنە بۆچی دەستمان نەشۆردووە، یان بۆچی درەنگ دێینە سەر سفرەکە، یان بۆچی پەلەپەل دەخۆین و لەسەر نانخواردن زۆر دەڵێین. من کە نازانم چی بکەم بۆ ئەوەی هەڵچوونەکانی ئەو ڕابگرم، یاخود لێیان کەم

بکەمەوە، شێتانە دەخوێنمەوە. وەڵامەکان دۆزینەوەیان زەحمەتە. ساڵانی ساڵ دوواتر لەوە تێدەگەم وەڵامی هیچ پرسیارێک لە هیچ کتێبێکدا نەنووسراوە. ئێمە دەبێ خۆمان جوابەکان دروستبکەین. ژیان رەوتێکە بە بێ وەڵام.

دەبینم چەند رۆژێکە کتێبخانەکە منداڵی زیاتر رووی تێدەکەن. بەناو رەفەکاندا هەڵدێن و لەسەر بینینی هەندێ لە وێنەکان مقۆمقۆیانە،... شەڕیانە. هەڵدەستم و هەوڵدەدم یارمەتیان بدەم. دەلێم گەر وابکەن کتێبەکان دەدڕێن، خراپ دەبن. لێم دەڕوانن. بە قسەم دەکەن و ئارام دەبنەوە. خانمە چاویلکە لە چاوەکە لێم دەڕوانی و بزەیەک روخساری دەقلاشێ. رەنگە منیش رۆژێک لە رۆژان ببمە کارمەندی ئێرە. رەنگە منیش بە چاویلکەیەکەوە لەوێ لە پشت مێزەکە بە بزەوە دابنیشم و لە خەڵکی بڕوانم.

***

رۆژێک کاتێک مامەباوکم لە قوتابخانە هاتەوە بۆ ماڵەوە، رۆژنامەیەکی پێبوو. هەر کە لەسەر سفرە دانیشت، رۆژنامەکەی لە تەنیشت خۆی دانا و دەستیکرد بە نانخواردن. من بە ئارامی خۆم گەیاندێ و لە کاتێکدا چاوێکم لەسەر بوو، داخۆ ئەوەی کاردانەوەی چۆن دەبێ، دەستم دایە رۆژنامەکە. بەخۆشییەوە هەروا خەریکی نانخواردن بوو و ئەگەرچی بەلاچاو سەرنجی لەسەر من بوو، بەڵام هیچی نەگوت. بە قونەخشکێ کشامەوە و رۆژنامەکەم کردەوە. لاپەڕەی یەکەم پڕی وێنە و رستە ورد و درشتەکان بوو. وەک دەڵێن رەش لەسەر سپی. هەر لە یەکەم لاپەڕەدا وێنەیەک سەرنجی راکێشام. سەرۆکی وڵات

کە من بەردەوام لە تەلەفزیۆندا وێنەکەیم بینیبوو لە سەر کورسییەک بە کۆمەڵێک خەڵک بە دەورووبەرییەوە دانیشتبوو و لە شوێنێکی دەڕوانی. سەر سینگی پڕی میدالیا بوو. قاچ لەسەر قاچ بە بزەیەکی ئاستەم بەسەر لێوەکانییەوە. لەسەر سەری دێڕێک نووسرابوو: "سوپا لە دەرەوەی سنوورەکان دەجەنگێ و قوربانی دەدا". ئەمە قسەی خودی سەرۆک بوو، دیارە گوتبووی بەو مەرجەی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و سیاسییەکانی وڵات ئیزن بدەن. لە ژێر وێنەکەدا هەواڵێکی تری تیابوو: "٣٦٥ ژن و پیاوی تەمەن شەست بەباڵا بوون بە بووک و زاوا!" لە شوێنێک شین و لە شوێنێک شایی. لاپەرەکانم هەڵدایەوە. وێنەکان دەدوان. سەرۆک لە سوپای دەڕوانی کە دەستەدەستە لەبەر دەمی لە گۆڕەپانێکی یەکجار گەورەدا بەڕیز دەڕۆیشتن. بە چەکەکانیانەوە. سێ لاپەڕەی دوواتریش وێنەی ئەو ژن و پیاوە بە تەمەنانەی وا لە جل و بەرگی زاوا و بووکێنیدا بە بزەوە لە جیهانیان دەڕوانی. جلی بووکێنی سپی و قاتی زاوایەتیی رەش!

من لەوە پێش رۆژنامەم لە تاقە دووکانی شار، کە تەنیا لەوێ دەفرۆشرا، بینیبوو. سەرنجی راکێشابووم، بەڵام قەت بەم شێوەیە لە نزیکەوە نەمتوانیبوو ببینم. هەستمکرد کتوپڕ هەموو جیهان لەبەردەممدا لە چەند پەڕەدا خۆی کۆکردووەتەوە و خۆی دەنوێنێ. وێنە جۆراوجۆرەکان و بابەتە فرەچەشنەکان تەواو لە کتێبی جیادەکردەوە. شێتانە بەناو هەموو لاپەڕەکاندا گەڕام. نەمدەزانی لەسەر کامیان راوەستم. جگە لەمە بابەتەکان قورس بوون. دەبا چەند جار بیانخوێنمەوە بۆ ئەوەی کەمێک لێیان تێبگەم. بگرە زۆر جاریش هیچ

پێوەندێکم لەگەڵ بەرقەرارنەدەکردن. ئێرە ئیتر تەواو جیهانی گەورەکان بوو. مامەباوکم ئەمانەی دەخوێندەوە. ئەو، ئەمەی لە قوتابخانە هێنابووەوە. لەو رۆژەوە ئیتر ئەو ناوەناوە دەیهێنانەوە. بە رۆژێک یان دووان تەئخیر. لەدووای ئەوەی نانی دەخوارد و یەک دوو چاییەکیشی پیادەکرد، پاڵدەکەوت و دەستی دەکرد بە خوێندنەوەیان. هەمیشەیش بەدەم خوێندنەوەوە خەوی لێدەکەوت و سەروچاو و سەرسینگی لەژێر رۆژنامەکەدا وندەبوو. ئەمە یەکێک لەو دیمەنانەی سەردەمی منداڵییە کە قەت لە بیرم ناچێتەوە. هاودەم لەگەڵ دەنگی ئەو گۆرانییە خەمینانەی وا لە رادیۆکەی تەنیشتییەوە دەهاتن.

باوەگەورەم کە یەکجار ئاگای لەم کوورەی بوو، دەیگوت "پەتوویەکی پیادەن!" دایکم دەبزوت، بەڵام پوورم دەنگی دەدا "خەوەکەی تازە لێ تێکمەدەن!" هاوینان گەرم بوو و کێشەنەبوو، زستانانیش گڕی کوورەکەیان زیاددەکرد. جارێکیان رۆژنامەکە گڕی گرت و بە پەلەپڕوزە کوژاندمانەوە. باوەگەورە لە توورەییدا خەریکبوو بتەقێ!

لە بیرم دێ مامەجوێنفرۆش کاتێک لەسەر کار نانی دەخوارد. رۆژنامەی دەکرد بە سفرە. مامەتەنەکە تەنەکە پیسیەکانی پێ سپی دەکردنەوە. مامە وردەواڵە جنسە فرۆشراوەکانی تیادەپێچانەوە و دەیدانە دەست مشتەری. مامە چاییش لەژێر سەماوەرەکە و دەورووبەریدا رایدەخستن. پووریشم رۆژنامەی زۆر نەدەخوێندەوە. ئەو تەنیا لە رێگای تەلەفزیۆنە گوێی لە هەواڵەکان دەگرت. دەیگوت رۆژنامە گێژت دەکا! باوەگەورەیش لە دوورەوە لێی مۆڕدەبووەوە و قەت دەستی نەدەدایە. بەڵام مامەباوکم یەکجار بە هەبوونی رۆژنامەکان لە بن باخەڵیدا کاتێک بەرەو ماڵەوە

دەبووەوە، خەنی بوو. ئاگای لێبوو خەڵکی گەڕەک سەرنجیان دەچووە سەری. ئەمیش لێیانی نەدەڕوانی. جاری وایە روانین دەبێ یەک لایەنە بێت، بۆ ئەوەی کەسەکە بەکەیفی خۆی بڕوانێ. باوکم حەزی لەم جیاوازییەی خۆی بوو. جارێکیان پوورم دەمەو نەورۆز لێی پرسی ئەم هەشت میلیۆنە بۆ کوێ ئەچن؟ مامەباوکم هەروا وڕ لە خوشکەکەی روانی. پوورم گوتی مەگەر لە رۆژنامەکەدا نەنووسراوە کە هەشت میلیۆن نەفەر ئەم نەورۆزە ئەچن بۆ سەفەر؟ مامەباوکم کە خەریکی خوێندنەوەی رۆژنامەکە بوو، وەریگێڕا و سەیری پشتەوەی کرد، سەیری یەکەم لاپەڕە. گوتی ئەها راست ئەکەی،... وەڵلا،... وەڵلا هێشتا ئەمەم نەخوێندووەتەوە! مامەباوکم من ساڵانی دوواتر بوو کە زانیم زیاتر خەریکی خوێندنەوەی پرسەنامەکان و بەشی هەواڵە بچووکە کۆمەڵایەتییەکان بوو. رۆژنامەکەی تا دەتوانی لە دەموچاوی نزیک دەکردەوە و لە کاتێکدا لێوەکانی لەگەڵ دەجووڵانەوە ژماردە ژماردە یەک لە دووای یەک وشەکانی دەگوتنەوە. گوتییەوە ئەها، راست ئەکەی، هیشتا نەگەیوومە ئەوێ. پوورم پڕکێشەی لێنەکرد. رووی وەرگێڕا و لەو فیلمەی روانییەوە وا لەسەر تەلەفزیۆنەکە بوو. فیلمێکی رۆژئاوایی و هی سەردەمی کۆچی رۆژهەڵاتییەکان بۆ رۆژئاوا، بۆ ئامریکا. باوەگەورە حەزی بەم فیلمانە بوو و هیچیانی لەکیس نەدەچوو. منیش هەروەها. لە خانە سازمانییەکان زیاتر لە هەر شوێنێکی دیکەی شار ئانتین بەسەر بانەکانییانەوە دەبینران. لەوێ بە پێچەوانەی شار هیچ بەرمیلێکی پڕ لە بەرد یان خۆڵ لەسەر بانی نەدەبینرا. قەدی ئاسنینی ئانتینەکان بەناو لوولەیەکی تردا

ڕۆچووبوون، ئەو لوولانەی بە قەراخ بانەکانەوە جۆشکرابوون. با بە ئاسانی ئانتینی ناو بەرمیلەکانی دەجووڵان و بۆیە خەڵکی بەردەوام بەسەر بانەکانەوە بوون. خەڵکی شەو درەنگان بە تاریکایی بەسەر پەیژەکانەوە خلۆر دەبوونەوە و ئازاریان پێدەگەیشت و قاچ و دەستیان دەشکا. جگە لەمە بە کاتی فەسڵی سەرما لە گڵی بنەوەی بەرمیلەکان بانەکان دڵۆپەیان دەکرد. باوەگەورە لەم کاتانەدا یەکجار تووڕەدەبوو. لەگەڵ ئەوەی ئەو زیاتر لە هەر مونادێکی تری ناو بنەماڵە زیاتر لەبەر تەلەفزیۆنەکەدا دادەنیشت، کەچی زیاتر لە هەر کەسێکی دیکە بە هەبوونی ئانتینەکە لەسەر بانی هەڵدەچووا! باوکم کە حەزی نەدەکرد باگردێنەکەی سەر بانی بگێڕێ (ئەو لەو کاتەوە ببووە سەرایداری قوتابخانەکە وازی لە بەفرماڵین و گێڕانی باگردێن هێنابوو)، لەم کاتانەدا دەچوو بۆ ئاودەست، یان وای دەنواند کە کارێکی یەکجار بەپەلەی هەیە، بۆ وێنە بەدەم گوێگرتنی هەواڵەوە سەری بۆ دەلەقاند. باوەگەورە منی دەبردە سەر بان. پێکەوە دانە دانە بەردەکانی ناو بەرمیلەکەمان دەردێنا بۆ ئەوەی کەمێک سووکتر بێت و بتوانین بیگێڕین. ئەوسا ژێرەکەیمان بە باگردێن دەگێڕا، تەنانەت بە قاچیش جوان دەمانکوتا. هەڵبەت بۆشکەکەمان نەدەخستەوە سەر جێگای خۆی. لێدەگەڕاین لە هەمان جێگای تازەدا بێت هەتا دڵۆپەیەکی تر. کە ئەمیش ساڵی دوواتر دەگەیی. من دەستەکانم حسێبی دەتەزین و بۆیە لە کاتی هاتنەخوارەوە بە پەیژەکەدا بەتووش کێشەوە دەبووم. "حەک عەمرت نەمێنێ بۆ غیرەتت!" بەڕاستی من بێ غیرەت بووم؟ نازانم. ئیستایش لە دووای هەموو ئەو ساڵانە کاتێک بیر لە غیرەتی خۆم دەکەمەوە نازانم

ترسنۆک بووم یان ئازا. بیر لە وێنەکەی سوپا دەکەمەوە لە ناو ڕۆژنامەکەدا، بیر لە زاوا و بووکە بەتەمەنەکان. من هەتا ئیستا نە لە ناو هیچ سوپایەکدا بووم و نە بەم تەمەنەی خۆیشمەو ژنم هێناوە. من هەم ترسنۆکم و هەم بەغیرەت! ئەها، ئیستا تێدەگەم. لە ڕاستیدا غیرەت تەواو پێوەندی بە دۆخەوە هەیە. شتێکمان نیە بە ناوی پێناسەیەکی ئەبەدی، پێناسەیەک بۆ هەموو کاتەکان و هەموو هەلومەرجەکان. لەم بارەیەوە خەنیم. ئاخر لەوە ناخۆشتر نیە مرۆڤ هەستبکا هەموو تەمەنی بە ترسنۆکی ژیاوە. داخۆ ئەوەی من بە زستان غیرەتم دەدا بە خۆم و بە تەنیا بە جادە بەناوبانگەکەدا دەچووم بۆ کتێبخانە، خۆی لە خۆیدا غیرەت نەبوو؟ بێگومان بوو. کەس ناتوانێ نکۆڵی لەمە بکا.

بڕیاردەدەم ببم بە خوێنەرێکی باشی ڕۆژنامەکانی باوکیشم. گرینگ ئەوە نیە لێیان حاڵی نابم، گرینگ ئەوەیە بەردەوام بم. شتێک لە دەروونەوە پێم دەڵێ لە ژیاندا گرینگتر لە هەر شتێکی تر بەردەوامبوونە. ڕیزی چڕ و بێ کۆتایی کتێبەکانی کتێبخانەیش ئەمە دەڵێن.

باوکم بە لاچاو کاتێک من بە ڕۆژنامەکانەوە سەرقاڵم لێم دەڕوانێ. نازانم بیر لە چی دەکاتەوە. بۆ من هەمیشە خوێندنەوەی نیگاکانی ئەو زەحمەت بووە. هەڵبەت گرینگ نیە چۆن بیردەکاتەوە. موهیم ئەوەیە منیش بوومەتە شەریک و هاوبەشی. ئێمە ڕۆژنامەکانمان دابەشکردووە. ڕۆژنامەکانی ئەو ساڵانە. ساڵەکانی دڵۆپە و... هومێد.

***

چوار جادەی سەرەکی، گوندەکان دەگەیەننە شار. سەیرە هەر چواریشیان بەجوانی بە سەر باکوور، باشوور، رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی شاردا دابەشکراون. جادەکەی باشوور کاتێک دەگاتە شار بەناو خانەسازمانییەکاندا تێدپەڕێ. جیپ و لەندرویێرە سەوز و خۆڵەمێشی و سوورەکان کە بە هۆی کۆنبوونیانەوە رەنگەکانیان هەڵبزرکاون و هەمیشەیش بە هۆی جادە خۆڵینەکانەوە تەپوتۆزیان لێ نیشتووە، تەژی لە لادەییەکان بە ناو شەقامە خاوێنەکانی گەڕەکەکەدا تێدەپەڕن. سەیارەکان کە پاشەڵیان بەهۆی قورسبوونەوە نیشتووە لەسەر پێچەکان وەها خواردەبنەوە کە لەبەرخۆتەوە دەڵێی ئەها ئیستا نا تاوێکی تر بەلادا دەکەون. بەڵام قەت بەلادا ناکەون! من لام وایە رێک لەو شوێنەی وا قەرارە بەلادا بکەون و وەرگەڕێن شۆفیرەکە سورعەتەکەی کەم دەکاتەوە. لادەییەکان کە بە گوێرەی ئەزموونی خۆیان لەمە دڵنیان، بە بێ خەیاڵ لە دەورووبەریان دەڕوانن و چاوەڕوانی ئەوەن هەرچی خێراتر بگەنە ناوشار.

من نازانم ئەوان کاتێک بە ناو خانەسازمانییەکاندا تێدەپەڕن، چۆن بیردەکەنەوە و چییان بە خەیاڵدا دێت، بەڵام من کە لەولاترەوە ئاگام لەهەموو دیمەنەکەیە پێم وایە بیر لە ریزی رێک و پێکی خانووەکان، لێکچوونیان هەروەها چیمەن و گوڵ و گوڵزاری ناو حەوشەکانیان دەکەنەوە. لێرە نەزم و جۆرێک لە ئارامی هەیە کە لە هیچ شوێنێکی تر نابیندرێ. لە حەوشەی یەکێک لەم خانووانە من پیاوێکی گەنج دەبینم بە ریش و سمێڵێکی رێک و جوان و قژێکی خاوەوە کە ئێوارەیان لەسەر کورسییەک روو بە شاخە بڵیندەکەی باشووری شار دادەنیشێ و لە

**کاتێکدا مۆسیقایەکی خۆشی سەرخستووە خەریکی خوێندنەوە ڕۆژنامەیە. ئەو چەند ساڵ دوواتر کاتێک شۆڕش کرا و خەڵک ڕژانە سەر جادە، لەم عادەتەی خۆی بەردەوام بوو. ئەو پیاوە قەت لە هیچ خۆپیشاندانێکدا بەشداری نەکرد و وەک هەمیشە بەگوێرەی جارانی دەژیا. من ئیستایش ئەو گۆرانییە فارسییە ئارامانەی وا لە حەوشەکەوە خۆی دەگەیاندە جادەکە و لەوێ لە شوێنێک لە هەوادا ونبەبوون، دێنەوە گوێم. بێگومان دێهاتییەکانیش ئەو گەنجەیان بینیبوو، بەڵام لە ناو ئەو ترۆمبیلانەدا ترەترِی ماتۆڕەکانیان نەیاندەهێشت گوێیان لە گۆرانییەکان بێت.**

**گوندییەکان هەر دەگەیشتنە شاری، دەستبەجێ هەرچی کیتەڵە ماست و تۆنگی دۆ بوو دایاندەگرت، بەو دووکاندارانەیان دەفرۆشت وا مشتەری لەمێژینەیان بوون. ئەوسا بە شەقامدا لە کاتێکدا پارەکانیان دەژمارد، خلۆردەبوونەوە بۆ ئەوەی شمەکی پێویستی خۆیان بکڕن. پیاوەکان لە پێشەوە و ژنەکانیشیان بەو جلوبەرگە کوردییە تازانەوە، یاخود کەمتر لەبەرکراوەوە، وا پانتۆڵیان بەسەردا هەڵکێشرابوو بە چەند هەنگاوێک لەدوواوە. نیگایان لەسەر دووکانەکان هەڵنەدەگرت. هەنگاوەکانیان هەمان هەنگاوی شێوازی ڕۆیشتن لە دەرودەشت بوو. بڵێند، بەهێز و بەلۆژەلۆژ. بەو پێڵاوە لاسیقییانەوە هێشتا تۆزی گوندیان لەسەرمابوو. من لە باوکمم بیستبوو پشتاوپشت ئێمەیش خەڵکی گوند بووینە. سەردەمانێک باوەگەورەم، کاتێک باوکم یەکجار منداڵ بووە، بڕیاردەدا بگوێزێتەوە بۆ شار. دەستبەجێ زەوییەکی دووسەد و پەنجا میتری دەکڕێ و خانوویەکی لێ سازدەکا. باوکم چونکە بەحاڵ ژیانی خۆی لە**

گوند لەبیرماوە و هەموو بیرەوەرییەکانی هی شارین، خۆی بە خەڵکی شار دەزانێ. لە راستیدا کاتێک باسی سەردەمی گوند دەکرێ، ئەو زۆر حەزی لە باسەکە نیە و زۆری لەسەر ناڵێ. تەنیا جاروبارە کاتێک لەگەڵ منە و دەچین بۆ شوێنێک هەندێ رووداو دەگێڕێتەوە، ئەویش گوایا لە باوکی بیستووە. ئەو هەمیشە وا باسی دێهات دەکا. وەک بڵێی لەو سەردەمانە یەکجار زۆر تێپەڕیوە. بێگومان یەکجار زۆر تێپەڕیوە، بەتایبەت لای من، منێک کە هێشتا لام وایە مەودای نێوان ساڵەکان، مەودایەکە هەتا بڵێی پان و بەرین. رۆژێک کە لە شوێنی راوەستانی ترۆمبیلەکانی گوند لە ناو شارم، کتوپڕ بیردەکەمەوە کە دەکرا منیش یەکێک لەو منداڵانەی بم وا لە ماشینەکان دادەبەزین و بە ترس و دڵەڕاوکێیەوە لە دەورووبەری خۆیانیان دەڕوانی. ئەو منداڵانی سەریان پاک بۆ دەتاشین و تەنیا چنگێ قژیان بە سەرو ناوچاوانەوە بۆ دەهێشتنەوە. نازانم خۆشحاڵ بم یان نا، بەڵام شتێک لە دەروونەوە پێم دەڵێ لەو جۆرە ئەگەرە یەکجار تێپەڕیوە. ئەوکات لام سەیرە بۆچی باوەگەورە قەت باسی ژیانی گوند و ئەو سەردەمانەمان بۆ ناکات. بۆچی لە ماڵی ئێمە رابردوو ئەوەندە بزرە!

لە کتێبەکەی بن باخەڵم دەڕوانم. دەزانم بە هۆی ئەوانەوە مەودای من لەگەڵ ژیانی گوند، لەچاو باوکم، یەکجار دوورو درێژتر دەبێ. هەرچەند لە دووای تەمەنی چل ساڵیدایە تێدەگەم ئەمە خۆی لە خۆیدا خاوەن هیچ مانایەکی تایبەت وەها کە بتوانێ شوێنێکی سەیر بە من ببەخشێ نیە. هەرچەند لە دووای ئەو تەمەنەیە تێدەگەم ئەزموونکردنی ژیانی دێهاتیش خۆی لە خۆیدا ئەزموونێکی یەکجار گەورەیە.

پوورم کە یەک دوو ساڵێک لە دێیەک مامۆستا بووە و وەک بڵێی ئەم ماوەیە بیرەکانی من دەخوێنێتەوە، دەڵێ سەردەمانێک دێت ئەوێیش تاقی دەکەیتەوە. من کە ئەم قسەیەم زۆر لاسەیرە بە سەرسوورمانەوە لێی دەڕوانم. چاوەکانم پڕن لە پرسیار. بەم حسێبە لام وایە منیش دەبمە مامۆستا. ئەی وەها نیە ئەوەی کتێب دەخوێنێتەوە رۆژێک لە رۆژان دەبێتە مامۆستا؟ قسەکەی پوورم راست دەرچوو! من ژیانی ئەوێیشم تاقی کردەوە، بەڵام نەک وەک ئەو، بەڵکو بە جۆرێکی تر.

هەندێ رۆژ بایەکی سەیرهەڵدەکا و گەر ئاگام لە خۆم نەبێ، کتێبەکان دەڕفێنێ. توندتوند لە بن باخەڵمدا دەیانگووشم. بەڵام هەمیشە ئەمە دادم نادا و، جاری وایە با دەیانبا. بە شوێنیاندا هەڵدێم، بەپەلە هەڵیاندەگرمەوە و ئەمجارە دەیانخەمە ژێر جلەکانمەوە. بەنەخوێنەکە شلە و دادەکەون. هەوڵدەدەم بە دەست رایانگرم. تا دەگەمەوە ماڵ، تەواو شەکەت دەبم. باوەگەورە کە لەپشت پەنجەرەکەوە لە من و لە کۆڵان دەڕوانێ، شتێک لە ژێر لێوییەوە دەچرپێنێ. نازانم چی دەڵێ. رەنگە بێتاقەتی دایەگەورە بێت. رەنگە زۆر بیری رابردوو دەکات.

لە کاتێکدا وژەی با لە پشت پەنجەرەکانەوە دێت، لاپەڕەکان هەڵدەدەمەوە. ئەمجارە چیرۆکی منداڵێکە کاتێک لە خەو خەبەری دەبێتەوە، دەبینێ لە دەشتێکدا لە ناوەراستی مەڕ و بەرخەلدایە، ئاسمان شین و هەتاو گەش، هەتا چاو کاردەکا سەوزەڵانی و گووڵ و گووڵزارە. دەنگی خوڕەی چەم دێت، ئاوازی سیحراویی کانی و زەنگۆڵەی گەردنی بەرخەکان گوێ دەلاوێننەوە. سەیرە، تەختی خەوەکەیشی لەوێیە و رێک لە ناویدایە! کتوپڕ منداڵێک هەر لە تەمەنی

**خۆیدا بە جامۆڵکەیەک شیری تازە و گەرمەوە لێی دەچێتە پێشەوە و بە بزەوە فەرمووی دەکا. ژیان چەند سەیر پێدەکەنێ. شیرەکەی لێ وەردەگرێ و سوپاسی دەکا. هەڵیدەقوڕێنێ. هەڵدەستێ و بەناو دەشتەکەدا رادەکا و لەگەڵ بەرخ و کاژیلەکان دەکەوێتە گەمەکردن. بەسەر شانەیەکی هەنگویندا دەکەوێ. پەنجەی تێدەهاوێ و تامی دەکا. هەنگەکان پێکەوە وێنەی خەندەیەک لە ئاسماندا دەکێشن. منداڵەکە ئەوەندە بەختەوەرە کە من دڵم دەگووشرێ. دەترسم. کتێبەکە لە خۆم دووردەخەمەوە. داخۆ دوواتر چ روودەدا؟ هەڵیدەگرمەوە و بەردەوام دەبم. لەنەکاو کووڕەکە هەستدەکا کەسێک دەیجوڵێنێ، سەرەتا بە ئەسپایی و ئەوجا زۆر خێرا. لادەکاتەوە بزانێ کێیە، کە کتوپڕ لەخەو خەبەری دەبێتەوە! دایکیەتی. دەڵی هەستە بۆ مەدرەسە درەنگ دەبێ! منداڵەکە لە دەوروو بەری دەڕوانێ. لە خانووە هەمیشەییەکە. چ خەوێکی خۆش و شیرین بوو. باشە بۆ بەئاگایان هێنا. بڵێی جارێکی تر دووپات بێتەوە؟ منداڵەکە بەتەمای هەمان خەو، چەندین شەوی تر کە دەخەوێتەوە لای وایە دیسان هەمان جیهانی سیحراوی دەگەڕێتەوە. بەلام،... بەلام قەت ناگەڕێتەوە. تا رۆژێک لە دایکی دەپرسێ، دایکی دەڵێ گەر زۆری بیری لێ بکەیتەوە قەت خەوەکە نایەتەوە. گوێی مەدەرێ بۆ خۆی دەگەڕێتەوە.**

**کتێبەکە دەبەستم. پوورم ئەم رۆژانە زۆرم سەرنجدەدا. وەک بڵێی بەردەوام شتێک لە نیگاکانم و لە روخسارمدا دەگۆڕدرێ. نیگاکانی جاری وایە تیل دەچنەوە. نیگەرانە یان خۆشحاڵ نازانم. رەنگە زیاتر بریتییە لە مرۆڤێکی پڕ لە پرسیار و چاوەڕوانی.**

**دایکم دەنگم دەدا: "سبەی لەگەڵ باوکت ئەچی بۆ حەمام، دەمێکەیە خۆت نەشۆردووە!"**

**من کە رقم لە بەئاگاهاتنی زووی بەیانیانە، منێک کە حەزم لە دانیشتنی شەوانەیە هەتا درەنگان، هەوڵدەدەم هەواڵەکە بەجۆرەیەک لەبیر ببمەوە. نەکا ئەمەیش بە هۆی کتێبەکانەوە بێت!**

***

**هەندێ وێنە لە زەینماندا لە ژیانی هەموو کەسێکدا وەک خۆیان دەمێننەوە و، قەت زەمەن نایانشێوێنێ. ئەمە لە کاتێکدایە بەڕای من وێنەکان زۆربەیان بەرەبەرە بە گوێرەی کات گۆڕانیان بەسەردادێت بە بێ ئەوەی بۆخۆمان پێی بزانین. رێک وەک چۆن تۆز بە تێپەڕینی رۆژەکان و ساڵەکان لەسەر شتەکان دەنیشن، وێنەکانیش وەهان. تەنیا ئەمەیش نیە، وێنەکان دەکەونە ژێر کاریگەریی رووداوەکانی تری ژیانەوە و بەم شێوەیە شێوازی تریان لێدەکەوێتەوە. ئەوەی کە بۆچی هەندێکیان وەک خۆیان دەمێننەوە بەڕای من بۆ بێ هاوتابوونیان دەگەڕێتەوە. هەندێ شت هەیە هەم شێوازەکەی تایبەتە و هەم لە دۆخێکی تایبەتدا روودەدا، بۆیە هەمیشە وەک خۆیان دەمێننەوە. دیارە گەر بەڕاستی لەمەیشا وەها بێت! کێ دەزانێ. ئێمە دەستەمۆی بیر و خەیاڵەکانی خۆمانین و هەمیشە لامان وایە راستەقینەترین دیاردەکانی بوونن.**

**ئەو خانمەی لە کتێبخانەکە کاری دەکرد خاوەن باڵایەکی مامناوەندی بوو بە قژێکی درێژی خاو و کاڵەوە کە بەسەر هەر دوو شانیدا پەخش و پەرێشان دەبوو. لەسەر ناوچاوانی، قژی بە دایرە بڕیبوو و رێک لە**

ژێریشیدا جووتێک چاویلکەی خڕ دەبینران کە چاوە سەوزەکانی لە پشتیانەوە دەگەشانەوە. سەیرتر لەهەمووشیان ئەو جل و بەرگە کوردییە بوو کە زۆر جار لە بەریدەکرد. من لە قوتابخانە قەت شتی وام نەبینیبوو. مامۆستاکان، بە ژن و پیاوەوە، هەموو جل و بەرگی مۆدەیان لەبەردەکرد. دەستماڵە کوردییەکە بەسەر سینگ و بەرۆکیدا دەکشا و شۆڕدەبووەوە و لەرەی مەمکەکانی بە ئاستەم دەشاردەوە. بەڵام ئەو لەوە زیاتر دیاربوو کەسێک بتوانێ بە چاوێکی ژنخوازانەوە لێی بڕوانێ. جۆرێک لە متمانەبەخۆبوون لە هەڵس و کەوتیدا دەبینرا کە کەمتر لەلای ژنانی تر من بەو تەمەنەی خۆمەوە هەستم پێدەکرد. شێوازی زوڵفی وایلێدەکرد هەست بکەی منداڵێکە تەنیا بە قەوارە گەورەیە! بەڵام ئەمە بەری بەوە نەدەگرت وەک گەورەیەک هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەکەی. لە لای من ئەم خانمە کۆمەڵێک هەستی دژبەیەکی لە بەرانبەرەکەیدا دەژیانەوە. جاری وابوو حەزم دەکرد خۆزگە دایکم بایە، جاری وایە حەزم دەکرد هاوڕێم، جاری وابوو مامۆستام، هەندێ جار هاوسەرم و هەندێ جاری تریش پێکەوە لە خانە سازمانییەکان پێکەوە ژیابواین! (ئیستا چۆنیەتییەکەی گرینگ نەبوو). بەهەرحاڵ دیتنی دەیبوژانمەوە و دەیگەشانمەوە. وەک کتێبەکان. لە نێوان ئەو و کتێبەکاندا پێوەندێکی سیحراوی و سەیرم هەست پێدەکرد. جاری وابوو هەستم دەکرد هەبوونی ئەو لە کتێبخانەکە بەقەدەر کتێبەکان هانم دەدەن بۆ ئەوەی سەردانی ئەوێ بکەم،... بۆ ئەوەی جادە سیحراوییەکە ببرم. ساڵانی دوواتر کاتێک بۆ ماوەیەک وازی لە کارەکەی هێنا، من شۆکێکی گەورەم بەرکەوت. کتێبخانە ئەو تام و لەززەتەی ساڵانی نەما.

من ئەوم وەک خۆی لەو ساڵانەدا دێتەوە خەیاڵ. وەک بڵێی زەمەن یەک چرکەیش چییە نەجووڵابێ. بەهەمان شێوازی قژ و جل و بەرگ و چاویلکە و دانیشتنەوە. سەردانی بەردەوامی من بۆ کتێبخانەکە پێوەندێکی تایبەتی لە نێوان من و ئەودا دروستکردبوو. کە کتێبی تازە دەهات دەستبەجێ ئاگادای دەکردمەوە، لە کاتی وەرگرتنی کتێبەکاندا بەجوانی لێیان رادەما و گەر لەسەریان شتی بزانیایە بۆی باسدەکردم "کتێبی چاکە، وێنەکانی زیندوون."، "نووسەرەکەی تازە دەستی بەنووسین کردووە، بەڵام سەرکەوتووە."، "سروشت لەم کتێبەدا تایبەتە."، یان "رستەکان کەمێک زۆرتر و چڕترن، بەڵام خۆشە ماندووت ناکا."

من حەزم دەکرد ئەو هەتا ئەبەد بمدوێنێ. ژنێک کە لە راستیدا مامۆستا بوو و کەچی قەمچی بەدەستەوە نەبوو و وەها دەدوا وەک بڵێی هیچ جیاوازییەکی تەمەن یاخود خۆبەزلزانی لە نێوانماندا نیە سرسامی دەکردم. زۆر جار خۆم دەخڵافاند و هەتا دەمتوانی هەوڵمدەدا زیاتر لە کتێبخانەکە بمێنمەوە. کە لە دەرگای کتێبخانەکەیش دەترازام و دەهاتمە دەرەوە، چەند هەستێکی خۆشم هەبوو. بیرم لە چاوە میهرەبانەکانی دەکردەوە، لە ئاهەنگی رێ رۆیشتنەکانی. لە یەکێک لەم رۆژانەدا بوو کە لە ناو جادە بەناوبانگەکە بڕیارمدا منیش وەها بم،... بۆ هەموو تەمەنم. ببم بە کەسێکی میهرەبان،... کەسێک بە نیگایەکی نەرم و گەرمەوە. لە دووای چل ساڵی، بەو تێبینییەوە گەر ژیان بێڵێ. راستی ئەو خانمە ئەوکاتە تەمەنی چەند بوو؟ ئەزموونەکانم کۆدەکەمەوە. رەنگە شتێک لە ژێرەوەی سی ساڵ. دیارە گەر شێوازی قژەکەی

نەمخەڵەتێنیّ، یاخود ئارایشی ژنانە کە گەورەترین ئامرازی خەڵەتاندنی پیاوانە.
دوواتر بووم زانیم کە لە راستیدا خەڵکی شارەکەی ئێمە نیە. ئیستا دەزانم هێشتا شارەکەی ئێمە کەسێکی وەهای تیانەبوو شارەزای راگرتن و پێڕاگەیشتن بە کتێبخانە بێت. هێشتا تیای نەبوو بتوانیّ نازی کتێب رابگریّ. دەبووایە بمزانیایە لەم بارەیشەوە تایبەت بوو.
گەنجەکان و پیاوەکانی شار کاتێک دەیبینن بە ناو شەقامدا دادەگەڕیّ، بەتایبەتی لێی دێنەوە دەرەوە بۆ ئەوەی یەک چرکە چییە لەکیسی نەدەن. دووکاندارەکان دێنە بەر دووکانەکانیان و گەنجەکانیش پاڵ بە درەختی قەراخ جادەکەوە دەدەن و لێی وردەبنەوە. ئاگام لێیە جاروبارە مەتەڵەکێکی بۆ دەهاون، هەرچەند زۆر کەم. ئەویش وەک بڵێی میشێکیشی میوان نەبیّ بەلایاندا تێدەپەڕیّ، بە بیّ ئەوەی هەنگاوەکانی لیّ بئاڵۆزکێن، یاخود روخساری سووربێتەوە. تەنیا ئەوەندەیە لێیان ناڕوانێتەوە. شار هەتا عادەتی پێگرت، پێیچوو. ژنێکی غەریبە بە تەنیا لە شارێک بە بیّ مێرد و لە خانوویەکدا دیسان بە بیّ کەس و کار، سەرنجە شەیتانییەکانی دەقۆستەوە. رەنگە درگا بۆ تاوانێکی خۆش کراوە بێت! داخۆ هەموو پیاوەکان وایان بیرنەدەکردەوە؟ منیش ئەگەرچی هێشتا پیاو نەبووم، بەڵام ئەم بیرەم بە مێشکدا هاتبوو. من پیاوێکی تەنەکەچیی جل و بەرگ رۆناوی و رەش بینیبوو کاتێک ئەو تێپەڕیبوو بە توندی بە رانی خۆیدا کێشابوو و ئاخێکی قوولی هەڵکێشابوو، "ئاخ خ خ... کوێر بم... ئاخ خ خ!" دووکاندارەکانی تر بزەیەک دێتە سەرلێویان و چەند حاجییەکی تریش بەدەم ئەستەغفورڵڵا گوتنەوە

دەچنەوە ناو دووکانەکانیان. من گەر پیاوێکی گەورە بام، بەرۆکم پێدەگرت و دوو مشتم دەکێشا بەناو دەمیا. باشە ئەم شارە پیاوێکی پیاوانەی تیانیە؟ پیاوە بەغیرەتە دڵ پاکەکان لەکوێن؟
بەڵام لە عەجایبی رۆژگار ئەوە بوو کە سەرئەنجام دووکاندارێک خواستی و هێنای. مرۆڤێکی باڵاکورتی خوێندەواری کەمدوو کە کتوپڕ لە رۆژگارێکدا وا هەمووان بیریان لەوە دەکردەوە ببنە کارمەند و مووچەخۆری حکومەت، کەچی جێگای باوکی گرتەوە و لە سەر هەمان کورسیی لە ئاسن چێکراو دانیشت وا باوکی بە ساڵانی ساڵ لەسەری دانیشتبوو. وەک بڵێی غەریزەی پێی گوتبێ کە قەرارە ساڵانی دوواتر چی بەسەر ئەم وڵاتەدا بێ. یەکێک لەوانەی کە من یەکجار رقم لێیەتی ئەم پیاوە باڵاکورتەیە،... ئەو پیاوەی وا کاتێک لەگەڵ ژنەکەی، کە ژنی ناو جیهانی خەیاڵاتی من بوو، دەڕوا سەری تەنیا دەگاتە شانەکانی! ئەو پیاوەی وەها دیاربوو ئەوەندە بە هێنانی خاتوونەکەم لە ژیان خەنی بوو کە شۆڕشیش ئەوی لەگەڵ خۆی نەبرد و تەنیا لە دوورەوە لە هەموو ئەو رووداوانەی رووانی وا نیشتمانی سەرتاپا هەژاند، هەژاندنێک زیاتر لە هەژاندن و لە راستیدا شتێک وەک بوومەلەرزە. ژیان پێم دەڵێ ئەمەیش شێوازێکە لە ژیانکردن و لە زیرەکی. بەڕاستی گرینگە ریتمی ژیان بدۆزینەوە. هەندێ کەس تایبەتن و خێرا دەیگەنێ و هەندێکی تر درەنگتر و بەعزێکی دیکە قەت. زۆر کەس هەمیشە عەوداڵن. داخۆ گەر من تەمەنم کشاوەتر بووایە نەدەبوومە ئەو کەسانەی وا لە دەستەی یەکەمدان؟... داخۆ چارەنووسی پیاوە باڵاکورتەکە بەرۆکی بە منیش نەدەگرت؟

کتێبخانە بێ ئەو تامی نەما. هەرچەند من هەر بەردەوام بووم. هەمیشە لە شوێنە بەتاڵەکەیم دەڕوانی و بە خۆم دەگوت ڕەنگە بێتەوە. ئەوسا بینیم ناوە ناوە دەهاتەوە. ژنێکی تر جێگای گرتەوە کە ئەگەرچی ئەویش کەسێکی میهرەبان بوو، بەڵام قەت وەک ئەوی لێنەهاتەوە.

بەهەڵکشانی تەمەنم بەرەبەرە عادەتم بەوە گرت کە گۆڕانەکان بەشێکی گرینگی ژیانن، ڕەنگە سەرەکیترین بەشیش. ژیان لە بنەڕەتدا گۆڕانە. بە خۆم گوت گرینگ ئەوەیە جاروبارە دێتەوە و بۆ هەمیشە بزرنەبووە. هەرچەند ئەویش ئەو تام و بۆنەی ساڵانی نەما و تەنیا بوو بە بیرەوەرییەک. ئەو لای من بەردەوام ئەوەی ساڵان بوو، نەک ئیستا. وەک بڵێی هەندێ شت لە نیگاکانی مندا دەخوێنێتەوە،... وەک بڵێی دەزانێ شتێک لەمندا جووڵاوە؛ تیژ لێم دەڕوانێ و بیردەکاتەوە. منیش قەت هیچم نەدرکاند. پێویستیش نیە بیدرکێنم. مرۆڤەکان زۆر جار ناچارن سەرەڕای هەموو شتەکان تەنیا بە لای یەکتردا تێپەڕن. تێپەڕینێک بۆ مانەوە لە بیرەوەرییەکاندا.

باوەگەورە دەنگ بەرزدەکاتەوە و دەڵێ "ئەوە کەڕی، هەستە لێوانێک ئاو بێنە!" ئەوسا لەبەر خۆیەوە دەڵێ بیرەبیرە ئەم هەتیوە دەفەوتێنێ.

***

مامەچایی سەرئەنجام بۆ یەکەم جار لە تەمەنیدا توانی بۆ شارێکی دراوسێ سەفەربکا کە تەنیا دوو کاتژمێر بە مینی بووس دووربوو. جادەکە بە ناو شاخ و دۆڵەکاندا تێدەپەڕی، بە تایبەت بەسەر گەردەنەیەکی گەردنکەش، کە ئەوەندە بەرزبوو درەختی لێ نەدەڕوا. مامەچایی لە خۆشیانا هەموو براکانی لەگەڵ باوەگەورە و پوورم و

ئێمەیش دەعوەتکرد و دۆڵمەیەکی گەڵامێوی چاکی بە بێ گۆشتی سازکرد. گەڵاگەڵا نان لەواشە تەنوورییەکانی بەسەر سفرەکەدا راخست لەگەڵ سێ دۆلکە دۆی ترشیش کە بەڕاستی بەلەزەت بوو.

مامە زۆر کەیفی خۆش بوو. ناوچاوانی کرابوونەوە، ئارامتر بە ڕێگادا دەڕۆیشت و زووزوو بەهۆ و بێ هۆ باسی سەفەرەکەی دەکرد. ئەسڵەن ئەو ئێمەی بانگکردبوو بۆ ئەوەی پیشانمان بدات سەفەری کردووە و بەم سەفەرە چەندە هەست بە لەخۆباییبوون و شانازی دەکا. وەک بڵێی کتوپڕ لەوە گەیشتبوو دونیا چەند گەورەیە. مامەچایی تەنیا چەند جارێک بۆ گوندەکانی دەورووبەر چووبوو، ئەویش زیاتر بە هۆی دەعوەت و دەعوەتکاری یاخود بە هۆی سەردانی شێخ عەوداڵ کە دەیانگوت بە فوویەک هەرچی نەخۆشییە لە جەستەتدا نایهێڵێ و ڕێک وەک ئەو چرکەساتەت لێدەکاتەوە وا لە سکی دایکت بەربوویتەوە.

مامەجوێنفرۆش کە یەکجار حەزی بە خواردنە، نیگای لە لەسەر سفرەکە هەڵنەدەگرت. باوەگەورە کە یەکجار حەزی بەوە بوو ببێ بە میوانی کوڕەکانی، بێدەنگ دانیشتبوو و لە تووڕەبوونەکانی هیچ خەبەرێک نەبوو. مامە چایی باسی گەورەیی شارەکەی کرد، باسی شەقامە جیاوازەکانی، باسی حەشیمەتە زۆرترەکەی، لە بابەت ئەو پارکەوە دووا وا بە درەختە گەورەکانی سەرسام ببوو، باسی ئەو پەیکەرە نایابەی کرد وا لە مەیدانی سەرکیی شار دانرابوو، پەیکەری باڵندەیەکی سەیر کە لە هەموو باڵندەکان دەچوو و هاوکات لە هیچ کامیشیانی نەدەکردا باسی ئەوەی کرد لەوێ لە دەشت و دەر و شاخەکانی دەورووبەری دارستان نابینرێ و سەرتاسەر رووتەنە، بەڵام

هاوکات خاون ئاووهەوایەکی سازگار و خۆشە. گوتی حەزی دەکرد لەوێ لەدایک بایە و لەوێ بژیایە. گوتی گاراژەکەی مینی بووسی زیاتری تیایە و سەرسامە بەوەی کە داخۆ ئەم ترۆمبیلانە بۆ کوێی تر دەچن. باسی ئەوەی کرد گەر خودای گەورە ئیزنی تەمەنی زیاتری بدات ئەوا لەوێوە دەیەوێ سوار ماشینی تر ببێ بۆ ئەوەی بگاتە شارەکانی تر. لێرەدا دەموچاوی سوورهەڵدەگەڕا، نیگاکانی دەڕۆیشتن،... بۆ کوێ؟ کەس نازانێ. پارووی دۆڵمە بە ئارامی لە ناو دەمی و لە ژێر دیانەکانیدا دەهاتن و دەچوون و دەستی شلدەبوو.

من بە بیستنی قسەکانی بیری کتێبەکان و کتێبخانەکە دەکەوتمەوە. لە نیگاکانی پوورم دەڕوانی کە کاتێک سەیری مامەچایی دەکرد، ڕێک هەمان ئەو نیگایانە بوون کاتێک منی دەبرد بۆ کتێبخانەکە. دایکم هەناسەیەکی هەڵکێشا و باوکم بە لاچاو سەیریکرد. من لای خۆم سوێندم خوارد هەر گەورە بووم یەکەم کار کە دەیکەم سەفەرە. سەفەر،... هەتا دەتوانم. خۆزگەم بە مامەچایی... عەجەب غیرەتێکی هەبوو جووڵابوو و ملی دابووە دیاری غوربەت. بە چەندین فەرسەنگ واوەتر لە سنوورەکان.

مامە جوێنفرۆش لە کاتێکدا هەناسەی سواربوو، داوای نانی زیاتری کرد. مامە تەنەکە لە سەماوەرەکەی رووانی و گوتی سبەی بیهێنن کەمێک دەستی پیابهێنێ بۆیان. گوتی ئەوەندەی نەماوە کون بێت. هەستم کرد مامەچایی روخساری سوورهەڵگەڕا. بەڵام هیچی نەگوت. مامۆژن چەند نانی جوانی لەبەردەم مامەجوێنفرۆشدا دانا. ئەو کە نانەکەی زۆر بەدڵ بوو، گوتی "بەشەرەفم گەواد نیە لەم شارەدا بتوانێ

نانی ئاوەها سازبکا!... حەک شیری دایکت هەتا مۆخی ئێسقانت لێ حەڵاڵ بێت!" باوکم سەری بەرزکردەوە و لێی رووانی. چاوەکانی لە ژێر عەینەکەکانییەوە دەیانگوت "بەخوا کەرە!" دایکم لە ژێر لێوەوە ورتەیەکی لیوەهات کە تەنیا من بیستم. پێم وابێ ئەو ساڵانە تەنیا من بووم ئاگام لەم ورتانە بوو. خوشکێکم گوتی میزم دێت. باوەگەورە کتوپڕ تووڕە بوو و گوتی "حەک عەمرت نەمێنێ، نافەهمێنێ قسەبکا، ئادەی ئەو توحسە دووربخەنەوە!" دایکم بەپەلە هەستا. ئامۆژنم پێشی کەوت، گوتی "بیدە بە من!" کە لە نانخواردن بووینەوە وەک هەمیشە ژنەکان سەریان بە سەری یەکترەوە ناو کەوتنە پچەپچ. ئەوان دەبا بە دەنگێکی نزمتر قسەبکەن و پێکەنینەکانیان بە روو وەرگێڕان یاخود بە لەچک یان دەسماڵەکانیان بشارنەوە. منداڵەکانیش چوونە ژوورەکەی تر. من نەچووم. باوەگەورە بە تەعەجوبەوە لێی روانیم. من خۆم لێ گێل کرد. گووڵەبەڕۆژە دانرا و بوو بە قرچە قرچ. مامەچایی لە چیرۆکەکەی بەردەوام بوو. باسی ئەو گوندانەی کرد وا بەدەم رێگاوە بینیبوونی. گوتی یەکجار گەورترن و لەوە دەچێ خاوەن مەڕ و ماڵات و باخ و باخات و کشت و کاڵی باشتر بن. گوتی هی ئەوەیە جەنگەڵیان نیە. باسی حەوزێکی پڕ لە ماسیی رەنگاوڕەنگ کرد. پوورم کە لە سەر سنوور لە نێوان پیاوەکان و ژنەکاندا دانیشتبوو و وەک بڵێی ئاگای لە قسەوباسەکانی هەر دوو لابێت، بزەیەکی هاتێ و سەرێکی بە ئاستەم لەقاند. مامەچایی هەر گوتی و هەر گوتی. وەک بڵێی نەیدەزانی کە براکانی، واتە مامە تەنەکە و مامە جوێنفرۆش، چەندین جار سەفەریان کردووە و رێک ئەو شارەیان بینیبوو وا ئەو بۆ یەکەم جار دەیبینی.

یەکجار لەوە پێش. بەڵام گوێی نەدەدایە. سەیربوو مامەکانیش هیچیان نەدەگوت و ورد گوێیان لێدەگرت. وەک بڵێی نمەک ئەوانی گرتبێ. وەک بڵێی لەوە پێش دەیانزانی بۆچی دەعوەتکراون و لە راستیدا ئەرکی ئەمشەویان چییە. ئەوان وەک ئەو کەسانەی گوێیان لە مامە دەگرت کە دەڵێی بۆ یەکەم جار چیرۆک و بەسەرهاتێک دەبیستن. نازانم بۆ، بەڵام منیش هەستم کرد دەتوانم چیرۆکی ناو کتێبەکانیان بۆ باسبکەم، رێک لە دووای مامەچایی. بگرە هی من سەرنجڕاکێشتریش بوون، چونکە دڵنیابووم ئەوان قەت لە ژیانیاندا شتی وایان نەبیستبوو. سەیرێکی پوورم کرد. ئاگای لێم نەبوو. چاوەڕوانی دەرفەتێکی لەبار مامەوە. رێک لەو کاتەدا مامەچایی کڵۆقەندەکەی هەڵدایە دەمییەوە (ئەو لە دوورەوە ناو دەمی خۆی دەپێکا)، دەستم پێکرد. گوتم: "لە دارستانێکدا لە داوێن کێوێکی بەرز و سەرسەوز پیاوێک دەژیا کە بە ماسیگرتن ژیانی خۆی دابیندەکرد..." گوتم: "رۆژێکیان کاتێک قولاپی هەڵدابووە ناو ئاوەکە و چاوەڕوان بوو، کتوپڕ پەرییەکی جوان لە ناو ئاوەکەوە هاتەدەرەوە و گوتی فریان کەوە،... تکایە فریام کەوە!" جگە لە باوەگەورە هەموو بە تەعەجوبەوە سەیریانکردم. باوەگەورە دەنگی هەڵبڕی "ئەم کەرە ببەنە ئەو دیو یاڵلا یاڵلا، ئەم کەربازاریەمان لێ دووربخەنەوە!" دایکم بە نیگا خەماوییەکانییەوە لێی رووانیم. پوورم پەلی راکێشام و خستمیە تەنیشت خۆیەوە. دەستی راوەشاندم، وەک بڵێی دەیەوێ تەمێم بکا. مامەتەنەکە گوتی چەند جار وتم ئەو جادەیە بەرەو شوێنێکی باشی نابا،... ها چەند جار!

من میزم دێت. له پوورم دەڕوانم. وەک بڵێی تێدەگا. مەچەکم بەردەدا و منیش دەچم بۆ ئاودەست. نایەمەدەر. زۆرم پێدەچێ. مەستراحەکە له حەوشەیە و ڕێک له تەنیشتی دەرگای دەرەوەیە. دەرکێکی تەنەکەی شڕ من له جیهانی دەرەوە جیادەکاتەوە، یاخود دەمپارێزێ. نازانم بۆ، بەڵام هەر له خۆوە لام وایە ئاودەستەکانی ئەو شارەی وا مامە باسی لێدەکا وەها نین، وەک ئەوەی ئێرە نین. جگە لەوە من له کتێبەکاندا بینیوومە. ڕەنگاوڕەنگ و جوانن. بەو ئاوێنانەوە دەتوانی لەبەریانا ڕاوەستی و بە سەعات سەیری خۆت بکەی. لەبەر خۆمەوە دەڵێم ڕۆژێک دەچم بۆ گاراج و سەیری مینی بووسەکان دەکەم. ئەو مینی بووسانەی دیتبوومن. زەرد و شین و خۆڵەمێشی و... . مامە چایی ئەو ڕۆژە لەناو ماشینەکەدا ڕشابووەوە. وەک دەڵێن کاتێک سواری دەبی بۆنێکی ناخۆشی لێوەدێت و سەرت له گێژەوە دێت. دەکەویتە هێڵنجدان. دەبێ پەنجەرەکە بکەیتەوە و سەرببەیتە دەرەوە. هەرچەند ئەمەیش زۆر دادت نادات. زۆر کەس لەم سەفەرانەدا کاتێک دەگەڕێنەوە بۆ چەند ڕۆژ نەخۆشدەکەون. سەرئێشە و ڕشانەوە و تاویاو. مامە جوێنفرۆش پێکەنینی دێت. دەڵێ "لادەیی!" دەڵێن ئەوانەی وا درەنگ چاکدەبنەوە دەیانبەن بۆ لای شێخ عەوداڵ. ئەویش وەک هەمیشە فوویان پیادەکا و دوواتر دەڵێ "کاک و خوشکی موسوڵمان سەفەرمەکەن، سەفەر کاری شەیتانە!" دەڵێ "لەناو ئەو ترۆمبیلانەدا شەیتان خۆی حەشارداوە." بەڵام سەفەرەکان بەردەوامن و هەتا دێن زیاددەکەن. وەها کە باوکیشم بڕیاردەدا ڕۆژێک له ڕۆژان ڕێگا نائاشناکان تاقی بکاتەوە. من دڵنیام من له هەموویان مکوڕترم. نازانم بۆ، بەڵام دڵنیام کاتی خۆی ئەوەندە

سەفەردەکەم کە سەفەر بۆ هەمیشە لەگەڵ خۆی دەمبا. ترسناکە، دەزانم، بەڵام تازە بڕیارم داوە.

مامەچایی حەزدەکا باسی ئافرەتەکانی ئەو شارەیش بکا، بەڵام هەرچی دەکا ناوێرێ. باسی نامووسی خەڵکی عەینی کوفرە. بەڵام بەڕاستی جوان بوون، بگرە کراوەتریش بوون. بەئاسانی نیگایان لە نیگات دەچەقی. ئاە، ناو بازاڕەکانیان چەند خۆش بوو! شتێک لە دەروونەوە پێم دەڵێ گەر پوورم لەوێ بایە شووی دەکرد. لەم شارە بەقوڕێ گیراوە کەس قەدری نەزانی. ئیستا دەزانم بۆچی. هیچ پیاوێک حەزناکا ژنەکەی لەخۆی زیاتر بێت. ژن خۆی لە خۆیدا ترسناکە چ بگا بەوەی زیرەکتریش بێت.

ئەو شەوە هەتا درەنگان، تەنانەت هەتا دووای میوەخواردنیش، کە ترێ رەشەیە، باس باسی سەفر بوو. هەرچۆنێک سەری قسەکانیان بگۆڕیایە ئەوا مامەچایی بە جۆرێک دەیهێنایەوە سەری. یەک تاق دۆڵمە چییە بە فیرۆی نەدا. ئەو سەلماندی پیاوێکە دەتوانێ لەسەر پێی خۆی راوەستێ و جورئەتی ئەوەیش بکا ئەو دیوی شاخە سەرکەشەکان بکەوێ. بەڵێنیشی دا کە تازە ئەمە سەرەتای رێگایە و گەر خودا تەمەن بدا هەنگاوەکانی بڵیندتر و درێژتر دەکاتەوە.

راستییەکەی ئەوە بوو مامەچایی تەنیا یەک رۆژی پێچووبوو. باشە ئەم هەموو بیرەوەرییە چیبوو ئەو شەوە دەیگێڕایەوە؟ ئەو باسی هەندێ کۆڵانیشی کرد، باسی بینای گەورەی شارەبانی و گەڕەکی خانەسازمانییەکانی شارەکەیشی کردا!

**ئەها رەنگە زۆربەیانی لە موسافیرەکانی تر بیستبێ،... دوو سەعات ڕێگا هەتا بڵێی ئەو ساڵانە دوور و درێژ بوو!... یەکجار.**

***

**ئامۆزایەکم هەیە پێی وایە من زۆر کەرم! ئەو کە پێنج ساڵیک لە من گەورەترە و هەمیشە کۆتێکی لەبەردایە کە قۆڵەکانی درێژترن لە قۆڵی خۆی و بەدەنی بەجوانی تیایا دەگەڕێ، ئەوەندەی دەرس نەخوێندوو و ئەوەندەی تەمبەڵی کرد و نەچووەوە سەر کلاس کە سەرئەنجام دەریان کرد. کوڕی مامە تەنەکەیە. باوکیشی زۆر پڕکێشیی لێنەکرد. وەک بڵێی خواخوای بوو واز لە قوتابخانە بێنێ و لەجیاتی ئەو کارە نیوەچڵە وا جاروبارە لەگەڵیا لە دووکان دەیکرد، یەکجاری لە مەدرەسەوە بگوێزێتەوە بۆ لای خۆی. مامە تەنەکە لە دووای چەندین ئاگادارکردنەوە و کۆبوونەوە لەگەڵ کاکی مودیر و مامۆستاکەی بە ئارامی لە دووادانیشتن گوێی لە قسەکانی ئەوان گرت و لەدووای وەرگرتنی ئەو کاغەزەی وا بە رەسمی دەرکردنی 'عەبە بێقۆڵ'ی تیا نووسرابوو، دەستی شاراوەی کوڕەکەی گرت و بۆ هەمیشە ئەو بینا و حەوشە گەورەیان بەجێهێشت وا پڕی منداڵ بوون. مامە تەنەکە کاتێک ئەم دیوی درگای قوتابخانەکە کەوت، وەک بڵێی پەشیمانی دایگرتبێ، لەبەر خۆیەوە کەمێک بە دەنگی بەرز بە عەبە بێقۆلی کوڕی گوت "حەی عەمرت نەمێنێ!" هەر ئەوەندە. ئیتر هەتا ژیا یەک تاقە وشە چییە سەبارەت بە خوێندنی کوڕەکەی لە دەمییەوە نەهاتەوەدەر. ئیتر عەبە خەنی لە چارەنووس و داهاتووی خۆی، دوو هەنگاوی بە یەک هەنگاو تێدەپەڕاند. ئەو هەتا ژیا قەت لەم بڕیارەی خۆی پەشیمان نەبووەوە.**

تەنانەت لە کاتی شۆڕش و ئەو کاتەی وا زۆربەی گەنجەکان لە سەر شەقام و لە کۆبوونەوەکان خەریکی قسەی زلزل بوون.
بەڵام راگرتنی عەبە بێقۆل لە دووکانیش ئەوەندە ئاسان نەدەهاتە بەرچاو. هەتا فێربوو و راهات، پێی چوو. باوکی بۆ ئەوەی بتوانێ رایبگرێ پارەی دەدایە، بگرە زیاتر لە ئاستی خۆی. عەبە پارەکانی دەخنیە گیرفانی کۆتە زلەکەیەوە و کەیک و نووشابە، گوڵەبەڕۆژە، بنێشت، ساندویچ (کە تازە لە ناو شار باوببوو و رێک لە تەنیشت دوو سینەماکەی شار دوو ساندویچفرۆشی دانرابوون)، سیگار (بەدزییەوە)، شیرینی و زستانانیش چەوەنەری پێدەکڕی. عەبە زۆر بەمە دڵی خۆش بوو. وەزعی لە هەموو ئەو منداڵانە باشتر بوو وا بەردەوام دەچوون بۆ مەکتەب.
جا هەر لەبەر ئەمەیش من منی پێ کەر بوو. دەیگوت "لە مەدرەسەت کەمە و رووئەکەیتە کتێبخانەیش!" لای عەبە من دوو جار لەوانی تر فەقیرتر بووم. بەینی خۆمان بێت عەبە بێقۆل راستی دەکرد. یەعنی هەروا دەرچوو. ساڵاننی داهاتوو قسەکەی ئەوی سەلماند.
عەبە زۆر دەوروخولی خانە سازمانییەکانیش دەدا. رێک لەو شوێنە بەرزەوەی وا بەسەریانا دەڕوانی و منی جاروبارە لێ رادەوەستم، ئەویش رادەوەستێ و لێیان دەڕوانێ. لە چاوەکانیدا دونیایک پرسیار و سەرسوڕمان هەیە. وەک بڵێی ئەویش لە جیهانێکی تر بڕوانێ. قەت نەمزانی لەم کاتانەدا چی لە مێشکی عەبەدا دەگوزەرێ. دایکم بە پێکەنینەوە دەیگێڕێتەوە کاتێک لە شار دەستیان کرد بە کوتانی منداڵ، عەبەیش وەک هەموو منداڵانی تر لەگەڵ باوکی دەچێ بۆ شوێنی

کوتانەکە کە بینایەکە لە کۆڵانەکەی تەنیشت دووکانەکەی باوکی. کاتێک دەرزییەکە لە قۆڵی دەدەن، عەبە وەها دەترسێ و وەها دادەچڵەکێ کە بە دەستێک بە کراسەکەیەوە کە هەروا هەڵدرابووەوە لە کاتێکدا دەمی هەروا داپچڕیبوو دەڕواتەوە بۆماڵەوە. عەبەبێقۆل نە کراسەکەی دادەداتەوە و نە دەمی دەقنجێنێ. دایکم پێدەکەنێ و "چەند شیرین بووە خواگیان!" بەڵام بەڕاستی عەبە شیرینە؟ ئەو کە سەیری خانەسازمانییەکان دەکا، من بیری چیرۆکەکەی دایکم دەکەومەوە.

عەبە لەگەڵ ئەوەی پارە لە گیرفانیا بوو و بەرەبەرە گەورەتر دەبوو، کەچی قەت وازی لە لەبەرکردنی کۆتە گەورەکان نەهێنا. وەک بڵێی بۆی گرینگ نەبوو کچان چۆن بیری لێدەکەنەوە. ئەسڵەن ئەو لە بیری کچاندا بوو؟ بڕواناکەم. دەنگی زلی و چاوە رووداڕەکانی و بێ منەتبوونی بە هەموو شتێک ئەوەی نیشاندەدا کە ئەوەی لای گرینگ نیە ئەم بەشەیە. ئەو سەردانی ماڵی ئێمەیشی نەدەکرد. بگرە هی هیچ خزم و قەومێک. یان لە دووکان بوو، یان لە ناو جیهانی خۆیدا. لەبەر ئەوەی بەربەرە بەجوانی ملی دابووە کارەکەی و بەشێوەیەکی باش یارمەتی باوکی دەدا، باوکیشی زۆر لەسەر شتی دیکە پڕکێشی لێنەدەکرد. عەبە زۆر بەکاربوو. لەوەتەی ئەو دەستی کردبوو بە کوتانی تەنەکە، دراوسێکان پرتە و بۆڵەیان لێ پەیداببوو، هەرچەند قەت لای خودی مامەتەنەکە نەیاندەدرکاند. کە بە دووانە دەستیاندەکرد بە کوتان، هەموو ئەو شەقامەیان دەهێنایە سەرسەری خۆیان! جاری وابوو هەستت دەکرد عەبە شێتانە پێشبڕکێی باوکی دەکرد. دەیەویست پێشی بکەوێتەوە. بەڵام لە کوتاندا بەڕاستی پێشکەوتنەوە هەبوو؟ دەنگەکان

ئەوەندە لەیەکتریان دەکرد کە مەعلوم نەبوو کێ لە پێشە و کێ لە دوواوە.

عەبە کاتێک باوکی دەچوو بۆ نوێژ بۆ مزگەوت، دەستی هەڵدەگرت و جگەرەیەکی دادەگیرساند و هەر لە شوێنی خۆی بە بێ ئەوەی بجووڵێ، دەیکێشا. لەناو بۆنی دووکەڵ و رۆن و تەنەکەی گالوانیزەی سووتاو چ تامێکی هەبوو! ئەو هەتا لە ژیانیدا مایەوە هەر بەم شێوەیە ژیا. قەت دەستی لە تەنەکەسازی هەڵنەگرت و ساڵانی دوواتریش هەر وەک ئەم رۆژانە لە جگەرە هەمان لەززەت و چێژی دەبینی کە هەنووکە دەیبینی.

جارێکیان لە جادە سیحراوییەکە بەڕێکەوت بەتووش منەوە بوو کە بە دوو کتێب لە بن باخەڵمەوە لە کتێبخانەکە دەهاتمەوە. بەپێچەوانەی هەمیشە رایگرتم. راوەستام.

- چۆنی ئامۆزا!

لە دەنگە زلەکەیدا جۆرێک لە گاڵتەپێکردن هەبوو.

- باشم، مەمنون!

- لە کوێ بووی؟

- کتێبخانە.

بێ ئەوەی بپرسێ، دەستی برد و کتێبەکانی لە بن باخەڵم راکێشایە دەرەوە. لێیان وردبووەوە. نازانم تا چەندە دەیتوانی بیانخوێنێتەوە. لەوە دەچوو زیاتر لە وێنەکان مۆڕدەبێتەوە. من کە چاوەڕوانی ئەوە بووم گاڵتە بە کتێبەکان بکا، کەچی شتێکی تر لە دەمییەوە هاتەدەر:

- باشتر نیە یارمەتی مامە بەدبەختەکەم بدەیت؟

تاسام. من کە قەت ئاوەها لە باوکمم نەڕوانیبوو، لێی وردبوومەوە. عەبە وەک پیاوە گەورەکان دەدوا. کتوپڕ زانیم باوکم بەڕاستی زۆر بەدبەختە. بەو چاویلکانەوە و بەو شوغڵەی هەیبوو، بە خەونەکانییەوە و بەبێدەنگییەکانی لە ئاست باوەگەورە. هەموو شتێک وەک فیلم بە بەرچاومدا هاتن و چوون. دەمم ببوو بە تەڵەی تەقیو. منێک کە کتێبم دەخوێندەوە، وەڵامم بۆ عەبە بێقۆلی ئامۆزام پێ نەبوو. نەکا وەک دەیگوت من بەڕاستی کەر بم. تەنیا لە دووای ئەوەی تەمەنم لە چل لایدا، رەنگە لە پەنجایش من وەڵامی پرسیارەکەی ئەوم، ئەویش لە ناو دڵی خۆمدا، دایەوە. دەبووایە بمگوتایە "ئێمە بەڵێن نیە لە پێناوی کەسی تردا بژین، ئەی خۆمان چی؟ تازە مەگەر بەگوێرەی سیستمی نوێ بەڵێن نیە منداڵان هەموو تا قۆناغێکی تایبەت لە تەمەنیان دەبێ بخوێنن؟" دەبووایە بمگوتایە "خوێندنەوە بەشێکی گرینگی ژیانە، بەتایبەت لەم سەردەمەدا." بەڵام ئیستایش کە ئەم قسانەم بە زەیندا دێن، دیسان لام وایە یەکجار کەم هێزن. هەستدەکەم بەژنی بەرزتری عەبەی ئامۆزام ئیستایش بە هەمان شێوە هەڵکشاو بە سەر مندا راوەستاوە و سێبەردەخاتە سەرم و منیش داماوانە لێی دەڕوانم بە بێ ئەوەی جوابێکم هەبێ بۆی. بەڵام نەکا وەڵامەکان دوواتر دێن، زۆر دوواتر. نەکا ئەسڵەن جوابێک نیە و خودی خوێندنەوە جوابەکەیە، خودی ژیانی عەبە و من؟ نازانم.

تەنیا کارێکی بەغیرەتانە ئەو رۆژە کردم ئەوە بوو دەستم راکێشا و بە بێ پرس کتێبەکانم لێ سەندەوە. دیارە لێشی نەدەترسام، دەمزانی خزمایەتی ناهێڵێ ئەو وەک خەڵکی تر لەگەڵ من هەڵسوکەوت بکات. بە

ئاسانی دەستی لە کتێبەکان بەردا و پێمی دانەوە. ئەو ئێوارەیە بۆ یەکەم جار قەڵەمم بەدەستەوە گرت و کاغەزێکیشم هێنایە بەردەستی خۆم و دەستم کرد بە نووسین. چی بنووسم؟ تیایا مابوومەوە. بەڵام دەبووایە شتێک بنووسم. هرچی خۆم گووشی بێسوود بوو. دونیای دەروونم وەک بورکانێک دەکوڵا بە بێ ئەوەی لە قەراغەکانییەوە شتێک سەرڕێژبکا. لە کۆتاییدا تەنیا وێنەیەکم کێشا. جادەیەک بە درەختەکانی تەنیشتییەوە، کشاو بەرەو بینایەک. رەنگە منداڵێکی تەنیایش کە هێشتا نازانێ ئەو رێگایە چەند خەتەربوو. رێگایەکی خۆشی پڕ خەتەر.

عەبە بێقۆل دوورکەوتەوە. من لە دوواوە لێم رووانی. لە کۆتەزلەکەی و سەری تاشراو و دووکەڵی ئەو جگەرەیەی وا با لەگەڵ خۆی دەیبرد. نەکا ئەویش خاوەن جادەی خۆی بێت، نەکا ئەویش لە ئارەزووەکانی خۆیدا خاوەن کتێبخانەیەک بێت؟ پێکەنینم دێت. هەموو شتێک دەشێ.

شەو لە باوکم رادەمێنم. عەبە راستدەکا، باوکم گوناحە. ئەسڵەن هەر هەمووی ئەمانەی وا لەناو ژوورەکەدا لەبەردەمی مندا دانیشتوون گوناحن. تەنانەت باوەگەورەیش. ئەو شەوە بەزەییەکی سەیر دامدەگرێ. ژیان لام دەبێتە کارەسات. دڵم پڕدەبێ و هەڵدەستم دەچم لە ژوورەکەی تر بە دزییەوە دەگریم. دڵنیام عەبەی ئامۆزام قەت لە ژیانیدا نەگریاوە. تەنانەت ئەو کاتانەیش وا بە قەمچی لە قوتابخانە لێیانداوە. هی ئەوەیە دڵی لە بەردە، یان نا بەغیرەتە؛ نازانم. چەند حەزدەکەم وەک ئەو بم. لانیکەم لەم بەشەدا. من ئەوەتەی لەبیرم دێ مرۆڤێکی ترسنۆک و دڵ ناسک بوومە. رەنگە هەر لەبەر ئەمەیش بێت

پوورم رۆژێک لە رۆژەکانی ژیان دەستی گرتم و بردمی بۆ کتێبخانە. لەبەر خۆیەوە گوتوویەتی ئەم ئەخلاق خەلەژنانەیە با کەمێک بچێتە ناو جیهانی خۆیەوە و لە خۆی دانەچڵەکێ؛ با بۆ خۆی ستایلی ژیانی خۆی پەیدابکا و دڵیشی پێی خۆش بێت، کتێبەکان یارمەتی دەدەن خۆی خۆی رازی بکا. ئیستا دەزانم پوورم چەندە زیرەکە. نەکا تەنیا ترسنۆکەکان بن روو لە کتێبخانەکان و لە کتب دەکەن. ئەوانەی وا ناوێرن بە دەنگی بەرز قسەبکەن و بە ئاشکرا بە خەڵکی تر بڵێن "نا!"

شەو بارانێکی خۆش دادەکا. باوەگەورە دەچێتە سەربانی بۆ بانگێڕان. دایکم بە باوکم دەڵێ بۆ پێی ناڵێی بەشەو باش نیە. باوکم بە دەسماڵێک عەینەکەکەی کە خەتی زۆری تێکەوتووە و رووشاوە، خاوێندەکاتەوە و دەڵێ "ئەو قەت رێگای بانی لێ هەڵەنابێ، تەنانەت بە تاریکی و بە رەهێڵەیش!"

قسەی قۆڕ! ئەو لەبەر ئەوەی بۆخۆی مەجبوور نەبێ و نەچێ بانەکە بگێڕێ، دەستەوداوێنی شیعریش دەبێ! باوکم شاعیرێکە کە لەبانگێڕان وەڕزە.

***

ئەو ساڵانە عەینەکسازی لە شاردا نەبوو. دکتۆری چاویش هەروەها. بێگومان گەر دکتۆری چاو هەبا ئەوا عەینەکسازیش دەبوو! یان بەپێچەوانەوە، عەینەکسازی هەبووایە ئەوا دکتۆری چاویش دەبوو،... کەچەڵ و قوندەر بە بێ یەک هەڵناکەن!

لە بیمارستان نەبێ دکتۆر لە هیچ شوێنێکی تر دەستنەدەکەوت. بۆیە خەڵکی روویان لە شارانی دیکە دەکرد. گەر بە ناو تاقە شەقامی

سەرەکی شاردا سەرەوخوارێکت بکردایە، عەینەک لە چاوێکت نەدەبینی، جگە لە کابرایەکی پیری گۆچان بەدەست کە ئەگەرچی هێشتا قیت و قینج دەڕۆیشت، بەڵام جووتێک چاویلکەی شووشە ئەستوری پیس و چڵکنی لە چاودابوو کە بە پەتێکی سەوز، کە لە پشت سەرییەوە گرێی دابوو، بە روخسارییەوە رایگرتبوو. کە سەری هەڵدەبڕی و دەیەویست لە شتێک بڕوانێ، چەماوە بەسەر گۆچانەکەیدا دەبا ماوەیەکی چاک لەسەری رامێنێ. ئەویش کەس نەیدەزانی کە بەڕاستی تا چەندە بە جوانی دەیبینی. راستییەکەی ئەوە بوو خێرخوازێک، کە کەس نەیدەزانی کێیە، ئەم عەینەکەی وەک خێر پێدابوو. ئەگینا ئەم پیاوە قەت لە هیچ شوێنێک دکتۆری چاوی نەبینیبوو. زەمەن بەرەبەرە ژمارەی عەینەکەکە و نیگای ئەوی لەگەڵ یەکتر رێکخستبوو، هەرچەند نەک بە تەواوی.

باوکم کە لە قوتابخانە وەک سەرایدار دادەمەزرێ، بە بینینی ئەو مامۆستا چاویلکە لەچاوەی وا لە شارێکی دوورەوە هاتبوو و لێرە دەرسی دەگوتەوە، یەکسەر زەوقی دەچێتە سەر عەینەک. کاتێک چایی بۆ مامۆستاکان لە ژوورەکەیاندا دادەنێ، هەمیشە نیگای دەچەقێتە سەر مامۆستا چاویلکە لەچاوەکە، وەها کە بە زەحمەت بەریدەدا. تەنانەت جارێکیان کاتێک چاییەکەی دابووە دەستی، پێش ئەوەی مەعلیمەکە بەجوانی وەریبگرێ، ئەم دەستی لێ بەردەدا و بۆیە بە سەر رانیدا دەڕژێ. مامۆستاکە لە حەیبەتا یەکبەخۆی راچەنیبوو وعەینەکەکەی لێ ترازابوو. باوکم دەشڵەژێ و لە نێوان سڕینەوەی رانی کابرا و داوای لێبوردن و هێنانەوەی عەینەکەکە دەستەپاچە دەمێنێتەوە. بەخۆشییەوە

**مامۆستا پیاوێکی میهرەبان و لەسەرخۆ بووە و هیچی نەگوتبوو. ئەوەندەی نەبێ سەرێکی لەبەر خۆیەوە لێ بادابوو.**
**باوکم لەدووای ئەوەی لەماڵەوە خەریکی تاقیکردنەوەی چاوەکانی دەبێ، سەرئەنجام بڕیاردەدا بڕێک پارە کۆبکاتەوە و رووبکاتە شاران. لەو پووڵەی دەیدایە دەست باوکی، هەموو مانگێک کەمێکی لێ دەقرتێنێ و جوابی پرتەوبۆڵە و نیگا پڕ لە پرسیارەکانی باوەگەورە ناداتەوە.**
**بەڵام باوکم چۆن چاوەکانی خۆی تاقیدەکردەوە؟ بۆ وێنە لە پەنجەرەکەوە لە خانووێکی دووری دەڕوانی و ئەوسا لە منی دەپرسی ئەو ماڵە چەند پەنجەرەی هەیە. یان دەیگوت فلانە پەنجەرەی دراوسێکەمان چەند چاوەی هەیە. یاخود کتێبەکانی لە خۆی دوورو نزیک دەخستەوە بۆ ئەوەی بزانێ چەندە وشەکان و وێنەکان روون و دیارن. داخۆ تێکەڵ دەبوون یان نا. لە دووای ئەوەی بۆی دەرکەوت لە هەندێ شوێندا لەگەڵ وەڵامەکانی من جیاوازی هەیە، بەو ئاکامە گەیشت چاوەکانی یەکجار زەعیفن و بۆیە دەبێ هەرچی زووتر خۆی بگەیەنێتە تەورێز.**
**هاوینێک بە کاتی تەعتیلی سوواری مینی بووس، ئاودیوی گەردەنەکە دەبێ. کەس نازانێ باوکم چۆن چۆنی توانیبووی ناوونیشانی دکتۆرەکە لە شارێکی غریبی گەورە بدۆزێتەوە و چلۆن شەوان شوێنێک بۆ حەوانەوی خۆی ببینێتەوە. دیسان کەس نازانێ چۆن رێگای شارەکەی خۆی پەیداکردبووەوە. ئەو قەت ئەم بەشەی سەفەرەکەی بەپێچەوانەی مامەچایی لای کەس باسنەکرد. لە دووای چوار رۆژ سەرو سەکوتی پەیدادەبێتەوە. بەو عەینەکە خڕە رەنگ قاوەییە تۆخەوە کە دەیگوت**

ئاڵمانییە. ئاڵمان! باوەگەورە کە بۆ یەکەم جار ناوی ئاڵمانی لە کاتی شەڕی دووهەمدا بیستبوو، بە لاچاو لە باوکمی روانیبوو و بۆڵەیەکی لێوەهاتبوو. باوکم قاپێکی رشی ئەستووریشی لەگەڵ خۆی هێنابووەوە کە شەوانە چاویلکەکەی لە دووای ئەوەی بە پەڕۆیەکی ناسک خاوێندەکردەوە، دەیخستە ناوییەوە و دوواتر لە سەر تاقچەکەی تەنیشتی کە زیاتر لە میترێک بەرزبوو، دایدەنا. کەس لە بنەماڵەکەدا مافی ئەوەی نەبوو دەستی لێبدا، تەنانەت باوەگەورەیش. پیاویشی دەویست دەستی لێبدا! تەنیا شتێک باوکم لە سەرتاسەری ژیانیدا لەسەری هەڵیدا و بەگژ کەسی تردا چووەوە، چاویلکەکەی بوو. وەک گلێنەی چاوی دەیپاراست.

عەینەکەکە ببووە هۆی ئەوەی باوکم بەتەواوی خۆی لە خەڵکی گەڕەک و بگرە شاریش بەجیاواز ببینێ. ناحەقیشی نەبوو. بەڕاستی جیاوازبوو! ئاخر جگە لە کابرای پیر و لە مامۆستای مەدرەسەکە، کە ئەویش لە شارێکی ترەوە هاتبوو، تەنیا باوکم لەم شارەدا چاویلکەی لەچاودابوو. هەتا خەڵکی عادەتیان پێی گرتبوو، خایاندبووی، بەڵام دوواتر وەهای لێهات بە بێ عەینەک ناسینەوەی زەحمەت بوو.

باوکم زۆر شایی بەخۆی دەهات، بەتایبەت کاتێک عەینەکەکەی لەچاودەکرد و رۆژنامەی قوتابخانەکەی پێدەخوێندەوە. ئەمە ئەو ساتانە بوون وا ئەو تیایانا زیاتر لە هەر کاتێکی تر هەستی بە شانازی دەکرد و، لای وابوو بەتەواوی کەسێکی جیاوازە. بگرە چاویلکەکە خۆی لە خۆیدا دنەدەربوو، پاڵی پێوەدەنا شت بخوێنیتەوە و لە کاتی قسەکردندا بە شێوازێکی تر بڕوانێتە خەڵکی. باوکم کە فێرببوو

جاروباره به پەنجەی ئاماژەی ڕێک لەسەر لووتی چاویلکەکە سەرلەنوێ کەمێک بەرزبکاتەوە و بەشێوەیەک کە تایبەتی خۆی بوو بیخاتەوە سەر شوێنی خۆی، پێش ئەوەی دەستبکا بە قسەکردنیش، گەروویشی بە ئحمێکی قایم بۆ سافدەکرد.
من ئێستا لە دووای چلەکان و پەنجاکان کاتێک بیر لەو ساڵانە دەکەمەوە، دیسان بەزەییم بە باوکما دێتەوە، بەزەییەکی پڕ لە ڕێز؛ لەبەر ئەوەی ئەو بەو کارەی خۆی لە ڕاستیدا ڕچەشکێنی شارەکەی ئێمە بۆ کەڵک وەرگرتن لە ئامرازێک بوو کە بەڕای من ڕۆڵیکی گرینگ لە خوێندەواری و لە وردبوونەوە لە دونیا دەگێڕێ.
ڕۆژێکیان کە خەریکی خوێندنەوەی کتێب بووم، ڕووی تێکردم و گوتی ئەوەندەی نەماوە تۆیش جووتێک لەمە لە چاوەکانت کەی! ئەوجا بە بزەوە ئاماژەی پێدا. زەوق گرتمی. بزەیەک هاتە سەر لێوم. کەواتە منیش ڕێگای سەفەرێکی چاکم لەبەر بوو. ویستم شتێک، کە ئێستاکە لەبیرم نەماوە بپرسم، بەڵام دەستبەجێ لەبیری خۆم بردەوە. لە بیرمە لە ترسی ئەوەی نەکا لێم هەڵبەزێتەوە و لەو سەفەرەی وا من لەداهاتوودا لەبەرم بوو پەشیمان بێتەوە، کشامەوە. لە دەروونمەوە دەنگێکی نهێنی هاواری لێکردم "پەلەپەل!"
بیهێننە بەرچاوی خۆتان مێردمنداڵێک بە جادە بەناوبانگەکەدا بە جووتێک چاویلکەوە تێدەپەڕێ! بەو چاوانەوە ڕەنگی سەوزی گەڵاکان و شینایی ئاسمان جوانتر و ڕوونتر لە هەمیشە دەبینن. عەینەک هاوزادی کتێبە. مامۆستاکانی قوتابخانە، قوتابییەکان و بگرە خەڵکی شاریش هەستدەکەن مەدرەسەکەیان زیاتر لە هەمیشە لەسەر ڕەوتی خۆیەتی.

باوکم ئەوێی گۆڕی. ئەو غیرەتی خستە ناو دڵی خەڵکی شاریشەوە. مامۆستا چاویلکە لەچاوەکە ئەگەرچی لەوێ نەماوە و گەڕاوەتەوە بۆ شارەکەی خۆی، بەڵام باوکم دڵنیایە گەر لەوێ مابا ئیستا پیرۆزبایی لێدەکرد. دەیگوت "بەخێربێی هەڤاڵ!"

باوکم هەموو ئەو هەواڵ و بابەتانەی وا لەناو رۆژنامەکان لەژێر وێنە چاویلکەدارەکانەوەن لەکیس نادا و، وردورد دەیانخوێنێتەوە. تەنانەت گەر چەند سەعاتیش بخایەنێ. ئەو لەو کاتەوە ئەم عەینەکانەی هەیە هەم باشتر دەخوێنێتەوە و هەم ئاست و توانای خوێندنەوەیشی چووەتە سەرەوە. دایکیشم شانازی دەکا بە باوکمەوە. جاری وایە بە ناز و غەمزەیەکی سەیرەوە رووی تێدەکا و دەڵێ "ئەمڕۆ قاپەکەم بۆ خاوێن کردیتەوە." باوکم چاوەکانی لە ژێر شووشەکانەوە پێدەکەنن و سوپاسگوزارە.

بەڵام باوکم وەک هەموو ئەوانی تر، ئەوانەی وا بە عەینەکەوە لەم دونیایەدا دەژین، بەدشانسە و رۆژێک لە ماڵەوە لە بەختی رەشی قاچ دەنێ بە عەینەکەکەیدا و دەسکەکەی لەبنەوە دەقرتێنێ. ئاسمان دەقڵیشێ. باوکم وشک بوو. بۆ ماوەیەک وەک ئەو پەیکەرەی لێهات وا مامەچایی لە کاتی سەفەر لە مەیدانەکەدا بینیبووی و شەوی دۆڵمەخواردنەکە باسی لێکردبوو. وشک وشک بە بێ جووڵە و سرتە. باوکم نەیدەزانی چۆن دانەوێتەوە و دەستی بۆ ببا. داخۆ بەشی هەڵگرتنەوەی تیامابوو؟ دونیا کتوپڕ وەها تەنگ و تاریک ببوو کە وشە لە ئاستیا قاسر بوو. دایکم دوو دڵۆپ فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتنە خوارەوە. پشیلەی سەر بانیژێکە، کە بەسەر ژوورەکەماندا دەیڕوانی،

**وەک بڵێی لە کارەساتێک هەستی ئاگاداری کردبێت، راوەستا و لە پەنجەرەکە وردبووەوە. بەڵام کار لە کار ترازابوو. عەینەکەکە شکابوو. رێک وەک قاچی مامە جوێنفرۆش کە ساڵانی دوواتر لە سەر چێوبەست بەربووەوە و لە رانیەوە ئێسکی ببوو بە دوو کەرت. وەک چۆن لاقی ئەویان ئەو کاتە لە گەچ گرت و دەبا یەک ساڵی رەبەق لە ماڵەوە لەناو جێگادا بۆی بکەوێ، چاویلکەکەی باوکیشم بە چەسپێکی شین کە وەک گرێیەکی ئەستوور بەسەرییەوە خۆی دەنواند، لاقە شکاوەکەیان پێکەوە گیرساندەوە. گرێیەک کە زۆر خراپ لە زەوقی باوکمی دا و تەواو لە حاڵ و هەواکەی جارانی خست.**

**هەرچەند چاویلکەکە ئێستاکە لە زەوق دەدا، هەرچەند باوکم وەک جاران پێیەوە ناچێتە بەر ئاوێنەکە و لە کاتی قسەکردنیشدا زووزوو بە دەستی راستی لاجانگی راستی دەخورێنێ، وەک بڵێی دەیەوێ گرێ سەوزەکە بشارێتەو، بەڵام موهیم ئەوەیە چاویلکەکە ماوە. ماوە و درێژە بە راپەراندنی ئەرکی گرینگی خۆی دەدا کە خوێندنەوەی رۆژنامە و بەردەوامبوونی باوکمە لە ئاست ژیان و دونیادا. هەرچەند مامەتەنەکە رۆژێک پێی گوت گەر لە تەنەکە بایە من بۆم لەحیم دەکردییەوە، بەڵام باوکم بەگشتی لەگەڵ دۆخەکەدا دێتەوە. بگرە پلانێکی تریش بۆ سەفەری تەورێز دادەڕێژێ. تازە دکتۆریش پێی گوتبوو کە واباشە ناوەناوە سەرلەنوێ چاوەکانی تاقی بکاتەوە. بەڵام باوکم فریا ناکەوێ. هەم منداڵەکانی گەورەبوون و هەم خەرج هەتا دێت گرانتر دەبێ. مووچەی ئەویش کە ئەوەندە زیاد ناکا. باوکم وەڕەزە. تووڕەیە. لای وایە شتێک هەڵەیە. هەرچەند نازانێ چییە. باشە ئەم چەند مانگە چی روویداوە؟**

**ڕۆژنامەکەیش زۆر باسی ئەمە ناکا. منیش خواخوامە ئەوەندەی دووابخا هەتا نۆرەی چاویلکەی منیش دێت. لام وایە من و باوکم ئەوەندەمان نەماوە پێکەوە بچین بۆ تەورێز.**

***

**کوڕێکی دراوسێمان لە شەڕی عوممان بووە. بە واتایەکی تر لە دژی شۆڕشگێڕانی زەففار. وەک بۆ خۆی دەڵێ هەم سواری کەشتی بووە، هەم تەیارە و هەم هلیکۆپتەر. دەڵێ کەشتی قۆڕە، دڵت بەیەکا دێت و دەڕشێیتەوە، هەرچەند ئەو گوایا نەڕشاوەتەوە. بەڵام پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە بەڕاستی تەیارە شتێکی ترە. کۆپتەریش خراپ نیە، ئەوەندەی کە لەرەلەری زۆرە. نە باوەگەورە و نە دایکم و نە مامەکانم نازانن عوممان لە کوێیە. بەڵام من و باوکم دەزانین. من سەیری نەقشەم کردووە، شوێنێک لە باشووری دووڕگەی فارس. دراوسێی ئیمارات لە باکوور و یەمەن لە باشوور. پایتەختەکەی 'مسقەت'ە. هەروەها لەسەر دەریای عەرەبیشە. ئەو دەریای دەگاتە هیندستان. باوکم دەڵێ ڕەنگە بە تەیارە تا جنووبی ئێران چووبێ، لەوێوە بە فڕۆکە بەسەر دەریای عوممان دا پەڕیبێتەوە و لە ناو خودی عوممانیشدا سواری کۆپتەر بووبێت، بۆ ڕاوی شەڕکەرەکانی ئەوێ. من کە لە زیرەکی باوکم سەرم سوڕدەمێنێ، بەو ئاکامە دەگەم کە نا، باوکم لە هەندێ شوێندا بەڕاستی وشیارە و شیاوی ئەوەیە ببێتە مامۆستای هەمان قوتابخانەی وا ساڵانی ساڵە کاری تیادەکا. تێدەگەم کە باوکم بە جوگرافیاوە یەکجار سەرقاڵە و وادیارە حەزی لێیەتی. هەروایشە، ئەو لە ژوورەکەی خۆی لە مەکتەب، کتێبێکی جوگرافیای لە تەنیشت سەماوەرەکەدا داناوە.**

کوڕی دراوسێکەمان کە ئیستا خەڵی ناویان لیٚ ناوە حەمە عوممانی، دەڵیٚ 'گوگوش'یشی بینیوە. دەڵیٚ ئەویش بە هەمان ڕێگادا هاتووە بۆ عوممان و لە پێگەیەکی گەورەی سەربازی گۆرانی بۆ وتون. تەنانەت وێنەیەکیشی لەگەڵ کێشاوە. حەمە عوممانی لە گەڵ کۆمەڵێک سەربازی تر کە ئەم، وادیارە بە زۆرەملی، تەنیا سەر و ملی دیارە. گوگوش کە دەمی زلە لە کاتی پێکەنیندا هەر سی و دوو دیانەکەی دەرکەوتووە. شۆخ و شەنگ کە بە هەموو جەستەیەوە بەڕووی دونیادا پێدەکەنیٚ،... رەنگە بەڕووی ئەو عوممانییە نەگبەتانەیشدا وا خەریکن لە دژی سوپای ئێران دەجەنگن، وەک بڵێی پێیان دەڵیٚ کەرینە وازبێنن، دەرەقەتمان نایەن!

حەمە عوممانی زۆر شایی بەخۆی دێت. دەوڵەت تیکە زەوییەکی باشی پێداوە و وەک دەڵێن پارەیەکی باشیشی وەرگرتووە. هەڵبەت قسەیەکی تریش هەیە، دیارە لە ناو خەڵکیدا، دەڵێن لەویٚ شتی دیکەیشی بەدزییەوە لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە. چۆن؟ کەس نازانیٚ. باوەگەورە دەڵیٚ خنیویەتییە ناو شتەکانی تریەوە. مامەجوێنفرۆش دەڵیٚ ئەوە من بن و بنەچەی دەناسم، من دەزانم کوڕی چ زۆڵێکە، ئەو لە کونی قنی باوکیشیا بێت هەر دەیانهێنێتەوە! مامەتەنەکە دەڵیٚ ئەویٚ سەحرای عەرەبستانە و بڕواناکا خەڵکی تەنەکە بەکاربێنن؛ دەڵیٚ لەویٚ وەک قەدیم بە گڵەسوور ئاگردان و شتی لەم بابەتە سازدەکەن. تەنیا مامەچایی بێدەنگە. رەنگە لەبەر ئەوەی حەمە عوممان (کە بەرەبەرە بووەتە حەمە عوممانە) هەموو رۆژێک یەک دوو جار خۆی بە چایخانەکەی ئەودا دەکا و خێرو بێری هەیە بۆی. حەمە عوممانە

هەمیشە بزەیەکی لەسەر لێوە. خەڵکی لایان وایە لەبەر ئەو سەروەت و سامانەیە وا بەریکەوتووە. بەڵام کاتێک من تەمەنم لە چل لایدا پێم وایە لەبەر ئەوە هەمیشە بزەی لەسەر لێوە چونکە نەکوژرا یاخود لاقێکی لەسەر مین نەپەڕی و توانی بە ساخی و سەلامەتی بگەڕێتەوە. حەمە وێنەکەی خۆی لەگەڵ گوگوشی لەگەڵ کۆمەڵێک وێنەی تر لە ناو قاپێکدا بە دیواری ژووری میوانەوە هەڵواسیوە، کە نیشانەی ئازایەتی ئەو لە بەرگریکردن لە نیشتمانە. دیسان ساڵانی ساڵ دوواتر بوو لەوە گەیشتم کە دەکرێ بە سەدان و هەزاران کیلومەتر لەوپەڕی نیشتمانەوە شەڕ بکەی بۆ ئەوەی لە نیشتمان بەرگری بکەیت، تەنانەت گەر راستەوخۆ هێرشیشیان نەهێنابێتە سەرت! حەمە عوممانە مانگانەیەکیشی وەک مووچە هەیە. بۆیە کارناکا. حەتاڵ و بەتاڵ بە شەقامدا دێت و دەڕوات. دیارە ئەوەندەی پێ نەچوو لە شارەداری دامەزرا و بوو بە بەرپرسی پاراستن و پەرەپێدانی پارکەکانی شار. وەک دەڵێن جاروبارە سەردانی سۆزانی خانەکانی تارانیش دەکا. لەوێ بینیویانە. دەڵێن وەک خەڵکی دیکە نیە خۆی بشارێتەوە، راستەوخۆ سەیری ناوچاوانت دەکا، وەک بڵێی دەیەوێ بڵێ "پاک لە پاک! ئەوە نیە جەنابیشت لێرەی!" بەڵام من لام وایە قارەمانی نیشتمان نابێ لەو شوێنانەدا ببینرێ. قارەمانەکان پارە بە سۆزانی نادەن، ئەوان تەنیا ئاشق دەبن، عەشقێکی رۆمانسی و حیماسی کە سەربوردەکەی دەبێتە وێردی سەر زمان هەموو خەلکی.

حەمە باریکەلەیەکی باڵا مامناوەندییە و هەمیشە قاتێکی رێک و پێکی کوردی لەبەردەکا. تەسبێحێکی شینیشی بەدەستەوەیە کە جاری وایە

دەیخاتە ناو هەر دوو لەپی دەستی، خێرا و مەحکەم دەیگێڕێ و دەیگووشی و خڕەخڕی لێدێنێ. حەزیشی زۆر لە هێلکە و ڕۆنی چاخانەکەی مامەچاییە. پێم وابێ ڕۆژێ شەش حەوت هێلکەیەک ئاودیودەکا، بە پەرداخێک دۆی ترشەوە. بەڵام جگەرە ناکێشێ و لە جیاتی ئەوە وەک باوەگەورەم دەڵێ لە گووەکە دەخواتەوە. چۆن بەمە دەزانن؟ ئاشکرایە، کاتێک سەر کوڵمەکانی دادەگیرسێنن و هەر لە خۆوە بەدەم خەڵکییەوە پێدەکەنێ و یەک تاقە وشە چییە لە زارییەوە نایەتە دەرەوە. بێدەنگ بێدەنگ. من لام وایە حەمە عوممانە لەم کاتانەدا یەکجار خوێن شیرینە. پێم وایە لەم کاتانەدایە ئەو عوممان فەرامۆشدەکا و دەبێتەوە بە خۆی.

ئەو باسی ئەو سەربازانەیشی کردووە وا لەشەردا کوژراون و دەڵێ بەخۆشییەوە لەگەڵ هیچیان هەڤاڵ نەبووە و بۆیە لەگەڵ ئەوەی یەکجار بە مەرگیان غەمناکە بەڵام غەمەکە وەک غەمی لەدەستدانی هاوڕێیەک نیە. عەبە بێقۆل بەو تەمەنەی خۆیەوە دەڵێ حەمە وەک سەگ درۆدەکا. دیسان من ساڵانی ساڵ دەزانم کە قسەکەی عەبەبێقۆل ڕاستە. حەمە عوممانە لەوە ناچێ پیاوێکی ئەهلی خەم و مەراق و شتی لەم بابەتە بێت. ئەو ژیانی داوەتە بەر خۆی و بەشوێنیا دەڕوا. بەپێچەوانەی خەڵکی تر کە ژیان بە شوێنیانەوەیەوە، یاخود ڕێک لە تەنیشتیاندا.

ڕاستی حەمە کە ئەوەندە وەزعی باش بوو، بۆ ژنی نەدەهێنا؟ تەمەنیشی هەڵکشابوو. ئەو ساڵانە خەڵکی لە تەمەنێکی یەکجار جەوانتردا ژنیان دێنا. مامەجوێنفرۆش دەڵێ هۆکارەکەی قەحبەخانەکانی تاران و شارانە. تەنیا پوورم سەبارەت بە حەمە هیچ ناڵێ. وەک بڵێی لای

مەزوع نەبێ. بەڵام نیگاکان و حالەتی وا نالێن. کوڕە دە چاوی حەمە عوممانە دەربێ! ئەمە چییە وەها ئەم خەڵکەی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە!

ئەوەندەی پینەچوو هەواڵ گەیی حەمە لە خانەسازمانییەکان خانوویەکی کریوە. خانە سازمانییەکان! وای وای! هەموو خەڵکی واقیان وڕدەما و لە ناخی دڵیانەوە بەخیلییان پێ دەبرد. منیش هەڵبەزیمەوە. حەمە عوممانەیش بەرەبەرە چووە ناو خاسانەوە. من رۆژێک کە لە کتیبخانەکە دەگەڕامەوە حەمەم بینی وەک کوڕە گەنجەکەی تر رۆژنامەیەکی بەدەستەوە گرتبوو و لە کاتێکدا گوێی لە گۆرانییەکی ئارام دەگرت، رووەو شاخەکەی باشووری شار دانیشتبوو و دەیخوێندەوە. حەمە گەیبووە ئەوێ. بیرم کردەوە گەر حەمە بگا، ئەی ئەوانی تر بۆ نا،... ئەی من بۆ نا؟ بەڵام چۆن؟ نەکا منیش دەبێ بچم بۆ عوممان! تەزوویەک بە لەشمدا دەگەڕێ. من و شەڕ؟

ساڵانی دوواتر کاتێک شۆڕش کرا و خەڵک رژانە شەقامەوە، حەمە عەممانە نەک تەنیا لە هیچ خۆپیشاندانێکدا بەشداری نەدەکرد، بەڵکو کەمتر خۆی دەردەخست. تەنانەت چیتر لە حەوشەیش بەدەم گۆرانییەکانەوە رۆژنامەی نەخوێندەوە. هەڵبەت کەس کاری پێی نەبوو. خاوەن بنەماڵەیەکی زۆرو زەبەند بوو. بەڵام کار لە مەحکەمکاری عەیبی نیە! وەک دەڵێن ئیستا دەردەکەوێ کە سوپا بۆ سەرکوتی ئەو شۆڕشگێڕانە رووی لە عەممان کردبوو وا دەیانەویست سوڵتانی ئەوێیش لەسەر حوکم لابەرن؛ رێک وەک ئێرە. دەڵێن حەمە لە ناو دروشمەکان زیاتر لە هەموویان رقی لە دروشمی "داس و چەکوش دوژمنی

سەرنێزەیە"یە. گوایا بیری ئەوێی دەخاتەوە، گوایا ئیستا دەزانێ چ کارێکی قۆڕی کردووە و بەناوی ئەوەی بەرگری لە نیشتمان دەکا، سەرکوتی خەڵکی دیکەی کردووە. هەڵبەت خەڵکی میهرەبانن و کاریان پێی نیە، بەتایبەت کە حەمە عەممانە هەمیشە جلی رێک و پێکی کوردی لەبەردایە و قەت رۆژێک لە رۆژان نە لیباسی عەجەمی لەبەرکرد و نە جل و بەرگی عەرەبی بە دیزداشە و عەگاڵەوە! حەمە گەوهەری خۆی پاراستبوو.

بەڕای من حەمە بەگشتی مرۆڤێکی خۆشبەختە. ئەو یەکجار لە ژیانیدا خۆی خستە مەترسییەوە و ئیتر قەت خۆی تێکەڵی هیچ ماجەرایەکی تر نەکردەوە. بۆ هەمیشە پاڵی لێدایەوە و خەریکی ژیانی خۆی بوو. وەک بڵێی "یەک ژیان یەک شەڕ!"سەرئەنجام ژنیشی لە شارێکی تر هێنا و بگرە زۆر بە بێدەنگی و بە خۆشبەختیش لەگەڵ یەکتر ژیان. ئەو، پیاوی ماڵێش بوو. حەمە عوممانە هەرچی نەگبەتی ژیانی خۆی هەبوو لە عوممان هەڵیڕشتبوو و بە بێ ئەوان گەڕابووەوە.

پوورم دەڵێ "کە گەورەتر بوویت دەتوانی کتێبە مێژووییەکان بخوێنیتەوە، هەروەها لەگەڵ کتێبە سیاسییەکان." مێژوو و سیاست. چ ناوگەلێکی قورس. دەزانم ژیان زۆری بەبەرەوەیە. من جارێکە دەبێ بەردەوام بەسەر جادە بەناوبانگەکەوە بم.

ساڵانی دوواتر منیش دەبم بە هۆگرێکی باشی گۆرانییەکانی گوگوش. بەڕاستی گۆرانییەکانی خۆشن. باشە گوگوش چ کاری بە شەڕی زەففار و کووشتنی خەڵکی دیکەوە هەبوو؟ من لام وایە گەر من خاوەنی وەها

دەنگ و هونەرێک بم، تەنیا بەمەوە دەچەسپم و واز لە هەرچی شتی دیکەیە دەهێنم.
پوورم دەڵێ زۆر زوو دەگەییە ئەنجام، کەمێک سەبرت هەبێ، ئەوەندە خێرا بڕیارمەدە!

***

من ئەو ساڵانە نەمدەزانی باوکی جەمشید ساواکییە. نەمدەزانی بەشوێن دۆزینەوە و گرتنی ئەو کەسانەوەیە وا دەسەڵاتی پاشایەتی دەخەنە مەترسییەوە. ئیستایش کە بیردەکەمەوە لام سەیرە پیاوێکی رووخۆش و خۆشپۆش و ئارامی وەک ئەو دەمانچەیەکەی شاراوەی هەمیشە لە لاکەلەکەدا بووبێ و، بەردەوام بە دڕدۆنگی لە دەورووبەری خۆی روانیبێ! رێک وەک گورگ کە هەمیشە بە شوێن نێچیرەوەیە.
بەڵام راست بوو. ئەو ساواکی بوو. بگرە بەرپرسی سەرەکیی ئیدارەکەیش لە شارەکەی ئێمەدا بوو. وەک چەند ساڵ دوواتر کاتێک خەڵکی دەستیان بەسەر دایرەکەدا گرت و دێکۆمێنتەکانیان هێنایەدەرەوە، ئەو بە دەیان کەسی گرتبوو، هەڕەشەی لێکردبوون، لێیدابوون و بگرە بۆ تارانیشی بەڕێکردبوون. دەیانگوت زۆر بێڕەحم بووە. دەیانگوت خۆی تەنیا جاروبارە، کاتێک کە یەکجار رقی هەڵدەستا لە گیراوەکانی داوە، ئەگینا پیاوی بەردەست و تایبەتی خۆی بۆ ئەم کارە هەبووە. من ئیستایش روخساری باوکی جەمشیدم لەبەر چاودایە. قژێک کە بەرەو دوواوە هەڵدرابووەوە، تەوێڵێکی پان و کشاوە، روخسارێکی هەمیشە بە گوێزان تاشراو کە بۆنی ئۆدکۆلۆنە فەڕەنسییەکەی رۆژەڕێیەک دەڕۆیشت! پیاوێک کە کەسی لە ناو شارە

نەدەدواند و وەک دەڵێن تەنیا لەگەڵ فەرماندەی پادگانی شار و سەرۆکی پۆلیس و یەک دوو دەوڵەمەندی شار کە لە تارانیش خانوویان هەبووە لە هەڵسوکەوت و هاتووچۆدا بووە.
جاری وایە بیردەکەمەوە گەر بیزانیایە من هەفتەی چەند جار بە جادەکەدا بەرەو کتێبخانەکە دەڕۆم، داخۆ هەڵوێستی چۆن دەبوو! پێکەنینم دێت. ئاخر کتێبخانەکە خۆ شاراوە و قاچاخ نەبوو و خودی حکومەت داینابوو؛ بەڵام برای دایکم، یەعنی خاڵم، کە ماوەیەکی زۆر لە زینداندا بووە، دەڵێ ئەمەیش فێڵە و دەیانەوێ بەم شێوەیە ئەوانەی بدۆزنەوە وا سەریان دەبزوێ! من ئەم خاڵەم زۆر کەم بینیوە. لە تایفەدا زۆر خۆشەویستە و زۆریشی باسدەکەن. من رقم لە خۆمە کە ئەوەندە بچوکم وەها کە تەمەنم ئیزنی نەداوە بیبینم و لەگەڵیا دانیشم. من تەنیا بیرەوەرییەکی لێڵی ئەو کاتەم لەبیرە کە پێم وابێ بە باوەشی دایکمەوە جارێکیان لە زیندانی شار بینیبووم. پیاوێک بە هەڵتڕوشکانەوە لەبەر هەتاودا لەبن دیوارێکی ئاجووریدا. پیاوێک بە جلوبەرگی راڕای زیندانەوە کە ئەگەرچی دەزانێ خەریکی چییە، بەڵام نازانێ سەرئەنجام چی لێ بەسەردێ.
باوکی جەمشید ناوی 'ئاغای ئەسەدی'یە. وای پێدەڵێن! ناو چووکەکەی نازانم. یەعنی پێویستیش نیە بزانم. هەندێ ناو خۆی لە خۆیا هەموو شتێک دەڵێ و مرۆڤ پێویستی بە شتی زیاتر نیە. ئاغای ئەسەدی دەستەکانی زۆر تووکاوین. رەگەکانی بەدەرەوەن و جمگەکانی ئەوەندە زەقن کە لە زەوق دەدەن. دەبێ مشتەکانی زۆر ترسناک بووبن. بەڵام من خۆشحاڵم ئەو ئەوەندە لەگەڵ من کە هاوڕێی جەمشیدی کوڕیم

مهیرەبانە. وەک بڵێی دونیا شامی شەریفە و هیچ شتێکی وەها کە بیهەوێ بیشێوێنێ، روونادات. دڵنیام بە هۆی منەوە بنەماڵەکەیشم پارێزراوە، خوانەخواستە گەر رۆژێک لە رۆژان هەڵەیەک لێیانەوە سەریدا. لای من تەنیا شوێنێک کە ئەم مەترسییەی لەسەرە، جادە بەناوبانگەکەیە. هەزار جاری دیکەیش بڵێن کتێبخانەکە خودی حکومەت دایناوە و هیچ لە ئارادا نیە، باوەڕناکەم. شتێک لە دەروونمەوە پێم دەڵێ خاڵە نەدیتراوەکەم راستدەکا. جا نازانم ئاغای ئەسەدی چۆن بیردەکاتەوە.

تا ئەو جێگایەی بۆ باوکیشم دەگەڕێتەوە، لەوە دەچێ پێی خۆش بێت من و جەمشید هاوڕێین. باوکم ئەمە بە نیشانەیەک بۆ ئەوەی ئەو لە خەڵکی ئەم شارە جیاوازترە، لێکدەداتەوە. بگرە لای سەیرە من و جەمشید پێکەوە هاوڕێین. ئەو ئەمە بۆ چارەنووسیش دەگێڕێتەوە. لای باوکم چارەنووس هەڵەناکا هەرچەند ئەو سەرایداری قوتابخانەیە. دەڵێ گرینگ ئەوەیە چی لێ دەکەوێتەوە. باوکم هەست دەکا چارەنووسە سەیرەکەی ئەو لە راستیدا لە مندا درێژەی دەبێ و هەر لە منیشدایە دەگاتە ئەو ئەنجامەی وا ئەو چاوەڕوانیەتی. پێم وابێ ئەویش لە دەروونەوە زۆر بیر لە خانەسازمانییەکان دەکاتەوە.

لە دووای سالانی ساڵ خۆشحاڵم باوکم نەکەوتە بەردەستی ئاغای ئەسەدی، هەرچەند وەک دەڵێن خاڵم کەوتبووە بەردەستی. هیوادارم هاوڕێیەتی من و کوڕەکەی کەمێک کاریگەری هەبووبێ و ئەو ئەوەندە بەرامبەر خاڵم دڵڕەقیی نەنواندبێ. ئاخر لەم شارە گچکەیەی ئێمە

بچکۆلەبوونەکەی دەوردەبینیێ. خەڵکی شەرم لە یەکتر دەکەن و زۆر شت وەک عەیبە وەردەگرن و، بۆیە زۆر شت بەرامبەر یەکتر ناکەن.
لە ماڵی جەمشید چەند وێنەی گەوری پاشای وڵاتیش دەبینرێ، بە تاجێک بە سەرییەوە، گۆچانێکی ئاڵتوونی بەدەستییەوەو بزەیەک و نیگایەک کە تا هەناوت بڕدەکەن. جەمشید جارێکیان ئاماژەی پیداو گوتی ئەوە باوکمانە. بەسەرسوڕمانەوە گوتم باوکی تۆ! گوتی نا، باوکی هەموومان. من کەمێک مامەوە، ئەوسا پرسیمەوە چۆن؟ گوتی نازانم هەر ئەوەندە کە باوکم دەڵێ باوکمانە. گوتم یەعنی باوکی باوکی تۆیشە، یەعنی باوەگەورەتە؟ کەمێک بیریکردەوە و گوتی نازانم، دەبێ بپرسم.
شەو لە باوکم پرسی. ئەو لە ژێر چاویلکە سەیرەکەیەوە لێی روانیم، بزەیەکەی هاتێ و گوتی باوکی نیشتمانە. گوتم نیشتمان؟ گوتی ئەرێ. گوتم چۆن، نیشتمان چییە؟ گوتی "ئەم شار و خاکەی تیای دەژین، ئەو خەڵکە." من ئیستایش بەم تەمەنەمەوە لەمە نەگەیشتووم. هێشتا ناتوانم لە نێوان تاقە کەسێک و هەموو نیشتمان پیوەندی باوکایەتی بەرقەراربکەم. من لام وایە ئەوانەی وا بیردەکەنەوە گەمژەن و خۆشیان نازانن چی دەڵێن. لام وایە خۆیان دەخەڵەتێنن. ئاخر چۆن بوونەوەرێک کە کاتییە و تەنیا سەردەمانێک دەتوانێ بژی دەکرێ باوکی شتێک بێت کە یەکجار زیاتر پێش لە ئەو هەبووە و بەڵێنیشە یەکجار زیاتر لە دووای مەرگی ئەو هەبێت!
مامەتەنەکە تەنەکە دەکوتێ و هاوار لە عەبە بێقۆل دەکا ئادەی هەتیو برۆ دوو چایی جوان بێنە. عەبە بە بێتاقەتی رادەبێ. بەڵام زۆریشی لا

ناخۆش نیه. دەرفەتێکە بۆ بەهەواکردنی جگەرەیەک. لەو جگەرەیەی وا تازە هاتووە "شیراز"، بە نیشانە سەوزەکەی سەرسەرییەوە کە عەبە نازانێ مانای چییە. یان رەنگە ئەم تازە بینیبێتی و لە راستیدا تازە نیە. گرینگ نیە، موهیم ئەوەیە دوو هەنگاو ئەو لاتر دەتوانێ دایگرسێنێ و دوو مژی قووڵی لێبدا. تامەکەی لەوانی تر خۆشترە. باشتر دەنیشێتە گیان. هەرچەند لە تەلەفزیۆنەوە زۆر باسی قەدەغەبوونی جگەرەکێشانی منداڵان و ئەرکی دایک و باوکەکان دەکرێ، بەڵام بەخۆشییەوە ساواک کەس لەسەر ئەمە ناگرێ. دیارە بڕواناکەم عەبەبێقۆڵ قەت لەسەر ساواکی بیستبێ. لای ئەو دونیا بەسەر دوو بەشدا دابەشدەکرێ: قوتابخانە و دونیای دەرەوەی قوتابخانە. ئیتر ئەوانی تر هەمووی ویڕن! ئەو منی لەگەڵ جەمشید بینیوە و بڕۆیشی لە من هەڵتەکاندووە. دەڵێ وەی وەی زۆر لووسە! من مچورکەیەکم پیادێ. نەکا رۆژێک گوویەکی زیای بخوا! کاتێکیش باوکی ماتۆڕێکی بۆ دەکڕێ، من ئەوەندەی تر ترسەکەم زیاددەکا. هەرچەند تەنیا ئەو کاتانە ئیزنی لێخوڕینی هەیە وا باوکی لەگەڵی سواردەبێ و بۆ سەیران یان گەڕانی ناو شار، لە دووای کار، روو لە شەقامەکان و سروشتی دەورووبەر دەکەن.

پوورم دەڵێ ئاغای ئەسەدی لە ناو خەڵکی ئەم شارە تەنیا حەمە عوممانەی خۆش دەوێ و تەنیا باوەڕی بەوە. راستی پوورم چۆن ئەمە دەزانێ! من کاتێکیان بە رێکەوت لە ماڵی جەمشید ئاگام لێ بوو کە باوکی باسی سەربازانی رەشیدی وڵاتی دەکرد. گوتی سەربازانی رەشیدی وڵات لە ناو دڵی باوکی نیشتماندان. جەمشید بە دوو جامۆڵکە

فڕنی خۆدەکا بە ژوورەوەدا و دەڵێ رۆژێکیش دێ من و تۆ دەبینە سەربازی رەشیدی نیشتمان. چاوم دەچێتە سەر سپیایی فڕنییەکە و زەردیی ئەو دارچینەی وا بەسەریا پژاوە. دەیخۆین. حەزم لە قاپێکی ترە. بە نیگا دەیگەیەنم، بەڵام جەمشید خۆی لێ حۆلدەکا.

لای من ئەو رۆژانە جاری وایە تامی دارچین دەدەن. ماڵی ئێمە قەت فڕنییان دروستنەکرد و دارچینیان بەسەردا نەپژاند. ساڵانی دوواتر بوو دایکم فێری بوو. قەتیش نەموێرا، پێش ئەوەی دایکم فێری بێت، لە ماڵەوە داوای بکەم. ئەسڵەن فڕنی تایبەتی خانە سازمانییەکان بوو، تایبەتی ئاغای جەمشیدی. رەنگە حەمە عوممانەیش کە ئیستاکە بۆ ئەوێی راگواستبوو. بە خۆم دەڵێم نۆرەی منیش دێت. بۆ کوێ دەچێت.

رۆژێک هەواڵ دێت خاڵمیان راگواستووە. دایکم بە ئەسپایی و شاراوەیی دەگری. لە باوەگەورەم دەترسێ. باوەگەورەم زۆر رقی لە گریانی ژنانە. دەڵێ ژن ئاگات لێیان نەبێ بەسەر دڵی خۆیاندا دەتڵیسێنەوە. دەڵێ ئەوەندە بێ ئەقڵن کە نازانن قازانج و زەرەریان لە چیدایە. منیش گریانم دێت و بەرەو ژوورەکە رادەکەم. من ئەوەتەی لەبیرم دێ وابوومە. گریانەکانی دایکم شێتیان دەکردم. بەخۆم دەڵێم نابێ بچی بۆ ماڵی ئاغای ئەسەدی. بە پشتە دەست فرمێسکەکانم دەسڕمەوە و دیسان وەعدەکەم لەگەڵ خۆم دووپاتدەکەمەوە. ئەو وەعدەی زۆر بڕناکا و لە گفتوگۆیەکی زۆر سادە لەگەڵ جەمشیددا وندەبێتەوە.

من ساڵانی دوواتر بوو لەوە گەیشتم زووترین و خراپترین و بێ بنەماترین وەعدە، وەعدەی سەردەمی منداڵییە. لاساییکردنەوەیەکی بێتامی گەورەکان کە کەس نازانێ چۆن چۆنی رووی کردووەتە جیهانی

ئێمەیش. بە جەمشید دەڵێم زۆر باشە دێم، ئیمڕۆیش شەڕەتۆپەڵە دەکەین. لە دوێنێکەوە بەفرێکی زۆر خۆش دەبارێ و دونیای سپی پۆش کردووە. جادەکەی رووەوە کتێبخانەکە لەمە جوانتر نابێ! دیسان وەک هەمیشە من یەکەم کەسم رچەکەی دەشکێنمەوە.

هەر ئەو رۆژە جەمشید دەڵێ لە باوکی پرسیوەتەوە و ئاغای ئەسەدی گوتوویەتی باوکی نیشتمان یەعنی ئەوەیکە کاتێک ئێمە دەخەوین، ئەو بەخەبەرە و ئاگای لێمانە.

من جاری وایە نیوەشەوان کاتێک هەموو خێزان خەوتوون، بە ئەسپایی هەڵدەستم و دەچم پەردەکە لادەدەم. سەیری کۆڵان دەکەم. تەنانەت ماوەیەکیش خۆم رادەگرم، بەڵکو باوکی نیشتمان تێپەڕێ و ببینم. رەنگە لە سووچێکەوە لەناو سێبەرەکان و تاریکاییەکان دەرکەوێ، بەڵام هیچ دیارنیە. جاروبارە سەگە بەرەڵاکان تێدەپەڕن، یاخود پشیلەیەک بە ئەسپایی و سرک، یان رێبوارێکی نیوەشەوان کە من بە هەیکەلیان دەیانناسمەوە. زۆربەیان دراوسێکانی خۆمانن. تازە، باوکی نیشتمان ناکرێ هەمان روخسار و هەمان هەیکەلی وەک خەڵکی هەبێ. نا. شەوەکان تێدەپەڕن و دیار نیە. بۆ رۆژی دوواتر و تەنانەت رۆژەکانی تریش قەت ئەمە لە لای جەمشید نادرکێنم.

کوڕە بە من چی نیشتمان باوکی هەیە یان نا.

***

لە سەرتاسەری شار سێ دووکانی چاککردن و فرۆشتنی دووچەرخە هەیە. دووانیان نەک زۆر دوور لە یەکتر و، یەکیشیان بەتەنێ لەگەڕەکێکی نزیک تاقە سینەمای شار. دووچەرخە جارێکە تایبەتی

منداڵان و لاوەکانە و جگە لە پیاوێکی گەچکار کە هەموو رۆژێک بە پاسکیلەکەیەوە بەناو جادەکاندا بۆ سەر کار دەچێ و ئێواران بە توورەکەیەک میوە و شمەکی تر کە بۆ ماڵەوەی کڕیوە دەگەڕێتەوە، هیچ پیاوێکی تر لەم شارەدا بە دووچەرخە هاتوچۆناکا.

بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی باوکم بیر لەوە نەکاتەوە پاسکیلێک نەکڕێ. هەڵبەت من قەت نەمزانی باوکم چۆن بەم بڕیارە گەیشت. من لای خۆم دووای ساڵانی ساڵ بەم شێوەیە لێکمدایەوە: یەکەم، ئەوەیکە باوکم دەبووایە بەردەوام ئەوەی نیشان بدایە لە خەڵکی تر جیاوازە؛ دووهەم، چونکە پارەی کڕینی ماشینی نەبوو، دووچەرخە تا رادەیەک ئەم ئاواتەی دەهێنایە دی. رەنگە بپرسن ئەی ماتۆڕ بۆ نا؟ دەبێ بڵێم لەبەر ئەوەی هەستی دەکرد رێک دەیباتە ئاستی براکەی، واتە مامەتەنەکە.

جا بۆ ئەم مەبەستە رۆژێک سەعاتی پێنجی دووانیوەڕۆ، لە کاتێکدا مەلای مزگەوتەکەی گەڕەک بۆ نوێژ دوواکەوتبوو، رووی لە هەر سێ دووکانەکە کرد و بە وردی لە دووچەرخەکان راما، پیایاندا گەڕا و لێیان وردبووەوە. بگرە بە تێرو تەسەلی لەگەڵ خاوەن دووکانەکانیش کەوتە گفتۆگۆ. ئەنجامی سەردان و گفتوگۆگان ئەوەبوو کە باوکم تێگەیشت باشترین سایزی پاسکیل بۆ ئەو وەک گەورەساڵێک ژمارەی بیست و هەشتە. تێگەیشت باشترین رەنگ رەنگی رەشە. هەروەها وا باشیش بوو تەرکی هەبێ لەگەڵ توورەکەیەک کە بەم لاولایدا شۆڕدەبووەوە، توورەکەیەک بۆ میوە و شمەکی تری لەم بابەتە کاتێک ئێوارەیان لە کار دەگەڕایەوە. بەڵام هاوکات دوو کێشەی سەرەکی هەبوو: یەکەم

ئەوەیکە باوکم نەیدەزانی پاسکیل لێخوڕێ و، دووهەم ئەوەیکە بەگوێرەی داهاتەکەی یەکجار گران بوو. چوارسەد تمەن یەکجار زۆر بوو.

هەمان ئێوارە، درەنگان کاتێک گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، ئیشتیای نانخواردنی نەبوو، تەنیا دوو چایی هەڵقوڕاند و لە کاتێکدا بە قووڵی لە بیردابوو ئاگای لە پرسیارەکانی باوەگەورەیش نەبوو کە لەسەر کڕینی بەرماڵە نوێژێک ماوەیەک بوو گیری دەدا. سەرئەنجام لە دووای هێنان و بردنێکی زۆر باوکم دوو ڕێگای بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی دۆزییەوە: یەکەم لە جیاتی دووچرخەی تازە یەکی کۆن بکڕێ، دووهەم روو لە وەستای گەچکار بکا بۆ ئەوەی فێری بکا چۆن چۆنی سواری بێ و لێی بخوڕێ. سەرئەنجام لە دووای شەش مانگ باوکم پاسکیلێکی بە نیوە قیمەت کڕی (دیارە لە دووکانداریکی ئاشنا پارەکەی بە قەرز وەرگرت و توانی لە دووای ساڵێک بیداتەوە). ئەگەرچی کاتی کڕینی دووچەرخەکە سەرەتای بەهار بوو و هێشتا هەوا سارد، بەڵام بردی و لە تەویلە کۆنەکەی ژێر خانووەکەمان داینا. وەستا گەچکارەکەیش کە یەکجار پیاوێکی میهرەبان و چاک بوو، قەولی پێدا رۆژانی هەینی سەعاتی شەشی دووانیوەڕۆ (دیارە هەر کە هەوا رووی لە خۆشی کرد)، لە دەرەوەی شار لە جادەیەکەی خۆڵین کە پەرپوت و لاکەوتە بوو، فێری بکا.

بەم شێوەیە باوکم سێ جومعە لەسەر یەک لە کاتێکدا بە دوو دەست فەرمانی پاسکیلەکەی دەگرت و بەرەو شوێنی مەبەست لە کووچە و کۆڵانانەوە تێدەپەڕی، خۆی دەگەیاندە وەستا گەچکارەکە. من لام وایە

باوکم لەم کاتانەدا دوو هەستی دژبەیەکتری تیا پێکدەهات. لەسەرێکەوە شانازی بەوە دەکرد خاوەن دووچەرخەیە و لە سەریکی تریشەوە چونکە نەیدەتوانی سواری بێت، تەریق دەبووەوە. جا بۆ ئەوەی ئەمەی لێدەرنەکەویٚ بە بیٚ ئەوەی سەیری شوێنێک بکات راستەوخۆ و بەپەلە دەرۆیشت. ژنان لێیان دەڕوانی، منداڵەکان جاری وابوو شوێنی دەکەوتن و هەرە بەغیرەتەکانیشیان بەپەلە دەستێکیان لە دووچەرخەکە دەدا. باوکم هیچی نەدەگوت. بە دەستلێدانێک دونیا کاول نەدەبوو. جگە لەمە تۆزەکەیشیان دەسڕییەوە! هەر چەند بە گشتی منداڵە ورتەکەکان و هەرواهوریایان بە دەوری باوکم و دووچەرخەکەوە، نیشانەیەکی باش نەبوو بۆ ئەو راستییەی کە بەڕاستی باوکم لە خەڵکی دیکە جیاوازبوو.

تەنیا کەسێک لە ماڵەوە یەکجار بە هەبوونی دووچەرخەکە تووڕە بوو، باوەگەورە بوو. منیش لەهەر هەموویان، بگرە خودی باوکیشم، خۆشحاڵتر. باوەگەورە قەت ئەم تووڕەییەی لای باوکم نەدرکاند. شتێکی زۆر سەیر کە من بە ئیستایشەوە هۆکارەکەیم بۆ لێکنەدرایەوە. کاتێک باوکم لەماڵ نەدەبوو بە دزییەوە دەچوومە تەویلەکە و بە سەعات بە تەنیشت دووچەرخەکەوە دادەنیشتم و لێم دەڕوانی. دەستم پیادێنا و لە کاتێکدا دەستم بە فەرمانەکەیەوە دەگرت لەخەیاڵمدا بەناو شەقام و کۆڵانەکاندا لێمدەخوڕی. پاسکیلەکە بەرزبوو و من بە جوانی نەیدەگەیشتمیٚ. خۆشترین دەنگی دونیایش کە تا ئەو کاتە بیستبووم دەنگی زەنگەکەی بوو. هەرچەند نەمدەوێرا زۆری لیٚ بدەم و لە کاتێکدا گوێم بە قاپوڕەکەیەوە دەنا، بە ئارامی و بە ئەسپاییەکی وەها سەیرەوە دەستم پیا دەنا بۆ ئەوەی هەر چۆنێک بێت هەوایەک لە ئاهەنگە

سیحراوییەکەی، بە بێ ئەوەی بگاتە گوێی دایکم و ئەوانی تر، لە گوێمدا بزرنگێتەوە.
باوکم فێرنەدەبوو. لە دووای ئەو سێ جارە، وەستای گەچکار تووڕە لە گەمژەیی باوکم جوابی کردبوو و پێی گوتبوو ئەوەی پێویست بووە ئەو پێی گوتووە و تەنانەت پیشانیشی داوە. جا ئیتر لەمە بەدووا دەبێ بۆخۆی لە فکری خۆیدا بێت. باوکم سەرەتا زۆر تووڕە ببوو. هەڵبەت نەک لە وەستای گەچکار، بەڵکو لە خۆی. بەس ئەمە هیچ دادی نەدەدا. ئەو دەبوایە کارێک بکات و لەم کەلە هەر چۆنێک بێت سەرکەوێ. سەرئەنجام رۆژێک منی پێش خۆی دا و ئەم جارە لە جیاتی سەعاتی شەشی ئێوارە کاتژمێر دووی دووانیوەڕۆ دەچووین بۆ هەمان شوێن. ئیتر کاری من ئەوە بوو لە دوواوە لە کاتێکدا باوکم لێیدەخوڕی، پاسکیلەکە رابگرم و بە شوێنیا رابکەم و نەهێڵم بکەوێ. بە هەنیسکە هەنیسک لە کاتێکدا ئارەقە بە هەموو ئازای ئەندامما دەچۆڕا بە شوێنیا هەڵدەهاتم. زۆر ئەو لە من خێراتر بوو و نەیدەگەیشتمێ و لە دەستم بەردەبوو و ئەوەندەی پێنەدەچوو چەند میتر لە پێشترەوە باوکم لەگەڵ دووچەرخەکە بەلادادەهاتن، دەکەوتن و لە ناو تەپ و تۆزدا نوقم دەبوون. من کە لە بیرم نایەت بە دەست باوکمەوە لێدانم خواردبێ، ئەو رۆژانە بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا بەدەستییەوە شەقم خوارد و بگرە چەند جوێنێکی مزریشی ئاوقاکردم. دەبێ دیان بەوەدا بنێم کە رۆژانی ناو جادە لاکەوتە خۆلاوییەکە لە ناخۆشترین رۆژەکانی ژیانی منن، بگرە هەتا ئیستاکەیش. قەت لە ژیانمدا نە ئەوەندە ماندوو ببووم، نە

ئەوەندە تۆزم خواردبوو و نە ئەوەندەیش حەزم کردبوو کارەکەم زوو تەواوبێت و لە دەست باوکم رزگارم بێت!
بە خۆشییەوە سەرئەنجام فێری لێخوڕینی دووچەرخە بوو. هەرچەند بە جوانی لەبیرم نایەت کەی و چۆن! دیارە گرینگ ئەوەیە ئەو فێری بوو و، توانی خۆی بەسەریەوە رابگرێ. ئیتر قسەوباسی تر فلسێک ناهێنێ!
لە بیرەوەریی مندا، تەنیا رۆژانی تەمرین و رۆژانی لێخوڕینی باوکم لە ناو جادە و کۆڵانەکانی شاردا ماون. ئیتر وێنەکانی ناوەراست، یەعنی ئەو کاتەی وا ئەو فێری بوو، ونن. باوکم لە کاتێکدا تووڕەکەیەکی سپی بە تەرکەکەیەوە شۆڕدەبووەوە، لەماڵەوە بەرەو قوتابخانە و لە قوتابخانەوە بەرەو ماڵەوە بە گەردنێکی کشاوەوە لێی دەخوڕی. مامۆستاکان بزەیەکیان دەهاتێ، سەریان بادەدا و دەیانگوت پیرۆزە! باوکم لە دڵەوە سوپاسی دەکردن. ئیستا ئیتر لە شارەکەی ئێمە کەسێکی تر لە گەورەساڵەکان هاتبووە ناو ریزی پاسکیل سوارەکانەوە. باوکم بە عەینەکە بریندارەکەیەوە کە لە دووای راهێنانەکان خەتی زیاتری تێکەوتبوو، سەروگەردنێک کشاوەتر لە هەمیشە رۆژنامەکانی دەکردەوە و بە ناوچاوێکی گرژ و دەنگێکی جیددییەوە دەیگوت نیشتمان لە پێشکەوتنێکی سەیردایە.
بەڵام دووچەرخەکە لەوە کۆنتر بوو، تەسەوری دەکرا. جگە لەمە لە کاتی فێربوونی باوکم ئەوەندە درابوو بە عەرزدا کە هەم سپەرەکانی هەڵتەکابوون و هەم تەگەرەکەی پێشەوە بە ئاستەم خوارببوو و کەوتبووە واڵەکردن. جگە لەمە تایەکانی کۆن ببوون و زووزوو پەنچەردەبوون. لە گرتنی کونەکانیش دژوارتر ئیش لە دونیادا نەبوو.

دەبووایە هەڵتەک هەڵتەک بە بێ ئەوەی بتوانێ سواری بێت، بیبا بۆ ئەو کەسەی وا لێی کڕیبوو تا بۆی چاک بکاتەوە. هەتا بۆخۆیشی فێری پەنچەرگیری بوو، پێی چوو. بە هۆی هەبوونی دووچەرخەکەوە باوکم ئەوەندە هات و چۆی تەویلەکەی کرد کە بۆنی ئەویێشی گرت. دایکم جارێکیان پێێ گوت کە دەچێ بۆ مەدرەسە ئاگای لە جل و بەرگەکەی بێت. دەبێ بیگۆڕێ! باوکم سەرەتا تێنەگەیشت، بەڵام کاتێک بەمەی زانی خەمێکی قورس دایگرت. بیری کردەوە نابێ بە هیچ جۆرێک بۆنی مانگاکانی جاران بدات. چی بکا چی نەکا، بڕیاری دا دووچەرخەکە بدات بە کۆڵیا و لە داڵانەکەوە بیبا بۆ حەوشەکەی پشتەوە کە پەنایەکی باشتر بوو. ئەمە ئەرکێکی تازە بوو کە ساڵانی ساڵ بەرۆکی بەرنەدا.

باوکم بەوەفا بوو گەلێک ساڵ دووچەرخەی لێخوڕی. ئەوەندە شارەزا ببوو کە جاری وابوو دەستی لە فەرمانەکەیش بەردەدا و هەر بەو سورعەتەی کە دەڕۆیشت خولی پێدەدا و رایدەوەستان! ئەمەی کەمێک گەنجانە دەهاتەبەرچاو، بەڵام خۆ مەگەر باوکم چەندەی تەمەن بوو؟ هەموو منداڵێک وا دەزانی باوکی تەمەنی یەکجار زۆرە، غافڵ لەوەی جیاوازیی نێوان باوک و منداڵ رەنگە تەنیا لە دەوروبەری بیست ساڵێکدا بێت. ئیتر لە دایک مەپرسە کە رەنگە تەنیا چواردە پانزدە ساڵ لێتەوە دووربێت. من دڵنیام گەر باوکم خاوەن چاویلکەیەکی باشتر بووایە، ئەوا هێشتا گەنجتر دەینواند.

ساڵەکان تێدەپەڕن و من ئاگام لێ نیە کە دایکیشم جاری وایە خەون بەو رۆژانەوە دەبینێ وا رەنگە بتوانێ لە بەردەمی باوکم، یاخود لە سەر تەرکی پاسکیلەکە دابنیشێ و لەگەڵیا پێکەوە بەناو شاردا بخولێنەوە.

من ئاگام لێ بووە جاروبارە دایکم بەدەم شۆردنی جلەکانەوە، یاخود دەرزی و دروومانەوە بزەیەک دەیبردەوە. دیسان وەک هەمیشە سالآنی ساڵ دوواترە لە هۆکارەکەی دەگەم.

سەیری ترۆمبیلەکەی ئاغای ئەسەدی دەکەم و بەخیلییان پێدەبەم کە هەر هەموو بنەماڵەکەی، بە بێ ئەوەی خەمی ئەوەیان هەبێ جێیان دەبێتەوە یان نا، دەکەونە خوارەوە یان نا، سواری دەبن و لەو سەر جادەکە، کە بە لای دەستی چەپدا دەچێتەوە سەر جادە بەناوبانگەکە، وەندەبن. ئاغای ئەسەدی جاری وایە لە ئاوێنەکەوە لە دوواوە دەڕوانێ. لە من یان کەسی تر، نازانم.

من لەم کاتانەدا یەکجار بەزەییم بە باوکمدا دێتەوە؛ وەها، دوو دڵۆپ فرمێسکی قەتیسماو و لەناکاو و بێ پرسیار، یەخە بە بیبیلەکانم دەگرن. نا، من نابێ بگریم. من دەبێ تەنیا خەون ببینم و هەوڵبدەم لە خوێندنەوەکانم بەردەوام بم. دڵنیام رۆژێک دەمگەیەننە ئەو شوێنەی وا دەبێ بمگەیەنن!

***

لام وایە ئەو سالآنە خەڵکی بەرەبەرە فێرببوون زیاتر ئاشق بن! هۆکارەکەیشی تەلەفزیۆن و رادیۆ بوو. بەشێکی بەرچاوی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن، بەتایبەت رادیۆ، گۆرانی بوو. هەروەها لە تەلەفزیۆن هەمیشە ئەو ژن و کچە مۆدانە پیشاندەدران کە تەواو خەریک بوو دونیای پیاوانی بەرامبەر بە ژنان دەگۆڕی. راستە بەتەمەنەکان لەم دۆخە توڕەبوون، بەڵام حاڵ و هەوای ژیان گۆڕانی بەرچاوی بەسەردا هاتبوو. لافاوێک هاتبوو و هەمووانی رادەماڵی!

ئەمە ئەو دەرفەتەی دەدا خەڵکی لە ساتە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ڕۆژانەیاندا زیاتر گوێیان لە مۆسیقا و شیعرە رۆمانسییەکان بێت و، بۆیە خەیاڵیان زیاتر بڕوات. کە خەیاڵیش رۆیشت ئیتر بەدەست خۆیەتی روو لە کوێ دەکا، بەتایبەت کاتێک شار هەتا دەهات قەرەباڵغتر دەبوو و دەرفەتی بینینی ئافرەت و کچ لە هەر کاتێکی تر زیاتر دەستی دابوو. ئێوارەیان بەردەرگا دەبوو بە شوێنی کۆبوونەوەی کچان و کۆڵانیش دەبوو بەشوێنی هاتوچۆی ئەو گەنجانەی هەتا دووامودێل خۆیان دەگۆڕی و بەتەمای چاوچاوێن عەوداڵی ناو گەڕەکەکان دەبوون. ئیتر باسی ئەوە مەکە لە شارانەوە چ هەواڵی تر دەگەیشت!

لە ناو تایفەی ئێمەدا ژنان کەسیان مافی ئەوەیان نەبوو بچنە دەرەوە و، لەبەر دەرگا راوەستن. هەموو مامەکانم و باوەگەورە بەتەواوی دژی ئەمە بوون. لەو ناوەدا تەنیا باوکم بوو کاری بەم بەزمەوە نەبوو و، جگە لەوە پووریشم بە هۆی دۆخی تایبەتییەوە و بەو هەیبەتەوە بەهۆی مامۆستابوونەکەیەوە هەیبوو، لە ناو تایفە حسێبی تایبەتی بۆ دەکرا و بۆیە پیاوی دەویست پێی بڵێ مافی ئەوەی نیە بچێ لە کۆڵان راوەستێ.

یەکێک لە بیرەوەرییە خۆشەکانی من ساتەکانی راوەستانی ناو کۆڵان و ئەو قەرەباڵغییە بوو کە زۆربەی گەڕەکەکانی شاری دەگرتەوە. حاڵ و هەوایەک کە تایبەتی ئەو سەردەمە بوو و ئیتر قەت دووپات نەبووەوە. بڕواناکەم قەتیش دووپات بێتەوە. کۆڵان ئەو شوێنە بوو هەموو کەس خۆی تیا دەبینییەوە و خۆی تیا نیشاندەدا، شوێنێک بۆ ئەوەی ببینرێی و ببینی. تەنانەت بۆ پیاوەکانیش، ئەوانەی وا حەزیان بە راوەستانی

ژن و منداڵیان نەبوو. تێپەڕین بە ناو ئەو حەشیمەتەدا کە لە ناو کۆڵانەکان لەم سەر تا ئەو سەر رادەوەستان، سەرنجڕاکێش بوو. هەر کەسێک تێدەپەڕی، دەیزانی بەشی ئەوەندە جێگای سەرنج و جێی قسەوباسە؛ تەنانەت گەر ساڵانیش بووایە لەوێوە تێدەپەڕی. هەمیشە شتێکی تازە لەسەر کەسەکان هەبوو. پوورم جارێکیان گوتی ئەم وەزعەی ئێوارەیان لەناو گەڕەکەکاندا دەیبینی تایبەتی شوێنە دوواکەوتووەکانە. من کە یەکەم جار بوو وشەی دوواکەوتووم دەبیست، سەرم بەرزکردەوە و لێم ڕووانی، بەڵام رووم نەبوو بپرسم کە داخۆ ئەم کەلیمەیە مانای چییە. پوورم نیگای تێگرتمەوە و گوتی ها وادیارە نازانی ئەڵێم چی؟ من هەروا لێم ڕووانی. گوتی لە شارە گەورەکان، لەو شوێنانەی وا خەڵک وەزع و حاڵیان باشترە و خوێندەوارییان لەسەرەوەترە، ئاوەها لە کۆڵان کۆنابنەوە، بگرە شەرمیشە. من خەیاڵم رۆی. پاش ماوەیەک گوتم یەعنی لە ماڵەوەن؟ ئەی چی ئەکەن؟ گوتی خانووەکانیان گەورەن، جگە لەمە سەرگەرمی تریان هەیە. من بیری خانە سازمانییەکان کەوتمەوە. گوتم لەوێیش منداڵەکانیان دێنەدەرەوە، ژنەکانیشیان، من بینیوومن، منداڵەکانیان کایەدەکەن و ژنەکانیان لە پشت تەلەکانەوە لەگەڵ یەکتر قسەدەکەن، هەتا درەنگان، من بینیوومن. پوورم گوتی من باسی شارە گەورەکان ئەکەم. من کە بەجۆرێک دەمزانی ئەوانەی لە گەڕەکی خانەسازمانییەکان دەژین لەو خەڵکەن وا پوورم باسی لێدەکردن، بەڵام نەمدەزانی چۆن چۆنی مەبەستەکەی خۆم بگەیەنم و بۆیە بێدەنگ بووم. لەم کاتەدا سێ گەنج پێکەوە لە کۆڵانەوە تێدەپەڕین. هەر سێکیان جلی فارسییان لەبەردا

بوو، بە شەرواڵە هەراوەکانییانەوە، بە کراسە یەخە پانەکانییانەوە و بە سینگی کراوەیانەوە کە مووەکانیان دەرپەڕیبوونە دەرەوە. قژەکانیان چەند جوان داهێنرابوون، هەر کامەیان بە مۆدێلێک. بە ریشە ئەنکاردکراوەکانیانەوە. یەکیان لە کەسی نەدەڕوانی و دووانەکەی تر کچیان نەدەبوارد. ماشینێک بە سورعەت بە بێ ئەوەی گوێ بداتە حەشیمەتە زۆرەکەی ناو کۆڵان، تێپەڕی و تۆزێکی زۆری بە ئاسماندا کرد. سێ گەنجەکە کشانەوە و، بۆ ئەوەی تۆزەکە بە سەریاندا نەچێ لە خانووەکان نزیک کەوتنەوە. یەکیان جوێنێکی بەرزی حەواڵەی شۆفیرەکە کرد. شۆفیرەکە، کە شووشەکەی دادابووەوە گوێی لێبوو، هەر بەو خێراییە قاچی بە تورمزدا نا و گوتی چیت خوارد! من بۆ یەکەم جار ئەو رۆژە بوو شەڕی نێوان گەورەکانم بە چاوی خۆم دەبینی. سیان لەبەرامبەر دووان. پیاوی خۆی دەویست ناوبژیوانیان بکات.

من پێم وایە ئەوەی بووە هۆی شەڕی نێوان ئەو پیاوانە، نەک تەپ وتۆز، بەڵکو شوێنی تەپ وتۆزەکە واتە ئەو کۆڵانەی ئێمە بوو کە ئەم سەر تا ئەوسەری ژن و کچی جوان و جەهێڵی تیایا راوەستابوو. پوورم دەڵێ نا وانیە. هی گەنجیەتییە. دەڵێ هەندێ کەس قوڵمن! من ساڵانی دوواتر کاتێک دیسان دەچمەوە سەر رووداوەکەی ئەو ئێوارەیە، بەم شێوەیە لێکی دەدەمەوە: "کاتێک کوڕان ئاشق دەبن، یان لە کۆڵانێکەوە بەمەبەستی ئاشق بوون تێدەپەڕن، کاتێک ئاشقی تەنیا وەک ئاشقی دەمێنێتەوە و کەس ئیزنی ئەوەی نیە دەستی ئەو کیژەی وا خۆشی دەوێ بخاتە ناو دەستی و بەکەیفی خۆیان پێکەوە بچن بۆ پیاسە و لەیەکتر بئاڵێن، تەنیا تاڵەموویەک مەودا لە نێوان هەستی ئاشقانە و شەڕدا

هەیە." پوورم کە ئەم رستانەی من دەخوێنێتەوە، دەڵێ کتێب خوێندنەوەکانت بەفیڕۆ نەچوون! من قەلەمەکەم فڕێدەدەمە سەر دەفتەرەکەم و پاڵ بە نوێنەکانەوە دەدەم و دەڵێم خراپی خوێندنەوە ئەوەیە کە دەبێ لەسەر شتەکان، بەتایبەت ئەوانەی وا بۆ هەمیشە لە زەینتدا دەمێننەوە، دەبێ شتێک بنووسی، شتێک بڵێی. دەڵێ نا، وانیە. دەڵێ پێوەندی بەوەیشەوە هەیە ئەوەی دەخوێنێتەوە کێیە.
راستی من کێم؟ مامەتەنەکە و مامە جوێنفرۆش لایان وایە ئەو رۆژەی پوورم دەستی گرتم و بردمی بۆ کتێبخانەکە تاوانێکی گەورەی لە دژی من ئەنجامداوە، لەبەر ئەوەی من ئەوەندە بە دونیای خۆم و گەڕان لە ناو جیهانی وشە و رستەکانەوە سەرقاڵم کە ئاگام لە هیچ نەماوە و نازانم چۆن رۆژ جێگای خۆی دەدا بە شەو و شەو بە رۆژ. من بەم قسانە پێکەنینم دێ و لەبەر خۆمەوە سەریان لێبادەدەم. عەبە بێقۆلیش پێدەکەنێ و دەڵێ بەشەرەفم مێشیشی لە خۆی پێدەرناکرێ. هەڵبەت من پەشیمان نیم، تەنیا ئەوەندەی نەبێ لەخۆم تووڕەم، تووڕە لەسەر ئەوەی قەت ناگەمە کۆتایی هیچ بڕیار و بیرکردنەوەیەک. هەمیشە شتێکی تر هەیە کە من پەشیمان دەکاتەوە و سەرلەنوێ دەمباتەوە سەرەتای رێگاکە؛ هەڵبەت ناتوانم بڵێم رێک سەرەتای سەرەتا، بەڵام شوێنێک کە زۆریش جیاواز نایەتە بەرچاو. وەک خاڵم. ئەرێ لاتان سەیرنیە پیاوێکی وا بۆ دەبێ لە زینداندا بێت؟ من کە هەر زۆرم لاسەیرە. ئەو پیاوە مەزڵوم و بێدەسەڵات و چاکە کە بڕواناکەم لە ژیانیدا نە دەستی لە کەس بەرزکردبێتەوە و تەنانەت بە دەنگی بەرزیش کەسی دوواندبێ. دیارە پوورم دەڵێ رێک لەبەر ئەمەیە لە زینداندایە.

دەڵێم باشە مەگەر زیندان تەنیا شوێنی ئەو کەسانە نیە وا شتی خراپ دەکەن؟ دەڵێ نا! من سەرم دەخورێ. دەیخورێنم. لام سەیرە و بە خۆم دەڵێم ساڵانی ئاشقی بۆ دەبێ وایان لێ بێت. باشە نەدەکرا ژیان ئەو تیلەکۆییانە بێت وا لەسەر ڕێگای سەقز بۆ سنە کاتێک دەیانەویست بچن بۆ سەفەر، بە زەبتێکی گەورەوە رادەوەستان و هەرکە سواردەبوون هەتا دادەبەزین بە دەنگی بەرز شریتی گۆرانیان بۆ خەڵکەکە دەگرت؟... بە بێ ئەوەی ئیزن لە شۆفیر و لە خەڵکەکە بخوازن کە داخۆ حەزیان لێیە یان نا؟ پوورم دەڵێ ئەمەیش تایبەتی شوێنە دوواکەوتووەکانە. دەڵێ خەڵکی پێشکەوتوو هەمیشە لە پێشدا پرسیاردەکا. هەڵبەت من حەزم لەم جۆرە دوواکەوتوویییە. ئیستایش لام وایە ژیان لەو کاتەوە تێکچوو کە شۆفیرەکان ئەو جۆرە کەسانەیان دەنگدا و چیتر نەیانهێشت بە زەبتەکانیانەوە مۆسیقای شاد بۆ خەڵکی بڵاوبکەنەوە.

ماوەیەکە تەلەفزیۆن زنجیرەیەک بڵاودەکاتەوە کە یەکجار خۆشە. تەنانەت باوەگەورەیش پێی خۆشە. فیلمەکە کە شەوانی سێ شەممە بڵادەکرێتەوە باس لە بنەماڵەیەک دەکا دەگوازنەوە بۆ گوندێکی تر و لەوێ هەوڵدەدەن ژیانێکی تازە دەست پێ بکەنەوە. بە هەزار و یەک کێشە و نەهامەتییەوە، بەڵام ئەوان بنەماڵەیەکی زیرەکن و هەموو جارێک بەسەر کۆسپەکاندا سەردەکەون، هەرچەند ماندوون و دادەهێزرێن. ژن و پیاوێک بە دوو کچ وکوڕێکەوە. مەگەر کەس بۆی هەیە لە کاتی فیلمەکەدا کە تەنیا یەک سەعاتدەخایەنێ، قسەبکا! باوەگەورە وەها لێی تووڕەدەبێ، نەبێتەوە. باوەگەورە کە لەم کاتانەدا دونیای لەبیردەچێتەوە، تەنیا رقی لەو بڕگانەیە وا ژن و پیاوی ناو

فیلمەکە یەکتر ماچدەکەن. باوەگەورە یەک بەخۆی هاواردەکا بیکوژێننەوە. ئێمە هەڵدەبەزینەوە. پوورم کە لە هەمووومان بە تەلەفزیۆنەکە نزیکترە، دەیکوژێنێتەوە. تەنیا یەک خولەک. ئەوسا هەڵیدەکاتەوە.

پوورم قەت لای من باسی ئەوەی نەکرد کە داخۆ لە شوێنە پێشکەوتووەکان ماچ قەدەغەیە یان نا.

باوەگەورە هەتا مرد عادەتی بە ماچی ناو فیلمەکان نەگرت. لام وایە تەنانەت نەشیزانی ئەو ساڵانە چلۆن تووی ئەشق لە هەموو شوێنێک چەنرابوو و گووڵی دەکرد. رەنگە هی ئەوە بێت دایەگەورە نەمابوو. یان رەنگە هی ئەوەی کە هەستکردن بە شتەکان پێوەندی راستەوخۆی بە تەمەنیشەوە هەیە.

من لام وایە باوەگەورە بەشی ئەمەی بە بەرەوە نەماوە. رەنگە کاتی خۆی لە گوند تێربووبێ.

***

ئاغای ئەسەدی چەند ساڵێک لە دەرەوەی وڵات بووە. جەمشید دەڵێ لە ئینگلیز بووەو خوێندوویەتی. هەروەها بە دەمییەوە سەردانی چەندین وڵاتی دیکەیشی کردووە. وەک ئیتالیا و فەڕەنسە و سویس. ئەوسا ئەلبومی وێنەکان دێنێ و پیشانی دەدا. لە وێنەکاندا باوکی جەمشید چەند گەنجە و چەند بەختەوەر دەنوێنێ. بە قات و بە کراسی قۆل رووت (ئەمڕۆگوتەنی تی شێرت)، شەرواڵی جین و پێڵاوی ئەدیداسەوە. لە بیگبەن، لەندەن ئای و لەندەن بریج لە کاتێکدا راستەوخۆ لە کامێراکە دەڕوانێ و بزەیەکی گەشی لەسەر لێوە، دەڵێی قسەیەکیشی پێیە و

**فریاناکەوێ بیڵێ. بەڵام قەیناکا! وێنەکان بۆخۆیان هەموو شتێک دەدرکێنن. عەکسەکانی تریش هینی بورجی ئیفێل و شەقامی بەناوبانگی شانزەلیزە لە فەڕەنسە و، کۆلۆسیۆم و فوارەی رۆم تریوی لە ئیتالیان. هەروەها گەلێک وێنەی دیکەیش کە قەت ساڵەکانی دوواتریش نەمزانی هی کوێن و لە کوێن. جەمشید دەڵێ باوکی دەتوانێ ئینگلیزی بەجوانی قسەبکا، رێک وەک زمانی فارسی. دەڵێ لەماڵەوە جاروبارە بە ئینگلیزی قسەیان لەگەڵ دەکا و بەتەمایە بیانێرێتە کلاسی تایبەتی. ئەوسا باسی گلەییەکانی باوکی دەکا کە لەم شارە گچکەیەی سەر سنوور هیچ کەلاسێکی تایبەتی لە بواری فێربوونی زمانی خارجیدا لێ نیە. ئاغای ئەسەدی لای وایە زمانی ئینگلیزی داهاتووی جیهانە و بۆیە گرینگە هەموو کەس فێری بێت. ئەوسا جەمشید چەند وشە و رستەی ئینگلیزی دەڵێ: هاو ئار یو، ئایم فاین، هەپی، پیکچێر و چەندانی تر! من واقم وڕدەمێنێ. خوایە ئەم زمانە چەند سەیرە و لە هەمان کاتدا چەند خۆش دێتەگوێم. لەم کاتەدا دایکی جەمشید دێتە ژوورەوە و دەڵێ کاتی ئەوەیە بڕۆمەوە! جەمشید لە دایکی دەپاڕێتەوە، بەڵام دایکی مکوڕە. من لە کاتێکدا خەریکە پێڵاوە کەتانییە چڵکن و کۆنەکانم لەپێدەکەم، هەستێکی زۆر ناخۆش دامدەگرێ. لە خۆوە دڵم پڕدەبێ. کە بیر لە باوکم و لە چاویلکەکەی و دووچەرخەکەی دەکەمەوە ئەوەندە دڵم تەنگ دەبێ لەوانەیە شێت بم. حەزدەکەم خێرا بڕۆم و خۆم بە تاقی تەنیا لە ناو رێگا و لە ناو کۆڵانەکاندا ببینمەوە. لەم کاتەدا جەمشید دەڵێ راستی شتێکی ترم هەیە فریانەکەوتم پیشانت بدەم، بۆ جارێکی تر. من کە ناتوانم لە چاوەکانی بڕوانم، کەمێک رادەوەستم. نازانم بۆ،**

تەنیا ئەوەندە کە رادەوەستم. وەک بڵێی دەمەوێ ئەوەندەی تر بە جیهانی ئەوان سەرسام بم. جەمشید دەڵێ زۆرباشە پێت دەڵێم، جارەکەی تر 'دەیری'ت پیشاندەدەم. دەیریی خۆم. من کە ئەوەندەی تر ورِوکاس دەبەم، خێرا وەدەردەکەوم و خۆم دەگەیەنمە کۆڵانەکانی ئەو بەری شەقام کە لە دووای چەند راستە و چەند پێچ و پلوچ دەمگەیەننەوە ماڵەوە. هەناسەم قورسە. قاچەکانم لەگەڵم نایەن. رادەوەستم و پاڵ بە دیوارێکەوە دەدەم. بەخۆشییەوە کۆڵان چۆڵە. دەمەوە ئێوارەیە. ئەو کۆڵانانەی وا بەرِووی خانە سازمانییەکاندا دەکرێنەوە، زۆر قەرەباڵغ نین. سەیرە. وەک بڵێی حاڵ و هەوای ئەوێیش ئێرەی بەجۆرێک داگیرکردبێ. قوڵپی گریانەکە سەردەکەوێ. لە قورِگمەوە تێدەپەرِێ و دەگاتە لێوەکانم و لەوێوە بۆ دەرەوە. بە بێدەنگی دەگریم و بە پشتەدەستەکانم کلوە گەرمەکانی زستانی دەرِوونم دەسرِمەوە. نیگاکانم لێڵن، هیچ شوێنێک بە جوانی نابینن. پێویستیش نیە بیانبینم. من دەبێ بۆ دەرِوونی خۆم بگەرێمەوە. کەلیمەی دەیری لە مێشکمدا دێت و دەچێ. رقم لە خۆمە کە ماناکەی نازانم. رقم لە خۆمە کە مانای هەموو ئەو وشە و رستانەی تر وا جەمشید گوتنی نازانم. هەڵدەتروشکێم و پاڵ بە دیوارەکەوە دەدەم. ژیان چەند بێ بەزەییە. باشە ئاغای ئەسەدی بۆ رووی لە شارێکی دوور و نەگبەت و پەرپووتی وەک ئەم شارەی ئێمە کردووە؟ بۆ هاتووە و دەیەوێ چی بکا؟ باوەگەورە جاری وایە لە کاتی سەیرکردنی فیلمەکانی ناو تەلەفزیۆنە رەش و سپییەکە، ئاماژە بە کاراکتێرەکان دەکا و دەڵێ ئەوانە لە وڵاتی کافرستان دەژین. پوورم لای لێدەکاتەوە و دەڵێ بۆ کافر! ئەوانیش

دینیان هەیە، تەنیا ئەوەندەیە موسوڵمان نین. باوەگەورە دەڵێ جگە لە ئیسلام هەموو ئەوانی تر کافرن. پوورم دەڵێ ئەیەڕۆ مووسایی و ئەرمەنیش کافرن! ئەم قسانە چییە ئەیکەی بابە گیان!؟ باوەگەورە وەڵام ناداتەوە، بەڵام هەموو کەس دەزانێ تەنیا قسە قسەی خۆیەتی و بەس. خۆی گوتەنی خەڵکی بێ ئەقڵ زۆر نادوێنێ. لەبەر خۆمەوە بە خۆم دەڵێم کەواتە ئاغای ئەسەدی هەموو ئەو وڵاتانە چووە وا من لە فیلمەکاندا دەیانبینم، ئای خوایە گیان خۆزگەم بە خۆی! ئەوسا دەگەڕێمەوە سەر کۆڵانەکە، ئەو شوێنەی وا بەسەر خانە سازمانییەکاندا دەڕوانێ و، لە دوورەوە لە ریزی رێک و پێکیان دەڕوانم کە لە ئیستاوە گڵۆپی ژوورەکان و داڵانەکانیان هەڵکردووە. ئەوەندە دوور دێنە بەر چاوم، نەبێتەوە. بەخۆم دەڵێم بەڕاستی من لەوێ بووم،... ها، بەڕاستی تەنیا چەند دەقیقەیەک لەوە پێش ئەوە من بووم لەو درگایەوە هاتمەدەر!؟

ئەو ئێوارەیە درەنگ دەگەمەوە ماڵەوە. دایکم دەبۆڵێنێ. دەڵێم خەریکی کایەکردن بووم. ئەوسا بەپەلە دەچم و لەبەر شێری ئاوی حەوشەکە دەموچاوە هەڵماسیوەکەم دەشۆم. دەروونم هەروا گەرمە و هەست بە بێهوودەییەکی سەیردەکەم. هەر کە قومێک لە ئاوەکە دەخۆمەوە، هەستدەکەم کەمێک باشتر دەبم. فێنکایی ئێوارەیانی درەنگی حەوشە و ئەو سێبەرانەی وا کەم کەم بەسەر دیوارەکاندا دادەگەڕێنە خوارەوە و پەل بۆ سووچ و شوێنەکانی تر دەهاوێن، سەرنجم دەقۆزنەوە. لەگەڵ ئەوەی ئارامی دەبەخشن، بەڵام ئەوەندەی تر دڵم تەنگ دەکەن. وێنە جوان و سەیروسەمەرەکانی ئاغای ئەسەدیم هەر لەبەر چاودان. بێگومان

ئەوەندەی نەماوە جەمشیدیش سەفەربکا بۆ ئەو شوێنانە. ئاخ، جیهانی هەندێ کەس چەند خێرا دەبێ بە شتی ئەفسانەیی. لەم بیرانەدام کە باوکم بە پاسکیلەکەی بە کۆڵییەوە خۆ بە حەوشەکەدا دەکا. هەناسەبڕکێیەتی و ئارەقی لێخوڕین و هەڵگرتنی دووچەرخە، بن باڵ و ناوپشت و تەوێڵی خوساندووە. هەر کە پاسکیلەکە دادەنێ، دەڵێ ها ئەوە چی ئەکەی؟ لە باوکم وردەبمەوە. دەڵێم بابە تۆ تا ئیستا بۆ کوێ سەفەرت کردووە. باوکم دەستبەجێ باسی سەفەرەکەی تەورێزم بۆ دەکاتەوە. وەک بڵێی یەکەم جارە باسی دەکا! دەڵێم نا، مەبەستم شوێنی ترە. بێدەنگ دەبێ. عەینەکەکەی دەردێنێ و دەیخاتە بەر ئاوەکە. بیلبیلەی چاوەکانی هەتا بە دۆخی بێ عەینەکی عادەت دەگرن، پێیدەچێ؛ بۆیە نیگاکانی باوکم جۆرەیەکن. گوناهتر لە هەمیشە. دەڵێ رۆڵە بۆ بەم ئێوارە درەنگانە بیری سەفەر کەوتوویتەوە؟ من لە چاوە خەمبارەکانی باوکم دەڕوانم و، دەڵێم هیچ هەروا! باوکم چاویلکەکەی دەکاتەوە چاوی و پشتم تێدەکا و دەڕوا. لە دووای، بۆنی چایی و سەماوەر جێدەمێنێ،... رەنگە بۆنی گسک و تایتاو و ئەو پەڕۆیانەی وا شووشەکانی قوتابخانەیان پێ خاوێندەکاتەوە.

مامە جوێنفرۆش بڕیاری داوە بچێ بۆ حەج. دەڵێ هەموو موسوڵمانێک لەسەریەتی بچێ. بەتایبەت دەبێ بۆ رەجمی شەیتان رووبکاتە مەککە. کە دەگەڕێتەوە دونیایەک دیاری لەگەڵ خۆی دێنێتەوە، هەروەها وەک هەموو حاجییەکی تر جامانەی حەج کە زەردێکی ئاڵتوونیی بە پەڵەپەڵەی رەشەوەیە لەسەردەکا و ئیستا پێی دەڵێن حاجی. لای منیش ناوەکەی بووە بە حاجی مامە. بۆ خۆی ئەمەی پێ خۆشە و دەڵێ

**نەخەڵەتابی پێم بڵێی مامەحاجی! منیش وەعدی دەدەمێ. حاجی مامە نایەوێ پیرتر بنوێنێ. دەڵێ مامە حاجی بە پیاوی پیر دەڵێن. ئەگەرچی حاجی مامە کراسێکی جوانی لە حەجەوە بۆ من هێناوە، بەڵام من هێشتا لام وانیە چوونە حەج، یاخود سەفەر بۆ مەککە و مەدینە زۆر موهیم بێت. ئەم سەفەرە هیچ لە منا ناجوولێنێ. حاجی مامە لەگەڵ ئەوەی مانگێکی پێچووە و ئەویش وەک ئاغای ئەسەدی وێنەی جۆراوجۆری هێناوەتەوە، بەتایبەت وێنە بەناوبانگەکەی بن ئەو کێوەی غاری حەڕای لێیە، بەڵام سەرنجی من راناکێشن. حاجی مامە نە زمان فێربووە و نە تەنانەت تەرکی جوێنەکانیشی کردووە. وەک بۆ خۆی دەڵێ ئیستا لە جاران دڵنیاترە کە خوای گەورە دەمپیسییەکەی دەبەخشێ! دەڵی تا نەچی بۆ حەج لە راستیدا هەست بە بوونی خودا ناکەی. ئەو پێی وایەخوای گەورە لە لەوێ لە مەککە و مەدینە دەژی، نەک لەم بەگوتەی خۆی لەم کاولستانەی ئێمە.**

**جارێکیان بە خۆفشکردنەوە بە جەمشیدم گوت مامم چووە بۆ خاریج، بۆ سەفەر. گوتم چووە بۆ حەج. جەمشیدیش زۆر بە هێندی وەرنەگرت. گوتم بە تەیارە چووە. وێنەیەکی تەیارەخانەکەیشی هەیە. دیسان بێسوود بوو. بەخۆم دەڵێم گەر لای من موهیم نەبێ، لای ئەو ئیتر هەر هیچ. باشە نەدەکرا حاجی مامە بچێ بۆ پاریس؟ رۆژێکی تر جەمشید دەڵێ ئاغای ئەسەدی گوتوویەتی حەج بۆ موسوڵمانان زۆر باشە، بەڵام شوێنێک نیە بۆ ئەوەی بچی و لێی بخوێنی و فێری زمانی خاریجی بیت، گوتوویەتی عەرەبی زمانێکی وەها نیە کە خەمی فێربوونەکەی بخۆی.**

**باشە ئەم کەس و کارەی من بۆ ئەوەندە گەمژەن؟! حاجی مامە، بووە بە حاجی کەچی! دایکم دەڵێ رۆڵە بەدڵنیاییەوە خوای گەورە لە بەهەشت جێگای بۆ دەکاتەوە. شوێنی بەهەشتی بەرینە، خۆزگەم بەخۆی! ئەوسا من حاجی مامەم دێتەبەرچاو کە لە بەهەشت خەریکی بەننایيە. لەوێیش جوێن بە کاسەکێشەکانی دەدا و زووزوو ناوگەڵی دەخورێنێ و چاو لەو فریشتانە دادەگرێ کە لە تەنیشت رووباری شەرابدا، تەنیا پەنجا میترێک واوەتر، خەریکی سازکردنی بەزمی ئێوارەن. کەواتە حاجی مامە چووە بۆ سەفەر بۆ ئەوەی دوواتر بچێ بۆ بەهەشت. پوورم قاقاپێدەکەنێ و دەڵێ مەگەر بەهەشت شوێنی کەرەپیاوە!؟**

**من نازانم. بەڕاستی سەرم دێشێ. بەڵام سەرەرای هەموو شتێک لە یەک شت دڵنیام. ئەویش ئەوەیکە گەر گەورە بووم و سەفەرم کرد ناچم بۆ حەج، بەڵکو دەچم بۆ ئەو شوێنانەی ئاغای ئەسەدی چووە. ئەو شوێنەی وا خەڵکەکەی دەڵێن ئای سپیک ئینگلیش، نەک ئەنا ئەتحەس ئەلعەرەبییە! دیارە گەر مەلای مزگەوت عەرەبییەکەی باش بێت و بەجوانی تەرجەمەی کردبێتەوە بۆم.**

***

**رۆبینسۆن کروز بە باوکی دەڵێ نامەوێ بخوێنم و ببم بە وەکیل، دەمەوێ بچم بۆ دەریا،... دەمهەوێ سەفەربکەم. باوکی کە لەوە پێش دوو کوڕی لەدەستداوە (یەکیان لە شەڕدا کوژراوە و ئەوی تریان ونبووە)، لە ترسانا دەڵێ رۆڵەگیان دەزانی گەر ماڵەوە جێ بێڵی، ئەو ئارامی و دڵنیاییەی وا لێرە هەتە لەدەستی دەدەی. بەڵام رۆبینسۆن سەرەڕای ئەوەی دەزانێ دەریا خەتەرە و گەر بخوێنێ دەپشکوێ و**

دەتوانێ داهاتوویەکی باش بۆ خۆی مسۆگەربکات، کەچی سەفەر هەڵدەبژێرێ. باوکی دەگری، بەڵام دادی نادا.
ئەم رستانە دەخوێنمەوە و منیش دڵم پڕدەبێ. دڵم پڕدەبێ بۆ باوکی و لە هەمان کاتدا ورەی رۆبینسۆن سەرنجم دەقۆزێتەوە. بیر لەوە دەکەمەوە ژیانی ناو ماڵ چەند خێرا دەتوانێ کۆتایی پێ بێت. ساڵەکان چەند خێرا دەتوانن تێپەڕن و رابردوو تەنانەت زیاتر لەوەی بیری لێدەکەینەوە لێمان دووربکەوێتەوە. وەها کە لە قۆناخێکدا هەست بکەین هیچ مانایەکی نامێنێ. بەڵام بەخۆشییەوە من زۆرم بەبەرەوە ماوە. کتێبەکە بەئارامی دێنمە خوارەوە، وەها نیگاکانم بتوانن ئاودیوی بن و، لە باوکم دەڕوانم؛... لەوێوە بۆ دایکم و منداڵەکان و باوەگەورە و پوورم. دیسانەوە دەچمەوە سەر باوکم. بڵێی رۆژێک ئەویش وەک باوکی رۆبینسۆن بۆ کوڕەکەی بگری؟ بیردەکەمەوە دەریا لە کوێیە؟ دەزانم دەریا یەکجار دوورە و ئێمە لەم شارە خاوەن هیچ چەشنە قەراخێک نین. کەواتە گەر من رۆژێک سەفەربکەم، بە چی بیکەم،... چۆن چۆنی لە نیشتمان دووربکەومەوە؟ هەڵبەت راوەستە، بەڕاستی پێویست دەکا منیش بڕۆم؟ لە کتێبەکەدا نەنووسراوە رۆبینسۆن بۆچی حەزی لە خوێندن نیە و بۆچی دەیەوێ بچێ بۆ سەفەر؟ ئەو هەر ئەوەندە دەزانێ کە خاوەن وەها حەزێکە! هەوڵدەدەم بۆ خۆم هۆکارەکەی پەیدا بکەم. رەنگە هی ئەوە بێت ئەویش دەیەوێ وەک دوو براکەی تری بە گەنجیەتی سەری خۆی هەڵبگرێ و بڕوات. رەنگە دەیەوێ بەم شێوەیە سۆزی دایک و باوکی بۆ خۆی بقۆزێتەوە، ئاخر ئەو بینیبووی چلۆن بۆ کوڕەکانیان پەرۆشن (مەراقی خۆشەویستی). رەنگە دەنگێک لە دەروونەوە پێی دەڵێ

ئەمە چارەنووسی بنەماڵەکەی ئێوەیە و تۆیش وەک یەکێک لەوان دەبێ قبوڵی بکەی. یاخود ئەو وەک سێهەم کوڕی بنەماڵە دەیهەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە راستە دوو کەسیان تیاچووە، بەڵام سێهەم کەس دەتوانێ سەرکەوێ. ئا، رۆبینسۆن دەیەوێ بە سەر مەرگدا سەرکەوێ و بیبەزێنێ. ئەوە ژیانە لە چاوەکانیدا وەک بورکان دەمی کردووەتەوە و گڕدەهاوێ. مرۆڤ جاری وایە بۆ ئەوەی خۆی بسەلمێنێ دەبێ بڕوات. سەفەر باشترین رێگایە.

ئەوسا شەپۆلە کێوئاساکان دێن. ئەو شەپۆلانەی بەئاسانی پاپۆڕەکان قوتدەدەن و دەیانخۆن. کاپیتان لە کابینەکەیدا چاوەکانی دەقونجێنێ و، دۆعادەکا. رۆبینسۆن ترسی مەرگی لێ نیشتووە، بەڵام پەشیمان نیە. لەگەڵ رستەکان دەروونم زیاتر هەڵدەچێ. وەها کە رقم لە باوکە ترسنۆک و گرینۆکەکان دەبێتەوە. لام ژیان دەبێتە بەرنگاربوونەوە و رووبەڕووبوونەوەی رووداوەکان و نەهامەتییەکان، تێپەڕینێکی ئازایانە و لەخۆبوردووانە بە ناویاندا. هەرچی دەبێ با ببێ! چاوەکانم دەقونجێنم و سەرم بە کتێبەکەوە دەنێم. دەستەکانم لە سەر هەر دوو ئەژنۆکەم دەلەرزن. جەستەم وەها دەئاوسێ کە هەستدەکەم لە ژوورەکەدا جێم نابێتەوە. ئیستا ئیتر رقم لە باوکم و لە دایکم و لە هەموو ئەوانەیە وا لە ژووورەکەدان. تەنانەت پووریشم. لام سەیرە ئەو ئەم کتێبانەی خوێندبێتەوە و کەچی بەردەوام لەم خانووە و لەم ژوورەدا دانیشتووە و دەڵێی نە بای دیوە و نە بۆران. چۆن شتی وا دەبێ! ئەی کوا کوڵ و کفی خۆهاویشتنە دەست شەپۆلە تووڕەکان؟

کتوپڕ دایکم دەنگم دەدا "ئەرێ ڕۆڵە ئەوە خەریکی چیت؟" لەگەڵ ئەوەی ناوم ناهێنێ، بەڵام دەستبەجێ دەزانم لەگەڵ منیەتی. زوو سەرم لەسەر کتێبەکە هەڵدەگرمەوە و بەپەلە لێی دەڕوانم. نیگاکانی خەمین و لە هەمان کاتدا میهرەبانن. وەک هەمیشە. حەزدەکەم پێی بڵێم ڕۆژێک لە ڕۆژەکان منیش دەڕۆم، حەزدەکەم بڵێم هاکا منیش وەک ئەو باڵندانەی وا بەرزبەرز بە ئاسمانەوە هەڵدەفڕن، منیش بفڕم. بەڵام هیچ ناڵێم. تەنیا لێی دەڕوانم. دایکم پڕکێشی لێناکا و لە تەلەفزیۆنەکە دەڕوانێتەوە کە لەسەر هەواڵەکانە. ئوتوبووسێک لە ڕێی تاران خۆی کێشاوە بە ترێلییەکدا و سووتاوە. کەس دەرنەچووە. دڵنیام ئیستا هەر هەموو ئەندامانی بنەماڵە خۆشحاڵن کە ناتوانن سەفەربکەن، یاخود نەیانتوانیووە سەفەربکەن. ئەیچۆن، سەفەر ئەمەیشی بە شوێنەوەیە! مرۆڤە بەختەوەرەکان چەند ئاسان دەتوانن ببن بە هەرە بەدبەختەکان. دیارە گەر لە دووای مردن بەدبەختی مانای مابێ. دایکم هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ و باوکم عەینەکەکەی ڕێک و پێکتر دەکا. وەک بڵێی دەیەوێ لەناو ترۆمبیلە بەغەڵوزبووەکەدا کە لە دوورەوە فیلمی لێگیراوە، تەرمەکان بدۆزێتەوە. لانیکەم تەرمێک. لەناکاو بە دەنگێکی بەرز و بەپەلە لە کاتێکدا بە قامک ئاماژە بە تەلەفزیۆنەکە دەکا دەڵێ منیش سواری ئەمانە بووم، ئەیچۆن منیش سواریان بووم! جەماعەت لێی دەڕوانن. باوکم کە هیچ سۆزێک لە نیگایاندا بەدی ناکا، دەستبەجێ لە هەواڵەکە سەرلەنوێ وردەبێتەوە. چل و ئەوەندە کەس تیاچوون. ئوتوبووسەکە لە باشوورەوە بەرەو پایتەخت دەڕۆیشت. بیردەکەمەوە بێگومان لە ئاوداخنکان باشترە لەوەی لە ئاگردا

بسووتێی. گەر دەریا نەبایە رەنگە رۆبینسۆن ملی پێوە نەدەنا. شینایی ئاو و راخوشان لەسەری لە کاتێکدا هیچ کەسی تر دراوسێت نیە، تامێکی تری هەیە. لەناو ئاو جەستەت بە ساخی دەمرێ.
بەپەلە لاپەڕەکان یەک لەدووای یەک هەڵدەدەمەوە. وێنە رەش و سپییەکان چەند سەرنجڕاکێشن. لە زۆربەیاندا رۆبینسۆن دەبینم. پیاوێکی ریشن کە ناسرەوێ. لەگەڵ رەشپێستێکی ئەفریقایی، بەناوی جومعە. پێکەنینم بە ناوەکەی دێت. جومعە کوڕێکی زیرەکە و شیاوی ناوێکی باشترە. بەڕای من حاجی مامە شیاوی ئەم ناوەیە. تەعتیلە، رێک دەڕابەکەی داداوەتەوە! دڵنیام گەر رێی بکەوێتە شوێنێکی وەک ئەو دووڕگەیە، هەر یەکەم رۆژ تیادەچێ. ئاخر خۆ ژیان بە جوێن پێکنایەت. کتێبەکە دەبەستم و دەیخەمە سەر تاقچەکە،... دەڕۆمە حەوشە. ئەستێرەکان بە حەوت تەبەقی ئاسمانەوە تروکە تروکیانە. جاری وایە ئەستێرەیەکی ئاگرین رادەخوشێ. ئاسمان چەند لە دەریا دەکا. مەلەوانەکان ئەوەندەی ئاوێتەی ئاسمانن ئاوێتەی زەوی نین. چیرۆکەکەی رۆبینسۆنیش ئەمە دەڵێ. ئەو ئاسمانەی وەک دەریا هەمیشە وەک خۆیەتی. رەنگە تەنیا لەبەر ئەوەی مرۆڤ دەستی ناگاتێ. من پێم وایە هەموو کەس دەبێ تەنیایی خۆی لەگەڵ ئاسمان تاقی بکاتەوە،... لە سووچێکدا لە حەوشەکەیاندا لە شەوێکی درەنگانی هاویندا. لە ماڵێکی دراوسێمانەوە دەنگی تووڕەبوون و بۆڵەبۆڵی پیاوێک دێت. روون نیە چی دەڵێ. لە شوێنێکی ترەوە دەنگی گریانی منداڵ دێت. لەوە ناچێ بەم زووانە مل بدات. شەو حەزی بە خنکاندنی دەنگە. حەزی ئەوە خەریکە زاڵدەبێ. وەک هەمیشە.

له دوواوه کەسێک لێم نزیک دەکەوێتەوە. لادەکەمەوە. پوورمە. له تەنیشتمدا دادەنیشێ. ناپرسێ بۆ لێرەم. وەک بڵێی دەزانێ. له دووای ماوەیەک بێدەنگی دەڵێ "دەستم نەگرتی و نەمبردی بۆ کتێبخانه بۆ ئەوەی لاکەوتە و تەریک بیت!" جوابی نادەمەوە. لەبیرم دێت بەجوانی له مەبەستەکی نەگەیشتم. تەنیا لەوە دڵنیا بووم که ئەم دانیشتنەی من کارێکی باش نیه. بەردەوام بوو "ئەزانم کاتێک له کتێبەکانا بەرەبەرە رستەکان له وێنەکان زیاتر ئەبن، دونیا ئەبێ به شتێکی تر؛ بەڵام کوڕی باش له بیرت بێت رۆژێک دێت ئیتر هیچ وێنەیەک له کتێبەکانا نیه و تەنیا کەلیمه و کەلیمە،... رسته و رستەیە، وەک شارەمێرووله به شوێن یەکترا رائەکەن!"

راستی ئەو کات چی روودەدات؟ ساڵەکان دیسان تێدەپەڕن و وەڵامێک نیه. رەنگه تەنیا ئەوەندەی که نیگا دەبێ به شوێنیاندا راکا و بەس. با راکەن! ئاغای ئەسەدی دەڵی "کەس ناتوانێ لەدەستی ئێمه راکا،... کەس!" راستدەکا بەرینایی نیشتمان سنووردارە. به ترۆمبیل بەچەند رۆژ سەرەوخوار و سەرەوژووری دەکەی. رەنگه رۆبینسۆن هەر لەبەر ئەمە بوو له نیشتمان خۆی قوتارکرد. گەیشته ئەو شوێنەی وا ئاغای ئەسەدی دەستی پێڕاناگا. ژیان بەسەربردن لەگەڵ مرۆڤخۆرەکان باشترە هەتا لەگەڵ باوکی جەمشید. من له دووای ساڵانی ساڵیش ئەمە به ئەسپایی له دڵی خۆمدا دەڵێمەوە. سەرەڕای بارستایی ئەو مەودایەی که پڕی بێدەنگییەمو له نێوان من و ئاسماندایه، ئەستێرەکانیش ئەمە نابیستن. دڵخۆشم.

**دایکم جێگاکان ڕادەخا. و باوکم بیجامەکەی دەکاتەبەری. ڕانە تووکنەکەی سەرنجم ڕادەکێشێ. قێزم دێتەوە. بیجامەکە قوماشێکی لووسی ڕەنگ خۆڵەمێشییە. باوکم میشەمیشیەتی. ئەمە نیشانەی ئەوەیە خەوی دێ و تاقەتی هیچی نەماوە. ئەوەی من دەیبینم بڕواناکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان گەر کوڕەکەی بیەوێ وەک ڕۆبینسۆن کروز ماڵەوە بەجێ بێڵێ، ئەهلی خەمخواردن و گریان بێت.**

**ڕەنگە هەڵەیش بم. کێ چووزانێ. بەرای من زۆر شت پێوەندی بە کاتەوە هەیە.**

**درێژەی هەیە...**

***

**باوەگەورە ڕۆژی سێ شەممە کاتێک لە بازاڕ دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، یەکجار تووڕەیە. هەر لە دەرگاکە ئەم دیو کەوت، نەڕاندی ئەوە بۆ دەرگای دەرەوە کراوەیە! لە حەوشەیش نەڕاندی بۆچی بەردەنوێژەکەی پیسە. دایکم کە خەریکی جلشۆردن بوو، شەکەت و ماندوو سەری هەڵبڕی، بە پشتە مەچەکی ئەو بستە کەزیەی لەژێر لەچکەکەیەو هاتبووە ناوچاوانی لایدا و گوتی ئەیەڕۆ جا کێ چووەتە سەری؟ باوەگەورە نەڕاندی ئاگات لە توحسانە نیە! دایکم چیتر لێی نەگوت. دەیزانی بێسوودە. ڕاستییەکەی ئەوە بوو بەردەنوێژەکە پیس نەبوو، چونکە کەس نەیدەوێرا بچێتە سەری. نەک تەنیا لەبەر ئەوەی باوەگەورە گەر بیزانیانە یەکجار تووڕەدەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی وا چووبووە مێشکی منداڵەکانیشەوە کە گوناحیان دەگا و خوای گەورە دەیانخاتە جەهەننەمەوە. منداڵەکان جاری وابوو بە ترس و لەرز لێی**

نزیکدەکەوتنەوە و بە دڵەڕاوکێیەکی سەیرەوە لێیان دەڕوانی. ئەوان تەنانەت نەیشیاندەوێرا دەستی لێبدەن.

باشە باوەگەورە ئەمڕۆ بۆ یەکجار وەها تووڕە بوو؟ ئاگام لێ بوو نوێژی عەسری کرد و لەدووای ئەوەی کەمێک سەرنجی باخچەکەی دا، چووە ژوورەوە. بۆنی نوێژ و تووڕەیی لە حەوشە ئاڵابوو.

شەو لە کاتی نانخواردن بە بێ هیچ ئامادەکارییەک کتوپڕ گوتی رەحمان ئەیەوێ ژن بێنێ! هەمووومان لە باوەگەورەمان رووانی. باوکم پاش ماوەیەک گوتی ژن! ژنی چی، ئەی مەگەر ژنی نیە؟ باوەگەورە ئیتر جوابی نەداوە. باوکم لە دایکم و لە پوورم و لە من کەمێک راما و ئەوجا دەستی کردەوە بە پارووگرتن. نیگای لە سەر سفرەکە چەقیبوو.

رەحمان هەمان مامە جوێنفرۆش بوو. ساڵانی دوواتر زانیم باوەگەورە بەژنهێنانی کوڕەکەی برینی کۆنی کولابووەوە. ئەو لەبەر ئەوە تووڕەبوو کوڕەکانی نەک تەنیا گوێیان نەدەدایەو ژنیان بۆ نەدەهێنا، بەڵکو خەریک بوو فێری ئەوەیش دەبوون هاوسەرەکانیان بکەن بە دوو! جا هەر ئەوەندەیش براگەورە رچەی شکاند، ئیتر رێگاگرتن بەوانی تر مەحاڵ بوو. باوەگەورە بەتایبەت لە کوڕە گەورەکەی تووڕە بوو، لەبەر ئەوەی پێی وابوو هەم وەزعی لەوانی تر باشترە و هەم وەک کوڕی گەورە دەبووایە زیاتر مشووری باوکی بخوا. بەڵام لەوە نەدەچوو مامە جوێنفرۆش هەر بیر و خەیاڵیشی بەلای باوکیدا بڕۆیشتایە. باوەگەورە ئەو شەوە زوو لە سەر سفرەکە کشایەوە و خێرا داوای چایی کرد. ئەو شەوە تەنانەت حاڵ و هەوای سەیرکردنی تەلەفزیۆنیشی نەبوو. تەواوی شەو لە پەنجەرە تاریکەکەی رووانی و لە داڵغەیەکی سەیردا بوو.

بەڵام هێنانی ژنی دووهەمیش ئەوەندە ئاسان نەدەهاتە بەرچاو. مامۆژن ئەوەندە ژنێکی مەزڵوم و گوێ لە مست نەبوو مامە بتوانێ بە کەیفی خۆی بکا. ئەو ژنێکی یەکجار باوەڕبەخۆ و چاونەترس بوو. هەموو ژنانی گەڕەک حسێبیان لێدەبرد و مامە بە بێ پرسی ئەو دەستی بە ئاودا نەدەکرد. چی بوو ئاوەها خەیاڵی ژنی دووهەم لە کەلەی دابوو و زاتی ئەوەی کردبوو بیدرکێنێ، لەلای زۆر کەس هەر یەکجار سەیربوو. هەندێ گوتیان ئاشق بووە، هەندێکی تر گوتیان ژنەکەی ماوەیەکی زۆرە لەگەڵیا ناخەوێ و هەنێکی دیکە گوتیان ژنەکەی بەتووش نەخۆشییەوە بووە. بەڕای من نە ژنەکەی نەخۆش بوو و نە ئەوەی لەگەڵ مامە نەدەخەوت، راستییەکەی ئەوە بوو مامەجوێنفرۆش ئاشق ببوو. رۆژێک کە بەسەر چێوبەستەکانەوە دەبێ و بەسەر خانوویەکی دراوسێدا دەڕوانێ، لە کاتێکدا لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەڵێ و داوای لەتە ئاجوور دەکا، لە حەوشەیماڵەکەدا چاوی بە ژنێکی تێکسمڕاوی چوارشانە و گۆشتن دەکەوێ کە لەبەر شێری ئاوکەدا خەریکی شۆردنی قاپ و قاچاخە. ژنەکە بە دەم مامەوە پێدەکەنێ و ناز و غەمزەیەکی سەیری بۆ هەڵدەڕێژێ. مامە ئیتر ئاگای لە خۆی نامێنێ و خەیاڵی ژنە لە گەڵ خۆی دەیبا. وەک دەگێڕنەوە ئەو رۆژە لەوانە بووە چەند جارێک لە داربەستەکە بکەوێتە خوارەوە کە تەنیا خوای گەورە بە رەحم و شەفەقەتی خۆی فریای دەکەوێ. مامە دوواتر پرس و جۆ دەکا و دەبینێ ئەو ژنە کە ناوی 'سەلمێ'یە، بێوەژنە و تەنیا دوو مانگ لای مێردەکەی بووە و دوواتر زۆر خێرا تەڵاقی وەرگرتووە. لەبەر خۆیەوە گوتبووی "هەی عەمرت نەمێنێ گرگنی مل کرێشاوی!" ئیتر لەو رۆژەوە

مامەجوێنفرۆش حاڵ و هەوای جارانی نامێنێ و داڵغەیەکی سەیر دەبێ بە میوانی. وەک داڵغەکانی باوەگەورە.
پوورم دەڵێ، رۆڵە کاکم لە دووای ئەوەی 'حەبێ'ی هێنا، جوێنفرۆشی لێدەرچووا منیش لام وایە ئەو بە جوێن کوڵ و کفی دەروونی خۆی دادەمرکێنێتەوە. ئەوەی لەگەڵ ژنەکەی پێی ناکرێ بەسەر شاگردەکانیدا دەیهێنێ. یاخود پشتەملە بەم و ئەو دەیرژێ. پوورم لای وایە کاکی زۆر خوێڕی و ترسنۆکە. دەڵێ پیاو چۆن دەبێ ئاوا زەلیلی دەستی ژنی بێت و دوواتر بە منداڵی ژێردەستی خۆی بیرێژێتەوە! بیردەکەمەوە داخۆ زۆربەمان وەها نین؟ جا هەر کامەمان و بەشێوازێک. رقەکانی دەرەوە سەرچاوەکانیان لەم راستیدا لە ماڵەوەوە دەستپێدەکەن. مامە جوێنفرۆش سەرەتا بۆ دڵنیایی زیاتر دەچێ و لە مەلای مزگەوت دەپرسێ. دیارە دەیزانی بە گوێرەی شەرع مافی ئەوەی هەیە هەتا چوار ژن بێنێ، بەڵام پرسە گورگانەیەکیش خراپ نەبوو. مەلا کە پیاوێکی تەمەن هەڵگەڕاوەی ناوچاوتاڵ و گرگن بوو، دەڵێ دەتوانێ، بەڵام بەو مەرجەی رەزای ژنی یەکەمی لەسەر بێ و جگە لەمە مامم دەبێ بتوانێ ژنی دووهەم بەخێوبکا و عادڵانە هەڵسوکەوت لەگەڵ هەردووکیان بکا. تەنانەت مامم باسی ئەوەیشی کردبوو کە حەبێ پیایا راناگا و شەوانە یەکجار بێ مەیلی نیشاندەدا. مەلا بەمە توورە دەبێ و دەڵێ "کەواتە بە تەواوی مافی خۆتە،... لە سەداسەدا!" بەڵام کێشە لەوەدایە کە لە نێوان ماف و هەبوونی مافدا یەکجار جیاوازیی هەیە. هەر ئەو شەوە کاتێک لە ماڵەوە لای ژنەکەی باسی دەکا و تەنانەت ئاماژە بە قسەکانی مەلای گەڕەکیش دەکا، حەبێ ئاگرێک دەنێتەوە نەبێتەوە. ئەو شەوە مامە

جوێنفرۆش له ماڵی مامه وردەواڵه دەخەوێ و لەبەر ئەوەی زات ناکا بڕواتەوه شەش شەوی دوواتریشی له مزگەوت دەنوێ (دیاره به ئیزنی مەلا).

له رۆژی دووهەمی ئاوارەیی مامەدا دەبێت که باوەگەوره هەواڵەکه بەڕێکەوت له مامه وردەواله له بازاڕ دەبیستێ. له رۆژی چوارەمی ئاوارەیی مامەجوێنفرۆشدا دەبێ که باوکم دەگا بەو رایەی کاکی گووی پێدەخورێ و به سەرشۆڕی دەگەڕێتەوه بۆ ماڵەوه و وەزعیشی لەوەی که هەیه خراپتر دەبێ. بەڵام پوورم لای وایه ئاشقی دەردێکی خراپه و ئەوەنده ئاسان مرۆڤەکان بەرنادا. جا لەبەر ئەمه شەڕ و ئاژاوەکه بەردەوام دەبێ.

باوەگەوره ئەگەرچی هیچ نادرکێنێ و بەردەوام له پەنجەره تاریکەکان دەڕوانێ و خەیاڵ دەیباتەوه، بەڵام لای وانەبوو دونیا یەکجار ئەوەنده ناعادڵانەیه وەها که کوڕ هەتاهەتایه ئاگای له باوک نەبێ و تەنیا به کەیفی خۆی بکا. لەبەر ئەمه رۆژێک بڕیاری دا، دیاره له دووای ساڵانی ساڵ، هەستێ بچێ سواری جیپه تڕنەکانی گەڕەکی خواروو بێت و بۆ سەردان بچێتەوه بۆ ئەو گوندەی وا لەمێژ بوو سەردانی نەکردبوو. وەک دەڵێن لەوێ کاتێک باوەشی به هاوڕێیەکی دێرینی خۆیدا کردبوو ئەوەنده گریابوو که ئەویشی خستبووه گریان. هەڵبەت باوەگەوره قەت عادەتی به گێڕانەوەی بیرەوەرییەکان نەبوو، من که به حەیاتم هیچم لێ نەبیست، بەڵام لەو سەفەرەیدا کتوپڕ یادەکان وەها گەڕابوونەوه که جگه له گێڕانەوەیان هیچ چارەیەکی تری نامێنێ. وەها که خەڵک خواخوایان دەبێ زوو بگەڕێتەوەو وازیان لێ بێنێ.

سەرئەنجام، مامە، سەلمێی بۆ نەهات. دووای ماوەیەک بە سەرشۆڕی گەڕایەوە بۆ ناو ماڵ و منداڵی خۆی و، سەرلەنوێ لە ناو جێگاکەیدا قن لە ژنەکەی خەوتەوە. بەڵام بەو ئەنجامە گەیشت ئاشقی و دڵداری فڕی بە تەمەنەوە نیە، ئەوەندەی فڕی بە رێکەوت و بە بینینی ئەو کەسەوە هەیە وا دەبێ بیبینی! لەوە بەدووا مامە جوێنفرۆش هەوڵیدەدا بەسەر داربەستەکانەوە لە حەوشی ماڵان نەڕوانێ و تەنیا سەرنجی لە سەر قوڕ و خشت و بەردەستە قوندەرەکانی (وەک خۆی دەڵێ) بێت. سەلمێیش کە یەکجار حەزی دەکرد شوو بە مامە بکات، سەرئەنجام لە دووای شەش مانگ، ناهومێد لە غیرەتی مامە، شووی بە پیاوێکی بێگانەی خەڵکی شاران کرد و، بە ترۆمبیلێکی شین بە بێدەنگی گواستیانەوە. مامە تا شەش مانگ لە دووای گواستنەوەی سەلمێ، زۆربەی کات بیری لە جەستەی تێکسمڕاو و مەمکە خر و پڕ و گەورەکانی یاری کۆچکردوو دەکردەوە و، بە ئەسپایی دەگریا.

لای مامە، ئەشق دیوارێک بوو کتوپڕ دادەنرا و بەڵام خشت بەخشت وێران دەبوو. تەنیا ئەو بوو دەیزانی خشت بە خشت وێران بوونی خانوویش یەعنی چی. حەبێیش پێی وابوو لە دونیادا بێ عارتر و چاوچنۆکتر لە پیاو، خوای گەورە نەیخوڵقاندووە و کەچی زۆر زیرەکانە ژنیان پێش خستووە.

نیوەڕۆیەک کاتێک لە کتێبخانە دەگەڕێمەوە، پوورم دەڵێ رۆژێک دەگات تۆیش کتێبی رۆمانی ئاشقانە بخوێنیتەوە. دەڵێ ئەو جۆرە رۆمانانە باس لە مرۆڤە ئاشقەکان دەکەن و سەر بە مەکتەبێکن بەناوی رۆمانتیسم. دەڵێم یەعنی دەکرێ مامەجوێنفرۆشیش کەسایەتی ناوی

کتێب بێت؟ دەڵێ ئەی بۆ نا! دەڵێ مرۆڤەکان هەر هەموویان دەتوانن کەسێکی ناو کتێبەکان بن. بەڵام هاوکات ئەوەیش گرینگە چۆنیان دەنوێنیتەوە.

کەواتە من نابێ ئەوەندە ئاسان بەلایاندا تێپەڕم. بە لای مرۆڤەکاندا دەڵێم. دڵنیام ڕۆژێک لێوردبوونەوەکانی باوەگەورە لە پەنجەرە تاریکەکان دەکەم بە کتێبێک،... دڵنیام.

***

جەمشید خاوەن دەفتەرێکە بەناوی 'دەفتەری بیرەوەرییەکان'. باوکی بۆی کڕیوە. شەست پەڕەیە و بەرگەکەی لە مەقەبایەکی ئەستوورە، بە وێنەیەکی سوپەرمان بەسەرییەوە. سوپەرمان بە جل و بەرگە تایبەتییەکەی خۆیەوە، لە کاتێکدا هەردوو دەستی کە کراون بە مشت خستووەتە سەر کەلەکەکانی، بە نیگا تیژ و وریاکانی لێت دەڕوانێ. فەرقیش ناکا لە کوێوە لێی دەڕوانی، لە هەر هەموویاندا نیگاکانی ڕێک لەسەر تۆیە و لێت دەڕوانێ،... تەنانەت گەر بیست کەسیش بن.

جەمشید یەکجار حەزی بە دەفتەری بیرەوەرییەکانیەتی. لاپەڕە بە لاپەڕە هەڵیدەداتەوە و پیشانم دەدا. پەڕەکانیش ڕەنگاوڕەنگن، بە دێڕە شاسەکانی ناویەوە. ئەوسا نووسینەکان کە جاری وایە کورتن و جاری وایە درێژ، جاری وایە ورد نووسراون و جاری وایە درشت خۆیان دەنوێنن. دەڵێم چی تیا ئەنووسی. دەڵێ هەموو شتێک،... بیرەوەرییەکانم.

ئەوسا خەیاڵم دەڕوا. بیرەوەری! هەوڵدەدەم بزانم من داخۆ بیرەوەریم هەیە یان نا. بیرەکانم بۆ کۆناکرێنەوە. دەچمەوە سەر دەفتەرەکە.

سەردێڕەکان دەخوێنمەوە "ڕۆژێک لەگەڵ باوکم"، "دایکم شیرینیەکی خۆش دروستدەکا"، تۆپەڵەبازییەکی خۆش"، "ئەمڕۆ لە سەیران بووین" و... . جەمشید چەند خەتی خۆشە، چەند بە جوانی دەنووسێ. دەڵێ باوکم بۆی کڕیوم. باوکی گوتوویەتی ئەوانەی بیرەوەرییەکانیان دەنووسنەوە، زیرەک دەردەچن. گوتوویەتی پیاچوونەوە بە ڕۆژانی رابردوو مانای ئەوەیە دەزانین سبەیش چۆن چۆنی بژین. من کە زۆر ئەم رستانەم بۆ ناچنەوە سەر یەک، بە جەمشید دەڵێم داخۆ گرانە؟ جەمشید دەڵێ نازانم. ئەوسا هەڵدەستێ و بەپەلە دەچێ لە دایکی دەپرسێ. دێتەوە. دەڵێ پێم وابێ حەوت تمەن. حەوت تمەن! ئەوسا وێنەکان دەبینم کە بە چەسپ بە لاپەڕەکانیا لکاندوون. خۆی و بنەماڵەکەی و جاروبارە ئەو وێنانەی وا لە ڕۆژنامەکان و گۆڤارەکان دەریهێناون. دەڵێم کەی ئەنووسی. دەڵێ زۆرتر شەوانە لە ناو جێگاکەمدا پێش ئەوەی خەوم لێبکەوێ.

جەمشید لە ژووره خەوەکەی تەختی نووستنی هەیە. ئەوان لە سەر عەرز ناخەون. جەمشید خاوەن ژووری تایبەتی خۆیەتی. پێم سەیرە ناترسێ. پێدەکەنێ و دەڵێ بۆ بترسم، من هەمیشە لە ژووری خۆمدا نوستووم. لە ماڵی ئێمە تەنیا باوەگەورە خاوەن ژووری تایبەتی خۆیەتی. پووریشم کە لە هەمان ژووری دانیشتنەکەدا دەخەوێ. دایکی من گەر شەوانە هەڵنەستێ و منداڵەکانی بەسەرنەکاتەوە، دڵیشی دەتۆقێ. جەمشید چرای شەوخەویشی هەیە. تیشکەکەی کاتێک هەڵیدەکا، شینە. شینێکی ئەهوەن و کز. چەند ژوورەکە سیحراوی دەکا. دایکی من بۆ ئەوەی چاوی ببینێ هەمیشە یەکێک لە پەردەکان بەشی

ئەوەندە لادەدا کە تیشکە نادیارەکانی دەرەوە بتوانن روو لە ژوورەوە بکەن؛ هەرچەند هەمیشە لە دووای خەوپیاکەوتنی ئێمەیە پەردەکان لادەدرێن! دەڵێم جەمیشد بەو گڵۆپەوە خەوت لێ ئەکەوێ؟ دەڵێ ئەی بۆ نا! لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیشیدا لە شوێنێک باسی ژوورەکەی خۆی کردووە. نووسیویەتی کاتێک ماندوو دەبێت دەچێ و لەوێ رادەکشێ و جگە لەمە دەرسەکانیشی زیاتر لەوێ دەخوێنێ. بەو پەنجەرەوە وا روو لە حەوشەکەی پشتەوەیە و بەسەر ریزە خانوویەکی تردا دەڕوانێ.

بە خۆم دەڵێم منیش رۆژێک دەفتەرێکی لەم چەشنە دەکڕم. منیش دەبێ بیرەوەرییەکانی خۆم بنووسمەوە. رۆژێک لە کتێبخانە چاویشم بە کتێبێک دەکەوێ کە بیرەوەرییەکانی منداڵێکە، رێکە لە شەست پەڕەدا! ئەوسا دەزانم لە نێوان بیرەوەرییەکان و کتێبدا مەودایەکی یەکجار کورت هەیە. نا، من دەبێ هەرچۆنێک بێت دەفتەرێک بکڕم. بەڵام نەک بە وێنەی سوپرمانەوە، بەڵکو،... بەڵکو بە وێنەیەکی ترەوە. لە پشت ویترینی کتێبفرۆشییەکەی ناو شارەوە سەیریان دەکەم و دڵم دەچێتە سەر ئەوەیان وا وێنەی کورێکی لەسەرە بە قەڵەمێک بە دەستەوە و دەفتەرێک لە بەردەمیدا کە خەیاڵ دەیباتەوە چی بنووسێ. ئا، ئەمەیانم دەوێ. جەمشید دەڵێ باوکم قەرارە هەموو ساڵێک دانەیەکم بۆ بکڕێ، تەنانەت گەر زیرەک بم لە نووسیندا دوو دانەیش. من هەنگاوەکانم قورس دەبن. لە باوکم دەڕوانم. باوکم ئاگای لێم نیە. رەنگە بیر لە دووچەرخەکەی بکاتەوە، یان رەنگە لە سەفەری دووهەم کە بەڵێنە بچێ و عەینەکەکەی چاکبکاتەوە. پێرێ لە منداڵێکی داوە و بە قڕە نەجاتی بووە. دایکی منداڵەکە پڕ جوێنی کردووە. پێی گوتووە کوێرە، یاخوا

زەلیل بی! باوکم دەڵێ خەتای چاویلکەکانیەتی. منیش هەر لەسەر ئەو رایەم، ئەگینا کێ ئەوەندە شێتە منداڵی خەڵکی بکا بە ژێرەوە.
بۆ ئەوەی منیش ببم بە خاوەن دەفتەری بیرەوەرییەکانی خۆم، چیتر راناوەستم و دەست بەکار دەبم. شانزەلاییەکان دەکەم بو دوو کەرتەوە، سەر یەکیان دەخەم، بە سوژن لە سەرەوە کونیان تێدەکەم و ئەوسا پەتێکیان تێدەخەم (لە جیاتی ئەو تەلە ساف و لووس و پێچاوپێچەی وا دەفتەری بیرەوەرییەکانی جەمشید هەیەتی). بۆ خۆم بەرگێکیشی بۆ دەکەم. بەرگەکە لە مەقەبایە و وێنەی رەنگاوڕەنگی گۆڤارێکم بە چەسپ پیالکاندووە. بە خەتێکی درشتیش لەسەرەوەیم نووسیوە "دەفتەری بیرەوەرییەکان". جوانە، خراپ نیە! دەمێنێتەوە ژوورێک. ئەها، چی لە ژێرخانی پشت تەنوورەکە باشتر! دەچم و بەسەریدەکەمەوە. شپرێوە، شمەکەکان رێک و پێک دەکەم. حەیف تەنیا یەک پەنجەرەی بچووکی هەیە. قەیچێکە! لەوێ لەبەریا لەسەر سندووقێکی دار کە لەقە و جیرەی دێ دادەنیشم، دەفتەرەکە دەکەمەوە و دەنووسم. بەڵام چی بنووسم. بیردەکەمەوە. بە هیچ شوێنێک ناگەم. نازانم بۆ ئەوەندە زەینم بەتاڵە. ئا، لەسەر ئەمڕۆ دەنووسم،... لە سەر ژوورەکەم و دەفتەرەکەم و پەنجەرەکە. یەکەم رۆژی خۆم لەگەڵ خۆم، بەدوور لە هەراوهوریای دەرەوە. هەر بەڕاستی دەنگیش نایەت. ئێرە چەند کپە. دەستدەکەم بە نووسین "یەکەم بیرەوەری". ئەمە سەردێڕەکەیە. ئەوسا لەوێوە دەستپێدەکەم چاوەکانم لە ژێرخانەکەدا دەیبینن. باس لە تارمایی شتەکان دەکەم، ئەوسا بۆنەکان، ئەو بۆنانەی سالانی ساڵە لەوێ ماون و تەواو تایبەت بە خۆیانن. بۆنێک کە تێکەڵ بە سەرتەنووریشە.

دوواتر باسی جەمشید دەکەم. کتوپڕ دەنگی خشەیەک دێت. لادەکەمەوە. هیچ نابینم. خشەکە زیادەکا. رادەکەمە دەرەوە. هەرچەند دوواتر بوو زانیم کە جگە لە من و لە مشکەکان کەسی تر لەو ژوورەدا نین، بەڵام ترس شتێکە وەک خۆی کە لە دەرەوە دێت و خۆی دەکا بە دەروونتدا. من دوواتر لەگەڵ جووڵەی مشکەکان راهاتم. بگرە ئەوانیش بوون بە بەشێک لە بیرەوەرییەکانم. ئیستایش ئەو تیشکە روون و بە لێشاوەی وا خۆی لە پەنجەرەکەوە بە ژوورەکەدا دەکرد بەجوانی لەبەر چاومدایە. ئەو ساڵانە لای من وەهان.

باوەگەورە کە حەزی بە ونبوونەکانی من لە ژێرخانەکەدا نەدەکرد، رۆژێک لە دایکمی پرسی "ئەو کوڕە لەوێ چی ئەکا؟" دایکم گوتی نازانێ. باوەگەورە دەنگی دام. نەڕاندی. هاتمەدەرەوە. گوتی ئەوە خەریکی چیت. من کە نەموێرابوو دەفتەر و قەڵەمەکە لەگەڵ خۆم بێنم، گوتم هیچ! گوتی هیچ؟ نەگەڕامەوە و هاتمەدەرەوە. لەوە بەدووا ئاگام لەخۆم بوو لەو کاتانەدا باوەگەورە لە ماڵەوە نیە روو لەوێ بکەم.

بەڵام من قەت بە جەمشیدم نەگوت خاوەن دەفتەری بیرەوەرییەکانم. یەعنی رووم نەدەهات. پێویستیش نەبوو باسی بکەم. لەو ساڵانەوە هەستێکی سەیر لە دەروونمدا سەری هەڵدا سەبارەت بەوەی شتەکانی خۆم دەبێ بشارمەوە و، زۆر باسیان لێنەکەم. هەستمکرد هەندێ شت هەیە لەگەڵ ئەوەی پێوەندیی بە خەڵکی تریشەوە هەیە، بەڵام بەتەواوی هی خۆمە و بەس. من تەنانەت دەفتەری بیرەوەرییەکانیشم لە ژێرەوەی کتێبەکانی دیکەمدا دادەنا. نا، کەس نەدەبووایە چاوی پێ بکەوێ.

من دڵنیام کەس بەقەدەر مامەوردەواڵە خاوەن بیرەوەری نیە. کەس بە ئەندازەی ئەو بە کووچە و کۆڵان و جادەکاندا ناگەڕێ و شت نابینێ. بەڵام باوەڕناکەم قەت بیری لە نووسینی رووداوەکانی ژیانی کردبێتەوە. لێی دەڕوانم و دەزانم خەیاڵی لە هەموو شوێنێکە، جگە لە نووسینەوەی بیرەوەری. رەنگە ئەو لێیشیان هەڵدێ. پوورم دەڵێ کاری باش ئەکەی ئەنووسی، بەلام ئاگات لێ بێت زۆر بە سەریا کووڕ نەبییەوە. راستدەکا، من جاری وایە پشتم دێشێ. خۆم دەکێشمەوە و دیسان کووڕدەبمەوە. رەنگە ئەمە تایبەتمەندیی نووسین بێت. پێم وابێ هەموو کتێبەکان ئاوەها نووسراون. دایکم بزەیەکی دێتێ و دەڵێ کوڕەکەم کوڕە شایە، زیرەک ئەبێ. باوەگەورە (جا لە رووی کەیفەوەیە یان بێتاقەتی) دەلێ ترحێو! بزەیەکیشی لەسەر لێوە.

من ئەو ساڵە دوو دەفتەری شەستیم پڕکردەوە. جەمشید هێشتا هەر بەو دانەیەوە خەریکە! پێم سەیرە. ئاخر چلۆن ئەوێک کە ئەو هەمووە سوار ترۆمبیل دەبێ و دونیا دەگەڕێ، ئەوێک کە خاوەن ژووری خۆیەتی و شەوانە لەبەر تیشکی شینی شەوخەودا دەنوێ، ئەوەندەی بیرەوەری هەیە و کەچی منێک کە هیچی ئەوانەم نیە، چەند ئەوەندە!

نەکا بیرەوەرییەکان هەر ئەوانە نین وا روودەدەن، بەڵکو ئەوانەن وا حەزمان دەکرد رووبدەن!؟ نەکا بیرەوەرییەکان ئەو رووداوانەن لە ئێمەدا دەقەومێن، نەک لە دەرەوەی ئێمە! دڵنیام لانیکەم بەشێکی گرینگیان لەم چەشنەن. ئەگینا گەر وا نەبووایە هەموو کەس دادەنیشت و دەستی دەکرد بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی خۆی. باوەڕیشم بەوە نیە کەسەکە دەبێ کەسێکی موهیم بێت بۆ ئەوەی بنووسێتەوە؛ نا،

بەپێچەوانەوە. نووسینەوەی بیرەوەریی ئەوەندەی پێوەندی بە حەزی گێڕانەوە و پیاچوونەوە بەوەی وا بووە و ئەوەی وا دەبێ هەیە، پێوەندی بە هیچ شتێکی ترەوە نیە.

پوورم ئەم بۆچوونەی من پشتڕاستدەکاتەوە و، دەڵێ ئەو جادەیەی تۆی گەیاندە کتێبخانەکە زۆر فەرعی دیکەیشی لێدەبێتەوە. تەنیا ئەوەندە پەلە مەکە،... خۆیان دەگەن!

***

چواری مانگی 'ئابان'ە. شار کە لە چەند رۆژ لەوە پێش حاڵ و هەوایەکی تایبەتی پەیداکردووە، لە چواری ئابان تەواو سیمای دەگۆڕدرێ. قوتابخانەکان و هەموو ئیدارەکان، بگرە بازاڕیش تەعتیلە و بەڵێنە رێوڕەسمێکی گەورە و تایبەت بەڕێوە بچێ. هەر لە بەیانی زووەوە دەستەدەستە قوتابی، ئەوانەی وا یونیفۆرمی تایبەتیان لەبەردایە و بە 'شیربچە' و 'پیشاهنگ' بەناوبانگن بە دەوری مامۆستاکانیاندا کۆدەبنەوە. قوتابییەکانی تریش دوواتر دێن کە بەڵێنە ئەوانیش لە ریزی خۆپیشاندەراندا بن. لە دەوری مەیدان و یەکێک لەو خیابانانەی وا لە مەیدانەکە دەبێتەوە، سوپا راوەستاوە. رێک و پێک بە جل و بەرگە جوانەکانیانەوە و ئەو چەکانەی پێیانە، کە بەڕاستی سەرنجڕاکێشە. نەفەربەرەکانیش لەوێن. پۆلیس هاتوون. خەڵکی ئاسایی لە سەر پیادەڕەوەکان راوەستاون و لە دیمەنەکە دەڕوانن. شار تەواو قەرەباڵغە.

سەر دەڕابەی دووکانەکان، دارچرابەرقەکان و دیوارەکان پڕی وێنەی شا و بنەماڵەکەیەتی. لافیتە گەورەکان سێبەر بە سەر شەقامدا دەخەن. شا،

قیت و قۆز بە تەنیا، لە تەنیشت شابانودا، لە جلوبەرگی سەربازی، یان بە تاجەکەی سەر سەرییەوە بە بزەیەکەوە لە نیشتمان (یان وەک دەگوترێ مەیهەن) و لە گەل دەڕوانێ. "خودا، شا، مەیهەن"، "شا سێبەری خودایە" دروشمە سەرەکییەکانن. ئێمەیش لەوێین. هاوپۆلەکان پێکەوە دەدوێین و بەردەوامیش لە دەوروبەرمان دەڕوانین. هەستێکی دژبەیەکم هەیە. هەم خۆشە و هەم شتێک لە دەروونمەوە پێم دەڵێ ئەمە راست نیە. جۆرێک لە دەستکردبوون لە هەوادا دێت و دەچێ. تەنیا سوپایە رێک و پێک لەو شوێنەیدایە وا دەبێ ببێ. ئەوانی تر تا رادەیەکی زۆر بە کەیفی خۆیانە. ئاگام لێیە مامۆستاکان بە زەحمەت قوتابییەکان و شیربەچە و پیشاهەنگەکان کۆدەکەنەوە و نەزمیان پێدەبەخشن. هەراهەرا و دەنگەدەنگێکە نەبێتەوە. بەڵێنە بە شەقامەکانی ناو شاردا سوڕێک بدەینەوە و دواتر بڵاوەی لێبکەین. بەڵێنە کاتێک تەواو دەبێ، دوکان و بازاڕ سەرلەنوێ بکرێنەوە، هەرچەند هەندێ کەس نایکەنەوە و ئەو رۆژە دەکەن بە پشوویەکی تەواو.

مامەتەنەکە و مامەچایی یەکجار رقیان هەستاوە. خواخوایانە هەموو شتێک زوو تەواوبێت بۆ ئەوەی دووکانەکانیان بکەنەوە. مامەتەنەکە کە لە سەر سەکۆی بەر تەنەکەسازییەکەی راوەستاوە و عەبە بێقۆلیشی لە تەنیشتدایە، زووزوو مل دەکێشێ و چاوەکانی بچوک دەکاتەوە. وەک بڵێی دەیەوێ کەسێک یان شتێک ببینێتەوە. عەبەیش جەستەی لەناو کۆتە زەلامەکەیدا دەگێڕێ و دەڵێی کەس نابوێرێ. ئەو، نیگای لەسەر هەموو کەسێکە، بەتایبەت کچەکان کە دەستە دەستە تێکوروکاون و حیلکەحیلکیانە. نازانم عەبە بێقۆل رازییە یان نا، نیگاکان و شێوەی

**ڕاوەستانی هیچ نادرکێنن. زۆر جیددی دێتەبەرچاو! لەبەر خۆمەوە دەڵێم لە خەیاڵی چیایە؟ بەڵام مامە جوێنفرۆش لێرە نیە، یەعنی دڵنیام لێرە نیە. ئەو لە کووچە و کۆڵانەکان، دوور لە چاوی حکومەت خەریکی کاروباری خۆیەتی. ئاجوورەکان سەر یەک دەنێ و ئاە هەڵدەکێشێ. ئەو ئەم ڕۆژانەی ناوناوە 'ڕۆژی کەرکەرێن'! لای وایە ماکەر و نێرەکەر تێکەڵدەبن و دەیکەن بە ڕۆژی حەشر! باوەگەورە بەلاچاو لێی دەڕوانێ و لای وایە ڕەحمانی کوڕی گەوجترین کوڕە گەورەی دونیایە وا خوا هەتا ئیستا خوڵقاندوویەتی. لەبەر خۆیەوە دەڵێ بمکردایە بە کونە دیواردا خێرم زۆرتر دەگەیشتێ! بەڵام ڕەحمان کوڕی یەکەم بوو و ڕێک هی ئەو سەردەمە بوو وا دایەگەورە و باوەگەورە یەکجار چاویان لەسەر یەکتر بوو.**

**من کە کتێبەکانم تەواوبوونە و دەبوایە ئەمڕۆ بچم و دوو بەرگی تازە وەربگرم، لە خۆم تووڕەم کە دوێنێ فەرامۆشم کرد و نەچووم بۆ کتێبخانە. من لام وایە کتێبخانە بۆ ڕۆژی وەها دانراوە و لە ڕاستیدا نابێ تەعتیل بکرێ. دەزانم گەڕەکی کتێبخانەکە تەنانەت ئێستاکە چۆڵتر و کش و ماتترە لە هەر کاتێکی تر و جادەکە بە دەگمەن کەسی پیاتێدەپەڕێ. خانە سازمانییەکانیش بێدەنگتر لە هەر ساتێکی تر. هەموو ئەوانەی لەوێ دەژین لێرە لە ڕێوڕەسمەکەدان. بە ژن و پیاوەوە. تەنیا گەڕەکێکە هەر هەموویان دێن و هەر هەمووشیان، پێکەوە و جیا لە خەڵکەکەی دیکە، ڕێک لە ناو جەرگەی خیاباندا لە نزیک سوپا ڕاوەستاون و ئەوەندەیش دەنگەدەنگیان لێوە نایەت. خوایە، ئەوان چەند تایبەتن! بە جلوبەرگە جوان و مۆدەکانیانەوە چەند**

سەرنجڕاکێشن! بە تایبەت ژن و کچەکانیان. هێزێکی پۆلیسی تایبەتیش چاوەدێرییان دەکا. ئەگەرچی نیگاکان لەسەریانە، بەڵام کەس ناوێرێ هەڵەیەک بکا، چ بە وشە و چ بە کردە، تەنانەت عەبە بێقۆلیش. حەمە عوممانەیش لە ناویاندایە، لە دووای دوواوەوەیان. بە تەنیا. نە کەس دەیدوێنێ و نە ئەویش کەس. ئەگەرچی لەوە دەچێ تامەزرۆی هەڤاڵێکە. ئاغای ئەسەدیش لەوێ نیە. وەک بڵێی کارێکی تایبەتی هەبێ. بەڵام دایکی جەمشید و ئەوانی تر لەوێن. جەمشید لە ناو پیشاهەنگەکاندایە. دەیبینم. زۆر سەرقاڵە.

کە سوپا دەجووڵێ و دەکەوێتە ڕێژە، خەڵکیش دەکەونە جووڵە. ئیتر تەواو جەوەکە دەگۆڕدرێ. کۆڕی مۆسیقاکە دەژەنێ و زەوی لە ژێر قاچەکانی سوپادا دەکەوێتە لەرین. هەناسە چییە لە خەڵکەکەوە نایەت. ئەو تەپڵ و تەنەکانەی دەیانکوتن و شەقام دەلەرێننەوە، هەتا هەناوت دێن. جوان جوان. سەرتاپات دەخرۆشێنن. ئەوسا روخساری ئەفسەر و سەربازەکان کە چەندە جیددی و چەندە بڕیاردەرن. وەک بڵێی گاڵتەیان لەگەڵ کەس نیە و گەر بتەوێ هەڵەیەک بکەی، دەستبەجێ لەسەر سەرتن! لەبەر خۆمەوە دەڵێم گەر گەورە بووم حەزدەکەم ببم بە سەرباز. سەربازی مەیهەن! ئەوسا بیری خاڵم دەکەومەوە. پوورم دەڵێ شا خاڵتی گرتووە. من تەنیا گوێی لێدەگرم و ناڵێم بۆ. ناپرسم لەسەر چی. من رقم لە وێنەکانی شایە کە داروبەردیان داپۆشیوە. بەڵام سوپا شتێکی ترە باوکم دەڵێ لە کاتی شەڕدا پێش ئەوەی سوپا هێرش بەرێ، ئەم ساز و ئاهەنگەیان بۆ لێدەدەن، بەم شێوەیە مەستیان دەکەن و رووبەڕووی دوژمنیان دەکەنەوە. ئیتر لە مەرگ ناترسن و بە ئاسانی

خۆیان دەدەنە دەم فیشەکە گەرمەکان. ساڵانی دوواتر من لە فیلمەکاندا شەڕەکانی ناپلیۆن و شەڕی ناوخۆی ئامریکام بینیبوو. باوکم درۆی نەدەکرد. دەستەیەکی موزیک بە شوێن، یاخود لە تەنیشت سوپاوە دەجوولا و دەیکوتا! هێرش لە ناو مۆسیقادا و مردن لە ناو موسیقادا. باوکم رێک لەناو خۆپیشانانەکەدا دەستدەکا بە گریان و بە پەنجەی فرمێسکەکانی لە ژێر چاویلکەکەیەوە دەسرێ. باوکم پێی وایە نیشتمان بە بێ سەرۆک هەتیوێکی بێ پدەرە و لە راستیدا خوای گەورە کەرەمێکی گەورەی کردووە کە ئەوی لە ئاسمانەوە وەک فریشتەکان بۆ مەهیەن بەرێکردووە. من لە باوکم دەڕوانم و دیسان دوو هەستی دژبەیەک تیاما دەگەڕێ. دەزانم ئەو حەزی بە خاڵم نیە و هەتا دەتوانێ خۆی لێ دەپارێزێ. نە باسی دەکا و نە دەیشچێ بۆ سەردانی، دیار دەستیش ناهێنێتە سەر رێی دایکم. چواری ئابان رۆژی لەدایکبوونی سەرۆکە و باوکم دەڵێ بێگومان رۆژی لەدایکبوونی مەیهەنیشە.

لە چواری ئابان کەس بەقەدەر مامەوردەواڵە خۆشحاڵ نیە. بە داخستنی بازاڕ و دوکان، مشتەرییەکانی ئەو چەند قات زیاددەکەن. بە روویەکی خۆش و پڕ لە پێکەنینەوە بەناو حەشیمەتەکەدا دەگەڕێ و زیاتر لە هەمیشە بە کەیفخۆشییەوە هاواردەکا. تەنیا لە کاتی لێدانی مۆسیقا و هوتاف کێشانەکاندایە دەنگی دەخنکێ. دیارە بە گوێرەی هەستێکی خۆڕسک دەزانی کە دەبێ ئەویش لەم کاتانەدا بێدەنگ بێت. خەڵک خۆ چاویان دەبینێ و دەزانن چی پێیە. بۆیە بە بێدەنگیش دەشێ. لەم جۆرە رۆژانەدا جگە لە سندووقە قووڵەکەی کە بە پەتێکەوە بە مل و شانییەوە هەڵیواسیوە، توورەکەیەکیش بە شوێن خۆیدا رادەکێشێ. کە ماندوو

**دەبێ، جێگایەک بۆ خۆی لە سەر سەکۆی بەردووکانێکدا دەکاتەوە و پشوویەکی خێرا دەدا. من لام وایە تەنیا دوو کەس دروشمەکان دووپات ناکەنەوە، کە یەکیان مامە وردەواڵە و ئەوی تریان باوەگەورەیە. باوکم ئەوەندە بە دەنگی بەرز دەیانڵێتەوە کە بۆ یەک هەفتە دەنگی دەنووسێ و دایکم بەردەوام نەبات داخی بە قورگدا دەکا. کە خۆپیشاندان تەواودەبێ، مامە چایی دەستبەجێ دەرگای چاخانەکەی دەخاتە سەرپشت و کتوپڕ وەها لە مشتەری پڕدەبێ کە قەرەبووی ساتە داخراوەکانیش دەکاتەوە، بگرە بە زیایشەوە! دەڵێ بێگومان لە خۆپیشاندان لە دونیادا زەحمەتتر نیە، خەڵکی بڕستیان لێدەبڕێ. راستدەکا. منیش کە دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە یەکجار ماندووم. پووریشم شەکەتە. کە جلوبەرگە مۆدەکەی دادەکەنێ و پاڵدەداتەوە، دەڵێ ئەمڕۆ دوو مامۆستا نەهاتبوون، حەتمەن سبەی لێیان دەپرسنەوە. من بە تەعەجوبەوە لێی دەڕوانم. دەپرسم لێیان دەپرسن!... بۆ؟ پوورم لێم دەڕوانێ و دەڵێ تۆ هێشتا دەبێ لە خوێندن بەردەوام بی! منیش ئەوەندەی تر رقم لە خۆم دەبێتەوە کە ئەمڕۆ نەمتوانی کتێبەکانم تازەبکەمەوە.**

**شەو لە دووای نانخواردن رووداوەکەمە پوورم و دەڵێم راستی شا سێبەری خوایە یەعنی چی؟ باوکم لێم وردەبێتەوە، باوەگەورە هەروا خەریکی سەیرکردنی تەلەفزیۆنە کە راپۆرتی خۆپیشاندان و رێوڕەسمەکانی ئەمڕۆ لە سەرتاسەری مەیهەن بڵاودەکاتەوە، بە بنەماڵەی پاشاوە کە هەر هەموویان بزەیان لەسەر لێوە. هەروەها هەندێ وێنە و فیلمی مێژوویی. دەڵێم مەگەر خوا سێبەری هەیە؟ باوکم کە کتوپڕ توڕەدەبێ و**

من به دەگمەن وەهام بینیوە، دەڵێ ئیتر گووخواردن بەسە،... دەمت داخە! پوورم لێی دەڕوانێ، قنج دەبێتەوە و بە دەنگی بەرز دەڵێ دەی کوڕەکە بخۆ، بیخۆ دەی! لەجیاتی ئەوەی بۆی باسبکەی دەگوڕێنی. باوکم میشەمیشی دێت و لەبەر دەمی خۆی مۆڕدەبێتەوە. ئەوسا پوورم بەردەوام دەبێ "خوا لە ئاسمانەکان ئەژی و هەتاویش لەوێیە، کە جارجارە لە بەینی هەتاو و زەمینەوە تێدەپەڕێ، دەبێ بە سێبەر بەسەر زەویدا!" من هەروا لێی دەڕوانم. چاوەکانی پوورم پێدەکەنن. باوکم وەک بڵێی لەم وەسفە دڵشادە، سەر بەرزدەکاتەوە و لە پوورم دەڕوانێ کە ئێستاکە زۆر جیددی دیارە.

بە خۆشییەوە چواری ئابان تەنیا یەک ڕۆژە لە ساڵدا. هەرچەند ڕۆژەکانی تریش هەن، نۆی ئابان و بیست و چواری ئیسفەند و... بەڵام هیچیان وەک ئەم ڕۆژە نیە.

هەوڵدەدەم بۆ جارەکانی تر لەبیرم بمێنێ ڕۆژێ پێشتر کتێبەکانم نوێ بکەمەوە. ڕۆژە مێژووییەکان نابێ بەر بە پلانەکانی من بگرن.

***

باوکم: ئەلووووو!

باوەگەورە: ئالەو!

- پوورم: ئەلۆ!

دایکم جارێکە زات ناکا دەست بداتە تەلەفۆنەکە. هەر کە زەنگ دەخوات، یان خۆی لێ گێل دەکات و بە شتی ترەوە خۆی دەخافڵێنێ، یان چاوی لە سەر منە. منیش بەقسەی دەکەم. یەعنی پێویستیش ناکا لێم بڕوانێ. من خواخوامە کەسی تر گووشییەکە هەڵنەگرێ. هەتا چەند

مانگ دووای هەبوونی تەلەفۆنەکە، یەکەم کەس کە مافی وەڵامدانەوەی هەبوو باوکم بوو.
منیش کورت و خێرا: ئلو!
نازانم بۆ، بەڵام حەزدەکەم بە شێوازی خۆم وەڵامی خەڵکی بدەمەوە. نە ئەلووو، نە ئالەو و نە ئەلۆ. هەرچەند من ئەوەی پوورم لەوانی تر بەدڵترە، تەنانەت لە هی خۆیشم.
لەم کۆڵانەی ئێمە جارێکە هەر ماڵی ئێمە خاوەن تەلەفۆنە. سیمێکی ئیزافی کە لە دارچرابەرقەکەوە خۆی دەکا بە خانووەکەماندا و ئەوانی دیکە لێی بێ بەرین. باوکم یەکجار شانازی بەوەوە دەکا یەکێک لەو کەسانەیە وا لە شارەکەدا لە پێش خەڵکی ترەوە بووەتە خاوەن تەلەفۆن. کە ئێوارەیان بە پاسکیلەکەی دەگەڕێتەوە، قەیرێک لە بەر دەرگادا رادەوەستێ و لە حەوا دەڕوانێ و جوان جوان وایەرەکە بەسەردەکاتەوە، نەکا عەیبێکی هەبێ. نەکا با رفاندبێتی و یاخود دراوسێیەکی نارەسەن بەڵایەکی بەسەردا هێنابێ. راستییەکەی ئەوەیە لەو کاتەوە بووینەتە ساحیب تەلەفۆن، باوکم کەمێک بەدگومانی لێدەرچووە.
تەلەفۆنەکە رەشێکی زلی وەک دەڵێن هێندلییە. بە گووشییەکی زەلامی قورسەوە کە کاتێک بە گوێیەوە دەنێی، لایەکی روخسارت دادەپۆشێ. ژمارەکەیشمان چوار رەقەمە: ٩٩٨٨. باوکم ئەمەیش وەک موعجیزەیەک لێکدەداتەوە. ژمارەیەکی وەها لەبەرکردنەکەی ئاسانە. بۆ ئەوەیش لەگەڵ خەڵکی تر تەماس بگری، دەبێ سەرەتا زەنگ بۆ موخابەرات لێ بدەی و ژمارەکە بڵێی یاخود ناوی ماڵەکە ببەی! ئەوانیش وەسڵی

دەکەن. تەلەفۆنەکەی ئێمە لە ژووری دانیشتنەکە لەسەر تاقێکی بەرزی قووڵە و کاتێک باوکم قسە دەکا، کەمێک دەنەوێتەوە، خۆی دەخا بەسەر هەنیشکێکیدا کە لەسەر تاقەکەیە،... ژێرچەناگەی دەماسێنێ و زووزوویش بە قامکی ئیشارە چاویلکەکەی بەرزدەکاتەوە. وەک بڵێی هەمیشە کارێکی زۆر موهیمی هەیە. چاوەکانیشی لەسەر یەک شوێن مۆڵەق دەبن.

راستە باوەگەورە دەڵێ ئالەو، بەڵام یەکجار کەم دەستدەداتە تەلەفۆنەکە، مەگەر ئەوەی بانگی بکەن. بە دەنگی یەکجار بەرزیش قسەدەکا (دیارە هەر هەموومان وەهاین). دیارنەبوونی کەسی بەرامبەر ئەو بۆچوونەمان تیا دروستدەکا کە نەکا گوێی لێنەبێ،... بۆیە دەبێ هەتا دەتوانین بەرز بدوێین. رێک وەک دوو جوتیار لەمبەراوبەری شیوێکەوە،... لە گوند لە داوێنی سروشت. هەڵبەت تەنیا یەک کەس مافی ئەوەی نیە بەرز قسەبکا، ئەویش منم. باوەگەورە یەکسەر دەنگم دەدا کە "ئەوە ئەو زەڕەزەڕەت لە چییە، ناتوانێ کەمێک هێواشتر قسەبکەی!" دایکم لەم کاتانەدا بزەیەکی دێتێ و خۆی لە ژێر لەچکەکەیەوە دەشارێتەوە. من کە قسەکانم لە بیردەچنەوە، بۆ ماوەیەک نیگاکانم لە نێوان دایکم و باوەگەورەم دێن و دەڕۆن. بەڵام بە خۆشییەوە ئەلۆی ئەوەی بەرامبەر وشیارمدەکاتەوە و هەر چۆنێک بێت سەرەداوی قسەکان دەدۆزمەوە.

من زۆرتر لە گەڵ جەمشید قسەدەکەم. ئلۆکەی ئەو یەکجار ناسکە. وەک بڵێی لە شوێنێکە لە نێوان قوڕگی و دەمیدا، بە ئاسمانەوە. باوکم ئەمە بە شانازییەکی گەورە لەقەڵەم دەدا کە لە ماڵی ئاغای ئەسەدییەوە

زەنگمان بۆ لێدەدریێ. جاری وایە تەنانەت هەستدەکەم بەخیلی بە من دەبا. رەنگە بیر لەوە دەکاتەوە کە بۆچی نەدەکرا ئەویش لە تەلەفۆنەکەدا لەگەڵ باوکی جەمشید بدویێ.

جاری وایە دانیشتووانی گەڕەک دێن و داوا دەکەن لە ماڵی ئێمەوە زەنگ بۆ خەڵکی دیکە بدەن. بە شەرمەوە دێن، بەڵام هەر ئەوەندەی کەوتنە قسەکردن، ئیتر ئێمەیان لەبیردەچێتەوە. کە دەیشڕۆن دیسان شەرمەکە بە هەمان قیاس دەگەڕێتەوە. دایکم دەڵێ ماڵێ خۆتانە. باوکیشم لای وایە ئەمە وەڵامێکی شیاونیە و تەنیا بۆ کاتی میوانی دەخوا، بەڵام هاوکات هیچ پێشنیارێکیشی نیە. جاری وایە هەستدەکەم باوکم بیر لە دۆزینەوەی رستەیەکی باشتر دەکا، جوملەیەکی شیاو کە بتوانێ دەربڕی وەها دۆخێک بێت. من لەبەر خۆمەوە دەڵێم "تەلەفۆنی خۆتانە!"

لای من تەلەفۆنەکە زیاترە لە تەلەفۆن. جیهانێکی سەیر کە تیایا وندەبی. زیاتر لەوەی حەزبکەم قسەی پێبکەم، حەزم لە کایەکردن بە ژمارەکانیەتی. ژمارەکان لە سفرەوە تا نۆ نیوەی دایرەیەکی ئەستوری روونی لە پلاستیک سازکراویان گرتووەتەوە کە کاتێک دەیگێڕی، دەنگێکی خۆشی لێوەدێت. شتێک وەک کرچە کرچ. بە پەنجە خولی دەدەیت و ئەوسا بەریدەدەی بۆ ئەوەی بۆخۆی بگەڕێتەوە بۆ سەر جێگای خۆی. کاتێک کەس لە ناو ژوورەکەدا نیە، پەنجەی تێدەهاوم و دەیگێڕم. وەڕەزنابم. لەسەریەک لەسەریەک چەندپاتی دەکەمەوە. دەزانم نابێ لەم کاتانەدا گووشییەکە هەڵگرم. جاری وایە هەستدەکەم شێتم. بادانەکە لەگەڵ خۆی دەمبا و دەمباتەوە. دڵنیام مامەجوێنفرۆش ئاگای لێ بێت دەڵێ ئەوە کرمی هەیە! راستیش دەکا، من کرمم هەیە.

لە قوتابخانە دەرسێکمان هەیە لەسەر تەلەفۆن. ئەلکساندر گراهام بێل کە خەڵکی سکاتلەندە و لە ١٨٤٧ لە دایکبووە و ساڵی ١٩٢٢یش مردووە، خوڵقێنەرەکەیەتی. جوان لە وێنەکەی رادەمێنم. پیاوێکی سەرو ریش سپی، بە نیگایەکی گەرم و پڕ لە زیرەکی. هەفتاوپێنج ساڵ ژیاوە. هەتا دەتوانم و وەڕەزی ئیزنم دەدا، لێی وردەبمەوە. باشە چۆن توانیویەتی دەنگ لە ناو سیمێکی باریکەوە بنێرێ بۆ شوێنە دوورەکان! زۆر جار منیش لە کۆڵان لەسەر سەکۆی بەر دەرگای ماڵەکەماندا دادەنیشم و وەک باوکم لە وایرەکە دەروانم. بە هیچ شوێنێک ناگەم. تەنانەت بەستنەوەی دوو سەری سیمێکی دە میتری بە دوو قوتوویشەوە، کە من هاورێکانم هەوڵدەدەین قسەی پێبکەین، هیچ یارمەتییەک بۆ دۆزینەوەی وەڵام نادا. ئەوسا تێدەگەم زانست شتێکە وەک بوونێکی نادیار کە لە ناو شتەکاندایە. رێک وەک چۆن کەلیمەکان لە ناو دوو توێی بەرگی کتێبەکاندان. بە خۆم دەڵێم کتێبخانەکە ون نەکەی! چما ئەلکساندریش ونی نەکرد.

ئێستاکە شەوانە تا درەنگان لە ناو جێگاکەدا سوڕدەخۆم و لە تاریکایی دەروانم. خوایە چەند حەزدەکەم منیش شتێک بخوڵقێنم، شتێک وەک تەلەفۆن. بیردەکەمەوە و بیر دەکەمەوە. بێسوودە. خەیاڵ ناگاتە هیچ شوێنێک. تا شەوێک بە خۆم دەڵێم ئا، دەبێ شتێک دروستبکەم کە بتوانم لە تاریکاییدا وەک رۆژ شتەکان ببینم، شتێک کە گڵۆپ نیە و تەنیا لە چاوی کەسەکەدایە. بەم خەیاڵەی خۆم خەنیم. ساڵانی ساڵ نایدرکێنم. نەکا لێم بدزن! بەڵام چۆنی سازبکەم، نازانم. سەیری گراهام بێل دەکەمەوە. دیسان بێسوودە.

**ساڵانی دوواتر دەزانم ئەو لە سەردەمانێکدا ژیاوە کە چەند رووداوی گەورە لە جیهاندا روویانداوە: شەڕی فەڕەنسە و ئاڵمان، کۆمۆنی پاریس، شەڕی رووس و ژاپۆن، شۆڕشی رووسیا، نوقمبوونی کەشتی تایتانیک و شەڕی یەکەمی جیهان. بڕواناکەم ئاگای لە هەمووی ئەمانە بووبێت. دیارە پێویستیش نیە.**

**شەوێک خەودەبینم ئەلکساندر لەماڵی ئێمەیە، رێک لەو دیو، لە ژووری تەلەفۆنەکە. کەس لە ماڵەوە نیە. تەنیا من و ئەوین. گووشییەکە هەڵدەگرێ و دەڵێ "منیش بۆ خۆم پێی سەرسامم!" هەر ئەوەندە. بۆ سبەی لە دووای ساڵان مامەتەنەکە دێت بۆ سەردانمان. بە تەنیا هاتووە. هاتووە تەلەفۆنەکە لە نزیکەوە ببینێ. دەڵێ بەتەمایە ئەویش یەک راکێشێ. باوکم کە پێی ناخۆشە و ناتوانێ نەیدرکێنێ، دەڵێ ئەمە بۆ هەموو کەس نیە! مامەتەنەکە دەڵێ مەگەر بە پووڵ نیە، دەی عانەی خۆت بدە و تەواو! باوکم دەڵێ نا، بە شتی تریشە. مامە دەڵێ بە چی؟ باوکم تیایا دەمێنێتەوە. کە مامە تەنەکە دەڕواتەوە، ئەوجا وەڵامەکە لە دەمی باوکم دێتەدەرەوە: "بە خوێندەوارییە،... بە ئەقڵە!"**

**دڵنیام ئەو شەوە لە داخی ئەوەی نەیتوانیبوو قسەی دڵی خۆی راستەوخۆ بکا، هەتا درەنگان خەوی لێ نەکەوتووە. مامە لە دووای یەک دوو مانگێک بوو بە خاوەن تەلەفۆن و یەکەم شوێنیش زەنگی بۆ دا، ماڵی ئێمە بوو. باوکم چەقۆت لێبدایە خوێنی لێنەدەهات.**

**کە یەکەم فیشی پووڵی تەلەفۆنەکە هاتەوە، باوکم زانی گران دەکەوێ و بۆیە دەنگی داین کە لە خۆوە زەنگ بۆ ئەم لاو ئەو لا لێنەدەین. من**

نازانم چەندەی دەدا، بەڵام پوورم گوێناداتێ و بە کەیفی خۆی قسەدەکا. لە دووای ماوەیەک پێکەوە لەسەر ئەوە سازان پووریشم بەشێکی خەرجەکەی بدات. ئەو زۆرتر لەگەڵ مامۆستاکانی هاوڕێی قسەی دەکرد. تەنیا دایکم بوو کە بەردەوام لە دەرەوەی وەزعەکەدا بوو. ئەو هەر خەریکی منداڵ بەخێوکردن و کاروباری ناو ماڵ بوو. من بە ئیستایشەوە نازانم گەر تەلەفۆنەکەی هەڵبگرتایە چۆن چۆنی دەیگوت ئلو! جاری وابوو هەستم دەکرد لە خەڵوەتی خۆیدا بە بێدەنگی تەمرینی ئەم وشەیەی دەکرد. بە جۆری جوولەی لێوەکانیدا دەمزانی.
دڵنیام سەرئەنجام ئەویش زاتی دەشکێ و، سامی تەلەفۆنەکە و شەرم لە باوەگەورە بۆ هەمیشە دەروونی ئەو و چوارچێوەی ئەم خانووە گڵینەیە جێ دێڵن. بۆ هەمیشە.

***

ڕۆژێک کاتێک بەرەو کتێبخانە دەچووم، بینیم جادەکە لە ڕۆژانی تری خۆی جیاوازە. خەڵکێکی زۆر لە هاتووچۆدا بوون. ئەوانەی سەرەوژوور دەبوونەوە بەپەلەتر لەوانەی وا سەرەوخواردەبوونەوە. لام سەیربوو. لە سەر حەساری ئەو قوتابخانە کۆنەی کە ساڵانی ساڵ بوو هیچ قوتابییەکی بەخۆیەوە نەبینیبوو و یەکسەر داخرابوو، بەڕیز خەڵکی لەسەر دانیشتبوو. بەر دەرگا ئاسنیە گەورەکەی، ئاپۆرایەکی سەیر دەبینرا. نزیکتر کەوتمەوە. هەرایەک بوو نەبێتەوە.
پرسیم چییە. گوتیان پاڵەوان بازییە! گوتیان کابرایەکی بەهێز خەریکی پچڕاندنی زنجیر و کاری سەیرو سەمەرەی ترە. وتیان قەرارە ماشینێک بەسەریا بڕوا! هەرچۆنێک بوو بە پاڵەپەستۆ منیش خۆم تێهاویشت و

ڕێگام بۆ ناو حەوشەکە کردەوە. پیاوێکی کەتەی ریش ماش و برینجیم لەو مەیدانەدا بینی وا خەڵکەکە دەوریاندابوو، بە شەرواڵێکی بەڵەکی سەوز و کراسێکی قۆڵ رووتەوە. بازووە گەورەکانی یەکسەر سەرنجی دەقۆستیتەوە. ئەوسا قژە بژ و لوولەکانی کە درێژ دەگەیشتنە سەر شانی ئەستور و پانی. چەند سندوق لە گۆشەیەکی مەیدانەکە کەوتبوون و پیاوێکی تر، کە دیاربوو هاوکاریەتی، لە تەنیشتیاندا دانیشتبوو. پاڵەوان بە بڵیندگۆیەک بە دەستییەوە بەردەوام لە گەڵ خەڵکەکە قسەی دەکرد. بەهۆی هەراهەرا و دەنگی ناڕوونی بڵیندگۆکەوە کە جاروبارە فیکەیەکی پیسی لێوەدەهات و مێشکی کاسدەکرد، تێگەیشتن لێی زۆر زەحمەت بوو. گەڕان و روو وەرگێڕانی بەردەوامیشی لەسەر کە ئیتر جگە لە غەڵبەغەڵبێکی بەردەوام هیچی تری لێوە نەدەهاتە گوێ. بەڵام من، پێم وابێ خەڵکیش، زیاتر لەوەی سەرقاڵی قسەکانی بین چاوەڕوانی ئەوە بووین کە داخۆ دەیەوێ چیمان پیشان بدات. پاڵەوان، لە سەر هەر دوو قۆڵ و روخساری زبری، جێ شوێنی برینی کۆن بوون. دەنگێکی گڕی هەبوو کە ئەوەندەی دیکە بەهێز و بەهەیبەتی نیشاندەدا. هاوکارەکەی ناوە ناوە هەڵدەستا و بەو سینییەوە بە دەستییەوە بوو، دەگەرا و داوای پارەی لە خەڵکەکە دەکرد. هەندێ دەستیان دەکرد بە گیرفانیاندا و پووڵە ورتکەیان تێدەهاویشت و هەندێکی تر، کە زۆرینە بوون، خۆیان لێ دەبوارد. هاوکارەکەی رادەوەستا و روو لەو کەسانە باسی لە هیمەت و لە پیاوچاکی و لە سەخاوەت دەکرد، لەوەی کە خێر گەورەترین چاکەیە و تەنیا شتێکە خودا ناتوانێ نەیبینێ! بەڵام زۆر جار بێسوود بوو. خەڵکەکە یان روویان وەردەگێڕا، یان لەبەردەمی

خۆیانیان دەڕوانی. هەڵبەت من بڕواناکەم زۆر کەسیش پارەی لە گیرفاندا بووبێت. سەرئەنجام سوڕی مەراسمەکە خێراتر بوو و پاڵەوان لە دووای خوتبەیەکی زۆر کە من تەنیا وشەگەلی وەک "ابالفضل، علی، جهان پهلوان، غیرت، نامرد، مرد، دنیا، حسین و..." شتی لەم بابەتم دەهاتە گوێ، دەستی کرد بە پاڵەوان بازییەکەی. هەموو نیگامان چووە سەر ئەو زنجیرە کوتوکوڵوفتەی بە دەوری بازووە کوتراوەکانییەوە بوو و دەیویست ئیستا نا ئیستا بیپچڕێ. پاڵەوان بە زنجیرەکەیەوە کە سێ قەفی بە دەوری هەر دوو بازوویدا خواردبوو، کەوتە جووڵەیەکی سەیر کە زیاتر لە سەمایەکی تایبەتی دەکرد. خولێ بەم لادا و خولێ بەولادا،... کووڕ بەسەر قاچە کراوەکانیدا. بە روخساری هەڵماسیوییەوە. لەو کاتەدا کە بەڕواڵەت زۆری بۆ خۆی دێنا زنجیرەکە بپسێنێ، گەییە لای ئێمە و یەکێک بە دەنگێکی بەرز گوتی ئەو سەگبابە درۆ ئەکا! پاڵەوان کە لەوە دەچوو حاڵی بووبێ، هاواری لە یەکێک لە ناو حەشیمەتەکەدا کرد کە بچێ و زنجیرەکە تاقی بکاتەوە. کابرا کە پیاوێکی تەمەن مامناوەندی بوو بە دڕدۆنگی خۆی لە خەڵکەکە جیاکردەوە و بە ئارامی لێی نزیک کەوتەوە. پاڵەوان نەڕاندی "مرد، زنجیرو بکش!" راستی دەکرد، زنجیرەکە لەوە سفت و قایمتر بوو دەینواند. بازووەکانی پاڵەوان شین و رەش ببوونەوە و ئەوەندەی تر رەگەکانی دەرتۆقیبوونە دەرەوە.

ـ "خدایا بده به مرد،تا نامرد بترکه!... آی... خدایا!"

لە دووای چەند پێچ و لوولخواردنی تر کە تەواو نەفەسی لە سینگی خەڵکەکەدا حەبس کردبوو، سەرئەنجام زنجیرەکە لە هەر سێ ریزیدا

یەک لە دووای یەک پسان و قورس قورس کەوتنە سەر زەوی. ئەوەی وا دەیگوت ئەو سەگبابە درۆ ئەکا لە پێش ئەوانی ترەوە دەستی بە چەپڵەلێدان کرد! مەیدانەکە گەرم ببوو. خەڵکەکە ئاگایان لە خۆیان نەمابوو. ئەو رۆژە پاڵەوان بە دیان ماشینێکی راگرت، بە مست چەندین بەردی شکاند، چەند وەزنەی قورسی بەرزکردەوە و، لەندرویێریێکیش بە سەر قۆلیدا رۆیشت. تەنانەت وەزنەیەکی قورسی تریشی کە بە پەتەوە گرێدرابوو، بە دیان هەڵگرت و بە پشتی سەری خۆیدا فڕێیدا. چەپڵە بە چەپڵەی دەگوت جێم بکەوە! من هەتا کۆتایی بەرنامەکە نەمامەوە. هەر بەو زەحمەتەی چووبوومە ژوورەوە، هاتمەوە دەرەوە.

من کە کتێبەکانم، سەرەڕای ئەوەی بەردەوام بە دەستمەوە بوون، لە بیرچووبوونەوە، کتوپڕ تێگەیشتم بەرگی یەکیان زۆر خراپ شکابووەوە و ئەوی تریشیان لە گۆشەکانەوە بە لاپەڕەکانەوە گرمۆڵە ببوو. تەواو پەشۆکام. باوەڕم نەدەکرد. لە گۆشەیەکدا هەڵتروشکام بۆ ئەوەی چاکیان بکەمەوە، بەڵام هەرچی کۆشام بێسوودبوو. راستکردەوەیان مەحاڵ بوو، وەک خۆیان لێدەهاتەوە. قوڵپی گریانێکی کتوپڕ بەربینگی گرتم. سەیری ئەو سەر جادەکەم کرد کە دەگەییە کتێبخانەکە. لە کاتێکدا فرمێسکەکان ئارام ئارام دەهاتنەخوارەوە، بڕیارمدا بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە.

ئەو شەوە خەوی زۆر ناخۆش ناخۆشم بینی. لە خەوەکەمدا بینای کتێبخانەکە نەمابوو، پاڵەوانەکە ببووە بەرپرسی کتێبخانەکە و کاتێک بینی کتێبەکان وەهایان لێهاتووە وەک زنجیرەکەی بە دەوری بازووەکانیدا پێچامی بۆ ئەوەی بمچڕێ! خەوم دی پوورم لە بڵێندگۆکەدا

به چاوه سوورەکانییەوە روو له من به تووڕەیی قسەی دەکرد، بێ ئەوەی من یەک تاقه وشه چییه لێی حاڵی بم. من کەڕ کەڕ له ناو دونیایەکدا، که بەدەورمدا هاواری دەکرد، بێدەسەڵات مابوومەوە.

بۆ بەیانی هەستم به لاوازییەکی سەیردەکرد. دایکم گوتی رۆڵه بۆ مەدرەسه درەنگ ئەبێ. هەرچیم کرد نەمتوان رابمه سەرپێ. تەبێکی زۆر جەستەی دەسووتاندم. هەتا سێ رۆژ لەناو جێگادا مامەوە. چوارەم رۆژ حاڵم باشتر بوو. پوورم گوتی بۆ ئەو رۆژه کتێبەکانت نەبردەوە، کتێبخانه داوای دەکاتەوە. شەرمێک گرتمی. کتێبەکانم پیشاندا و باسی ئەو رۆژەم بۆ گێڕایەوە. پوورم سەرەتا ناوچوانی تێکنا، ئەوسا بزەیەک گرتی. گوتی گرینگ نیه، به جەریمەیەک خەلاس ئەبێ. گوتی که چوویتەوە پێیان بڵێ لەگەڵ ئەو پێوەندی بگرن.

من رقم له خۆمه که پاڵەوانێک توانی ئەو رۆژه رێگای هەمیشەیی من له من تێکبدا، وەها که چەندین سەعات له کاتێکدا دوو کتێبم بەدەستەوە بوو راوەستم و سەیری ئەو بکەم. من تەنانەت دڵنیام پچڕاندنی ئەو زنجیرەیش فێڵێکی گەورەیه. کەس ناتوانێ کاری وەها بکات. بەڵام ئەو کردی. چۆن؟ نازانم. دیسان ساڵانی دوواتر بوو که زانیم هەموو ئەم کارانه لەسەر پووڵه. پێوانەی جیاکردنەوەی مەرد و نامردیش هەر پووڵه. ئەبەلفەزل و عەلی و حسێن و... هەمووی ئەو وشانەی وا پاڵەوانه بەستەزمانەکه دەیدرکاندن، بۆ پاره بوون! من تێگەیشتم بۆ ژیان و بەردەوامبوون تیایا، مرۆڤەکان هەموو شتێک دەکەن. ئەو بۆ ئەوەی به پاره بگا، رێگایشی له من تێکدابوو. هەرچەند پوورم دەڵێ خەتای خۆم بووه نەک ئەو.

سەرم لە گێژەوە دێت. حەزم بە رشانەوەیە. عەبە بێقۆلی ئامۆزام وێنەیەکی پاڵەوانەکە (کە ئیستا دەزانم ناوی 'ئەکبەر'ە) کڕیوە و بە ژوورەکەی خۆیدا هەڵیواسیوە. ئامۆژنم کە رقی لەو پیاوە نیوەڕووتەیە، چرنوک لە روومەتی خۆی دەگرێ و دەڵێ ئەیەڕۆ عەبە نگریس هەر ئەمە مابوو پێمان بکەی! بەڵام عەبە بێخەیاڵە. دەڵێ کەس بازووی وەها زلی نیە (دیارە مەبەستی لە شارەکەی ئیمەدایە). دەڵێ ئەویش دەبێ رۆژێک ببێ بە پاڵەوان. راستدەکا لەم شارەی ئێمە کەس بازووی زلی نیە، کەسیش پاڵەوان نیە. لێرە کەس بە بازوو زلکردنەوە مەشغوڵ نیە، بەڵام من هێشتا ئەوەم بۆ حەل نابێ چۆن بە دیانەکانی بۆکسەوادی بەو سەیارە زلە کردا؟ ئەها رەنگە شۆفیرەکە زیرەکانە گەمەی بە تەگەرەکان کردووە، گەمەیەک بە کلاچ و بە گاز کە تەنیا شۆفیرە شارەزاکان لێی دەزانن. بەڵام تۆ وای دابنێ لێی تێکبچێ، خۆ ئەوجا قوڕدەکرێ بەسەریا و یەکسەر لە کەمتر لە یەک چرکەدا ناودەمی وەک خانووی بێ کرێچی لێدێ!

بۆ هەفتەی دووایی من دەچمەوە سەر رەوڕەوەی ژیانی جارانم. لەبەر خۆمەوە بە خۆم دەڵێم ئیتر لەخۆوە خۆت نەهاویتە ناو هیچ قەرەباڵغییەکەوە. کە گەورەتر دەبم بە خۆم دەڵێم سەبارەت بە خەڵکی وشیاربە. پێم وابێ هەڵەیش ناکەم. ژمارەی ئەو کەسانەی رووودەکەنە کتێبخانە و ئەوانەی روو دەکەن پاڵەوان بازییەکەی حەوشەی قوتابخانەکە، ئەم راستییەم پێ دەڵێن. پێکەوە بەراورد ناکرێن. شتێک لە دەروونمەوە دەگوڕێنێ بازوو لە کتێب سەرنجڕاکێشترە.

لەو ساڵانەوە من دەبم بە جۆرێکی تر. هەڵبەت نازانم تا چەندە ئەمە ڕاستە. پێم وابێ ئێمە دەبێ هەندێ جار مل بدەینە چارەنووسمان، ئەگەرچی پێت وایە نابێ کەسی تر ڕێگای داهاتووت بۆ دیاری بکا. بیر لە قژی بژ و لوول و ماش و برینجیی پاڵەوانەکە دەکەمەوە، بیر لە جەستەی تەژی لە ماسولکە و کوتراوی،... بیر لە نیگاکانی کە بە پێچەوانەی جەستەی، ماندوو و شەکەت دەیاننواند. نازانم چەندەی کتێب خوێندبێتەوە، بەڵام ئەو ڕۆژە قسەی لێ نەدەبڕا. ئەوەی پێویستی بوو، بۆی دەهات،... دەیگوت،... دەیگوت و دەیگوتنەوە، بە بێ هیچ ترس و سڵەمینەوەیەک. سەرسامم.

باوکیشم ئەو ڕۆژە لە حەوشەکە بووە! پێم وابێ تەنیا باوەگەورە رووی لەوێ نەکردبوو. ئەو لە تەمەنێکدایە کە دونیا ئیتر لای فشەیە. چ زنجیرەکە بپچڕێنی یا نا، دەبێ بڕۆی. هیچ هێزێک دادت نادا. بەڵام شتێک لە دەروونەوە دەنگم دەدا کە کتێب وەها نیە، دادت دەدا. هەستدەکەم ئەبەدییەت لە لاپەڕەکانەوە گوزەردەکەن، نەک لە شوێنی ترەوە. بە بێ ئەوەی زۆر هێز بدەیتە خۆت و بە سینییەکەوە دەست لە خەڵکی پان بکەیتەوە.

***

ماوەیەکە باوەگەورە رووی خۆشە. کە دێتەوە، دەم بە بزەیە. ناوچاو تاڵییەکەی جارانی نەماوە. هەموو بنەماڵە لایان سەیرە. تەنیا پوورم گوێی لێ نیە. دایکیشم یەکجار خۆشحاڵە. ئاگام لێیە جاری وایە بە دەم شۆردنی جلەکانەوە لەبەر خۆیەوە گۆرانییەک دەڵێتەوە. نازانم چییە، وشەکان شاراوەن، تەنیا ئاهەنگەکە دێتە گوێم. ڕەنگە یەکێک لەو

گۆرانییانەی بێت وا بەسەر منداڵەکانیدا هەڵیدەڵێ. ئاهەنگێک نە شاد و نە غەمگین. وەک ئەو ئاهەنگانەی دەستپێکن بۆ بیرکردنەوە، سەرەتایەک بۆ سەرەتای رەوتێکی تر. منیش خۆشحاڵم. هیچ شتێک لە دونیادا لە بزەی سەر لێوی پیاوی تووڕە جوانتر نیە. دایکم بە بێ ئەوەی من پرسیارم لێکردبێ، بە چاوە ئارام و نەرمەکانی لێم زیت دەبێتەوە و، دەڵێ "ئینشاڵڵا بەردەوام دەبێ!" منیش ناپرسم چی. ئاخر دەزانم باسی چی دەکا. منیش بە چاوەکانم پێدەکەنم،... رەنگە. لە دوورەوە دەنگی خوێندنی کەڵەشێرێک دێت. دووانیوەڕۆیەکی رۆژێکی هاوینییە. ئەگەرچی خوێندنی کەڵەبابەکان خەمگینم دەکەن، بەڵام بزەکە لە نیگاکانم وننابن. دیسان لە دوورەوە دەنگی دەستفرۆشێک دێت "وەرن بۆ شۆرمەزەی کولێو،... دەی یاڵڵا وەرەن!" لەسەر گوێسبانەکەوە پشیلە هەمیشەییەکە خۆی دەکێشێتەوە و دەمی دەلێسێتەوە. دەزانم مشکێک، یان چۆلەکەیەکی تر بووە بە قوربانی. بەڵام گرینگ نیە، موهیم ئەوەیە باوەگەورە بزەی لە سەر لێوە. ئەو بزەیەی تەنانەت لە کاتی نوێژخوێندن لە سەر بەردەنوێژەکەیش ون نابێ و، وەک تەڕایی حەوزە چیمەنتۆکەی بەر شێرەئاوەکە خێرا لەبەر هەتاودا نابێ بە هەڵم. ئەم رۆژانە منداڵەکانیش زیاتر لە کاتەکانی تر جورئەتی کایەکردنیان هەیە. جووڵە و دەنگیان زۆرترە. ژیان لای ئێمە بەهێزتر دەنوێنێ. وەک بڵێی درەختی ژیان رەگێکی زیاتری داکوتابێ. لەو بن بنانەوە. لەو هەسارەیەی بۆ خۆیشی نازانێ بۆ میلیۆنان ساڵە بە دەوری هەتاو و بە دەروی خۆیدا دەسوڕێتەوە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە مەلای گەڕەک ماوەیەکە لە خوتبەکانیدا زۆر باسی حۆرییەکان دەکا،... حۆرییەکانی بەهەشت دەڵێم. دەڵێ موسوڵمانی ڕاستەقینە و خوداترس کە لە سایەی ڕەحمەتی خوداوە و بەگوێرەی وەعدی حەقتەعالاوە دەچێتە بەهەشت، گەلێک لەم حۆرییانەی پێ دەبەخشرێ. دەڵێ ژیانی ڕاستەقینە لە ڕاستیدا لەوێیە و نەک لێرە. ئەوسا یەک بە یەک تایبەتمەندیی حۆرییەکان هەڵدەدا. باس لە چواردە سیفەتیان دەکا. پاک و پاکیزەن، هیچ نوقسانێکیان نیە، وەک مرواری لە سەدەفدا شاراوەن، ناز و غەمزەیان تەنیا بۆ هاوسەرەکانیانە. کە دەگاتە ئێرە باوەگەورە هەناسەی سواردەبێ و هەستدەکا ناتوانێ هەڵیکێشێ. وەک چۆن جامۆڵکەیەک خێرا پڕدەبێ لە ئاو و، لێوڕێژ دەکا. ڕاوەستە مەلا،... ڕاوەستە! تکایە جارێکی تر لە سەرەتاوە! بەڵام ئەم قسانەی بە زاردا نایەت. وشەکان و ڕستەکان دەخواتەوە. خراپتر. لەوانەیە بخنکێ. گەر باوەشێنێکی لێ بووایە دەستی دەدایە و کەمێک هەواکەی دەوری جەستەی خۆی دەجووڵاند. ئاە خوای گەورەیش چەند سەیرە کە هەموو شتە باشەکانی وەها دوورخستووەتەوە، عەقڵ نایبڕێ. ئەوسا مەلا دیسان بەردەوام دەبێ. ئەویش ئاگری نیگاکان دەبینێ،... دەیانخوێنێتەوە: وەک یاقوت و مەرجانن، کچن و هێشتا هیچ عیبادەت ئەلبەشەریک دەستی لێنەداون، تەنیا دانراون بۆ تۆ، بۆ ئەوەی تازە لە پردی سیڕات پەڕیوەتەوە و ئاودیوی دەرگا بەناوبانگەکە بووە، جوانیی دەروونی و جەستەییان لە ترۆپکدایە،... ئاە، باوەگەورە لێرەدا پرسیاری هەیە. حەزدەکا بپەڕێتە ناو قسەکانی مەلای میهرەبانەوە و بڵێ دەزانم لە دونیادا نموونەی وەها نیە، بەڵام نێزیک

لەو بابەتە هەیە؟ هەڵبەت ناپرسێ. هەروا بێدەنگ و تامەزرۆ لە دەمی مەلا دەڕوانێ. ئا، تەنیا لە دەمی. ئەوسا دێتەوە بیری مەلا خاوەن ژنێکی یەکجار جوانە. رەنگە بیست سی ساڵێکیش لە خودی مەلا گەنجتر. سپی وەک کەلەرم،... ئاڵ وەک سێوەلاسوورە. ئاە خۆزگەم بەخۆی، دەست بخاتە سەر هەر کەسێک یەک و دووی نیە، بە بێ راوەستان دەیدەنێ. باوەگەورە حەسرەتی ئەوە دەخوا بۆ نەبوو بە مەلا. بگرە جاری وایە هەستدەکا رقی لە باوکییەتی. باشە خەڵکی باوکی هەیە و منیش باوک! مەگەر من چیم کەمترە لە هەموو ئەوانەی رۆژێک لە رۆژان بوون بە فەقێ و، دوواتر بوون بە کوڕی باوکی خۆیان.
مەلا درێژەی دەدا: ئەوان هاوتای هاوسەرانی خۆیانن، ئەوەندە وردەکاری لە جوانیاندا کراوە کە ئەقڵ نایگاتێ، بەشێوەی نوێ خوڵقاون. باوەگەورە لەمە ناگا، یەعنی دەگا،... بەڵام... بەڵام نەک تەواو. پێویستی بە کەمێک شیکاری زیاتر هەیە. دیسان حەزدەکا وەک منداڵی قوتابخانەکان دەست بەرزکاتەوە بۆ پرسیارێک. سەر لە نوێ پەشیمان دەبێتەوە. نا، دەبێ تەنیا گوێبگرێ. نەکا مەلا و ئەوانەی وا بە دەورووبەرییەوە دانیشتوون، پێی پێبکەنن. جا بۆیە هەوڵدەدا خۆی موشکیلەکەی خۆی حەل بکا. بە دەم رێگای ماڵەوە بیر لە خوڵقانی نوێ دەکاتەوە. داخۆ مانای ئەوەیە سەرلەنوێ سازیان دەکاتەوە، یان تەنیا عەیبەکانیان رەفع دەکا! بیردەکاتەوە و بیردەکاتەوە. ئەوسا لەبەر ئەوەی نەکا بەشێوەی بێ جێ و نەشیاو خۆی هەڵقورتاندبێتە کاری خوداوە، دەست هەڵدەگرێ و لەبەر خۆیەوە دەڵێ چ کارم بەم بەشەی داوە، موهیم ئەوەیە بە شێوەی نوێ خوڵقاوە و تەواو!

ئەوەی وا لە تەنیشت راستی باوەگەورەوە دانیشتووە، سەر بەرزناکاتەوە. بەردەوام لە عەرزەکە دەڕوانێ و تەسبێحەکەیشی دەگێڕێ. ورتە ورتی دێت. باوەگەورە لە پرتەپرتەکەی تووڕەیە. ناهێڵێ گوێی لە حەقایەتی خۆشی دونیای دووای مردن بێت. بە لاچاو لێی دەڕوانێ. دەیناسێ. ئەویش بە گۆچانەکەیەوە زۆربەی رۆژ لەبەر ئەم دووکان و ئەو دووکاندا دادەنیشێ و لە دونیا دەڕوانێ. پیرێکی رەشتاڵەی روخسار پڕ لە چرچ و لۆچ کە لە یەکێک لە گەڕەکە پەراوێزەکانی شاردا دەژی. باوەگەورە بیر دەکاتەوە "خوایە چەند زۆرین!" ئا، راستدەکا، زۆرن. لەو زۆرانەی وا لاکەوتەن و کەس سەرنجی لە سەریان نیە. وەک بڵێی لەو دیو سنوورەکانی ژیانەوە حسێبیان بۆ دەکرێ. ئاهێک هەڵدەکێشێ و گوێ بۆ مەلا شلدەکاتەوە: هەمیشە کچۆڵەن، کچن، یەک هەزار جاریش لەگەڵیان جووت بی، بەڵام کچێتیان دووبارە نوێ دەبێتەوە. ئەڵلا لەو خالیقە! خۆش قسە و خۆش زمانن. هەر حەزدەکەی لەگەڵیان دانیشی و گوێیان لێبگری. قسەیان لێنابرێ، ئەوەندەیش بەجوانی باسی شتەکان دەکەن کە هەر حەزناکەی تەواوبێ. سەرئەنجام ئەوەیکە یەکجار گەنجیشن. بگرە بە حەول و قووەتی خودا قەت پیر نابن. پێست و چاویان هەمیشە گەش، قژیان بە بریقە و لێوەکانیان تەڕ وەک ئاوی ژیان. ماشاڵلا لە ئیرادە و لە قودرەتی حەقتەعالا!

باوەگەورە دیسان دڵی پڕدەبێتەوە. خوایە بۆ خێرا نامکوژی، من ئیتر نامەوێ بژیم،... ئای خوایە گیان! بەڵام بیری مەرگ کەمێک دەیسڵەمێنێتەوە. جۆرێک لە گومان لە دەروونیدا سەرهەڵدەدا. لە

دەوروبەری خۆی، لە ژێر لەپی دەستییەوە دەڕوانێ. نەکا کەسێک لەم گوناحە دەروونییە ئاگاداربێت. بەڵام نا، مزگەوت و حەشیمەتەکەی ناوی وەک خۆین. وەک تاوێک لەوە پێش. سوکنایی دێت. بەس دەبێ وشیاربێت شەیتان سەرلەنوێ فریوی نەداتەوە. دێتەوە بیری تەنیا مەلایکەکانی سەر شانی ئاگایان لە وەها گوناحێک هەیە. دەزانێ نووسیویانە. ئەوان دەبێ راپۆرتی خۆیان بدەن. وەها چێکراون. کەس نابوێرن. لەبەر خۆیەوە دەڵێ خودا دەلیلی داماوانە. دەڵێ لە خۆوە نیە لە تەنیشت جەهەننەم بەهەشتیشی خوڵقاندووە. ئەوجا ورد ورد فرمێسکە بێدەنگەکان بە گۆنایدا دێتەخوارەوە. بە خۆی دەڵێ جا جەهەننەم لەمە زیاتر،... ها لەمە زیاتر! چەند جوێنێک ئاراستەی کوڕەکانی دەکا، بەتایبەت رەحمان. ئیستا ئیتر دڵنیایە کافرن و دراوسێی درگابەدرگای شەیتانن. حەک بە ئاگری جەهەننەم بسووتێن!... حەک!

مامۆستا سەروبەری خوتبەکەی بە دۆعا یەک دێنێتەوە و، بەم شێوەیە مزگەوت دەکەوێتە پشوو. پیرەکان یەک لە دووای یەک وەدەردەکەون. باوەگەورە لە دوواوە لێیاندەڕوانێ. ئەو ساڵانە چەند ئەم رۆژانەی لا دوور دەهاتە بەر چاو. ژیان چەندە خۆی دەکێشا. لەم بیرانەدا بوو کە مامۆستا دەنگیدا. باوەگەورە راوەستا.

ـ مەولوویی خوێندنە، لە مالێ فەقێ رەسوڵ.

باوەگەورە دەڵێ بێگومان دێت. خۆشحاڵە کاتێک لە مەولوویی خوێندن دەگەڕێتەوە گیرفانی بەشی ئەوەندە پڕە لە دیاری کە بە کوڕەزاکانی و

**به هەموو خێزانی بدات. به گیرفانی پڕ گەڕانەوه بۆ ماڵیشەوه چ حاڵ و هەوایەکی هەیه.**

**ئا، باوەگەوره ماوەیەکه یەکجار خەنییه. بەڵام خەنیبوونەکەی بەری به تووڕەبوونەکانی نەگرتووه. خێرا گەڕانەوه. دەڵێی دەستەکا به گیرفانیدا و دەریاندێنێ و به کەیفی خۆی دابەشیاندەکا، وەک نوقڵی مەولوودییەکەی فەقێ رەسوڵ. تەنیا جیاوازییەکەی ئەوەیه که ئەمەیان هی خۆیەتی. باوەگەوره له تووڕەییەکانیدا خۆیەتی. بۆیه گرینگه له بیریان نەکا. من هەستدەکەم تەواو تێیدەگەم. تەنانەت دایکیشم. بۆیه که دەستپێدەکاتەوه، ئێمه ئامادەین. رەنگه به جۆرێکیش پێمان خۆشه. مەگەر وەها نیه هەموو کەس بیری رابردوو دەکا؟ بێگومان. بۆیه بۆ یەکەم جار که دیسان تووڕەدەبێتەوه، من و دایکم لەبەر خۆمانەوه بزەیەکمان دێتێ. له ئاسمان دەڕوانم و له ژێر ئەم سەقفه شینه بڵێندەدا بۆ یەکەم جار له ژیانی کورتمدا هەستدەکەم ئێمه هەموومان چەنده گوناحین. تەنانەت گەر به هەزاران ساڵ له تەمەنیشت گوزەرابێت.**

**باوەگەوره تا تەواو دەچێتەوه سەر ریتمەکەی جارانی، ئیستا شتێکه له نێوان تووڕەیی و خۆشحاڵی. خولێک ئەم و خولێک ئەوی تریان. بەڵام لام وایه ژیان سەرلەنوێ پێی گوتۆتەوه جارێکه زۆر به خەیاڵی حۆرییەکانەوه نەژی. ئەویش زیرەکه، تێدەگا،... ناژی. قسەکانی مەلا جارێکی تر وەک چیرۆکی ناو کتێبەکانیان لێدێت که من دەیانخوێنمەوه. تەنیا لەوێ له دوو توێی کتێبەکاندا هەن و دەژین، تەنیا ئەو کاته هەن تۆ دەیانخوێنیتەوه. ئەو چیرۆکانەی وا خوێندنەوه و گوێگرتن ژیانیان به بەردا دەکەنەوه و،... ئیتر هیچ.**

***

من له مێشەکان له دووانیوەڕۆیانی گەرم و بێدەنگی هاویناندا به وردی رووانیومه، لەو کاتەیدا هەموو خێزان له دووای ژەمی نیوەڕۆ خەوتوون و سەرەڕای ئەوەی پەنجەرەکان چوارتاق کراوەن، بەڵام ئارەقێکی نەرم ناوچاوان، گەردن و ناو پشتیان داگیردەکەن. شتێک دەکوڵێ.
هەتاو دونیا دەبرژێنێ. مێشەکان شێتانه دێن و دەچن و ویزەویزیانه. له هەموو شتێک دەنیشن. به تایبەت به شوێن وردەنانی دووای ژەمی نیوەڕۆ لەسەر بەڕەکه وێڵن. لەسەر شووشه لووسەکان دەخلیسکێن و شێتانه دیسان پیایانا سەردەکەونەوە. دەیان و دەیان جار. بەیەکا دەپسن. له کەمتر له یەک چرکەدا له چاو ونده‌بن. هەر ئەوەندەیش ون بن، ئیتر نایانناسیتەوە. وەک ژاپۆنی و چینییەکان هەموویان لەیەکتر دەچن. تەنیا له قەوارەدا جیاوازن. بەڵام نا، سەوزەکانیان که کەمن و یەکجار گەورەن، لەوانی تر جیادەکەیتەوە. رەشەکانیان ورد و درشتن. هەمیشه به قاچەکانی پێشەوەیان خەریکی خوراندنی سەروچاوی خۆیانن. قاوەییەکانیشیان هەمان شێوازن. گووەمێشەکان شووشەکانیان داگیرکردووە. به چەند رۆژ جارێک هەم دایکم و هەم پوورم دەستماڵێکی تەڕیان پیادێنن. جاری وایه دەبێ بیانکرێنن.
مێشەکان وازناهێنن. به بێ ئیزن پێتەوه دەنیشن. گازت لێدەگرن. ئەوەنده دەست رادەوەشێنی و له خۆتیان دووردەکەیتەوه که جاری وایه تاقەتت نامێنێ. وەڕەزدەبی. بڵێی شتێک هەبێ بتوانێ له دەست ئەم بوونەوەره بچووکه نەگبەتانه قوتارت بکا؟ ئاه، ئەستەمه،... باوەڕناکەم.

له ماڵی جەمشیدیش مێش زۆرن، بەڵام نەک وەک ماڵی ئێمە. وەک بڵێی ئاغای ئەسەدی بە دەمانچەکەی دەیانکوژێ، یان رەنگە لە ئاغای ئەسەدی دەترسن و ناوێرن خۆیان زۆر دەربخەن. گەڕەکی خانەسازمانییەکان جۆرێکی ترە. رۆژێک لە جەمشید دەپرسم داخۆ قەت لە مێشەکانی روانیوە، داخۆ قەت بە وردی سەرنجی داون. جەمشید بە سەرسوڕمانەوە لێم دەڕوانێ. دەڵێم راستی زستانان بۆ کوێ دەچن و، هاوینان دیسان چۆن پەیدادەبنەوە؟ من لام وایە چەند دانەیەکیان خۆیان لە شوێنێک حەشاردەدەن و کاتێک هەوا گەرم دەبێتەوە و رۆژەکان سەرلەنوێ درێژدەبنەوە، سەروسەکوتیان پەیدادەبێتەوە. ئەوان لەگەڵ ئەوەی دەمرن، بەڵام بەردەوامن.

باوەگەورە پێش ئەوەی دووانیوەڕۆیان بنوێ، پەنجەرەکان دەکاتەوە و بە پەڕۆیەکی زل کە شێتانە هەڵیدەسوڕێنێ مێشەکان لە ژوورەکە دەردەکا. باوکیشم و تەنانەت دایکیشم هەر وادەکەن. بەڵام مێشەکان زیرەکترن. هەندێکیان خۆیان لە کون و پەسێوەکاندا یاخود بە سەقفەکەوە حەشاردەدەن، هەتا ئەوان ماندوو دەبن. بۆیە هەمیشە مێشێک هەیە لە کاتی شکاندنی سەرخەوێکدا بە سەر لووت، لاچاو یان گۆشەی دەم و نێوان پەنجەکانی قاچەکانتەوە بنیشن. باوەگەورە دەبۆڵێنێ و دەڵێ زەمانی قەدیم وەها نەبوو، لەگەڵ ئەوەی زۆرتر بوون کەچی تەحەمولکردنیان ئاسانتر بوو.

من لام وایە مێشی شاری لە مێشی لادێ جیاوازترن. ئەوان دەزانن بە کوێتەوە دەنیشن.

هەتا ڕۆژێک کاتێک باوکم دێتەوە، لەگەڵ خۆی شتێکی پلاستیکی دێنێتەوە کە لە خاکەناز دەکا. بچووکە. سی سانتیمێک دەبێ و نەرمە. باوکم کە چاوەکانی پێدەکەنن دەڵێ ئەمە مێشکوژە، دەتوانین زۆر بە ئاسانی مێشەکانی پێ بکوژین! ئەوسا لەبەر چاوی هەمووماندا تاقی دەکاتەوە. یەک لە دووای یەک بە شێوەیەکی سەیر چەندین مێش کەلەلا دەکا. مێشەکان بە هەزاران وردەچاوی چوارگۆشەوە و سەرەڕای هەموو سرک و زیرەکییان، بەڵام لە مێشکوژەکە دەربازنابن و بە سەر دیوار، پەنجەرە و سەر بەڕەکەوە پان و پلیش دەبنەوە. دەڵێم باوکە دەتوانم تاقی بکەمەوە؟ دەیداتە دەستم. ئەو ڕۆژە هەتا باوەگەورە هاتەوە هەر خەریکی مێشکوشتن بووم. باوەگەورە بە دیتنی مێشکوژەکە وەها موعجیب بوو کە لە تەنیشت خۆیەوە داینا و کەس بۆی نەبوو دەستی بداتێ. بۆ سبەی باوکم یەکی تری کڕی و، بەم شێوەیە لە ماڵی ئێمە مێشەکان روویان لە کزی کرد.

ئەوەندەی من بزانم و هەڵەنەکەم، ماڵی ئێمە لە گەڕەکەکە دیسان یەکەم خانوو بووین، وەک تەلەفۆنەکە، بووین بە خاوەنی مێشکوژ. شانازییەکی دیکەمان پێ بڕا.

باوکم لە دووای ئەوەی مێشکوژەکەی کڕی، زانیارییەکانی لەسەر مێش یەکجار زیادی کردبوو. دەڵێ مێشێک لە هەفتەیەکەوە تا سێ هەفتە دەژی، دەڵی بێ ئەژمار گەرادەخەن و لە ناو چاوەکانیاندا خاوەنی هەزارانی چاوی چوارگۆشەئاسای دیکەن. دەڵێ بە سەدان هەزار جۆریان هەیە و تەنانەت بەکەڵکیشن. مێشەکان لە خاوێنکردنەوەی ژینگە دەوری گرینگیان هەیە و کانگای خواردنی چاکن بۆ قرپۆک و مارمێلک و

تەنانەت باڵندەکان. دەڵێ هەڵبەت بەهۆی ئەوەی لەسەر پاشماوەکانی مرۆڤ و کەلاکی ئاژەڵ دەنیشن، دەبنە هۆکاری بڵاوبوونەوەی میکرۆب و بۆیە هەبوونیان لەماڵەوە خەتەرە.

بەم پێیە مێشەکان تەنیا بۆیان هەیە لەسەر تەرمی مرۆڤ بنیشن.

من شێتانە خەریکی مێش کوشتنم. تەنانەت ماوەیەکە زۆر تاقەتی خوێندنەوەی کتێبەکانیشم نەماوە و، بێ خەم لە چاکەی مێشەکان خەریکی پانکردنەوەیانم. میشکوژەکە دەدڕێ. بە پەتێک پێکیەوە دەیلکێنمەوە. ئەو خێراییەی جارانی نەماوە، بەڵام هێشتا چەکی چاکە. من وەک باوەگەورە نیم کە لاقم راکێشم و بە چواردەوری خۆمدا بە وردی چاوبگێڕم بزانم کەی مێشێک لە نزیکمەوە دەنیشێ، بۆ ئەوەی بیکوژم. نا، من دەگەڕێم. لێرەوە بۆ ئەوێ، لەوێوە بۆ ئێرە، لەم ژوورەوە بۆ ئەو ژوور. بەم شێوەیە هاوین لە کۆتایی خۆی نزیک دەکەوێتەوە.

ئاغای ئەسەدیش دوو مێشکوژی کڕیوە: یەک سەوز و ئەوی تریان زەرد. جەمشید حەزی لە سەوزەکەیە و هەمیشە لە ژوورەکەی خۆیدا رایگرتووە. بۆ خۆشییەوە ژوورەکەی من ئەوەندە تاریکە کە نایەهەوێ. مێشەکان حەزیان بەوێ نیە.

من کە لام وایە بۆ ساڵێکی تر چیتر مێشمان نابێ، بە دیتنەوەیان سەرم لێ سووڕدەمێنێ. بە نیگایەکی پڕ لە پرسیارەوە لە باوکم دەڕوانم. باوکم دەڵێ گەراکان کە لە ناو کون و کەلەبەرەکاندان دەمێننەوە و کاتێک هەوا گەرم دەبێتەوە، دەتروکێن و مێشەکان سەرلەنوێ لە دایکدەبنەوە. دەڵێم گەراکانیان چۆنن، چ رەنگن؟ باوکم وەڵامی پێ نیە. من چەند رۆژێکیش بە شوینیاندا دەگەڕێم، بەڵام بێسوودە. بەچاو

نابینرێن. بۆیە هاوینەکەی تر وەک هاوینی پار ناکەم و لەگەڵ ئەوەی بەردەوامم لە کوشتنیان، بەڵام هەر وەک جاران بە کتێبەکانیشەوە سەرقاڵ دەبم.

ئەو هاوینە دیسان هەواڵێکی نوێ دێ. دەرمانی مێشکوشتن! باوکم هەموو دەرگا و پەنجەرکان دادەخا و ئەوسا 'ئەفکەن'ەکە دەپژێنێ. کەس بۆی نیە تا نیوسەعات بچێتە ژوورەوە. ساڵێکی تر تۆڕ دێت، تۆڕێک کە دەتوانی بە پەنجەرەکانیاندا بگری. بەم شێوەیە هەتا ساڵەکان زیات تێدەپەڕن، ژوورەکان لە تەراتێنی مێش زیاتر دەربازدەبن. باوکم دەڵێ نیشتمان لە پیشکەوتندایە. منیش سەرێک رادەوەشێنم و بەڕاستی پێم وایە لە پێشکەوتندایە. تەنیا خراپەی ئەم پێشکەوتنە لەوەدایە باوەگەورە ئیستا بۆ خەوی نیوەڕۆیان ناچێتە ژوورەکەی خۆی و لە کاتێکدا مێشکوژەکەی لە تەنیشتدایە هەر لەوێ لە ژووری دانیشتنەکە خەوی لێدەکەوێ. ئێمە کە مافی ئەوەمان نیە بچینە ژوورەکەی خۆی، دەکشێێنەوە بۆ حەوشێ و بۆ تاقە ژوورەکەی خۆمان کە لەوێیش باوکم نوستووە. من لەو ساڵانەوە فێربووم لە حەوشێ دابنیشم و زیاتر بە بۆنی خاک ئاشنا بم کە بەهۆی گەرماوە بەلێشاو بەرەو ئاسمان دەکشا. بەڵام گەورەتریش ببووم. لە یەکێک لەم دانیشتانەدا بوو کە رۆژێک هاورێیەکی هاوگەڕەکی خۆم لە دەرگای دا و، گوتی نایەی بچین بۆ مەلە؟ من کە سەرەتا کەمێک دڕدۆنگ بووم، کتوپڕ هەستم کرد بە بێ ئەوەی لە گەورەکان ئیزن بخوازم دەتوانم بچم. ئارام دەرگاکەم لە دووای خۆم پێوەدا و لەگەڵیا رۆیشتم. ئەگەرچی مەلەم نەدەزانی، بەڵام ئەو رۆژەم زۆر بە خۆشی لێ رۆیشت. لەسەر کانییەک کە ئەوەندە لە

گۆمەکە دوورنەبوو بۆ ئاوخواردنەوە لاماندا. لەوێیش مێشەکانم بینی. بە هاورێکەم گوت دەکرێ رۆژانی تریش بێینەوە؟ گوتی بۆ نا.
لەسەر رێگایماڵەوە، لە بەر دەرگای خانووی یەکێک لە گەڕەکەکانی قەراخ شار منداڵێکی دوو سێ ساڵانم بینی کە بە تیکەیەک نانی وشکەوە دانیشتبوو و پۆلێک مێش لە دەم و لووتی چڵماوی و پیسی ئاڵابوون. منداڵەکە بە چاوە زیتەکانی لە ئێمەی دەرووانی. هاورێکەم پێکەنی. من دڵنیا بووم ئەم ماڵە نە مێشکوژیان هەیە و نە ئەفکەن و نە تۆڕ. دڵنیابووم هێشتا ناوەکانیشیان نەبیستبوو. جۆرێک لە بەزەیی و خەم لێم ئاڵا. رقم لە هاورێکەم بووەوە کە پێکەنی. بۆ رۆژی دووایی کاتێک هاتەوە بە شوێنمدا، لەگەڵی نەچووم. گوتم کارم هەیە.
شەوێک باوەگەورە کە هەمیشە بێدەنگ دادەنیشت و کەسی نەدەدواند، لە کردەیەکی سەیردا روویکردە باوکم و پرسی کە داخۆ بۆ مێشولە چارەیەک نەبینراوەتەوە. گوتی خراپی ئەوان ئەوەیە بە تاریکی هەڵدەفڕن و بۆیە بینینەوە و کوشتنیان بە مێشکوژەکە زەحمەتە. باوکم کە وەڵامی پێ نەبوو، پیشنیاری پێکرد شەوانەیش بە مەلافەوە بخەوێ، لەبەر ئەوەی چونکە زۆر گەرم نیە دەتوانێ بیکێشێ بە سەر سەری خۆیدا و ئیتر بێخەم هەتا بەیانی لێی بنوێ. باوەگەورە کە ئەم جوابەی بە دڵ نەبوو، رووی لێوەرگێڕا و لە داخا وەها میشێکی تری کوشت کە شڵپەکەی لە ناو ژوورەکدا هەمووومانی داچڵەکاند. ئەو میشەی وا ماوەیەک بوو دەوروخولی دەدا و، ئەم بە هۆی قسەکردن لە گەڵ باوکم فریای پانکردنەوە نەکەوتبوو.

ڕاستی مێشوولەکانیش زەحمەتن. من پێم وایە پاشا دەبێ مشوورێکی ئەوانیش بخوا. هەرچەند ئەفکەن و تۆڕی پەنجەرەکان لە ژمارەی ئەوانیشی یەکجار کەم کردووەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەستی مێشکوژەکە نایانگاتێ، بەردەوام مایەی ئازاری خێزانن.
ڕێک پێش ساڵی پەنجاو حەوت هەواڵێک بڵاودەبێتەوە. دەڵێن بە پارچەی تۆڕی دەتوانن بە دەوری جێگای خەوەکەتاندا ژوورۆچکەیەک سازبکەن، وەها کە مێشولەیش نەتوانێ زەفەری پێ ببات.
باوکم بە خۆشحاڵی لێم دەڕوانێ و دەڵێ نەمگوت پاشا مشوورێکی ئەمەیش دەخوا!
ڕاستی پرسیارێک! ئەوەی باوکم کڕیبووی ناوی مێشکوژ بوو، ئەی ئەوەی مێشی پێ دەکوژێ ناوی چییە؟ ئەویش مێشکوژ!؟ نا، نابێ. پێم وابێ دەبێ ناوێکی تری بۆ بدۆزرێتەوە. بۆ وێنە مێشبکوژ! دیارە ئەمە تەنیا پێشنیارێکە. کتێبەکان دەڵێن هەتا زمان وشەی زیاتر بێت، ئەوا ئەقڵ ڕوونترە.

***

ماڵی خازوڵەیخا کە تەمەنی لە سەرووی پەنجاکانەوەیەوە و خاوەن مێردێکی کوێری بەتەمەنتر لە خۆیەتی، ماوەیەکە کرێچییەکی تازەیان بۆ هاتووە. بەکرە کوێر زۆر کەم لە ماڵ دێتەدەرەوە. لەڕ و لاواز بە گۆچانێکەوە جاروبارە لەبەر دەرگادا ڕادەوەستێ و گوێ بۆ دونیا ڕادەدێرێ. دەڵێن ژنەکەی هەمیشە پەنجەرەکەی بۆ دەخاتە سەرپشت بۆ ئەوەی بێتاقەت نەبێ. بەکر هەموو دەنگەکانی کۆڵان و شار هەتا قوولاییەکانیان دەناسێتەوە. بگرە لە شێواوییاندا جۆرێک لە هارمۆنیای

پەیداکردووە. دەنگی کوتانی تەنەکە، ئاسن، دەنگی خوێندنی کەڵەشێر، هاتووچۆی ماشینەکان، چۆلەکەکان، هەراهەرای دراوسێکان و... هەر هەموویان لای ئەو پێکەوە سەمفۆنیای ژیانی ئەم شارە دەژەنن. بەکرەکوێر ئەوەندەی گوێ گرتووە، گوێکانی کشاون و لە هی خەڵکی زلتر بوونە. ژنەکەی لێی دەڕوانێ و ئاە هەڵدەکێشێ. کەس نازانێ لە خەفەتایە یان هی پلیکانەکانە.

چاوەکانی بەکر ئەوەندە قووڵن پیاو کە لێیان ورددەبێتەوە، دەترسێ. تەنانەت دەمیشی بە چاڵا چووە. دیانەکانیشی زۆربەیان نەماون. وەک دەڵێن زیاتر تریت دەخوا،... بەهەرحاڵ شتی ئاوەکی. خازوڵەیخا دەڵێ عادەتی گرتووە. جاوینی تریتیش بە بێ دیان ئەوەندە ئاسان نیە. من جاری وایە بەکرەکوێرم بینیوە کە دەست لە سەر شانی ژنەکەی چووە بۆ بازاڕ. وەک دەڵێن بۆ خێر کۆکردنەوە دەچن. هەرچەند زۆر جار خێر و خێراتەکەیان بۆ دەچێتە ماڵەوە، بەڵام وادیارە جاری وایە لێیان دەبڕێ و بەناچار بە جووتە رێگای کۆڵان و شەقام دەگرنەبەر.

خازوڵەیخا لە حەوشەکەی خاوەنی دوو ژووره بە داڵانێکی بچووک بە دەمیانەوە. خوا گەیاندی و رۆژێک کابرایەکی عەجەم کە جل و بەرگی پۆلیسی لەبەردا بوو خۆی بە حەوشەکەدا کرد و پرسیاری خانووی چۆڵی لێکرد. وەک بڵێی لەوە پێش کەسێک پێی گوتبێ، لەبەر ئەوەی زۆر دڵنیا دەهاتە بەرچاو کە بەکرەکوێر ژووری زیایی هەیە. خازوڵەیخا لێی تێنەدەگەیشت، بەڵام کاتێک رستەکانی تەواو دەبوو بە گشتی دەیزانی باسی چی دەکا. کابرای عەجەمیش کە خەڵکی بەندەرعەبباس بوو و رەشتاڵە و خاوەن باڵایەکی مامناوەندی، ئەوەندە

به چاوەکانی میهرەبان دەهاتە بەرچاو کە خازوڵەیخا بە بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە هەبوونی پیاوێکی غەریبە لە ماڵەکەی باش نیە، ژوورەکانی پێدا. جگە لەمە قەت لە ژیانیدا ئەوەندە بەختی نەببوو. ئاخر لە تەواوی هەموو ئەم ساڵانەدا کەس داوای ئەو دوو ژوورەی لێنەکردبوو و ئەم نیوەچڵ وەک عەممار کەڵکی لێوەردەگرتن.

کاتێک کاکی پاسەبان لە دووای دوو رۆژ کەلوپەلی گواستەوە و لە خانووەکە جێگیر بوو، تەواوی خەڵکی گەڕەک واقیان وڕما. چۆن دەکرێ پیاوێکی سەڵت لە ماڵێکدا کە پیاوەکەی کوێرە و ژنەکەیشی هێشتا بەبەرییەوە ماوە، دامەزرێ!؟ ئەی خەڵکی گەڕەک چی؟ مقۆمقۆ کەوتە ناو گەڕەکەوە. بەڵام لە سەرێکی ترەوە لە بەر ئەو پارەوپووڵەی بەکرەکوێر و ژنەکەی دەستیان دەکەوت، بە بۆڵەبۆڵ بێدەنگیان لێکرد و کابرای عەجەمیان وەک میوانێکی کاتی لە گەڕەکدا قبوڵکرد.

هەبوونی برای بەندەرعەبباسی، وەک باوکم دەیگوت، تەواو گەڕەکی گۆڕی. بۆ یەکەم جار کەسێک لە شوێنێکی یەکجار دوورەوە لێرە نیشتەجێ ببوو. پیاوێکی رەشتاڵە کە تەواو بە تیغ جوان جوان ریش و سمێڵی دەتاشی و بە یۆنیفۆڕمی پۆلیسییەوە هەموو بەیانییەک دەردەکەوت و، لە کاتێکدا کڵاوە جوانەکەی بە دەستەوە دەگرت لەو سەری کۆڵان بەرە شوێنی کارەکەی بزردەبوو.

کابرای عەجەم زۆر بەڕێز بوو. نە تەنیا هیچ هەڵەیەک لێی روویننەدەدا، بەڵکو یەکجار ئاگایشی لە خۆی بوو. زۆر بە حورمەتەوە لەگەڵ خەڵکی گەڕەک چاک و چۆنی دەکرد و سەرنجی ژن و کچەکانیشی نەدەدا. سەرئەنجام لە دووای ماوەیەک دەرکەوت ناوی 'ئاغای فەرەجی'یە. مامە

جوێنفرۆش پێدەکەنی و دەیگوت سەیرە وادیارە لە وڵاتی عەجەم شەق لە تەنەکە بدەی ئاغا دەردەپەڕێ. باوکم دەیگوت ئاغا بە مانای ئاغاوات نایە و تەنیا وشەیەکە بۆ ڕێز لێگرتن، ڕێک وەک 'کاکە'، بەڵام مامە ڕەحمان مکوڕبوو و دەیگوت "تڕحێو! تەڕی تێگەیشتووی، ئاغا ناوی یەکەمی هەموویانە و ئەوە تەنیا بە ناوی دووهەمە جیادەکرێنەوە!"
من ئێستایش نازانم پوورم کە لە هەموویان بچوکتر بوو، چۆن چۆنی توانیبووی بخوێنێ.
ئەوەندەی من تێبگەم خەڵکی گەڕەک لەبەر ئەوەی ئاغای فەرەجی پیاوی حکومەتە و جاروبارە دەمانچەیەکیشی بە لاکەلەکەوەیە، لێیشی دەترسن، بەڵام حەمەسوور کە ڕێک لەو سەری کۆڵانەکەوە دەژی و زۆر هاتوچۆی ئێراق دەکا، رقی لێیەتی و لای وایە لە عەجەم فێڵبازتر و زۆڵتر لە دونیادا دەست ناکەوێ و بگرە لە خۆوە نیە ئەم پیاوە ڕەشتاڵە لەو سەری دونیاوە گەیشتووەتە ئێرە. دەڵێ لەو دیو، واتە لە ئێراقیش، پڕە لەم ڕەشتاڵانە کە بە سەر هەموو وڵاتدا بڵاوبوونەوتەوە و کاریان تەنیا ئاگایاری خەڵکی و گەر پێویستیش بوو گرتن و لێدان و کووشتنیانە. باوکم کە زۆر رقی لە حەمەسوورە، دەڵێ دەلێی گەڕێن با هەر گووبخوا! هەرچەند کاتێک لە کۆڵان دەیگاتێ یەکجار بە خۆشی و بە ڕێکوپێکی چاک و چۆنی لەگەڵ دەکا.
حەمە سوور کە لە چوارفەسڵی ساڵ، وەک دەڵێن، نزیک سێ فەسڵی لە ماڵ نیە، لای وایە پیلانێک لە هاتنی ئەم پیاوە بۆ گەڕەکەکەی ئێمەدا هەیە. بۆیە ئێستا کەمتر لەبەر ماڵی خازوڵەیخاوە تێدەپەڕی و زۆرتر ڕێگای ئەو سەری کۆڵانەکە دەگرێتەبەر. دیارە ڕێگای بۆ ناو بازاڕ

دوورتر دەکەوێتەوە، بەڵام وەک بۆخۆی دەڵێ هەتا بڕۆی بۆ سەلامەتی باشترە!

من ئاگام لێیە پوورم نیگای دەچێتە سەر ئاغای فەرەجی، بەڵام ئاغای فەرەجی لەوە ناچێ. نازانم بۆ کاتێک چیرۆکی سیندەرێلا دەخوێنمەوە بیری پوورم و ئاغای فەرەجی دەکەومەوە. هەر لە خۆمەوە لام وایە رۆژێک ئەم پۆلیسە بەڕێکەوت پوورم دەدۆزێتەوە و ئیتر چیرۆکی ئەشقێکی راستەقینەی بێ وێنە دەست پێدەکا،... هەرچەند قەت ساڵانی دوواتریش ئەمە رووینەدا و ئاغی فەرەجی چۆن بە سەڵتی رووی لە کۆڵانەکەی ئێمە کرد، هەر بەو شێوەیە بە رەبەنیش لێی دەرچوو و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لێکرد. قەت پێڵاوی پوورم لە شاییەکدا بەجێنەما تا ئاغای فەرەجی بە بینینەوەی داڵغەی پوورم لێیبدا.

جاری وایە لە حەوشەکەی ماڵی بەکرە کوێرەوە بۆنێکی خۆش بە ئاسمانی گەڕەکدا دەچێ. دراوسێ نزیکەکانی دەڵێن بینیوویانە ئاغای فەرەجی گۆشت دەبرژێنێ و بەشی بەکر و ژنەکەیشی دەدا. دەڵێن دیتوویانە بەکر تا قووتی دەدا ئەوەندی لە ناو کاکیلەکانیدا دەیانهێنێ و دەیانبا کە وەڕزدەبێ، بەڵام لە کیسیان نادا. دەڵێن خازوڵەیخا جاری وایە 'کانادادرای' بە قوڕگی مێردەکەیدا دەکا. گوایا ساردییەکە زۆر یارمەتیدەرە، چونکە لە دووای ئەوە بەکر خێراتر پارووەکان قووتدەدا. دەڵێن بەکر جاری وایە قرقێنەی وادەدا کە دەقیقەیەک درێژەدەکیشێ. ئەوسا کاتێک مڵچەمڵچیەتی بە پشتی دەستی دەمی دەسرێتەوە و دیسان گوێ بۆ دونیا هەڵدەخاتەوە. هەروەها دەڵێن پاسەبانەکە خاوەن زەبتێکی جوانیشە کە ئێوارەیان و شەوان گۆرانی بڵاودەکاتەوە، گۆرانی

**فارسیی خۆش خۆش. ئاغای فەرەجی تەلەفزیۆنی نیە و زۆری کات بە تەنیا بە دەم گۆرانییەکانییەوە دادەنیشێ. بینیوویانە لە ناو تەختی خەوەکەیدا زۆر خەیاڵ دەیباتەوە. جاروبارە پیاڵەیەک شتێکی عەجایەبیش هەڵدەدا و مەچەکە ئەستوور و ماسولکاوییەکانی دەخاتە سەر ناوچاوانی و لە حاڵەتەدا دەتوانێ هەتا ماوەیەکی زۆر بە بێ جووڵە لە سەقفەکە بڕوانێ. حەمەسوور دەڵێ ڕێک لەم کاتانەی بترسن!**

**من کە جاری وایە بەلای کەبابخانەکانی شاردا ڕۆیشتووم و بۆنەکەیان سەرمەستیان کردووم، لەبەر خۆمەوە دەڵێم خۆزگەم بە خازوڵەیخا و بەکرەکوێر!... خوایە بۆ ئێمەیشت کوێر نەکرد! ئەوسا ئاوی دەمم قوتدەدەم. باوکم کە باسی کەباب دەکەن تەنیا لە فەرشەکەی بەردەمی دەڕوانێ. من جاری وایە هەستدەکەم باوەگەورەم کەباب دەخوا، بەڵام بە ئێمە ناڵێ. بە خۆم دەلێم گەر گەورە بووم منیش دەبم بە پۆلیس و دەگوازمەوە بۆ شارێکی دیکە و دوو ژووری لەم شێوەیە بەکرێ دەگرم و هەفتەی سێ جار کەباب دەخۆم. بەو جیاوازییەوە وەک ئاغای فەرەجی پاڵ ناکەوم و بە بێهوودە بە سەعات لە سەقفەکە بڕوانم؛... نا، کتێبێک بە دەستەوە دەگرم و دەیخوێنمەوە. کتێبێک لە سەر مرۆڤێکی تەنیا کە زۆر بیر لەوە دەکاتەوە داخۆ مرۆڤەکان لە وڵاتانی تر چۆن دەژین.**

**دراوسێیەکی ترمان هەیە، ئەویش وەک حەمەسوور، لای وایە لە ئاغای فەرەجی زۆڵتر نیە، دیارە مەبەستی لە زۆڵیەتی بە پێچەوانەی راکەی حەمە سوورە. سەرت لێ نزیکدەخاتەوە و لەکاتێکدا چاوەکانی دەورووبەر دەپشکنن، دەڵێ ئای لە پووری خازوڵەیخا، ئای... ئای!**

عەبە بێقۆل قاقا پێدەکەنێ و بێ شەرمانە بەدەنگی بەرز دەڵێ قسەی قۆڕ، خۆ خازوڵەیخا تڵپی تەڕی تیانەماوە (دیارە من لەمە ناگەم)، بەڵام هاوکات لەسەر ئەو رایەیە کە شتی لەو بابەتە تەڕ و وشکی ناوێ. پوورم یەکجار هەڵدەچێ و دەڵێ کێشەیەکی گرینگی ئەم دونیایە مرۆڤە بێ حەیا و دەم دڕاوەکانن! دەڵێ ئەوانەن وا لە کاتی قسەکردندا چاویان دەقونجێنن و هەتا تەواونەبن نایکەنەوە.

من لام سەیرە بۆچی ئاغای فەرەجی وەک ماڵی جەمشید و وەک هەموو ئەوانەی وا لە شارانی ترەوە دێن، لە خانە سازمانییەکان ناژین. ئەو دەبێ لەوی بژی. نەکا حەمە سوور شەوێک خۆی بە حەوشەکەیاندا بکا و بەو چواردەخۆرە رەشە قەترانییەی، وا لەودیو کڕیویەتی، زرمە لە فەرەجی هەستێنێ،... کێ بە کێیە! بەڵام پوورم لای وایە ئەو سەردەمە لەمێژە بەسەرچووە. دەڵێ حکومەت ئیستا کۆنترۆڵی تەواوی هەیە. کۆنترۆڵ! من چەند حەزم لە وشەی کۆنترۆڵە. باوەگەورە کە جوان کەلیمەکەی بۆ نایەت لە ژێر لێوەوە لە کاتێکدا سەیری تەلەفزیۆنەکە دەکا بە ئەسپایی دەیڵێتەوە. دەزانم بۆی نایەت. تەنیا ئەوانە بۆیان دێت، یان لە قوتابخانە خوێندوویانە یان ئەوەندەیان لە کاتی ئاخاوتندا وتووەتەوە کە ئیتر فێری بوونە.

کۆنترۆڵ! ئەمە ئەو وشەیەیە کە سالانی دوواتر داگیردەکا و، دەبێ بە یەکێک لە کەلیمە گرینگەکان. ئەو وشەیەی سەرەڕای نەخوێندەواریی باوەگەورە، دەبێ بەجۆرێک فێری بووایە.

رۆژێک بە رێکەوت لە کۆڵان بەتووش ئاغای فەرەجییەوە دەبم. نیگام لە نیگای دەچەقێ. نیگای ساردە. نە بزەیەک و نە ئاماژەیەکی تایبەت لە

**روخسار و لە نیگاکانیدا. هەستدەکەم بەپێچەوانەی هەموو ئەو قسەو قسەلۆکانەی لەسەریەتی، کەسێکی تایبەت نیە. وەک بلێی تەنیا چاوەڕوانی ئەوەیە رۆژەکان تێپەڕن و ئەو بگاتە شوێنێک. کوێ؟ نازانم. تێدەگەم پیاوە حکومی و غەریبەکانیش بێتاقەت دەبن، ئەوەندە بێتاقەت، سارد وەک ئەو زەمەنەی ئێمە هەمووبمان خەریکین پیایا تێدەپەڕین.**

**شەوێک درەنگان کاتێک گەڕەک لەبیری خەودایە، زرمەی چەن فیشەکێک کۆلان دادەچڵەکێنێ. هەموو دەردەپەڕنە دەرەوە. کەسێک لە سەر بانییەوە تەقەی لە ژوورەکەی ئاغای فەرەجی کردووە. پۆلیس ئەو شەوە دێن. تەنانەت ئاغای ئەسەدیش سەروسەکوتی پەیدا دەبێ. فەرەجی هیچی لێنەهاتووە. تەنیا چەند چاوەشووشەیەکی شکاون. پرس و جۆیەکی زۆر دەکرێ و، هەندێ شوێنیش بەتایبەت لە سەر بانەکانی دەورووبەر دەپشکنن.**

**بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی هەموو گەڕەک، کە لایان وابوو لەدووای ئەم بەزمە فەرەجی دەگوازێتەوە و بگرە بۆ هەمیشە شار جێدێڵێ، بەڵام ئەو نەڕۆیشت. خازوڵەیخا و بەکرەکوێریش دەریاننەکرد (خەڵکی لایان وایە بە هۆی کەبابەکانەوەیە). دیارە هەموو گەڕەک دەزانن کە تەقەی ئەو شەوە کاری کێ بووە. تەنیا حکومەتە نازانێ. حەمەسوور نایەوێ کەسابەتەکەی بە هۆی پیاوێکی عەجەمی خوێڕی (وەک خۆی دەلێ) تێکبچێ.**

**ئەگەرچی من قەت نەمدی ئاغای فەرەجی لەو سەری کۆڵانەوە، بۆ یەک جاریش بێت لەبەر دەم ماڵی حەمەسوورەوە، تێپەڕێ.**

***

مامۆستا چەند وشەی پێداوین رستەی پێ سازبکەین. بەکاوەخۆ لەسەر تەختەڕەشەکە دەیاننووسێ. بە دەنگە گڕ و نووساوەکەی بەرز دەیانخوێنێتەوە. ئێمە هەمووومان چاومان لەسەر دەستییەتی کە چۆن پیتەکان بە شوێن یەکتردا لە ژێرییەوە لەدایکدەبن. مامۆستا دەستەختی خۆشە. ئەوانەی ئارام و ورد دەنووسن هەر هەموویان جواننووسن. من ئەوەتەی لەبیرم دێت خەتم ناخۆش بووە. حەزدەکەم ئەوەی لە زەینمدایە زوو بیهێنمە سەر لاپەڕەی کاغەز. زۆر جار تەنیا خۆم دەزانم چیم نووسیوە.

وشەکان ئەمانەن: رووبار، باڵندە، شا، نیشتمان، خوێندن و سینەما. سەبارەت بە فرمانی 'خوێندن' دەڵێ مەرج نیە وەک خۆی بەکاری بێنن و دەتوانن سەرفی بکەن. من ئێوارە لە ماڵەوە بەم شێوەیە دەنووسم:

ـ مامە بە ماتۆڕ لە رووبارەکە دەپەڕێتەوە.

ـ باڵندە لەسەر ریگای کتێبخانە دەخوێنی.

ـ شا سێبەری خودایە.

ـ باوکم حەزی بە خوێندنە.

ـ عەبە بێقۆل دەچێ بۆ سینەما.

بۆ سبەی کاتێک مامۆستا تەکلیفەکانی بەسەرکردەوە، بە خوێندنەوەی ئەوەی من بزەیەکی هاتێ و، گوتی بنەماڵەکەت چاک فریات کەوتوون!

من دەفتەرەکەم هێشتا ماوە و لەم شەوانەدا سەیرم کردەوە. لاپەڕەکان وشک و رەق هەڵاتوون و رستەکان کاڵ بوونەتەوە. کە سەیریان دەکەم باوەڕناکەم لە زەمەن ئەو هەمووە تێپەڕیوە. چاوەکانم دەقونجێنم و

جوان جوان دەچمەوە حاڵ و هەوای ئەو ساڵانە. خۆ تێدەگەن! خۆ دەزانن حاڵ و هەوا شتێکە زیاتر لە وێنەکان و لە ڕەنگ و لە بۆنەکان؟ حاڵ و هەوا شتێکە لە نێوان ئەمانەدا، شتێکە لە نێوان تۆ و ئەوان و ئەو ساڵانەدا. بریتییە لە جۆری ئاوێتەبوونی تۆ لەگەڵ ئەوان. بە ئارامی لاپەڕەکان هەڵدەدەمەوە و دەگەمەوە ئەو ڕستانە. مامۆستام دێتەوە یاد کە ئێستاکە نەماوە. نزیکەی بیست ساڵ لەوە پێش بە هۆی نەخۆشییەکی کتوپڕەوە مرد. پیاوێکی میهرەبان بوو. لەو پیاوانەی میهرەبانییان لە پێناوی میهرەبانیدا دەوێ، بە بێ هیچ تەمەحێک. پوورم دەڵێ ئەمە بە هۆی کاریگەریی ئەدەبییاتەوەیە. من پێم وایە پوورم ڕاست ناکا، زیادەڕەوی دەکا. ئەی بۆ من میهرەبان نیم؟

لە ڕستەکان وردەبمەوە. ئارام. نەکا نیگاکانم لاپەڕەکان هەڵوەرێنن. ئیستا نە مامە ماوە بە ماتۆڕەکەی لە ڕووبار بپەڕێتەوە، نا شایەک ماوە سێبەری خودا بێت، نە سینەمایەک ماوە عەبە بۆی بچێ، نە باوکم تاقەتی خوێندنی ماوە و نە کتێبخانەیەکیش باڵندەکان لە سەر ڕێگاکەی بخوێنن. هەموو شتێک زۆر بێڕەحمانە کۆتایی پێهات. مامە تەنەکە ئەوەندە پیر بووە کە لە ناو جێگادا کەوتووە، شا دەریانپەڕاند و لە غەریبایەتی سەری نایەوە (نایشوێرم بڵێم سێبەری خودا مرد، بە تاوانی کفر بەڵایەکم بەسەردا دێنن، یاخود لەبەر ئەوەی دەڵێن شاپەرەستم)، باوکیشم وەک مامم تاقەتی هیچی نەماوە، تەنانەت ڕۆژنامەکانیش ناخوێنێتەوە، هەر دوو سینەماکە لەمێژە داخراون و کتێبخانەکەیش گواسترایەوە و ئیستا بیناکۆنەکەی بووە بە کەلاوە.

**ئەگەر مامۆستا زیندوو بووایە و ئیستا داوای بکردایە لەم وشانە رستە سازبکەم، بێگومان بە جۆرێکی تر لێم دروستدەکردن. ئا، تەنیا بە خۆیان. بە بێ میوانداریکردن لە هیچ چەشنە کەلیمەیەکی دیکە. بۆ وێنە بەم جۆرە:**

**ـ باڵندە رووبار دەخوێنێ.**

**ـ شا سینمای خوێند.**

**ـ رووبار شای خوێندەوە.**

**ـ نیشتمان سینەمایە.**

**رستەی پێنجەمم بۆ نایەت. هەرچی وشەکان دێنم و دەبەم، بێسوودە. رستەکان چەندین جار بەسەردەکەمەوە. چەند بێتامن. ژیان و تەمەن هەتا هەڵدەکشێن بێتامتر دەبن. ئەوسا هەستدەکەم خۆشی شتێکە وەک رابردوو و وەک بیرەوەری، تەنانەت هەرچەندە تاڵیش بن. کاتەکان خۆیان لە خۆیاندا بەنرخن. بە تێپەڕینیان خەمۆک دەبین. من دڵنیام ئەوانەی وا شەڕە گەورەکانیان ئەزموونکردووە و هەنووکە پیربوونە، حەزدەکەن دیسان بگەڕێنەوە بۆ ساڵانی رابردوو، رێک بۆ ناو بۆمبارانەکان، بۆ ناو قرمژنی فیشەکەکان. هەڵبەت بەو مەرجەی نەکوژرێن و دیسان بتوانن بە داڵانی تەمەندا بەرەو پیری گوزەربکەنەوە. ئا، رابردوویش بە پیرییەوە مانا وەردەگرێ.**

**سەرم دێشێ. دەچم و پەرداخێک ئاو دەخۆمەوە. نا، هەمووی نا،... نیوەی. دەروونم کە دەڵێی لکاوە بە یەکترا، دەکرێتەوە. ژیان بەردەوامە. من زۆر جار هەستەکەم ئێمە کەمتر لەسەر وشەکان رادەوەستین. لام وایە راوەستان لەسەریان دەبێتە هۆکاری ئەوەی هەم**

زیاتر هەست بە کات بکەین و هەم زیاتر هەست بە خۆمان. هەرچەندە دەڵێن بیرکردنەوە خراپتر لە هەر شتێکی تر قاتڵی زەمەنە. لە خۆم دەپرسم داخۆ لەم سەردەمەدا لە قوتابخانە بە وشە رستە بە قوتابییەکان سازدەکەن؟ پێم وایە دەیکەن. دڵنیام ئەوانیش وەک ئەو ساڵانەی من رستەکان دەسازێنن. لەبەر ئەوەی هێشتا نازانن کات یەعنی چی. رەنگە هەموو فەلسەفەی ژیان لەوەدایە کە دەیەوێ بە تێپەڕینی ژیانمان، لە کات تێمانگەیەنێ. یارییەکی بێڕەحمانە. کە تێیشی گەیشتی دڵت قورس دەبێ و خەمێکی سەیر داتدەگری. بیری تووڕەبوونەکانی باوەگەورە دەکەمەوە. ئێستاکە لەو سەری شار، لە رۆژئاوا، لەناو دارستانەکەدا نووستوە. خانووە قەدیمییەکە بیری دەکا. منیش. هەستدەکەم گەر ئیستا لێرە بووایە، قەت بە تووڕەبوونەکانی عاجز نەدەبووم. بگرە بزەیەکیشم دەهاتێ. ئەوسا پێم دەگوت دانیشە و سەیری تەلەفزیۆنە کۆنەکە بکەوە، دەمگوت داخۆ حەزت بە چایی نیە؟ بەکرە کوێریش کە ئیستاکە کەس نازانێ گۆچانەکەی لە دووای خۆی چی لێ بەسەرهات، ئیشتیای کەبابەکانی لە حەوشەکەدا ماون. دەفتەرەکە لادەبەم. ئەویش وەک تەرم رەق هەڵاتووە، بگرە بۆنی کۆنبوون دایگرتووە. ورتکە کاغەزی لێ هەڵدەوەرێ. راستی چۆن بەر بە پیربوونی زیاتری بگرم؟ داخۆ دەکرێ وەک فیرعەونەکانی سەردەمی کەونارای میسر مۆمیایی بکەم؟ ئەو سەردمەی مووسا لە داغی یاغییەکانی دژ بە خودا بە گۆچانەکەی دەریای شەق کرد؟ رەنگە بەکریش گەر کوێر نەبایە کارێکی وەهای بە گۆچانەکەی لەدەست بهاتایە. بۆ نا؟ ژنەکەی دەیگوت پێش ئەوەی کوێر بێت یەکجار بە گوڕ

بووە. منیش باوەڕی پێدەکەم. یەعنی من حەزدەکەم باوەڕ بە هەموو ئینسانەکان بکەم. بە خاتری زەمەن، بە خاتری کورتیی تەمەن. مادام درۆیش دەمرێ، بۆ باوەڕی پێ نەکەم؟ لە سەر ئەو قەناعەتەم مرۆڤەکان لە درۆکانیش بەنرخترن. دەبێ ئاگامان لێیان بێت. ئێمە رۆژێک دێت کە ئیتر قەت یەکتر نابینینەوە.

کەسێک لە دەرگا دەدا. ئەمجارە بە پێچەوانەی جاران دەچم و دەیکەمەوە. سواڵکەرێکە. داوای پووڵ، خواردن یاخود جل و بەرگ دەکا. من کە نازانم کامەیانم هەیە و بۆ ماوەیەک ورم، دەچم جووتێ پێڵاوی کۆنی خۆمی بۆ دێنم. ئەم بەراوبەرێکی دەکا و لە دووای سوپاسێک وندەبێ. شەو لە ناو جێگادا بۆ پێڵاوەکانم دەگریم. نەک لەبەر ئەوەی لەدەستم داون،... نا، لەبەر ئەوەی بیریان دەکەم. بەم شێوەیە ئێمە دەورووبەرمان بەشێوەیەکی ترسناک خەڵوەت دەبێ، رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر لە جاران. ئێمە چەند بێڕەحمین، هیچ بە خۆمانەوە ناهێڵین،... ناهێڵینەوە. کەسێک لەوسەری رێگا دانیشتووە و چاوەڕوانمانە. لەناو تەم و مژدا لەسەر بەردێک دانیشتووە و تەنیا وەک سێبەرێک خۆی نیشاندەدا. کە لێی نزیک دەکەویتەوە، هەڵدەستێ و دەڕوا. رووت تێناکا. تۆ دەبێ تەنیا بە شوێنیا بڕۆی. دەشڕۆی. بۆ خۆیشت نازانی بۆ. رەنگە لەبەر ئەوەی هەنگاوەکانت تۆیان هێناوەتە ئێرە. تەنانەت گەر بە رێکەوتیش بێت.

حەزم بە کتێبێکی فەلسەفییە. لەوانەی لەگەڵ خۆی دەتبەن بە بێ ئەوەی بتگەیەننە شوێنێک. رێک وەک خودی ژیان. حەزم لەوەیە دووجار غەرق ببم. کە جاری یەکەم خنکای ئیتر جاری دووهەم

ناخنکێیتەوە. دریا دەبێ بە هی خۆت. بە مردنی دووهەم دونیا دەستەمۆدەکەی. دەتوانێ چەند مریشک و کەڵەشێرێکیش لە حەوشە رابگری. بۆ ئەوەی هەم هێلکەت بۆ بکەن و هەم نەکا فەلسەفە ئەم دونیایەت پێ لەبیر بکا. هیچ شتێک وەک بۆنی ریقنە تیژ نیە. ئەوەندەی ئاگات لە پشیلەکان بێت.

باوەگەورە جاری وایە لەبەر تەلەفزیۆنەکەدا خەوی لێدەکەوێ. ئەم عادەتەی تازەیە. پێم وابێ هی ئەوەیە پیرتر بووە. تاقەتی نیە بچێتە ژوورەکەی خۆی. پوورم بەرماڵێکی پیادەدا. لەو بەرماڵەی رۆژی مردنەکەی بەسەر تابووتەکەیەوە بوو. باوەگەورە لە سالەکانی کۆتایی تەمەنیدا یەکجار ئاوێتەی تەلەفزیۆن ببوو. ئیتر شەرمیشی لە هیچ نەدەکرد. جوان جوان سەیری دەکردن. سەرئەنجام قەناعەتی هێنابوو ئیتر قەت ژنی بۆ نایەت و ژیان هەر ئەمەیە ئەو خەریکیەتی. لەحنەت لە رەحمانیش! هەزار لەحنەت! لە کوڕەکانی تریش!... دڵنیایە ئاهی ئەم دەیانگرێ، دەیانسووتێنی و ناهێڵێ بچێتە بەهەشت. منیش لام وایە گەر ئەمەیش نەبێ ئەوا مامە لە بەر جوینەکانیشی بێت (گەر بەهەشتێک هەبێ) قەت نایگاتێ. بۆ مامەکانی ترم نازانم.

شەوانە حەوشە بێدەنگە. من گوێم لە خشکەی خشۆکەکانە. ئەوانیش چاویان لە منە. راستی راوەستن با بەم دوو وشەیە جوملەیەک دروست بکەم:

- خشۆکەکان دەخشێن.

قسەی قۆڕ! دڵنیام لەگەڵ وشەکانی جاران ئەم دوو کەلیمەیە جوانتر دێنەوە. ئەمەیش عایدی ئێوە. خۆتان سازی کەن.

شەمشەمەکوێرەیەک لەناکاو بەلامدا تێدەپەڕێ. دادەچڵەکێم. بیرم دێتەوە دەبێ بنووم. باوکم جاری وابوو لە ژێر ڕۆژنامەکاندا خەوی لێدەکەوت. لە کاتێکدا دەنگی رادیۆکە ژوورەکەی دەتەنی. لە کاتێکدا لە ناو بێدەنگیی ژوورەکە دەنگی ویزەویزی مێشێکی زلی سەوز پێی دەگوتی ئیستا نیوەڕۆیەکی یەکجار گەرمی هاوینە. هاوینی ئەو ساڵانە. دڵنیام ئەو ساڵانە وەک ئەو ساڵانە دەمێننەوە. بۆ هەمیشە. ئێمە لە راستیدا لە یاد زیاتر نین. یادێکی رووت. گەر زیرەک بین دەتوانین لە کتێبەکانی ئەو سەری جادە بەناوبانگەکەدا درێژە بە بوونمان وەک یاد بدەین، ئەگینا تەنانەت ئەمەیش نین.

ئەمشەو حەزم بە سازکردنی رستەیە. بۆ خۆم چەند وشە دەدەم بە خۆم. لە سەر کاغەزەکەی بەردەمم دەینووسم. رەنگە بتوانم شتێک لەگەڵ یاد و لەگەڵ کات بکەم.

***

حەمە سوور پیاوێکی چاوکراوەیە. ئەوەندە بە قاچاخ سنووری بڕیوە کە ترسی لە هیچ شتێک نەماوە. کە لە شار دەترازێ و دەگاتە گوند، دەمانچەکەی لە خۆدەبەستێ. دیارە لە پشت پشتوێنەکەیەوە لە شوێنێک لە نێوان کەلەکە و ناوکییەوە. پاڵتۆیەکی ئەمریکی لەبەر دەکا و سمێڵیکی زلی هەیە بە بنەڕدێنێکی ماش و برینجییەوە. سوورکەڵەیە. قژە لوول و کەم تینەکانی لە ژێر جاماکەیەوە ئارەق دەیانگرێ و بە کەلەسەریدا دەچەسپن. هەمیشەی خوایش ئارەقدەکاتەوە. زستان و هاوینی بۆ نیە. وەک بڵێی هەمیشە لە دڵەراوکێدایە و چاوەڕوانی شتێکی ناخۆشە رووبدات. بەڵام بەغیرەتە. بەغیرەتێکی سرک و وشیار.

چاوەکانی وردن و کە لێت دەڕوانێ بیری گورگ دەکەویتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا پیاوێکی ئەهوەنە. هێمن و لەسەرەخۆ. بەس خوا نەکا هەڵچێ. لەم کاتانەدا لە هێستری چەمووش دەکا. بەکەس ڕاناگیرێ. زۆر ئاسان دەتوانێ بتکوژێ. وەک بۆ خۆی دەڵێ تا ئیستا لە چەند کەمین ڕزگاری بووە و لە گەڵ عەرەب و عەجەم تێکهەڵچووە. گوایا چەند کەسێکیشی کوشتووە و لە ڕاستیدا دوژمندارە. سوورە لای وایە لە شەڕدا تەنیا غیرەت دەیباتەوە و ئەوی تری فشەیە. دەڵێ لێ ببڕە دڵنیابە سەردەکەوی. چەند شوێنێکی لەشیشی برینی خۆشەوەبووی پێوەیە. پیشانی کەسی نادا. هەر لەبەر ئەمەیشە قەت ناچێ بۆ حەمامی دەرەوە. لە ماڵەوە بە تەشت و جامۆڵکە خۆی دەشوا. ژنەکەی ئاوی بۆ گەرم دەکا و بگرە بە سەریشیدا دەکا. هاوینان لە حەوشە و زستانان لە بەر کوورەکە خۆی دەشوا. حەمە هەموو ئازای جەستەیشی مووی سوورە. لوول و تێکچڕژاو. دیسان لە سوورەگورگ دەکا.

خەڵکی گەڕەک نە خۆشیان دەوێ و، نە ڕقیان لێیەتی. وەک بڵێی هەر نەبێ. وەک بڵێی حەزیش دەکەن کە ئەوەندە ونە و توخن ماڵەوە ناکەوێتەوە. ژنەکەیشی زۆر خۆی تێکەڵ خەڵکی گەڕەک ناکا. وەک بڵێی ئەویش دەزانێ نابێ خەڵکی زۆر ئاگایان لە سڕ و تڕی مێردەکەی بێت. وەزعیان باشە. گۆشتخۆری چاکن. دیسان وەک گورگ. هەتا ئاغای فەرەجی پاسەبان سەروسەکوتی پەیدانەبوو، هەر ئەو بوو لەو سەری کۆڵان گۆشتی دەبرژاند. کە ئاغای فەرەجی پەیدابوو، ئیتر بۆنی گۆشتی برژاو لە هەر دوو سەرەکەوە دەگەییە لووت. خەڵکی دەڵێن لەبەر ئەمە

بوو حەمە سوور تەقەی لە ماڵەکەی خازوڵەیخاکردا! ئەو حەزناکا بۆنی گۆشتی خەڵکی بەسەر بۆنی گۆشتی برژاوی خۆیدا بڕوات.

حەمە سوور زمانیشی کەمێک گۆڕاوە. هەندێ وشەی ئەو دیو بەکاردێنێ. بۆ وێنە: مورتاح، بۆسە، خوێڕیی حیز، پەتاتە، قەزاوگرم و چەندانی تر. حەمە هیچ شەرمێکی لە باسکردنی بیروڕای خۆی لەسەر شتەکان نیە و ئەوەی بەدەمیا بێت دەیڵێ. کە دەڕوات کەمێک خۆی بۆ کووڕ دەکاتەوە و هەنگاوی بەرز دەنێ. وەک بڵێی بە ناو شاخ و بەندەنا رێدەکا. باوکم پێی وایە هەر شێوازی هەنگاو هەڵهێنانی بەسە بۆ ئەوەی ئاغای ئەسەدی بزانێ خەریکی چییە و بۆ کوێ دەچێ. باوەگەورە دیسان دەڵێ "ترحێۆ!" من بۆ یەکەم جار بەم قسەیەی باوەگەورە بزەم دێت و لەبەر ئەوەی نەکا لێم تووڕەبێت بەپەلە دەچمە دەرەوە. لە حەوشە تێروپڕ پێدەکەنم.

کاتێک قسە لە سەر خەڵکی گەڕەک و شارە، حەمە سوور رای تایبەتی خۆی هەیە. مەسەلەن لای وایە هەر هەموویان کەرن، هەروەها ترسنۆک. دەڵێ شت زۆر زل دەکەنەوە. بۆ وێنە لەسەر ونبوونی جارجارەی خۆی. ئەو لای وایە قەت سێ فەسڵی ساڵ نەک تەنیا ون نیە، بەڵکو یەکجار لەمە کەمترە (هەرچەند رەقەمێکی تەواو بەدەستەوە نادات). هەروەها پێی وایە ئەوەندە لەناو خانووە و گەڕەک و شارەکەیاندا ماونەتەوە کە بۆنیان گرتووە. دەڵێ تەنیا لەناو گەڕیدەکاندایە پیاوی ئازا و بەجەرگ هەڵدەکەوێ. هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە کاتێک پیاو بزوا، ئەوا لە گەورەیی دونیا و لە

بچووکی خۆی تێدەگا و ئیتر شتەکان ئەو گرینگییەی جارانیان نامێنێ. بەتایبەت خۆی.

حەمە سوور زۆرتر کوتاڵ دێنێ. دیارە کەمتر بارەکانی دەهێنێتە ناو شاری. مەعامەلەی چەکیش دەکات. گەر کەمێک بە وردی ناو خانووەکەی بگەڕێی، بێگومان چەند دەمانچەیەک دەدۆزیتەوە. حەزیشی بە خواردنەوەیە. کە دەخواتەوە دەنگی گڕ دەبێ و دەستدەکا بە خوێندنی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک. دەڵێ ئەو شوێنانەی وا لەو دیو کاتی خۆی حەسەن زیرەک سەردانی کردوون، چووە. ئەوەیکە گۆرانیشی بە سەر شاهەنشادا گوتووە بۆ سەرخۆشییەکەی دەگێڕێتەوە. ئەگینا بڕواناکا حەسەن لە مافی جوتیار و شتی لەم بابەتە هەر لە بنەڕەتدا حاڵی بووبێ.

ئەو شەوە پێش ئەوەی تەقە لە ژوورەکەی ئاغای فەرەجی بکا، نیو بوتڵ ویسکی هەڵدابوو بە بێ ئەوەی یەک تۆز مەزە چییە لەگەڵیا بیخوا. وەک بۆ خۆی دەڵێ مەزە هی لووسکەکانە. هی ئەوانەیە بە پێکێک سەریان دەکەوێتە خولەخول و ئەوجار بەبێ ئەوەی شتێک بووبێ شێتانە باسی ئەشقی نیوان خۆیان و کچی خەڵکی دەکەن. یان ئەو حەقایەتانە دەگێڕنەوە هەر ئەسڵ و نەسەبیشیان نیە. ئەو شەوە ئەوەندە هاتبووە لێواری ئەو بانەی وا تەقەکەی لێوە کردبوو، کە لەوانە بوو بکەوێتە خوارەوە. تەنیا خوا رەحمی پێکردبوو. کاتێک سالانی دوواتر لە مەجلیسێکی هاوڕێیاندا رووداوەکەی گێڕابووەوە، گوتبووی کتوپڕ بایەکی فێنکی بەهێز هەڵیکردبوو و لە رووبەڕووەوە هاتبوو و ئەوی دیسان بە پشتەوەدا خستبووەوە، ئەگینا وەک حاجی

لەقلەقی باڵشکاو شلّپ دەکەوتە ناو حەوشەکەوە و ئەوسا ئەو خوێڕییە حیزە دەستبەجێ دەیکوشت. هاوڕێکانی قاقا پێدەکەنن و دەڵێن حەمە سوور مەگەر فیشەک لەم دونیایەدا هەیە تۆ ببڕیّ!؟ حەمە لە وەڵامدا، لە کاتێکدا دەمی بەجوانی گۆناکا، دەڵێ "ئەی فیشەکی قوزیاکتان!" ئەوسا جەوەکە وەها گەرم دەبێ کە کەس نە دەنگی خۆی گوێ لێیە و گەر گویشی لێ بێت، نایناسێتەوە.

ئەو ساڵەی وا شا بۆ سەردان رووی لە شار کرد و لە دونیادا دەنگی دایەوە، حەمە لە مێشکی دابوو بیکوژێ. دڵنیایش بوو کە دەتوانێ بیکوژێ. بەڵگەیشی بۆ سەلماندنی راکەی ئەوە بوو کاتێک دەتوانی تەقە لە پۆلیس بکەی کە بەناو پارێزەری ئاسایشی وڵاتە، ئیتر تەقەکردن لە خودی شا، گەر دونیایشی بەدەوروپشتەوە بێت، ئاسانترە. شا خۆ دەمانچەی پێ نیە. شاهەنشا بە کۆپتەر هاتبوو و لە ناو ماشینێکی رەشی جوانی سەرکراوەدا بە ناو شەقامی سەرەکیی شاردا گوزەڕابوو و دەستی بۆ خەڵکی راوەشاندبوو. ئاغای ئەسەدی لە چەند رۆژ لەوە پێش و هەتا چەند رۆژ دووای رۆیشتنەوەی شاهەنشا ئارام و ئۆقرەی لێبڕابوو و وەک بۆ خۆی دەیگوت دڵی لە سەر هەزار لێیدابوو. جا وەرە بیزانیایە حەمە سووریش بەتەمای وەها کارێک بووە! حەمە تەنانەت لە ناو مێشک و خەیاڵی خۆیدا کاتێک شا بە بەردەمیدا تێپەڕیبوو، فیشەکیشی تێگرتبوو. دڵنیابوو دەیپێکا. هەتا چەندین ساڵ دوواتریش پەشیمان لەوەی کارەکەی نەکردبوو قامکی خۆی دەگەست. دەرچوونیش ئاسان بوو. خۆی بە کۆڵانەکاندا دەکرد و لەوێوە دیسان بۆ ئەو دیوی سنوور. دڵنیا بوو یەک پۆلیسی حیزیش غیرەتی ئەوەی نەدەکرد شوێنێ

کەوێ و لێی نزیک بکەوێتەوە. دوواتر دەینارد ژن و منداڵەکەیان بۆ دەهێنا و ئیتر بۆ هەمیشە دەبوو بە پیاوێکی مێژوویی. رەنگ وەک سەدامیش کە کاتی خۆی ویستبووی عبدولکەریم قاسم بکوژێ و نەیتوانیبوو، ساڵانی دوواتر ببێتە سەرۆکی وڵات،... کێ چووزانێ!

من، لە سەرەتای دەیەی هەشتاکانی هەتاویدا، پێم وایە ئەوە نەک خەڵکی گەڕەک و شار، بەڵکو خودی حەمەسوور بوو کە بەڕاستی کەر بوو. دیارە بە گشتی هاتوومەتە سەر ئەو رایەی ئەوەی لە خەڵکی بە سووکی دەڕوانی، لە راستیا خۆی سووکە. ئاخر بۆ ئەوەی بتەوێ کەسێکی وەک شا بکوژی دەبێ هەڵویستێکی سیاسی لە پشتی کردەکەوە بێت، نەک تەنیا ئەوەی پیشانی بدەی بەغیرەتی، یاخود رقت لە تەنگبوونەوەی دۆخەکەیە بۆ قاچاخچییەتی. من نازانم حەمە سوور لەو دیو سنوور چی فێربووە، بەڵام دڵنیام لەو دیو تەنیا رووداوەکانی بینیوە و بیستوە بێ ئەوەی بزانێ لەراستیدا چین.

دیسان پیویستم بەوەیە جارێکی تر رێگای جادەکە بگرمەوە و رووبکەمەوە کتێبخانە مێژووییەکە. جارێکی تر پێویستیم بە تەنیایی تێپەڕینی ناو شەقامەکەیە. پاڵەوانەکەی ناو حەوشی قوتانخانەکە لە مێژە رۆیشتووە. دڵنیام بە دڵ ئێشان شارەکەی جێهێشتووە. ئاخر بڕواناکەم پارە و پووڵێکی وەهای دەستکەوتبێ. ئەو نابێ روو لە شارە بچووکەکان بکات. دوو شەو لە تاقە موسافیرخانەی شار مابووەوە و دەڵێن بەهۆ و بێهۆ خەریکی ناردنی سەڵەوات بووە. رەنگە لەبەر ئەوەی لەوێ بتوانێ قەرەبووی رۆژەکەی بکاتەوە.

حەمەسوور له مەمکی ژنەکەی، کاتێک دەنەوێتەوە و لەژێر لەچکەکەیەوە دیارن، دەڕوانێ. ئای چەندە حەزی لەو خەتی ناسکی جیاکردنەوەیە. چاوەکانی دەگەشێنەوە و دەنگ هەڵدەبڕێ راستی سێوە لاسوورەکان وەزع و حاڵیان چۆنە؟ ژنەکەی لێوی دەگەزێ و دەنگی نزم دەکاتەوە و، دەڵێ ئەیەڕۆ منداڵەکان گوێیان لێیە! بەڵام حەمە چاوە حیزەکانی سەردمی لاویەتیەکەی گەڕاونەتەوە.

خوا سەردەمانێک سێوی حەرام کرد و ئادەم گوێی نەدایە. تۆ بڵێی حەمە سووریش له ئادەم کەمتر بێت! رەنگە شەیتان لەبەر حەمەسوور، ئادەم و حەوای خەڵەتاندبێ.

***

به گوێرەی لێکدانەوەکانی ئاغای ئەسەدی ئەوەی لەسەر ئەمن و ئاسایشی ئەم شارە هەڕەشە بوو، دوو شت بوون: یەکەم بە هۆی نزیکبوونی لەسەر سنوور دەتوانرا شوێنی هاتوچۆی جاسووسەکان بێت، دووهەم دەتوانرا شوێنی ئەو خائینانەی بێت وا دژی رژێمی پاشایەتی بوون؛ که ئەوانیش دیسان بە پێی لێکدانەوەکانی ئەسەدی سەریان بە شوێنێکی ئەو دیو سنوورەوە بوو، شوێنێک که جگە له دەولەتی بێگانە و دەزگا سیخوڕی و جاسووسییەکان شتێکی دیکە نەبوو.

بۆیە ئەو رۆژە شا هات ئەو یەکجار دەترسا. له راستیدا هەوڵیدابوو له رێگای کەناڵی جۆربەجۆرەوە شا له سەردانەکەی پەشیمان بکاتەوە. ئاخر شارێکی بچووکی سەرسنوور که کەس لەم دونیایەدا هەر بیریشی لێنەدەکردەوە، کەی شیاوی ئەوە بوو پیاوێکی وەها مەزن که ئیستاکە

دونیا لەبەری هەڵدەلەرزی گیانی خۆی بەو شێوەیە تەنیا بۆ سەردانێک بخاتە مەترسییەوە. بەڵام هەموو هەوڵەکانی بێسوود بوو. تەنیا شتێک کە دەیتوانی بەرگری لە هاتنی سەرۆک بکات، ڕووداوێکی وەها بوو کە هێزە ئەمنییەکان بگەیەنێتە ئەو رایەی پاشا وا باشترە لە بیری کات. ئەسەدی بیری لە تەقەکەی ماڵی فەرەجی کردبووەوە، بەڵام لە دووای هێنان و بردنێکی زۆر بەو ئاکامە گەیشتبوو هۆکارەکەی لووسکەڵەیی ئەو هەتیوە رەشتاڵە جنووبییە بوو کە بەو زنجیرەی دەوری ملی و ئەو بازو و سینگەی لە ژێر فانیلەکەیەوە دەریدەخست، رقی خەڵکی گەڕەکی لە خۆی هەستاندبوو. بۆیە ئەگەرچی هەبوونی دەمانچەیەک لەم بەزمەدا مەترسیدار بوو و دەبایە بدۆزرایەوە، بەڵام زوو سەری لێ نایەوە و زۆری پڕکێشی لێنەکرد. سەرئەنجام، وەک خۆی، ملی دابووە هاتنی شا و ئەوەی پێیکرا بۆ دابینکردنی سەلامەتیی سەرۆک، کردی. جگە لە هێزی عەسکەری و پۆلیس، ئەویش پیاوە شاراوەکانی خۆی لە هەموو شوێنێک بڵاوکردەوە. بە خۆشییەوە نە لە پێش سەفەری پاشا و نە لە دووای ئەویش هیچ شتێکی ئەوتۆ هەستی پێنەکرا. ئاغای ئەسەدی لە دووای ئەم سەردانە بوو کە بەڕاستی گەیشتە ئەو ئەنجامەی وڵات لە قۆناغە پڕمەترسییەکان تێپەڕیبوو و، چیتر نە هێزی دوژمن و نە خائینان هیچیان پێنەدەکرا.

هەڵبەت دەبێ ئەوە بگوترێ کە ئاغای ئەسەدەی سەرەڕای زیرەکییەکەی، بە شتێکی گرینگی نەدەزانی، ئەویش ئەوە بوو کە سەرۆکی وڵات لە دووای سازانێکی گەورە لەگەڵ سەرۆکی وڵاتی دراوسێ، ئەم سەفەرەی دەکرد و لە راستیدا ئەمە کردەیەکەی گرینگ بوو

بۆ سەلماندنی ئەو راستیە بۆ دۆست و دوژمن کە هەنووکە نیشتمان لە هەر کاتێکی تر بەهێزترە.

لە کاتی هاتنی شا، خەڵکی گەڕەکی خانەسازمانییەکان مایەی تەواویان دانا و زۆربەی ئەو گووڵانەی وا لە کاتی تێپەڕینی شادا بۆی هاویژران، لەلایەن ئەوانەوە بوو. حەمە عوممانە لەبەر ئەوەی لە چاو دراوسێکانی کەم نەهێنێ، گووڵی زیاتری کڕیبوو و وەهایشی دەنەڕان کە ئەوانەی پێشەوە لایان لێدەکردەوە و بە سەرسوڕمانەوە لێیان دەڕوانی. بەس ئەو چاوی لەمانە نەبوو. دەنگە زلەکەی تەنانەت سەرنجی شای راکێشا و سەیری ئەو بەشەی شەقام و جەماوەری کرد وا نەڕەنەڕەکەی لێوە دەهات. حەمە ئیستا بە ئیستایش نیگای پاشای هەروا لەبەرچاودایە. ساڵانی دوواتر کاتێک سەرۆک لە غەریبی سەری نایەوەو مرد، کەس لەم شارەی ئێمە ئەوەندە بە دڵ بۆی نەگریا. لە بێدەنگی خۆیا رۆژێک فرمێسکی هەڵڕشت و بەیادی ساڵانی عوممان ئەلبومەکەی چەند جارێک بەسەرکردەوە.

ئاغای فەرەجی کە لە شەوی تەقەکەوە دڵی پڕ بوو و، بەردەوام پیشی بە خۆیدا دەخواردەوە، لەبەر خۆیەوە سوێندی خوارد کابرا دەدۆزێتەوە و بە سزای کارەکەی دەگەیەنێ. ئەو کە خۆی بە کوڕی ئەو پیاوە دەزانی وا بە پاپۆڕ بە قاچاخی سەردانی وڵاتانی عەرەبی خوارووی کەنداوی فارس دەکرد و شمەکی یاساخی دەهێنا، گوتی دەبێ بیسەلمێنێ کە ئەویش لەمان کەمتر نیە و خەڵکی شوێنێکە وا بە دەگمەن دەتوانی لووسکەی تیا بدۆزیتەوە. دوو رۆژ دووای تەقەکە، بەکرەکوێر لە بەر پەنجەرەکەوە هاواری لێکردبوو کە دەزانێ ئەمە فیتی کێیە. گوتبووی

**راسته چاوەکانی به هۆی ئیرادەی خوای تەبارەک تەعالاوە تینیان تیا نەماوە و وەک دوو گڵۆپ کە کارەبایان لێدەبڕێ، کوژاونەتەوە، بەڵام خۆ زەین و ئەقڵی کوێر نین و بگرە لە هەر کاتێکی تر باشتر کاردەکەن. ئەوسا باسی حەمە سووری کردبوو. خازوڵەیخا بە سەری پەنجەی رووەمەتەکانی خۆی توند گرتبوو و بە هەناسەیەکی بەهێزەوە چرپاندبووی کە بێدەنگ، هێواش، ئەی هاوار دراوسمانە و لێمان مەکە بە دوژمن،... بۆ لەخۆوە شتی وا دەڵێی پیاوەکە! بەڵام بێسوود بوو و بەکرە کوێر بەردەوام بوو لە سەر قسەکانی.**

**جا ئەو رۆژەی شا هات فەرەجی کە بەشی ئاگایاریی شەقامی پێدرابوو، ئەو دەرفەتەی بۆ رەخسا جوان جوان حەمەسوور بخاتە ژێر چاوەدێرییەوە.**

**دەڵێن سەردەمی کۆن کاتێک تاعوون رووی لە وڵات کردبوو و دەرزەن دەرزەن خەڵکی راپێچ دەدا و بەرەو قەبرستانەکانی دەبردن، لە گوندێک کابرایەک کە زۆر باوەڕی بە شەخسەکەی پشت ئاواییەکەی خۆیانەوە بووە، ساڵانی دوواتر، لە کاتێکدا ئاماژەی بە دەشتەکەی لاخوارووی گوند دەدا، بۆ نەوەکانی خۆی گێڕابووەوە کە "خاسەگەورە بە تیر لەشکری تاعوونی ئا لەوێ گێڕایەوە!" خاسە گەورە ناوی شەخسەکە بوو. نەوەکانی دیارە لە مەبەستەکەی ناگەن. هەتا دوواتر باوکی یەکیان دەڵێ باوەگەورە لای وایە تاعوون لەشکرە و ئەوەی کە نەیتوانیوە رووبکاتە گوندەکەی ئەوان، هی ئازایەتی شەخسەکە بووە.**

**ئاغای فەرەجی ئاگای لەم چیرۆکە نیە. بەڵام دڵنیایە کە ئەو رۆژە حەمەسوور دەیهەویست شتێک لە دژی پاشا بکا و پاشگەزببووەوە تەنیا**

لەبەر ئەوە بووە چاوی بە ناو چاوی فەرەجی کەوتبوو. ئەو رۆژە ئەم بەردەوام دەستی لە سەر دەمانچەکەی دەبێ و چاوەدێری حەمە سوور دەکا. لە دڵەوە خواخوای دەبێ شتێک بکا بۆ ئەوەی ئەم هەڵکوتێتە سەری و تۆڵەی ئەو شەوەی لێبکاتەوە؛ بەڵام حەمە لەوە زیرەکتر بوو خۆی بە دەستەوە بدات. تەنیا لەبەر خۆیەوە پیشی خواردبووەوە و لە دووای ئەوەی زانیبووی دۆخ تەواونیە و فەرەجی بەردەوام بە دەورییەوەیە، گەرابووەوە بۆ ماڵەوە. لە راستیدا خاسەگەورەی ئەو رۆژە ئاغای فەرەجی بووە و لەشکری تاعوونی دەشتەکەی بەر ئاواییش حەمە سوور!

دیارە کەس نازانێ کە چیرۆکی فەرەجی راستە یان ئەوەی من گێرامەوە؛ بەڵام لە یەک شت دڵنیام ئەویش ئەوەیکە نە من و نە فەرەجی لەوەدا درۆ ناکەین کە سوورە لە دڵیا بیری لە کوشتنی شاهەنشا کردبووەوە.

دڵنیام گەر باوکم بەم هەواڵەی بزانیایە دڵی رادەوەستا و قژی بە سەر سەری خۆیەوە نەدەهیشتەوە. حەمەسوور لە یەکێک لە دانیشتنەکانیدا لەگەڵ هاورێکانی لەو دیو سنوور، دەستی خستبووە سەر دەمانچەکەی و سوێندی پێ خواردبوو کە شا لە کاتی تێپەڕیندا، جا بە سوتفە بووە یان بە ئەنقەست، چاوی بە ناوچاوی ئەو کەوتووە و بۆ ساتێک لە ترسا دەست راوەشاندنەکەی لەبیرچووەتەوە. هاورێکانی باوەڕی پێدەکەن و یەکیان دەڵێ "ئەوەیە نێرەکەر!" حەمە چاودادەخا و بیری ئەو سەردەمە دەکاتەوە کە حەزی بە بینینی پەڕینی نێرەکەر بۆ سەر ماکەر بوو و ئامادەبوو بۆ ئەوەی وەها دیمەنێک ببینێ یەک رۆژە بە بەلاش شوانی بۆ ئەو کەسە بکات وا هەواڵەکەی بۆ دێنێ. هەرچەند قەت

ئەمە نەڕەخسا و بۆ بینینی وەها ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش تەنیا دەبووایە چاوەڕوانی ڕەحمی ڕێکەوت مابایەوە.
دیارە کەرەبەڕەڵلا زۆرن، بەڵام ئەوەندەی ئەوان بە لەوەڕەوە سەرقاڵن بیر لە بەزمەکەی حەمەسوور ناکەنەوە. هەڵبەت ئەوەیش سەردەمانێک بوو. ئێستا تەنیا وەک بیرەوەرییەک لای حەمە ماوەتەوە؛ بەڵام جاروبارە دێتەوە خەیاڵی. خەیاڵ و یادێک کە قەت نایدرکێنێ و تەنیا لای خۆی دەمێنێتەوە. سوورە لەوە زیرەکتر و وریاترە خۆی بداتەوە دەست خەیاڵەکانی سەردەمی منداڵی. بەڵام بڵێ چی کە لێرە لەم دیو سنوور، هەواڵانی یەکجار حەزیان بە بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیەیە.
ئارام کتێبەکەم دەبەستم و چاوەکانم کە دەکزێنەوە، هەڵیاندەگڵۆفم. دونیا دەبێ بە وردە پەڵەی گەڕۆک. پوورم دەنگم دەدا کە جاروبارە پێویستە پشووبدەم. ڕاستی سەردانێکی وەها کورت بۆ شارێکی بچووکی سەرسنوور دەبێ چ گرینگییەکی هەبێ؟ بڕواناکەم پاشا بە شوێن ئەوەوە بێت وا باسم لێکرد. باوەگەورە دەڵێ ئیشی بێتاقەتییە، دەڵی مرۆڤ کە وەڕەزدەبێ کاری سەیرسەیر دەکا. بەڵام نا، هیچ شتێک ڕێکەوت نیە، لە پشت هەموو دیاردەکانەوە هۆکار ڕاوەستاوە. بەتایبەت لای سەرۆک.
ساڵانی دوواترە دەگەمە هۆکارەکە: پاشا هات بۆ سەردان چونکە ڕەنگە شتێک لە دەروونیەوە خەبەری پێدابێت کە خەریکە دووارۆژەکانی ژیانی لێرە لە نیشتمان بەڕێدەکات. دەڵێن گەر مرۆڤ ڕاستگۆ بێت و درۆ لەگەڵ خۆی نەکا وەک هەندێ ئاژەڵ دەزانێ کەی سەرەی مەرگی دێت. سەرۆک هەستی پێکردبوو.

باوکم چەند ڕۆژ دوواتر لەو ڕۆژنامەی لە قوتابخانە هێناویەتییەوە، بە هەستێکی پڕ لە شانازییەوە وێنەکانی پاشام پیشاندەدا کە لە شارەکەی ئێمە بەناو شەقامدا بە بزەوە دەست بۆ خەڵکی رادەوەشێنێ و دەگوزەرێ. خەڵکیش بە ئاڵا بچووکەکانی ناو دەستیانەوە، وەڵامیان دەدەنەوە. نا، ئادەی راوەستە! لە ڕۆژنامەکە زیاتر نزیک دەکەومەوە. ئەوە خۆ حەمەسووره،... ئەوە خۆ عەکسی ئەویش لە ڕۆژنامەکەدایە! باوکم لێی وردەبێتەوە. لەبەر خۆیەوە جوێنێک دەدا. دەزانم حەسوودی بە سووره دەبا. دەزانم لای وایە دەبووایە وێنەی ئەو بهاتایە؛... بەڵام تازە کەچی؟ حەمە سوور بە چاوە دڕدۆنگەکانییەوە لە پاشا دەڕوانێ و لە پشت سەرییەوە ئاغای فەرەجی لە سووره. ئەی پاشا؟ نازانم.

دیارە حەمەسوور بەم وێنەیەی خۆی نەزانی. نە باوکم باسی کرد و نە ئەوەندەیش ڕۆژنامە زۆر بوو و نە خەڵکیش ئەوەندە ڕۆژنامەخوێن تا حەمە بیبیستێتەوە. بەڵام حەمە سەرئەنجام دەیژنەڤێ و بە چاوەکانی پێدەکەنێ. پێکەنینێک پڕ لە ئەندێشە.

مرۆڤەکان جاری وایە زۆر ئاسان هەلە مێژووییەکان لەدەستدەدەن. حەمەسووریش یەک لەوان.

***

دایکم ئەو ڕۆژە نەهات بۆ پێشوازیکردن لە شا. نە باوکم پێداگری کرد و نە دایکیشم لێی گوت. دەیزانی باوکم زۆر بەمەوە سەرقاڵ بوو و بۆ دیتنی سەرۆک چرکەژمێری دەکرد، بۆیە جوێنەکانی لای خۆی رادەگرت "هەمزیل گوودرێژ!... بۆ ڕووی کردووەتە ئەم وڵاتە!" ئەوسا لە کاتێکدا جلەکان لەناو تەشتەکەدا لەژێر زەبری شان و باهۆیدا جیرِیان

دەخواردەوە، دەیگوت "حەک دووا سەفەرت بێت، حەک... بە ملی شکاوت!" کەفاوەکە لە ناو تەشتەکەدا دەڵێی بورکان بوو پێچ و لوولی دەخوارد.

لە ماڵی باوەگەورەیشم (لە بەرەی دایکمەوە)، کەسیان نەچوو. تەنیا باوەگەرە چوو. ئەویش نە دەستی راوەشاند و نە هوتافی کێشا. تەنیا رووانی. ساردسارد بەو روخسارەوەی دەڵێی وازی لە هەموو شتێک هێنابوو، لەو پیاوە وردبووەوە کە بە ئاماژەی سەرەقامکێک دەیتوانی بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەسەر نیشتمان و تاک بە تاکی خەڵکی ئەم وڵاتە بدا: "ئاخ چی ئەبوو ئەو قامکەی بە خێر وەرگەڕانایە و کوڕەکەمی رزگار بکردایە!" بەڵام جارێکە قامکەکە خەریکی شتی تر بوو. تەنانەت شا لە کاتی تێپەڕیندا روویشی لەو بەشە نەکرد وا باوکی خاڵە یەخسیرکراوەکەمی تیا راوەستابوو. باوەگەورە ئەمەیشی بە نیشانەیەکی شووم لێکدایەوە و تا یەک هەفتە دوواتر کاتێک نوێژی دەکرد بە زیاوە داوای مەغفیرەتی لە خودای گەورە و بێ هاوتا دەکرد: "خوای گەورە بەگەورەیی خۆت بەخێری بگێڕێ!"

هاتنی شا ئەوەندەی تر مەوزوعی خاڵمی تیا زیندووکردمەوە.

من لە ماڵی باوەگەورە وێنەی خاڵمم بە سەر دیواری ژووری دانیشتنەکەوە بینیبوو. ئەو یەغان و چەمەدانەم بینیبوو کە شتەکانی ئەویان تیا هەڵگرتبوو و زۆر بە جوانی پارێزگاریان لێدەکرد. وەک بڵێی پڕە لە شتی موقەدەس و ئەنتیکە. دایکی دایکم زۆر جار دادەنیشت و بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە باسی سەردەمی منداڵییەکەی دەگێڕایەوە. باسی چاوە جوانەکانی، مەزلوومیی و وریاییە بێ هاوتاکەی. باسی ئەوەی

**کاتێک باڵای کشاو بوو بە گەنجێک، کچانی گەڕەک چەندە تامەزرۆی بوون و ئەویش چەندە بێ منەت لێیانی دەڕوانی. "رۆڵە گیان بە خوا ئەو کاتیش دەمزانی ئەمە نیشانەیەکی باش نیە، ئاخر چۆن ئەکرێ جوان بیت و گوێ نەیەیتە کچان،... ئاخر لە کوێ شتی وا بینراوە!؟" ئەوسا شیعرێکیشی پیادەکرد: "لە دوورەو هاتووم بناسە دەنگم / تۆزی غەریبی نیشتووە لە رەنگم."**

**لە پوورم دەپرسم خاڵم بۆ گیراوە، چۆن پیاوێکە؟ پوورم لێم دەڕوانێ. ئەگەرچی لە من دەڕوانێ، کەچی چاوەکانی کتوپڕ دوور دوور دەکەونەوە. من تیایانا وندەبم. ئەوسا دەڵێ کە گەورەتر بووی بۆخۆت تێ ئەگەی!" تێدەگەم! دەپرسم لە چی دەگەم. پوورم ئیتر هیچ ناڵێ.**

**من دیسان ساڵانی دواترە تێدەگەم ئەویش وەک من کتێبخوێن بووە، یان باشتر بڵێم من وەک ئەو. دەبیستم قسەی سەیرسەیری کردووە. بۆ وێنە باسی لەو شایە کردووە کە لێرە لەم شەقامەوە ساڵێک تێپەڕی، چاو لە ناوچاوانی حەمە سوور و پشت لە باوکی دایکم. باسی لە هەژاریی خەڵکی و لە بێ مافی و شتی لەم بابەتە کردووە. من دەچمەوە ئەو ساڵانە و بیری سینیی پاڵەوانەکە دەکەمەوە کە بە زەحمەت بڕێک پارەی بۆ کۆدەکرایەوە، بیری ئارەقکردنەوە و ماندووبوون و هەراهەراکەی کە دادیان نەدەدا. بیری عەبە بێقۆل و جوێنەکانی مامە جوێنفرۆش دەکەمەوە، بیری هاتوچۆی حەمە سوور بۆ ئەو دیو سنوور. ئەوسا تێدەگەم ئەمانە هەمووی کارەسات بوون. ئا، کارەسات. سەرم بە سەری پڕ لە خەیاڵی خاڵم سووڕدەمێنێ. داخۆ لە چ هەسارەیەکی ترەوە دابەزیوەتە سەر زەوی! باشە چۆن چۆنی خەیاڵی بۆ ئەم جۆرە**

شتانە چووە،... لە کوێوە فێربووە؟... چ پرسیارێکی قۆڕ! من کە دەزانم وەڵامەکە لە کتێبدایە ئەم پرسیارە عەجایەبە چییە لە خۆمی دەکەم. بەڵام نا، کتێب خۆبەخۆ ناتگەیەنێتە ئێرە. دەبێ شتێکی تریشی لەگەڵدا بێت. بۆ وێنە... بۆ وێنە وەک بیرکردنەوە، وەک هەستێکی دەروونی کە دەتبەستێتەوە بە مرۆڤەکانی ترەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی بیر لەوانیش بکەیتەوە. ئاە، بێچارە خاڵم! گەیشتووەتە خەیاڵێک کە ژیانی کردووەتە دەستەچیلەی ئاگرێک بێ ئەوەی بۆخۆی گەرمیی و ڕۆشنایی پێ بەخشرابێ. ئەو تەنیا دەستەچیلە بووە. بیر لە خۆم دەکەمەوە. نا، من ئەگەرچی وەک ئەو کتێب دەخوێنمەوە، بەڵام وەک ئەو نیم. جیاوازم. کەمێک جیاوازتر. من گومان لەو شتانەیش دەکەم وا دەیانخوێنمەوە. بۆیە دەگەمە شوێنی تر. من ئەوەندەی بە بیرەکانی خۆمەوە سەرقاڵم بە شتی ترەوە نیم.

هەر دوو دەستم بە سەرمەوە دەگرم و دەچمەوە حەوشە تاریکەکە. تێدەگەم خاڵم لە نەسڵی خۆش خەیاڵەکان بووە. لەوانەی وا زۆر ئاسان خەون دەبینن و لایان وایە ئەوەندەی نەماوە خەونەکانیان بێتە دی. ئاە، چەند بەزەییم پێیدا دێتەوە، بە سادە و ساکارییان، بە دڵی بێ خەوش و زوو بە داوەوەبوویان. باشە ئەوان مرۆڤیان نەدەناسی؟ باشە مەگەر کتێبەکان پێش لەهەر خەون و شتێکی دیکە، باس لە ئینسانەکان ناکەن؟ باشە بۆ ئەم شتە سەرەکییەیان لەبیرکردووە و بە شتی لاوەکییەوە خۆیان بەستووەتەوە؟ خاڵم لە ڕەگەزی ئەو باڵندانەیە وا نازانێ هەرچەندە بەرزیش بفڕێ ئەوا باڵندە گۆشتخۆرەکان دیسان بە

سەر سەری ئەوەوە، لە شوێنێک لە ئاسمان کە تەنیا شوێنی ئەوانە، دەفڕن؛... ئەو باڵندانەی قەت قوتارت نابێ بە دەستیانەوە.
دیسان هەوڵدەدەم ئەو ساڵانە بێنمەوە بەر چاوەکانم،... رێک وەک خۆیان. لەنەکاو پێکەنینم دێ. قاقا پێدەکەنم. خشۆکەکان دادەچڵەکێن و دووردەکەونەوە. ئێستا دەزانم. حەمەسوورێک لەسەر بۆنی کەباب هەڵیدابێ، ئیتر داخۆ دەبێ چ کۆمەڵگایەک بووبێ!
باوەگەورە هەر کە شا تێپەڕی، چیتر خۆی رانەگرت و دەستبەجێ چووەوە بۆ ماڵەوە. رووی کردە نەنکم و گوتی سەرگۆپاڵەکەم بینی! باوەگەورە کە یەکجار کەم وشەی لەم چەشنەی بە دەمدا دەهات، بەم قسەیەی خۆی کەمێک بە خۆیدا شکایەوە. سەرگۆپاڵی چی؟ کچێ شا ئەڵێم شا. نەنکم بێدەنگ بوو و بەردەوام لە گێڕانی تەسبێحەکەی. ئەوسا گوتی بەڵکو لە رێگای خێرخوازێکەوە داوای عەفوت بۆ بکردایە. باوەگەورە کە چاوەڕوانی وەها قسەیەکی نەدەکرد، بەپەلە سەری بەرزکردەوە و لە ژنەکەی رووانی. راستی بۆ بیری لەمە نەکردبووەوە. بەڵام ئاخر روو لە کێ بکات،... لە فەرماندەی پادگان، لە رەیسی شارەبانی، سەرۆکی شارەوانی یان...؟ باوەگەورە راچەنی. هاتەوە بیری رەیسی شارەبانیی دەناسی. سەردانی دووکانەکەی دەکرد و پیاوێکی باش دەهاتە بەرچاو. هەستایە سەرپێ. بە پەلە چووەوە دەرەوە. لە ژوورەکەوە دەنگی دۆعاکانی دایەگەورە هەروا دەهاتە گوێ.
بەڵام دونیا درەنگ بوو. وەک هەمیشە هەموو ئەو شتانەی وا پێوەندییان بە رووداوە گەورەکانەوە بوو، لەم شارەدا کورتیان دێنا. لەم قەرەباڵغییەدا نە ئەو دەیتوانی هیچ بەرپرسێک ببینێتەوە و نە

کەسیش لە وەها رۆژێکدا بیری لەو دەکردەوە. لە قەرەباڵغیی ناو شەقام و کۆڵانەکانی رووانی. لە سوپا کە خەریک بوو دادەگەڕا و بەرەو پادگان خلۆردەبووەوە. لەو پۆلیسانەی دەلێی هەناسەیەکیان بەبەردا دەهاتەوە. بیری کردەوە کێ گوو بە کڵاوی من دەپێوێ! بێگومان کەس. هەستی تەنیاییەکی کوشندە وەک تیخ رۆحی دڕی. کەسیش خوێنەکەی نەبینی. کۆمەڵێک منداڵی مەدرەسەیی وێنە بچووکەکانی شایان بە هەراو هوریا دەشەکانەوە کە بە سەر ئەو دارە کورتانەوە کرابوون وا بەدەستیانەوە بوون. شا پێدەکەنی و لەوێیش بەردەوام بوو لە راوەشاندنی دەستی. ئەو دەستەی ئیستاکە بە دەیان و سەدان دەست بوو. بە قاتێکی رەشی جوان لەبەریا و بەو کەڕاواتە رەش و سپیەی وا بەسەر بەستێنی سپیی کراسەکەیەوە خۆی دەنواند. ئەوەندەی پێنەچوو دەنگی ئەو هەلیکۆپتەرەی وا سەرۆکی بۆ شوێنێکی نادیار دەگواستەوە، ئاسمانی شاری هێنایە لەرزین. شار هێشتا لە جۆش و خرۆشدا بوو. باس باسی سەرۆک بوو. باوەگەورە لە ژیانیدا قەت ئەوەندە هەستی بە دڵشکاوی و بە تەنیایی خۆی نەکردبوو. بە دەستە پیر و زبرەکانی زۆر خێرا ئەو دوو دڵۆپ فرمێسکەی سڕییەوە کە بێڕەحمانە و بێ پرس خویان بە دەرەوەدا کردبوو.

لە خۆم دەپرسم داخۆ خاڵم ئەو رۆژە لەوێ بووایە چی دەکرد؟ ئایا خەیاڵێکی لە چەشنی خەیاڵەکەی حەمەسوور هەڵیدەگرت؟ من لە مێژوودا خوێندوومەتەوە کە کووشتنی وەلیعەهدی ئیمپڕاتۆریی ئۆتریش ـ مەجارستان و ژنەکەی بە ناوی 'سووفی' لە لایەن سربێکی ناسیۆنالیستەوە، بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی کە

**تیایا زیاتر لە دە میلیۆن کەس کوژرا. شەڕێک کە زیاتر لە چوار ساڵی خایاند و ئۆرووپای وێران کرد. پێکەنیم بەم خەیاڵەی خۆم دێت، بەڵام،.... بەلام راوەستە! بۆچی نا؟ لەبەر ئەوەی ئێمە شارێکی سەر سنوورین و لە دەرەوەی مێژوو؟ نا نا،... هەموو شتێک دەشێ.**

**دونیا دەتوانێ چەند لە یەکتر بچێ. هەموو ئەو شتانەی وەک بێ نرخترین دێنە بەرچاو، چەند ئاسان دەتوانن خۆیان بخەنە ریزی پێشەوە.**

**هەموو ئەمانە بە شێوەیەکی نادیار، لە چەشنی هەڵمێک کە هەموو شتێک دادەپۆشێ و بەڵام هاوکات دەزانی شتی گرینگی لە هەناودایە، پێم دەڵێ نابێ جادە بەناوبانگەکە بەربدەم. رێگای دۆزینەوە دونیا، یاخود لانیکەم تێگەیشتنی لەوێوە تێدەپەڕێ. وەڵامی مرۆڤەکان بە تێروپڕی لەوێ خۆیان حەشارداوە. ئەوانەی وا زانیان، خۆیان لەوێ جێهێشت.**

***

**شەوێکیان پێش ئەوەی بچمە ناو جێگاوە، ئاگام لێبوو دایکم و باوکم کاتێک پێکەوە دەدوان، بە گوێی یەکتردا دەیانچرپاند! ئەوەندە نزم کە من یەک وشەیش چییە نەمدەبیست. بە لاچاو لە منیان دەڕوانی و چپەکانیان تەواونەدەبوو. بە خۆم گوت چی روویداوە؟**

**ئەوسا هاتەوە بیرم ئەو رۆژە هەموو خەڵکی، لانیکەم ئەوانەی من بە تووشیانەوە ببووم، بە چرپە لەگەڵ یەک دووابوون. لە گەڕەک و لە ناو شار. تەنانەت لە رێگا بەناوبانگەکە و لە خودی کتێبخانەکەیش. هەموو سەریان بە سەری یەکەوە نابوو و بە بێدەنگی دەدوان. شتێکیان لە من دەشاردەوە.**

**بێگومان شتێک روویدابوو کە من هێشتا نەمدەزانی. لە ناو جێگاکەدا هەوڵمدا هەموو رووداوەکانی ئەو رۆژە بەسەربکەمەوە، بەڵکو شتێک دەسگیرم بێت. تەنانەت بەکرە کوێریش کە هەمیشە دەنگی هەڵدەبڕی، بە ئەسپایی قسەی کردبوو. گۆچانەکەیشی بە ئەسپایی دەخستە سەر عەرز. لە راستیدا ئەو رۆژە تەنیا من بووم بە چپە نەدووابووم. بەڵام ئاخر لەگەڵ کەسیش قسەم نەکردبوو.**

**یان شتێک روویدابوو، یاخود قەراربوو رووبدات. دڵنیابووم روونەدابوو و بەڵێن بوو رووبدات. ئاخر ئەم شارە ئەوەندە گەورە نەبوو کە رووداوێکی گرینگ رووبدات و منیش پێی نەزانم. ویستم بپرسم دایە باوکە چ خەبەرە، بەڵام نەمپرسی. دەترسام بڵێن گێژە. منێک کە هەموو رۆژێک کتێبم دەخوێندەوە گێژنەبووم، تەنیا ئەوەندەی وەک خەڵکی لە دەورووبەرم نەدەڕوانی، تەنیا ئەوەندەی من بە مەودا کورتەکانیشەوە زۆر سەرقاڵ بووم.**

**هاتەوە بیرم ئەمڕۆ بەرپرسی کتێبخانەکە بە بێ ئەوەی یەک کەلیمە چییە قسەم لەگەڵ بکا، کتێبەکانی دابووە دەستم. لە خانە سازمانییەکانەوە گۆرانی نەدەهاتە گوێ. مامەجوێنفرۆش بەسەر دیوارەکەوە جوێنی نەدەدا. مامە تەنەکە حەزی لە ماتۆڕسواری نەبوو. مامەوردەواڵەفرۆش هاواری نەدەکرد و تەنیا بە چاو لە رێبواران و لە مشتەرییەکانی دەڕوانی. مامەچایی شەقەشەقی لە پیاڵە و ژێرپیاڵەکان هەڵنەدەستان. باوکم رۆژنامەکەی ئەوەندە بە ئارامی دەکردەوە کە خشەی لێوەنەدەهات. تەنانەت باوەگەورە بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا لە سەر سفرە لە سەر ئاوخواردنەوە لە منداڵەکان تووڕە نەبوو. ئەو رۆژە**

هەموو بە کەیفی خۆمان ئاومان خواردەوە. تەنانەت جارێکیشیان کە پەرداخەکە قڵم بووەوە و ئاوەکە بە سەر سفرەکەدا خلۆربووەوە و نیوەی دوو نانی کۆنی تەنووری تەڕکرد، تەنیا بە ئەسپایی مۆڕەکەیەکی لێکردین.

خوایە چ هەواڵە،... چی قەوماوە؟ بەڵام مەگەر دەکرێ لە خەڵکێک کە بە چپە دەدوێن، هەواڵ ببیستی!

بە بیانووی میزکردن دەچمە حەوشە. دەمەوێ بزانم لەوێ لە ئاسمان چ باسە. ئاسمانێکی تاریکی بێ مانگەشەو بە بێ ئەژمار ئەستێرەوە خۆی بەسەر بانەکاندا راکێشاوە. دەڵێن لەم ئاسمانەدا هەموو کەس ئەستێرەیەکی هەیە، کاتێک دەمرێ ئەستێرەکە رادەخوشێتە خوارەوە، دوواتیشکەکانی گەش گەش بە رووی دونیادا دەپژێنێ و ئەوسا لە شوێنێ لە تاریکاییەکاندا وندەبێ. ئینجا ئەستێرەیەکی لەم چەشنە دەبینم. راستی کێ مردووە؟ لە ژێر سەقفی خانووەکانی شاردا دەکرێ زۆر رووداو روودەن. ئاسمان وەک خۆیەتی. کەواتە دەبێ هۆکارەکە لە خودی زەوییەوە بێت، لێرە، لەم گەڕەک و لەم شارە. نەکا ئەوانەی دەخوێننەوە کەمتر ئاگایان لە دەورووبەریانە،... یان دەیانەوێ هەموو شتێک وەک چیرۆکی ناو کتێبەکان روودەن و بۆیە لە چپەی خەڵکی ناگەن. رێک لەو کاتەیدا لەم بیرانەدام لافاوی چپەی شار لە ئاسمانەوە دادەبارێ، وەک بێ ئەژمار باڵندەی کۆچەری دێنەخوارەوە و هەموو حەوشەو و بانەکە پڕدەکەن. شار یەکسەر دەبێ بە چپە، بە یەک چرپە کە ئەگەرچی بەرزبەرز دەنگدەداتەوە، بەڵام دیسان هیچی لێ حاڵی نابم. باڵندەکان بە جەستەمەوە دەنیشن و ئارام دەنووکم تێوەردەدەن

**"هەڤاڵان چ خەبەرە؟" ئەوان تەنیا دەنووکم تێوەردەدەن و ئەوسا باڵ لە بەڵی یەکتر دەخشێنن. بۆنی فڕین دێت. بۆنی سەفەرە دوورەکان دێت. یەکیان ڕێک لە ناو چاوانم دەڕوانێ و من وێنەی هەموو ڕێگاکان لە گلێنەی چاوەکانیدا دەبینم. سەحرا و بیابان و کوێستان و دەریا. ئەو چۆمانەی زەلکاون و ئەوانەی وا خرۆشانن. بە خۆم دەڵێم ڕەنگە سەفەرێک لەبەربێت، بەڵام بۆ کوێ. بە خۆم دەڵێم ڕەنگە هەموو شار باسی ئەم سەفەرە دەکەن. ئەوجا باڵندەکان تێکڕا هەڵدەفڕنەوە و لە بەستێنی تاریکی ئاسماندا وندەبن. من کە ترسی ئەوەم لێ نیشتووە هەموو ماڵی ئێمە و تەنانەت گەڕەکیش لەگەڵ خۆیان بەرن، پڕ بە گەرووم هاواردەکەم: لانیکەم ئێمە نا!**

**دەستێک شانم دەگرێ. لادەکەمەوە. دایکمە. بە چپە پێم دەڵێ ناخەوی. من حاڵی دەبم. بە بێ ئەوەی منیش بۆ خۆم بمەوێ بە چپە پێی دەڵێم با، دەخەوم.**

**ئیتر دڵنیام هەواڵ یاخود ڕووداوێکی گەورە بەڕێوەیە. چپە هەم ترسە و هەم هومێد. ڕێک وەک جێژوانی دوو ئاشق. ترس لە دەورووبەر و هومێد لەو بەڵێنەوە بە یەکتری دەدەن.**

**ئارام دەخزێمە بن لێفەکەوە. لێفەکە بۆنی ساڵان دەدا. حەزم بە قورسییەتی. خەونەکانی شەوانەی من لەو کاتەوە دەستپێدەکەن سەرم دەخەمە بنییەوە. هەمیشە پێوەندێک لە نێوان تاریکی و خەوندا هەبووە. کە نیگا بڕ نەکا، خەیاڵ دەستپێدەکا. لێرەیشەوە چپەکانی دەرەوە دێنەوە گوێ. باشە کەی وازدێنن؟ بەو نیوەشەوە لە ماڵی**

**دراوسێکەمانەوە دەڵێی دەنگی بەریەککەوتنی تەور و دار دێت! سبەی تەنووردادەخەن و، ناندەکەن؟... یان ئەمەیش چپەی نێوان تەور و دارە؟ باوەگەورە کە باسی سەردەمی منداڵی و گەنجیەتیی خۆی دەکا دەڵێ "هۆۆۆ ئەو زەمانە!" لە نێوان 'هۆۆۆ' و 'ئەو'دا هیچ مەودایەک نیە. بە شوێن یەکتردا دێن. وەک بڵێی دەڵێ "هۆۆۆ زەمانە!" رستەی یەکەم بۆ گێڕانەوەیە و رستەی دووهەم بۆ دەربڕینی سەرسوڕمان یاخود پێناخۆشبوون، یان پیشاندانی هەستێکی غەریب. بیر لە منداڵی و مێردمنداڵیی خۆم دەکەمەوە. راستی چی تیایە وا باوەگەورە بیری دەکاتەوە. ئەو کە دەڵێی زۆر شت لە سەر کات دەزانێ، بەڵام وەختێک دەدوێ لەم چەن وشەیە زیاتری پێ نیە.**

**پوورم لای وایە نەخوێندەواری دەردێکی کوشندەیە. دەڵێ بەڵێنە گەورەساڵەکانیش شەوانە بنێرنە کلاس، بۆ ئەوەی فێری خوێندن و نووسین بن.**

**هەتا جەستەم زیاتر شل دەبێ و لەبەر یەک دەکشێ، قورسایی لێفەکە زیاتر و زیاتر دەبێ. خۆشە! وەک بڵێی کەسێک دەڵێ "دەبنووا!"**

**من نازانم چەند کاتژمێر تێپەڕی، یان چەند رۆژ و مانگ و ساڵ. من تەنیا گوێم لە چپەکان بوو،... چپەکانی وەک هەزاران هەزار مرۆڤ کە لە تەنیشت یەکترەوە بەڕیز دەڕۆیشتن و بە گوێی یەکتردا دەچرپاند، دەنگی چرپەی تفەنگەکان، دەنگی لەرینەوەی عەرز لە ژێر جەستەی قورسی تانک و زرێپۆش و زیلەکان. ئەو چەک بەدەستانەی دەڵێی لوولەی تفەنگەکانیان چاوەکانیان بوون، دەنگی راکردنی ئاغای ئەسەدی کە دەڵێی خەڵکێکی زۆر بە شوێنییەوە بوون و هەڵایاندەبڕی،**

**دەنگی گریانی جەمشید و سەری کز و نادڵنیای ئاغای فەرەجی خۆشحاڵ لەوەی کارێکی هەڵەی بەرامبەر بە خەڵکی شارەکە نەک نەکردبوو، بەڵکو زۆریش لە ناویاندا خۆشەویست بوو. حەمە عوممانە کە شەرمەزار بوو لەوەی چووبوو بۆ شەڕی زەففار و لە بیری ئەوەدا بوو لە خانە سازمانییەکان بگوێزێتەوە. لە بیری کڕینی خانوویەک لە یەکێک لە گەڕەکە دوورەکانی شاردا بوو. ئاسمان ناوەناوە خۆی بە دیمەنەکاندا دەکرد و هەموو جارێک چەند ئەستێرە رادەخوشان،... گەش گەش. کتێبخانەکە کە پۆل پۆل خەڵکی لە هەموو تەمەنێک خۆیان پیادەکرد و لەسەر کتێب شەڕیاندەکرد. جادە بە ناوبانگەکە کە هەنووکە من بە زەحمەت جێم دەبووەوە پیایا بڕۆم. پاڵەوانەکە کە لەسەر دیواری قوتابخانەکە راوەستابوو و بە ماسوولکە دەرپەڕیو و زلەکانییەوە هاواریدەکرد "من هەر ئەو کاتیش دەمزانی، دەمزانی. لە قین و بوغزی خۆمدا بوو بۆم نەدەهات و مەجبوور بووم بە زنجیر و بە ماشینەکانی دەربڕم!" من تێناگەم. ئەوان خەریکی چین. من ئاگام لێ نیە جەستەم لە ژێر لێفەکەدا شەلالی ئارەقە. دەست دەگێڕێم. وەک بڵێی دایکم ئەمشەو هیچ دۆلکە ئاوێکی لە پشت سەرمەوە دانەناوە.**

**باوەگەورە بەپڕتاو خۆ بە ژوورەوەدا دەکا و بە خۆشحاڵییەوە دەڵێ ئیتر ئەمجارە ژنم بۆ دێنن. دەڵێ بۆخۆم گوێم لێ بوو کەسێک بە بڵیندگۆ باسیکرد. عەبە بێقۆل کە جگەرە بە جگەرە دادەگیرسێنێ دەڵێ، ئەمە سینەمایە ئەمە! مژێکی خەست دێت و هەموو شتێک دادەپۆشێ. هەست دەکەم جەستەی منداڵیم لەگەڵ خۆی دەبا، یاخود لەناویا دەکاڵێتەوە و بەرەبەرە وندەبێ. من لێرەوە لێی دەڕوانم. بە خۆم دەلێم**

**"بۆ کوێ؟" خۆم، وەڵامی بۆ من پێ نیە. تەنیا لێم دەڕوانێتەوە. لە دوورەوە لە ناو باغێکی لاکەوتە دەنگی قاڕقاڕی قەلەڕەشەکان دێت. لەسەر شتێک شەڕیانە و بە باڵی بەهێز و دەندووکی ڕەقیان لە یەکتر دەکوتن. دەنگی باوکم دێت، دەڵێ "نەمگوت!" کەسێک دەڵێ "تازە دەرچوو، هەر باسیشی لێ مەکە!"**

**سەرەڕای هەموو ئەم ڕووداوە سەیروسەمەرانە، دەزانم سبەی لە خەو هەڵدەستمەوە. دەزانم سبەی خۆر لە ئاسمانی ڕۆژهەڵاتی شارەوە دەبینمەوە. ژیان هێشتا زۆری بەبەرەوە ماوە.**

**بۆنی بخور دەمجووڵێنێ. ئارام سەرم لە بن لێفەکەوە دەردەکێشمە دەرەوە. دایکمە بە چاوەکانی پێدەکەنێ و، دەڵێ هەڵناستی؟ جەژنە!**

**دەست بە ریش و سمێڵم دا دەهێنم. یەکەم کارم تاشینی ردێن و ڕێکوپێک کردنی سمێڵمە. حەزێکی سەیری ژیان لێم دەئاڵێ و بە خۆم دەڵێم "خۆشحاڵم دەژیم،... خۆشحاڵ."**

**درێژەی هەیە...**

***

**کەمێکی تر خۆم لە ژێر لێفەکە دەخافڵێنم. هەستدەکەم نایەتەوە بیرم کە لانیکەم دوێنێکە بیستبێتم ئەمڕۆ جەژنە. لام سەیرە. جاران، لە یەک مانگ لەوە پێش باس باسی جەژن بوو. سەیرتر ئەوەیکە کتوپڕ هەستدەکەم روخساری دایکم وەک جاران نەبوو و جۆرێکی تر بوو. بەپەلە لێفەکە لادەدەمەوە. دایکم، پشتی لە من خەریکی شتێکە. چاوێک شێتانە بە ژوورەکەدا دەگێڕم. ژوورەکەیش کەمێک گۆڕاوە. هاواردەکەم دایکە! دایکم بێ ئەوەی لابکاتەوە، دەڵێ چییە رۆڵە؟ دیسان هاواری**

لێدەکەمەوە. روخساری دایکم لانیکەم دە ساڵ پیربووە! بە سەرسوڕمانەوە لێی وردەبمەوە، بەڵام دڵم نایەت هیچ بڵێم. لەناو هەستە دژبەیەکەکانی خۆمدا ماومەتەوە. مەگەر منداڵێکی دوانزە ساڵان نەبوو دوێ شەو لە حەوشە دانیشتبوو و لە ئاسمانی دەڕوانی؟ باشە ئەم بەیانییە بۆ ئەوەندە ئاسان باوەڕم بە ریش و سمێڵی خۆم هێنا؟ دەستێکیان پیادێنمەوە. دەڵێ "هەستە، ئیتر ئیستا بەرەبەرە باوکت و باوەگەورە دێنەوە، بۆ نوێژی بەیانی چوون بۆ مزگەوت، ئەمڕۆ مەلا خوتبەی تایبەتی هەیە، ئەوەندەی نەماوە سەروسەکوتی میوانەکانی رۆژی جەژنیش پەیداببەن،... دەی یاڵڵا رۆڵە!"

من لە ژێر زەبری هەبوونی راستەقینەی دایکم و روخسار و قسەکانی، باوەڕدێنم کە ئەوەی دەیبینم راستە، نەک ئەوەی بیری لێدەکەمەوە. هەرچەند هەرچی دەکەم پیربوونی دە ساڵەی کتوپڕی دایکمم بۆ چارەسەرناکرێ. کە باوکم و باوەگەورەیش دێنەوە، دەبینم ئەوانیش زیاتر بە تەمەندا رۆچوونەتە خوارەوە، خوشک و براکانم گەورەتر بوونە و بگرە پووریشم سەروچاوی داژەنراوە. ئەو کە قەت لەچکی بە سەرەوە نەبوو، دەبینم لەچکێکی رەش کە بە جوانی لە ژێر چەناگەیدا گرێیداوە پێستی سپیی روخساری ئەوەندەی تر سپی دەنوێنێ. بەپەلە روودەکەمە کتێبەکانم. دوو کتێبی ئەو ساڵانە وا لە کتێبخانە وەرمگرتبوون هەر لەوێ لەسەر تاقەکە ماون. دوو کتێبی تایبەتی مێردمنداڵان. کۆنن. رەنگ و روویان هەڵبزرکاون و لاپەرەکان بۆربوونە. یەکیان تایبەت بە رووداوەکانی ژیانی مێردمنداڵیک بە سواری بەلەمێکەوە روو لە دونیا دەکا و ئەوی تریان 'بیست و چوار کاتژمێر لە

خەو و بێداریدا' لە نووسینی سەمەد بێهرەنگی. باسی منداڵێک کە لە گەڵ باوکی لەبەر هەژاری و بۆ پەیداکردنی کار و بژیوی روودەکەنە تاران. باوکی دەبێ بە دەستفرۆش. لە دووای هەندێ رووداو منداڵەکە لە کۆتایی کتێبەکە ئارەزووی ئەوە دەکا کە تفەنگی پشت ویترینی دووکانێکی فرۆشتنی کایەی منداڵان هی ئەو بێت. لەبیرم دێت ئەم رستەیەی دووایی، هەڵگری جۆرێک لە رق و لە تۆڵەسەندنەوە یاخود هەوڵدان بۆ وەرگرتنەوەی شتێک بوو. جوان نایەتەوە بیرم. ساڵانی ساڵ لەوە پێش خوێندبوومەوە. رووددەکەمە دایکم و دەڵێم دایە ئەم کتێبانە لە کەیەوە لێرەن. دایکم دەڵێ رۆڵە گیان چووزانم، ئەوەتەی لە کتێبخانەوە هێناوتن!

پوورم لەم کاتەدا دێتە ژوورەوە. دەڵێ دوو جار بە نامە ئاگاداریان کردینەوە ئەم کتێبانە بەرینەوە، نەتبردنەوە؛ بەڵام فریانەکەوتن جەریمەمان بکەن. دۆخ گۆڕا.

دۆخ گۆڕا! حەزدەکەم بپرسم چۆن. بەڵام هیچ ناڵێم. شتێک لە دەروونمەوە پێم دەڵێ پەلەمەکە، پێم دەڵێ تۆ کتێبخوێنی و نابێ وەک کەسی حۆلکە بێیتە بەرچاو.

من بۆ ئەوەی بزانم چی روویداوە، رووددەکەمە دەرەوە. کۆڵان و گەڕەک حاڵ و هەوای جەژنیان هەیە. پیاوەکان بە دەستە، یان دوو دوو و بە تەنیا بۆ جێژن موبارەکی روو لە ماڵان دەکەن. کۆڵانەکان خاوێنن و جووڵەی ئاسایی رۆژانی پێشوو نابینرێ. لە شەقامیش هەموو دووکانەکان داخراون و گەنجەکان پۆل پۆل راوەستاون و پێکەوە دەدوێن. بۆنی بخور و عەتر لە هەموو شوێنێک دێتە لووت. تەنیا شتێک

جیاوازدەنوێنیٚ تێپەڕینی تاک و تەرای ئەو ماشینانەیە وا هەندیٚ پیاوی ریشنیان تیایە بە جلوبەرگی سەربازییەوە، ئەو جلوبەرگەی لەوەی لەوە پێش من بینیبووم، جیاوازبوون. تەنانەت وێنەکانی شایش نەماون. بەسەر دیوارەکانەوە هەندیٚ دروشمی سەیرو سەمەرە دەبینریٚ. لەبیرمە ئەمەیشم قەت نەبینیبوو. نە کەس لە گەنجەکان دەناسمەوە و ئەوانیش چەند بە تەعەجوبەوە لێم دەڕوانن.

بەپەلە دەچمەوە بۆ ماڵەوە. نا، نابیٚ ئەمڕۆ روو لە زۆر شوێن بکەم. دەبیٚ لە ماڵەوە دابنیشم و چاوەڕوانی کۆتایی جەژن بم. تەنیا شتێک لە ماڵەوە ورەم پێدەبەخشیٚ و دڵخۆشم دەکا ئەوەیە لەویٚ تا رادەیەکی زۆر هەموو شتێک وەک جارانە. تەنانەت بەردەنوێژەکەیش. باشە لەو کاتەوە منداڵی ناو چیرۆکەکەی سەمەد تاسەی تفەنگی پشت شووشەکەی کردبوو، چی بەسەر دونیادا هاتبوو؟

پوورم کە دەتوانیٚ چاوەکانم بخوێنێتەوە (دیارە هەمیشە لەم توانایە بەهرەمەند بووە)، دەڵیٚ پەلە مەکە، عادەت دەگری! دەلیٚ تازە تۆ بەختت هەبوو کە کتوپڕ گەورە بووی و ئاگات لەو ساڵانە نەبوو! من دیسان ناوێرم پرسیاربکەمەوە. نەکا تاوانی کتێبەکان بێت، یان نا، تاوانی پوورم خۆی کە بە بەڕێکردنی من بە ناو جادەکەدا دەرفەتی دیتنی ئەوەی لیٚ سەندم وا لە ناو شار روویاندەدا. رێک لە پشت سەرمەوە.

پرسیارێکی زۆرم لە مێشکدایە. حەزدەکەم لیی پرسم هەموو ئەوانەی دەمناسین چییان لیٚ بەسەرهاتووە. گەڕەکەکان، ئەی ئەوەی وا بە دەم خوێندنەوەی رۆژنامەوە روو لە شاخەکەی باشووری شار، گوێی لە گۆرانی و مۆسیقا هێمنەکان دەگرت. داخۆ ماون.

له ماڵەوە جگە لە برایەکی بچووکم کە تەمەنی دەساڵانە، کەسی تر لە تەمەنی وەرگرتنی جێژنانەدا نەماوە. ئەوە چایی دادەنێ، نوقڵ دەگێڕێ و لە کاتی خواحافیزیکردنی میوانەکان لەبەر دەرگای ژووری میواندا لە تەنیشت باوکم رادەوەستێ و چاوەڕوانی جێژنانەیە. زۆربەی کاتیش بەریدەکەوێ. کە ئێوارێ دێ و جەژن روو لە کزی دەکا، پوورم بانگی لێدەکا و هەرچی پووڵ لە گیرفانیانە لێی دەستێنێ. براکەم نایداتێ، دەگری، شەڕی خۆی دەکا، بەڵام بێسوودە. پوورم لای وایە ئەو پووڵە هی هەموو منداڵەکانی تریشە، بە تایبەت کچەکان کە هەموو ئەو رۆژە چاییان تێکرد و پیاڵەیان شۆرد و خزمەتی خێزان و میوانیان کرد. جا با تەمەنیشیان کشاوەتر بێت. بەم شێوەیە براکەم تەنیا بەشێکی کەمی پێ برا. ئەو تەنیا توانی ئەو تفەنگەی پێ بکڕێ وا ماوەیەکی زۆر بوو خەونی پێوە دەبینی.

دووانیوەڕۆ دەچمەوە ژووری دانیشتنەکە. حەزدەکەم زەنگێک بۆ جەمشید لێبدەم. رووەدەکەمە تاقەکە. چی! تەلەفۆنەکە نابینم! سەیری پوورم دەکەم. دەڵێ چیتر لە شار تەلەفۆنی ماڵان نەماوە. دەڵێ گەر دەتەوێ لەگەڵ کەسێک قسەبکەی دەبێ بچی و راستەوخۆ بیبینی. شەویش کاتێک دیسان وەک جاران خێزان دادەنیشنەوە و تەلەفزیۆنەکە دەکەنەوە، دەبینم بەرنامەکان وەک ساڵان نین. نە گۆرانی بێژێک و نە سەمایەک و نە ئەو ژنە شۆخ و شەنگانەی وا باوەگەورە چاوی تێدەبڕین. لە هیچ شوێنێکی ماڵەکەیشدا رۆژنامەیەک نابینمەوە. باوکمم زۆر بێدەنگ دێتە بەرچاو. وەک بڵێی بەردەوام نایەوێ باوەڕ بە شتێک بکا. شتێک کە روویداوە و تازە کەس هیچی پێناکرێ. وەک بڵێی حەمە

سوور تەقەی خۆی کردبوو و بۆ هەمیشە شووشەی پەنجەرەکەی ماڵی خازوڵەیخای شکاندبوو. من لە کتێبەکاندا خوێندبوومەوە ئەوەی روویدا تازە روویداوە و گەر دەتەوێ چیتر درێژەی نەبێ دەبێ بیر لەوەی بکەیتەوە کە لە داهاتوودا روودەدا نەک ئەوەی لەوە پێش هەبوو و دەتەوێ دیسان رووبداتەوە. هەستدەکەم باوکم وڕە. وڕی زەبری هێزێکی پڕ هێز کە بە هەموو جۆرێک لە هەموو شوێنێکەوە داگیرت دەکا و،... تەواو. وڕێک تەژی لە تەسلیمبوون و بڕوا بە بێ هێزیی خۆت. باوەگەورەیش لەوە دەچێ لە خەون و ئارەزووی ژنهێنانێکی تر بۆ هەمیشە وازی هێنابێ. هەستدەکەم ئەو شوێنەی ئەو ساڵانی ساڵە لەسەری دادەنیشێ، وەها بەوەوە دەقی گرتووە کە تازە کەسی تر لەوێ ناتوانێ دابنیشێ. شوێنێک لە بەر پەنجەرەکە، شانی چەپی رووەوە کۆڵان و پشتی لە باشوور. عادەت باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشا. رەنگە لەوە ترسابێ کە ناشوکر بووەو قەدری تەلەفزیۆنەکەی جارانی نەزانیبێ. مەگەر قەناعەت شەرتێکی گرینگی شوکرگوزاریی مرۆڤ بۆ خواوەند نەبووە! یان رەنگە هی بچووکبوونەوە جەستەی بێت. باوەگەورە بچووکتر دەنوێنێ. کە تووڕەیش دەبێ دەنگی زۆر بڕناکا. نیگاکانی چەند غەمگینن.

من ئەو شەوە سەر لە نوێ بە یادی جاران هەر دوو کتێبەکە دەخوێنمەوە. چەند سادە و ساکار دێنە بەرچاوم. نەکا هەموو ئەو شتانەی وا لەم دە ساڵەدا روویانداوە شتێکن لە چەشنی سەفەری مندالەکەی ناو کتێبەکە و، حەزی ئەوی تریان بۆ تفەنگ. یان رەنگە تێهەڵکێشێک لە هەر دووکیان بێت. دەمەوێ بچم و گلەیی لە پوورم بکەم

که لەگەڵ ئەوەی فێری جادە بەناوبانگەکەی کردم، بەڵام قەتیش نەیپرسییەوە ئەرێ چۆ دەگوزەرێ. راستی بەڕاستی ئەو جادەیە بەناوبانگە، یان هەر لای من وایە.

نا، نابێ پەلە بکەم. خۆ من جارێکە لە ماڵ بە جوانی نەچوومەتە دەرەوە. باشە ئەم خەیاڵاتە چن هەڵمدەگرن؟ لام سەیرە. وەک بڵێی کەسێک خزابێتە ناو جەستە و مێشکمەوە و لە جیاتی من بیردەکاتەوە. منێک کە تازە لە خەوێکی قووڵی دە ساڵە بەئاگاهاتووم، تەنیا دەبێ چاوەڕوانی رووداوەکانی داهاتوو بم.

باوکم دەڵێ خەفەت مەخۆ تەواوی ئەو ساڵانە من هەموو رۆژێک هەر ئەوەندەی رۆژنامەم دەستکەوتایە خێرا بۆم دەخوێندیتەوە؛ پوورم دەڵێ منیش هەر چی رۆمانی دونیایە لە کیسم نەدا و بۆم خوێندییەوە. هەر دووکیان دەڵێن تەنیا ئەوەندەی تۆ بە چاوەکانی خۆت شتەکانت نەبینی.

ئەمەیش جۆرێکە لە خوێندنەوەی مێژوو.

شەو کە دێت بۆ یەکەم جار جێگای من لە ژووری باوەگەورە رادەخەن. خوشک و براکانیشم هەر هەموویان لە ژووری دانیشتنەکە لەگەڵ پوورم دەخەون. سەرئەنجام لە دووای ساڵانی ساڵ دایکم و باوکم تەنیا بە جووتە ژووری خۆیان بەردەکەوێ. باوەگەورە نەک تەنیا توورە نیە، بەڵکو خۆشحاڵیشە لەوەی من لە ژوورەکەی ئەودا دەنووم. تەنیا ئەوەندەی، دەبێ من لە لاخوارووەوە بم. تاقمەکانی دەردێنێ و دەیانخاتە لێوانە ئاوەکەی بەر پەنجەرەکە. ئەو شەوە هەستێکی غەریب رووی تێکردم. وەک بڵێی فڕێیان دابێتمە دەرەوەی مێژوو،... مێژووی

منداڵی. ئەو شەوە لە کاتێکدا باوەگەورە بە بێ تاقمەکانی دەیپرخاند و دەیفیشکاند، زانیم لەگەڵ سەردەمێکی غەریب، سەردەمی منداڵیی منیش بۆ هەمیشە کۆتایی پێهاتبوو.

***

دوو کتێبەکەی دە ساڵ لەوە پێش دەخەمە بن باخەڵم و بەرەو کتێبخانەکە بەڕێدەکەوم. جادەکە وەک جاران نەماوە. بە درێژایی شەقامەکە دوو بینا گەورەکەی دەستی چەپی کە لەوە پێش یەکیان دیواری بەرزی حەوشەی پشتەوەی فەرمانداری بوو و ئەوی تریان ئیدارەی پۆست، کرابوون بە بنکەی سەربازی. لە دوو شوێن بە سەر حەسارەکەوە پۆستی بڵیند بەو چەکدارانەی ناوییەوە دەبینران کە بەرزبەرز بەسەر رێگاکە و کۆڵانەکانی دەروروبەردا دەیانڕوانی. ئیدارەی پۆستی جارانیش لەبەر دەمیدا سەنگەرێک و چەند ماشینی سەربازی! هەنگاوەکانم ئارام دەکەمەوە. هەر وەک دە ساڵ لەوە پێش جادەکە چۆڵە. شتێک لە دەروونمەوە پێم دەڵێ باش نیە بە بەردەمی ئەم هەموو دیمەنە تازەدا تێپەڕم، بەڵام تازە هاتووم. لە کتێبەکانی بن باخەڵم دەڕوانمەوە. حەزدەکەم بیانخەمە بن کراسەکەمەوە! دیسان شتێک دەنگم دەدا نا وا مەکە، دەڵێ هەر بەو شێوەیە بەردەوام بە. بەردەوام دەبم. لە دوو سەنگەرە بەرزەکە دەڕوانم. حەرەسەکانی ناویان بەدەرەوە نین. جگە لەوە بەرزن، رەنگە دەنگ و نیگاشیان نەگەنە من. منێک کە لە ژێریانەوە دەڕۆم. کە دەگەمە ئیدارە کۆنەکە، ئاگام لێیە نیگابانەکە لەگەڵ قایشی چەکەکەی لە کاتێکدا لەسەر کورسییەک دانیشتووە، وەڕەزانە کایەدەکا. بە بینینی من لێم وردەبێتەوە. زۆر

گەنجە. تەنانەت ریش و سمێڵیشی نەهاتووە. تەمەن رەنگە لە دەورووبەری شانزەساڵدا. ئارام لە کاتێکدا نیگا دردۆنگەکانی لاملم گەرم دەکەنەوە، تێدەپەڕم. دەنگی هاڕەی ماتۆڕی لەنەکاوی یەکێک لە ماشینەکان دامدەچڵەکێنێ.

باشە ئەم ترسە کتوپڕیانە لە کوێوە دێن!

درەختەکان بە درێژایی جادە زیاتر بالآیان کێشاوە و چروپڕتر لێک ئالاون. وەک بڵێی شوێنێکن بۆ خۆحەشاردان. بانگم دەکەن. سەرهەڵدەبڕم و بە خۆم دەڵێم بەردەوام بە. دیسان بەردەوام دەبم. قیڕەقیڕی قەلەڕەشێک لە با دەئاڵێ و لە شوێنێک وندەبێ. جارێکیان پوورم گوتی دەنگە دوورەکان زۆر جار خەیاڵ لەگەڵ خۆیان دەبەن.

لە کتێبخانەکە نزیک دەکەومەوە. شتێک لە دوورەوە هەڵەیە. نزیکتر دەکەومەوە. بە دەرگاکەوە قوفڵێکی زلی ژەنگاوی دەبینم. شووشەی پەنجەرەکان یان شکاون، یان درزیان بردووە. دەعەبەسێم! هەروا لەبەر خۆمەوە لێی دەڕوانم. تۆزی سەر پلیکانەکان پێم دەڵێن لەمێژە مرۆڤێک لێرەوە تێنەپەڕیوە. سەردەکەوم. قوفڵە ژەنگاوییەکە بە دەستی چەپم دەگرم. سەر بە شووشەکەوە دەنێم و لە ژوورەوە دەڕوانم. چۆڵ چۆڵە. جگە لە چەند کورسیی لەت و پوت، خشت و بەرد و چەند کۆگای بچووکی خۆڵ کە لێرەو و لەوێ کەفەکەیان داپۆشیوە، چیتر نابینم. سیمەکانیش بێ گڵۆپ خەمگینانە بە سەقفەکەوە شۆڕبوونەتەوە. باشە کتێبەکان بۆ کوێ چوون؟ لەم سالآنەی دووایی چییان لێ بەسەرهاتووە؟ لەم سەر تا ئەو سەری کۆلان کەسێکی لێ نیە وەلامی پرسیارەکەم بداتەوە. دەزانم و دڵنیام لە ساڵە قەرەباڵغ و دژوار و پڕ لە

ڕووداوەکاندا ئەوانیش شوێنێکیان هەیە بۆ مانەوە و بۆ ڕووانین و بۆ لەبیرمانەوە. لە کوێ؟ نازانم. لەم خەیاڵانەدام کتوپڕ کەسێک لە دوواوە دەنگم دەدا. لادەکەمەوە. دوو چەکدارن. لێم دێنە پێشەوە.

- ئەوە چییە پێتە؟

کتێبەکانم دێنەوە بیر. دەیاندەمێ. یەکیان ناوەکانی سەر بەرگەکان دەخوێنێتەوە و، سووڕێک نیگای بە ناو لاپەڕەکاندا دەگێڕێ. لەگەڵ هاوڕێکەی بە چرپە دەدوێ. ئەوسا پێش خۆیانم دەخەن. نازانم بۆ، بەڵام زۆر ئاسان لەگەڵیان دەکەوم. نە پرسیارێک دەکەم بۆ کوێ و نە دەڵێم بۆ. وەک بڵێی من تەنیا دەبێ بەقسەیان بکەم و تەواو. دەمبەنەوە بەر ئیدارە کۆنەکەی پۆست. لەوێ لەگەڵ کەسێکی تر دەدوێن و ئەوجار سوار ماشینێکم دەکەن و دەڕۆین. ڕێک بە ناو گەڕەکی خانە سازمانییەکاندا دەڕۆین. ئای ئەوێیش چەندە گۆڕاوە. نە پاسکیلەکان ماون و نە کچانی گەڕەک و نە لە سەوزەلانیی حەوشەکانی جاران. جۆرێک لە فەزای خۆڵەمێشی هەموو شوێنێکی داگیرکردووە. دیوارە تەلەکان نەماون و حەسارە بلۆکەکان جێگایانی گرتووەتەوە. لەبەر دەرگای ماڵی ئاغای ئەسەدەی دوو پیاوی ریشن بە جلوبەرگی سەربازییەوە لەگەڵ ژنێکی چارشێوبەسەر کە تەنیا روخساری بەدەرەوەیە، راوەستاون و قسەدەکەن. ژنەکە چاوی لە سەر عەرزەکەیە. وەک بڵێی لەگەڵ ئەوان نادوێ. هەرچەند دوو پیاوەکە ڕوویان لەوە. کە تێدەپەڕین دەبینم 'ژێ سێ' یەک بە دەستی چەپی ژنەکەوەیە. نا، لەوە ناچێ گەڕەک هیچ بنەماڵەیەکی تیامابێ. ئەوسا لەسەر چەند سووچێکی جادەکان، لەو شوێنانەی شەقامەکان بەیەکتر دەگەنەوە، سەنگەرەکان

**دەبینم. رقم لە خۆمە لە پوورم نەپرسی داخۆ لە ماوەی ئەو دە ساڵەی من خەوم لێکەوت چی بەسەر نیشتماندا هاتبوو. یان رەنگە من دەبێ خۆم بە شوێن وەڵامەوە بم. لە گەڕەکەکە دەترازێین و دەگەینە بینایەکی قەبە. من ئەمەم لەبیر نایەت. ئەوێیش سەنگەرێک لەبەردەمیدایە و چەند ماشینێک راوەستاون. دەمبەنە ژوورەوە. پیاوە ریشنەکان لە هەموو شوێنێک هەن. پاش ماوەیەک چاوەڕوانی لە هۆڵێکی درێژدا، دەرگای ژوورێک دەکرێتەوە و دەچینە ژوورەوە. پیاوێکی کەتەی چاویلکە لەچاو کە دەڵێی ئاسمی هەیە و بە دەستی راستی بە خودکارێک کایەدەکا، بەچاو پێم دەڵێ دانیشە. لەدووای نووسینی ناو و ئادەرسی ماڵەوە و ناوی باوکم و دایکم، لە ئیش و کارم دەپرسێ.**

**- بێکارم.**

**- بێکار؟**

**- یەعنی بێکار نەئەبووم، بەڵام وای لێهات؟**

**- وای لێهات!**

**شتێک لە دەروونمەوە پێم دەڵێ نابێ باسی دە ساڵەکە بکەم.**

**- بەڵێ وای لێهات.**

**تووڕە دیارنیە. هەڵدەستێتە سەرپێ و دوو کتێبەکەی من کە لەسەر مێزەکەی بەردەمیدایە هەڵدەگرێ و، لەبەردەمی من لە سەر هەمان مێز دادەنیشێتەوە. کتێبی ئەو کوڕەی وا بە ناو رووباردا بە پاپۆر سەفەردەکا، دەخاتە لاوە و لە کاتێکدا کتێبی بیست و چوار سەعات لە خەو و بێداریدا بە دەستی رادەوەشێنێ، دیسان بە هەمان هێوری دەپرسێ:**

**ـ ئەمەت لە کوێ بوو؟**

**ـ هی کتێبخانەیە؟**

**ـ کوێرنیم، ئەزانم. مەبەستم ئەوەیە لە کێت وەرگرتووە؟**

**ـ لە کتێبخانە، لە کتێبخانەکەی شار، ئەوەی ناو کۆڵانەکە کە ئیستاکە نەماوە.**

**ئەوسا باسی ئەو ساڵانەی بۆ دەکەم. شەپەڵاخەیەکی مزر گڕ لە روومەتم بەردەدا. من کە بە منداڵیش ئەگەرچی زۆرم لێ توورەدەبوون و بەڵام قەت لێدانم نەخواردبوو، بە بێ ئیرادە راستدەبمەوە. دانەیەک لە دوواوە توند رامدەگرێ.**

**ئەو شەوە رامدەگرن. لە ژوورێک وەک ژوورەکەی خۆم لە ژێرخانەکە. یەکەم جارە لە ژیانمدا لە ژوورێکدا دەمێنمەوە بەبێ ئەوەی ئیزنی ئەوەم هەبێ بچمەدەرەوە. بیری خاڵم دەکەومەوە. راستی چی بەسەرهات و ئیستا لە کوێیە؟ نەکا ئەویش هەر ئاوا کاتی خۆی پێوەبووبێ؟ لەسەر تاقە پەتوی چڵکنی سەر چیمەنتۆکە پاڵدەکەوم. سەرەما بەرەبەرە دەکشێتە ناو جەستەمەوە. بێدەنگییەکی سەیر زاڵە. خەیاڵم دەچێتەوە سەر کتێبخانەکە. هەرچی دەکەم ناگەمە هیچ شوینێک. بە خۆم دەڵێم گەر بەتووش باوکم و پوورم و باوەگەورە و مامەکانم و حەمەسوور و بەکرەکوێر و... بوومەوە بێگومان لێیان دەپرسم کە چی روویداوە. هەستدەکەم ئەم چیرۆکە نە تەنیا بە من دەدۆزرێتەوەو نە تەنیا بە منیش دەگێڕدرێتەوە. وادیارە من خەریکە بەرەبەرە دەچمە ناو جیهانێکەوە کە زۆر خێرا دەکرێ دیمەنەکەی بەردەمت لەسەداسەد بگۆردرێ، تەنیا لەبەر ئەوەی شتێکت بەدەستەوەیە هی ساڵانی ساڵ**

**لەوە پێشە. بۆنی سیمان و بەتانییە کۆنەکە مەزاجم تێکدەدەن. بە پشتدا دەکەوم. بەخۆم دەڵێم کە بەتووش خاڵمەوە بوومەوە لێی دەپرسم هەموو ئەو ساڵانەی چۆن چۆنی تێپەڕاندووە؟ دەپرسم داخۆ لەوە تووڕەنیە کەس نازانێ چۆن ژیاوە؟ قاچەکانم ئارەقدەکەنەوە. لەبیری خوراندنیاندام و پێم وایە دەستیشیان بۆ دەکێشم کە خەوم لێدەکەوێ. زەمەن و چیمەنتۆکە لێکدەئاڵێن.**

**بۆ سبەی باوکم لەگەڵ پیاوێک دێن و من دەبەنەوە. پیاوەکە قاتێکی رێک و پێکی کوردی لەبەردایە بەو جامانە زل و تازەوە وا بەسەر روخساری گۆشتنیەوە لەکەلەکیەتی. پیاوەکە هیچ ناڵێ و تەنیا چەند جارێک لێم دەڕوانێ. من کە جەستەم پڕی سەرمای دوێشەوە و دەڵێی گلێنەکانم بەستوویانە، تەنیا دەڕوانم بە بێ ئەوەی هیچ مەبەستێکم لە رووانین هەبێ. دەمەوێ بڵێم ئەی کتێبەکان. دیسان شتێک لە دەروونمەوە پێم دەڵێ وس بە! وس دەبم. باوکم دەڵێ سوپاسی کاک بەختیار بکە پیاوەتی کرد و یارمەتی داین و رزگاری کردی. لەبەر خۆمەوە دەڵێم رزگاری کردم. جوان لە بیرم نیە، بەڵام پێم وابێ گوتم سوپاس کاک بەختیار. وەک بڵێی ئەویش زۆری پێخۆش بێت. دیانەکانی کاک بەختیار شتێک بوون لە رەگەزی بەردە سپی و لووسەکانی بن چەم. کاتێک قەرژاڵمان تیادەکوشتن.**

**کە دەگەمەوە ماڵەوە. دایکم بە باڵامدا شۆڕدەبێتەوە و دەگری. پوورم بە چاوەکانی پێدەکەنێ. باوەگەورە قوڵپی گریانێک لە گەروویدایە. دایکم دەڵێ حەک خوا بە ئاگری جەحەننەم بیانسووتێنێ بزانە بە شەوێک چییان بە کوڕەکەم کردووە. من تا یەک هەفتە تەب و لەرز دەمگرێ و لە**

جێگادا دەکەوم. سەرمای ئەو شەوە دەڵێی جێگای جەستەمی گرتووەتەوە.

له دووای ئەوەی چاکیش بوومەوە قەت بۆنی تیکەڵی پەتووە چڵکنەکە لەگەڵ چیمەنتۆکە بەرینەدام. بۆ ساردێک کە هەتا لە ژیاندا مامەوە لەگەڵما ژیا. حەمە سوور کاتی خۆی گوتبووی جا زیندانەکانی ئەو دیو سنوورتان نەبینیوە!

***

هەوڵدەدەم بە بیرکردنەوە لە زەمەن، درێژایی دە ساڵەکە بێنمە بەرچاوی خۆم بۆ ئەوەی لە گۆڕینی دۆخەکە تێبگەم. بۆ ئەوەی تێبگەم ئەوەی هەیە بوونێکی راستەقینەیە و لە راستیدا کات و رووداو دوو رووی لێکجیانەکراوەن. بەتایبەت کاتێک رووداو هەوڵدەدا کات جێ بێڵێ یاخود خۆی بەسەردا بسەپێنێ. زۆو جار وەهایە، یەکیان دەیەوێ ئەوی تریش داگیربکا بۆ ئەوەی بڵێ ئەها چەند دوو گیانین لەناو جەستەیەکدا!

سەرەتا بیر لە رۆژێک دەکەمەوە، ئەوجا لە هەفتە و لە مانگ و لە وەرز و لە ساڵ. ئەوەیکە لە ماوەی رۆژێکدا من چی دەکەم و لە ماوەی هەفتە و مانگ و... . زەمەن بە جوانی لەبەرچاومدا دەکشێ، ئەوسا تێدەگەم کە دە ساڵ یەکجار درێژە. کەواتە گەر لەبەر دەم کات دانیشی و بیر لە ئەو سەری لە داهاتوودا بکەیتەوە، درێژدەنوێنێ؛ بەڵام بەرەو دوواوە شتێکی ترە. هەموو ئەو شتانەی وا روویان داوە، چڕدەبنەوە و لە یەک چرکەساتدا خۆیان دەنوێنن. ناتوانم بەسەر رۆژەکان و هەفتە و مانگ و... دابەشیان بکەم. ئەوەندە لێکدەئاڵێن کە تەنیا وەک

جەستەیەکی گەورەی لێڵ و بێ شکڵ خۆیان دەنوێنێ. جا بۆ ئەوەی بتوانم لە زەمەن بگەم هەوڵدەدەم رابردوو وەک داهاتوو لێبکەم. خۆشحاڵم بە شوێنێک دەگەم. کەواتە لەو ساڵانە وا جەمشید ئەلبۆمەکەی پیشاندەدام، یەکجار گوزەراوە. راستی بڵێی جەمشید چی بکا؟ لە کوێ دەژی؟ داخۆ ماون یان نا؟ شتێک لە دەروونمەوە پێم دەڵێ چارەنووسێکی باشیان نەبووە. خازوڵەیخا لای وایە ئەوەی رۆژێک لە رۆژان خراپەی دەرحەق بە کەسێک کردبێ، تەقاسەکەی دەداتەوە، تەنانەت گەر لە بن بەردیشدا خۆی حەشاردابێ. ئەوجا بە بۆچوونێکی تریش دەگەم. ئەویش ئەوەیکە هەموو شتێک بەشێوەیەکی بێڕەحمانە لە گۆڕاندایە. ئەوەیکە گۆڕان تەنیا گۆڕان نیە و ئاراستەیەکیشی هەیە بەرەو لەناوبردنی شتەکان. دڵم دەگوشرێ. خەیاڵی ئەوەیکە رۆژێک دێت و من و باوکم و دایکم و پوورم و هەموو ئەوانەی وا دەیانناسم بۆ هەمیشە بزردەبن، وەها بێ ئۆقرەم دەکا ئەژنۆکانم دەکەونە لەرزین؛...

پاڵ بە دیوارەکەی پشتمەوە دەدەم. پووچییەکی پیس سەرتاپام دەگرێتەخۆی. بیر لە باوەگەورە دەکەمەوە. نەکا هۆکاری هەموو تووڕەییەکانی ئەمە بێت؟ نەکا تووڕەیی جۆرێکە لە خۆشەویستی بە ژیان؟

رێک لەم رۆژانەدا بەم جۆرە خەیاڵانەوە، هەواڵێکی ترسناک لە کۆڵانەکەی ئێمە بڵاودەبێتەوە و دەگاتە هەموو شار؛ یان رەنگە لە شارەوەیە بەرەو کۆڵانەکەی ئێمە. نازانم. باسی ئیعدامکردنی کوڕێکی دراوسێی ئێمەیە. ناوی رزگارە. چەند مانگ لەوە پێش گیراوە و ئیستا تەرمەکەی لە مزگەوتەکەی گەڕەکە. رزگار تەنیا دوو سێ ساڵێک لە من

گەورەترە. دایکی بە گریان و بە لەخۆدان و خۆڕنین لە بەر پەنجەرەکەی ئێمەوە تێدەپەڕێ. مێردەکەی رایگرتووە و هەوڵدەدا ئارامی بکاتەوە. بۆ خۆی ناگری. سڕسڕ لە دونیا و لە دەورووبەری دەڕوانێ. کەسی تریان لەگەڵ نیە. چەند کەسێک دووراودوور لە گەڵیانن و خەڵکی گەڕەکیش دێنە بەردەرگاو بەر پەنجەرە. ژنەکان دەگرین. دانەدانە خۆیان دەگەیەننە ژنەکەو هەوڵدەدەن دڵداریی بدەنەوە. هەر ئەم کوڕەیان هەبووە. ئەوسا من رزگارم دێتەوەبیر. لە فوتباڵ لە هەموو منداڵی گەڕەک زیرەکتر بوو. هەمیشە تۆپە لاسیقییەکان هی ئەو بوون. جگە لە چەند ئاشنا و دۆست و رفیقێک، لە مزگەوتیش تەنیان. دەڵێن تەنیا جانتایەکیان وەرگرتوەتەوە. هەندێ جل وبەرگ و شمەکی ریشتاشین و لەگەڵ دەفتەرچەیەکی دڕاو کە زۆربەی لاپەڕەکانی نەماون. چەند عانەیەکیش. کە دەیشینێژن هەر ئەوەندەن. نا، لەگەڵ گۆڕهەڵکەنەکان و ئەو حافزە کوێرەی ئەوەندە بە پارە موحتاجە کە لە گرتن ناترسێ و ئامادەیە رستەکانی قوڕعان، لەبەر، بە دەنگێکی حەزین بڵێتەوە. دیارە منم باوەڕناکا کەس بیانگرێ. دیمەنەکە لەوە وێرانترە کەس، تەنانەت پیاوانی حکومەتیش، بیر لە گرتن و ئازاردانیان بکەنەوە. هەندێ جار زەلیلی ئەوەندە بەرچاوە کە تەنانەت زاڵمیش بەزیی پیاتدا دێتەوە و لێت دەگوزەرێ. باوکم دەڵێ جا بزانە چەند بەختت هەبوو رزگارت بوو! باوکم راستدەکا. رزگار رزگاری نەبوو، بەڵام من با. دەڵێ خوا کاک بەختیارمان لێ نەستێنێ، هەرچەند کەم کەس قەدری دەزانن. من بیری شکڵ و شەمایلی دەکەمەوە. ئیستا دێتەوە بیرم لە کێ دەچێ. کاک بەختیار لە کیسەکێش دەچێ. لە کیسەکێشی حەمامەکەی گەڕەکەکەمان.

من کە نازانم چۆن چۆنی کەسێکی وەها ئەوەندە دەستی دەڕوا، تیایا دەمێنمەوە. وادیارە هەندێ ئیش لە ژێرەوە بە هەندێ رایەڵی وەهاوە بە کاروباری ترەوە بەستراونەتەوە کە تێگەیشتن لێیان و دۆزینەوەیان بۆ هەموو کەس دەستنادا. هەرچەند باوکم دەڵی هۆکارەکەی ئەوەیە کە کاتی خۆی کاک بەختیار، بە دەیان و سەدان تەرمی سەربازە کوژراوەکانی حکومەتی شۆردووە و کفن و دفنی کردوون. گوایا لە سەردەمێکدا لە حکومەت بێ کەستر لەم وڵاتەدا نەبووە، کاک بەختیار بەم کارەی خۆی نیشانی داوە چەند پیاوی رۆژ تەنگانە و هاوڕێی مردووەکانە. بە کورتی هەموو توانای ئەو لەوەدایە کە لە فکری مردووی حکومەت و زیندووی خەڵکی شاردایە. دیارە بە مەرجێک زیندووەکە زۆر کاری گەوجانەی نەکردبێ.

چاوێک بە ماڵەکەدا دەگێڕم. یەک تاقە کتێب چییە لێی نیە. وەڕەزیی کتێبخانەکە دەکەم. پوورم دەڵێ کتێبخانەکە ئیستا لە شوێنێکی ترە. بینایەکی گەورە و بەرز بە کتێبی یەکجار زۆرترەوە! من کە هاوکات هەم سەرم بەم قسەیە سووڕدەمێنێ و هەم خۆشحاڵ دەبم، ئادرەسەکەی لێوەردەگرم. دەنگم دەدا جارێکە پەلە نەکەم. دەڵێم مەگەر کاک بەختیار فریامان ناکەوێ؟ پوورم پێدەکەنی. من لەوەی کە بە جیددی قسەکەم وەرنەگیراوە، دڵگیردەبم. پوورم دەڵێ مەبەستم ئەمە نیە، مەبەستم ئەوەیە بە پەلەپەل دە ساڵەکە قەرەبوو ناکرێتەوە. دەپرسم کاک بەختیار چکارەیە؟ پوورم دەڵێ هیچکارە. راستدەکا. ئەو کە لە خەو هەڵدەستێ، لە دووای ئەوەی ریشی پاک پاک دەتاشێ و رۆن لە سمێڵی دەدا و لەبەر ئاوێنەکەدا جوان جوان خۆی بەسەردەکاتەوە، بەرەو بازاڕ

**خلۆردەبێتەوە. هەتا نیوەڕۆ و لە دووانیوەڕۆیشەوە هەتا ئێوارە ئەم دووکانەو دووکان دەکا،... لەگەڵ ئەم و ئەو دادەنیشێ و زیاتر لەوەی باسی داهاتوو بکا بە ئیستاوە خەریکە. پوورم دەڵێ نانی مردوو و زیندووەکان پێکەوە دەخوا. منیش لام وایە کەواتە دووبەرابەری خەڵکی تر دەردێنێ و بۆیە وەزعی گەلێک باشترە. کاک بەختیار حەزیشی لە تەسبێحە. لەماڵەوە کلۆکسیۆنێکی تەسبێحی هەیە و هەمیشەیش لە گیرفانیدا چوار نەوعی پێکەوە تیایە. لەوە دەچێ بە گوێرەی شوێن تەسبێحەکان دەگۆڕێ. بۆ وێنە لە چایخانە هەمیشە لە جۆری دەنک شووشەیی درشتی بە دەستەوەیەو، کاتێک دەدوێ حەزدەکا شەقەشەقیان لێ بێنێ.**

**راستییەکەی ئەوەیە کەس بە قەدەر ئەو لە ژیانی خۆی دڵنیا نیە. ئەوە بەختیارە کاتێک چەکدارەکانی حکومەت لە دەرەوەی شار لە رێگاوبانەکاندا دەکوژرێن، لەلایەن حکومەتەوە بۆ مەعامەلە و کۆکردنەوە و ستاندنەوەی تەرمەکان دەنێردرێ و هەمیشەیش لە کارەکەیدا سەرکەوتووە. بە کوردی و بە کورتی لە حەوت دەوڵەت ئازادە.**

**باشە پوورێ چ قەوماوە؟ دونیا بۆ وای لێهاتووە؟ ئەم هەموو مردن و کوژران و تەرمە چین؟ لە کوێوە دێن؟ پوورم بە نیگاکانی لێم زیت دەبێتەوە و دەڵێ رەنگە خراپتریش بێت! دەڵێم باشە لەو شەوەوە من بە تووش خەوە نگریسە دە ساڵەکەوە بووم، بۆ دونیا ئەوەندە گۆڕاو؟ ئەو بێدەنگە. من جاری وایە تاوانەکەی بۆ ئاغای ئەسەدی دەگێڕمەوە، جاری وایە بۆ حەمەسوور و جاری وایشە لەبەر خۆمەوە دەڵێم ئاهی**

مامەجوێنفرۆشە، بە سەلمیّ نەگەیشت و عالەمی گرتەوە. باوەگەورە سەرم لیّ بادەدا و لام وایە لە دڵی خۆیا دەڵیّ نەوەڵلا ئاهی من بوو. من هەرچی بیری لێدەکەمەوە دەبینم بەهەرحاڵ ئاهێک لە شوێنێکەوە بەڕێوەبووە. لانیکەم رۆحێک هەیە کە لەم دونیادا یەکجار ناشادە و بۆیە جیهان نیشتووەتە سەر تەوقی سەری خۆی.

رۆژێک بەڕێکەوت بە تووش کاک بەختیارەوە دەبم و، لەگەڵ ئەوەی حەزم لێیّ نیە سڵاوی لیّ بکەم، بەڵام سڵاوی لێدەکەم. بە رێکوپێکی وەڵامم دەداتەوە. نیگاکانی دەڵێن نامناسنەوە. دەمەویّ بگەڕێمەوە و بڵێم فڵانە کەسم،... بەڵام پەشیمان دەبمەوە. ساڵانی دوواترە تێدەگەم ئەو وەک مردووەکان، زیندووەکانیش، ئەوانەی وا رزگاری کردوون زۆر لە بیریا نامێنن. بەتایبەت کە زۆرینەیان گەنجن و لەخۆی کەم تەمەنتر. بە خۆم دەڵێم لەبیری کە، قەرزداری نیت! مەگەر من چیم کردبوو؟ هیچ. ئەو لەسەر شتێکی هیچ بووە بە خاوەن پیاوەتی بەسەر ئێمەوە. رقم لە خۆم و لە باوکم و لەم سەردەمە دەبێتەوە. داخۆ باشتر نەبوو جارێکە لە خەو هەڵنەستم؟

رۆژێک کۆپتەرێک لە دووای ئەوەی سووڕێک بەسەر شاردا دەداتەوە، نزم دەبێتەوە و لە مەیدانە بەرینەکەی سەربازخانەکەی شار دەنیشێتەوە. لە دووای نیوسەعات دیسان بەرزدەبێتەوە و لە پاش ئەوەی سووڕێکی تر بەسەر شاردا دەداتەوە، لەناو ئاسمان و لە پشت کێوەکانی رۆژهەڵات وندەبیّ. دەڵێن هەر ئەو رۆژە کاک بەختیار بە ماشینێک نیوسەعات پێش ئەوەی هلیکۆپتەرەکە بنیشیّ، چووە بۆ سەربازخانەکە. دەڵێن بە هەمان کۆپتەریش لەگەڵ خۆیان بردوویانە.

لەم شارە بچووکە کە خەڵکی سەریان یەکجار بە ژیانی خۆیانەوە سەرقاڵە، من تێناگەم چۆن چۆنی ئەم هەواڵانە ئاوەها پێکەوە گرێدەدرێن و چیرۆکیان لێ سازدەبێ. بەڵام هاوکات دڵنیام راستیشە. رەنگە لەبەر ئەوەی دەروازەی سەرەکیی سەربازخانەکە رێک لەو شوێنەیە وا گەڕەکەکەی نێزیکی کۆتایی پێدێ.

***

ئەگەر جاران سەربازخانە گەورەکەی تەنیشت شار، تەنیا سەربازخانەی ئێرە بوو، ئیستاکە لە زۆربەی شوێنەکان پڕی ئەو پێگە گەورە و بچووکە عەسکەریانە بوو کە وەک کارگی بەهار هەڵتۆقیبوون. تەپۆڵکەکانی ناو شار کە دووان بوون، هەندێ لە ئیدارەکانی جاران کە گۆڕابوون بۆ بنکە و، سەرئەنجام دوو شاخی دەورووبەری شار بە تەلیسەخۆڵ هەڵچنرابوون! خیابانەکانیش لە خەڵکی چەکدار و بێ چەک بە جلی سەربازییەوە، جمەی دەهات. جاری وابوو هەستم دەکرد ژمارەی ئەوان لە خەڵکی شار زۆرتر بوون. دیارە بەهۆی ئەوانەوە کەمێک دۆخی ئابووری گۆڕابوو و بازاڕ جموجۆڵێکی زیاتری تێکەوتبوو، بەڵام هاوکات جۆرێک لە تەمی ترس و دووری لە ژیانی ئاسایی باڵی بەسەر شاردا کێشابوو. راستی ئەم هەموو هێزە سەربازییە بۆ؟

تا شەوێکیان کتوپڕ لە دەرەوە کاتێک شەو دەگەییە نزیک سەعاتی دە، دەنگی ترسناکی تەقینەوە و تفەنگ، گەڕەکەکەی ئێمەی داگیرکرد. نازانم بۆ نەترسام. چوومە بەر پەنجەرەکە و لە بارانی گڕم رووانی. کەسێک گڵۆپی ژوورەکەی کوژاندەوەو هاواری لێم کرد لە پەنجەرەکە

دووربکەومەوە،... بەڵام من بەقسەم نەکرد. من ئەو چەکدارانەم بینی لە کۆڵانەکەی ئێمەوە تێپەڕین. لە دەرگای دراوسێکەی بەرامبەر ئێمەیان دا و داوای ئاویان کرد.

من بۆ بەیانی لە پوورمم پرسی. گوتم چ هەواڵە؟ دونیا بۆ وای لێهاتووە؟ پوورم کە نەیدەزانی لە کوێوە دەست پێبکا، لەدووای کەمێک رامان و بێدەنگی گوتی زۆر دژوارە چیرۆکی دە ساڵ لە چەند دەقیقەیەکدا بگێڕمەوە. من کە جاران جاری وابوو چیرۆکێکم لە دە خولەکدا دەگێڕایەوە، گوتم بۆ نابێ؟ من زۆربەی کتێبەکانی ئەو ساڵانەم لە دە خولەکدا دەخوێندەوە. پورم گوتی ئەوە داستانی منداڵانە بوون و ئەوەی دوێ شەو بینیت بەسەرهاتی گەورەکانە!

ژوورەکەی باوەگەورە ئەو شەوە یەکێک لە چاوەشووشەکانی بە فیشەکێک کونی تێبوو و بۆ سبەی بە چەسپ و لەتەشووشەیەکی تر پینەمان کردەوە. بۆ شەوی دوواتر هەم من و هەم ئەو جێگاکانمان لە پەنجەرەکان دوورخستەوە و شەوخابەکەیشی لابرد و خستیە ناو سندووقی ژێر رادیۆکەیەوە. بۆ دوو شەوی دوواتر دەنگی دام کە نەکا کەریەتی رووم تێبکا و منیش وەک ئەوانەی ئەو شەوەم لێ بێت! وادیارە باوەگەورە خەیاڵی زۆر دەڕیشت. حەزم کرد لێی پرسم لە کامانە، بەڵام نەمپرسی. من دەبووایە بۆ خۆم دە ساڵەکە قەرەبوو بکەمەوە، دەبووایە کات بدەم بە خۆم. پەلە، کاری شەیتانە. شتێک لە دەروونەوە پێی دەگوتم رازی دۆزینەوەی دیسان لە کتێبخانەکەدایە.

رۆژێک بەڕێکەوت بوو یان بە ئەنقەست، دەگەمە کتێبخانە گەورەکە. وەک بڵێی بەسەریا کەوتم. بینایەکی یەکجار گەورە بە سەقفی

شیروانییەوە و بەو پەنجەرە گەورانەوە کە بە هەر چوار دەوردا دەیانڕوانی. لە چاو ئەو دۆخەی ئەم چەند رۆژە بینیوومە، کەمێک غەریب دەنوێنێ. بە خۆم دەڵێم دونیا ئەوەندەیش شوێنێکی غەمگین نیە، ئەوە نیە کتێبخانەکە ماوەو بگرە لەوەی دە ساڵ لەوە پێشیش زۆر گەورەترە. بە سەر دیوارەکەیەوە دروشمێکی گەورە دەبینم "ئێمە بە یارمەتی خودا بە سەر دوژمنەکانماندا سەردەکەوین." بەچەند پێ پلیکانەی گەورە و پان و پۆڕدا سەردەکەوم، زەینم بەردەوام لای کەلیمەی 'دوژمن'ە. دەچمە ژوورەوە. هۆڵێکی سەقف بەرز و تا رادەیەک گەورە دەبڕم و بە دەستی چەپدا دەرگایەک دەکەمەوە و خۆم بە ژوورەوەدا دەکەم. عەبەسێم! چ هۆڵێکی گەورە! لە بەردەممدا بە هەزاران هەزار کتێب دەبینم کە لە ناو رەفە رێک و پێکەکاندا لە تەنیشت یەک و بە شوێن یەکتردا چنراون. لە بەشێکی هۆڵەکەدا ئەو مێز و کورسییانە دەبینم کە بۆ خوێندنەوە دانراون. رەنگی رەش و زەردیان سەرنجم دەقۆزنەوە. بە شوێن بینینی کەسێکدا چاودەگێڕم. کەس نابینم. لام سەیرە. ئەوەی ساڵان ئەگەرچی بچووکتر بوو، بەڵام قەرەباڵغ بوو. لەو شوێنەی وا لەوە دەچێ شوێنی تایبەتی بەرپرسی کتێبخانەکە بێت نزیک دەکەومەوە. دیسان وەک ساڵان ژنێک کتوپڕ لە پشت ریزە کتێبێکەوە پەیدا دەبێ. تەمەن لە سەرووی پەنجاوە. بە لەچک و مانتۆیەکی رەشی درێژەوە. ئەگەرچی ناوچاوی تاڵە، بەڵام بەڕێزەوە بەخێرهاتنم دەکا. تابلۆیەکی گەورە لەو سەری هۆڵەکەوە سەرنجم رادەکێشێ. منداڵێکە جووتێک پێڵاوی لە باوەش گرتووە و لە خۆشیانا سەری بەرزکردووەتەوە و پێدەکەنێ. پێکەنینێکی رەش و سپی. گەردنی تەواو

**کشاوە. دەڵێم دەکرێ وەک دە ساڵ لەوە پێش کتێب بە قەرز وەربگرم؟ بە تەعەجوبەوە لێم دەڕوانێ. ئەوسا چەند لیستی گەورەم دەخاتە بەردەست. تێدەگەم دەبێ بە ناو ناوەکاندا بگوزەرێم. دەڵێم ساڵان وا نەبوو، دەمانتوانی بۆ خۆمان راستەخۆ بەناو رەفەکاندا بگەڕێین. دەڵێ باسی کەی ئەکەی؟ ئەڵێم دە ساڵ لەوە پێش. بە نیگا پڕ لە پرسیارەکانی لێم دەڕوانێ. دەڵێ ئەو کاتانە دونیا فەرقی هەبوو. من بیری دەرەوە دەکەومەوە. راستدەکا. ئارام بە ناو لیستەکاندا شۆڕدەبمەوە. چەند ناخۆشە بەم شێوەیە کتێب هەڵبژاردن. کتێب تەنیا ناو و نووسەر نیە، شتێکە لەمە زیاتر. بۆ وێنە، بەرگەکەیەتی، قەوارەیەتی و بۆنی لاپەڕەکانییەتی کاتێک بە خێرایی چاوێکی پیادەخشێنی. پاش کەمێک هێنان و بردنی لیستەکان، کتوپڕ لە خۆمیان دووردەخەمەوە و دەڕۆم. تەنیا بە گوتنی سوپاسێک و بە بێ خواحافیزی.**

**ترسی ئەوەی کە کتێبەکانیش نەتوانن لەم دە ساڵەی وا تێپەڕیوە تێمگەیەنن، عەودالی کۆڵانەکانم دەکا. ماوەیەکی چاک هەروا دەخولێمەوە. ئەوسا بڕیاردەدەم رووبکەمە تاقە پارکەکەی شار. لەوێ لەسەر کورسییەکی بەرد دادەنیشم. منداڵێکی بنێشت فرۆش لێم نزیک دەکەوێتەوە و هاواردەکا "وەرن بۆ بنێشت، بنێشتمان هەیە بنێشت!" بنیشت! دانەیەکی لێدەکڕم. ئادامسی شیک. دەیجووم و لە سەمای گەڵاکان دەڕوانم. تامی بنێشتەکە زوو تەواودەبێ و دووی تر دەخەمە دەممەوە. ئیستا ئەوەندە گەورەیە بتوانم تۆقلەیەکیان لێ سازبکەم. رێبوارێک بە بزەوە لێم دەڕوانێ. دێتەوە بیرم عەیبە. لەو ساڵانە دە**

ساڵ گوزەراوە. چەند سەربازێک وێنەدەگرن و هەوڵدەدەن پیشانی بدەن کە ئەگەرچی یەکجار لە کەس و کار دوورن، بەڵام ڕەشی و ئازا لە یەکێک لە دوورترین شارەکانی نیشتمان خەریکی تێپەراندنی کاتەکانی ژیانن. کاتە سەربەستەکانی ژیان. هەموویان بە جۆرەها شێوە بە تفەنگەکانیانەوە سەرنجی کامێراکە ڕادەکێشن. دێتەوە بیرم من قەت لە ژیانمدا عەکسم نەبووە. تەنیا چەند عەکسێک ئەویش بۆ کارتی پێناسەی ئەو ساڵانە. ڕاستی من لە وێنەدا چۆن دێم؟ ڕاستی بێ وێنە من چۆن چۆنی دەتوانم بیسەلمێنم ژیاوم؟ ڕەنگە ئەم شارە بێ وێنەترین شاری نیشتمان بێت. بیری مێژوو دەکەمەوە. دەڵێن ئاغای ئەسەدی هەر کەسێکی دەگرت یاخود کاتێک بانگی لێدەکرد بۆ لێپرسینەوە، دەستبەجێ پێش لەهەر شتێک عەکسێکی دەگرت. بەم شێوەیە کەسەکە تەنانەت گەر بڕۆشتایەوە بۆ ماڵیشەوە، بەڵام بە شێوەیەک لە شێوەکان لای ئاغای ئەسەدی دەمایەوە. مێژووی شار ئەو سەردەمی زیاتر لای ئاغای ئەسەدەی بوو. لەخۆوە نەبوو لە ماڵیشەوە ئەلبۆمیان هەبوو.

ڕاستی ئەوانەی ئەو شەوەی کۆڵانەکەی ئێمە چییان دەوێ؟ بۆ بە زمانی چەک دەدوێن؟ ئەی ئەوانەی تر بۆ وەڵامیان نادەنەوە؟ بۆ ئەوانیش بە هەمان زمان دەدوێن؟ هەستدەکەم لە نێوان ئەمان و ئەوان و لە نێوان کتێبخانەکەی جاران و ئەم کتێبخانەی ئیستا نێوانێک هەیە وەک خەوتنی دە ساڵی من لە تەمەنمدا. پوورم دەڵێ کێشەی کتێب خوێندنەوە ئەمەیە، مرۆڤەکان دەکەونە قسەی زل زل کردن، لە کاتێکدا ژیان خۆی زۆر سادەیە و بە بێ ئەم قسانەیش دەڕوا.

له یەکەوە تا دە دەبژێرم. بە قامکەکانم. نا زۆر نیە. زۆر ئاسان دەگەمە کۆتایی. مەوداکان زۆر بەرفراوان نین. بۆنێکی چڕ لەو سەری کۆڵانەوە دێت. بۆنی بەنزینی جوان نەسووتاوی ماشینە، کاتێک گازی زیایی و بێ جێی دەدەنێ. دەڵێن هی ئەو کاتانەیە وا بەشوێن کەسێکەوەن. کۆڵانەکان پڕی ئەم بۆنەن. من نازانم تاقە پۆمپەبەنزینی ئەم شارە چۆن بەشی ئەم هەموو ماشینە دەکا. باوکم دەڵێ خراپی تێگەیشتووم و مەرج نیە ماشینەکان هەر هەموویان لەوێ بەنزین بگرن. باوکم راستدەکا. جاری وایە تانکیی بەنزینەکان بە هۆی هۆکارێکی نادیار یاخود نەزانراوەوە گڕیان تێبەردەبێ و بنکەکان لە دووکەڵی رەش و قیرئاسای خۆیاندا نوقم دەکا. لەم کاتانەدا هەستدەکەم دونیا شتێکە وەک رەنگی رەش و سوور.

مامە وردەواڵەفرۆش وەک هەمیشە خەریکی وردەواڵەکانیەتی و زمانی فارسیشی باشتر بووە. بە دەمی بێ دیانی مژێکی قووڵ لە جگەرەکەی دەدا و، دەڵێ ئیستا نان لە جگەرەفرۆشیدایە. منیش لام وایە راستدەکا. کەس بەقەدەر سەرباز حەزی بە سیگار نیە. هیچی لێ بەخەسارنادەن. وەک بڵێی هەر لە ئیستاوە خۆیان فێری هەناسەکێشانی ناو مەیدانی شەڕ دەکەن. یان وەک بڵێی دەیانەوێ بڵێن جەستە دەڕزێنین پێش ئەوەی شتێکی تر بیرزێنێ. نەکا هەموو شتێک گەمەیەکی ترسناک بێت. تەنیا ئەوەندەی نەبێ خەڵکی شار حەزیان بەوە نیە وەک ساڵی ساڵان مێینەکانیان زۆر دەرکەون. شەقام زیاتر لە هەر کاتێکی تر بەوان بێگانەیە. شەوێک باوکم دەڵێ بەخوا ئەم خەڵکە زۆر سەیرن جاخۆ کوڕەکانی ئێمەیش دەچن بۆ شارانی تر. بەڵام من پێم وایە فەرقی هەیە

و باوکیشم ئەمە دەزانێ. ئەو دەیەوێ تەنیا دڵی خۆی و خەڵکەکە خۆش کات.

سەربازەکان لە وێنەگرتن تەواودەبن و لە پارکەکە دەردەکەون. شەو باوکم دەڵێ بێگومان لەم ڕۆژانەدا ناوی تۆیش دێتەوە و دەبێ بچی بۆ سەربازی. دایکم دەڵێ بێ جێیان کرد من کوڕی خۆم نادەم بە دەم گوللەوە. باوەگەورە دەڵێ ئەمەیان باشترە دوو ساڵە و تەواودەبێ! بۆ هەفتەی دووایی دوو تەیارە لە ئاسمانی شاردا دەردەکەون و گەڕەکێکی شار بوردومان دەکەن. خەڵکێکی زۆر دەکوژرێن و برینداردەبن. پوورم بە نیگا دوور و نامۆکانی لێم دەڕوانێ و دەڵێ باوکم نازانێ دوو ساڵ بە فڕۆکە بێت یان بێ فڕۆکە، دوو زەمەنی جیاوازن.

هەر هەمان شەو پێش خەوتن پوورم دەست بە چەمەدانەکەیدا دەکا و کتێبێکی ڕۆمان دەردێنێ و پێم دەدا. دەڵێ تا بەرەبەرە عادەت بە کتێبخانەکە دەکەمەوە واباشە ئەمە بخوێنمەوە. دەڵێ زیاتریشی هەن و گەر بە پێویستی زانی دەتوانێ بمداتێ. لە کتێبە ئەستوورەکە دەڕوانم. 'ئەناکارەنینا'ی 'تۆلستۆی' یە. چیرۆکی ئەشقێکی شکستخواردوو. مرۆڤ لەبەردەم پرسیارێکی ئەزەلی و ئەبەدی: "خیانەتە یان نا؟" کە لە خوێندنی دەبمەوە، دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە ئەم پرسیارە زۆر شت لەم دونیایەدا دەگرێتەوە. ڕەنگە هەموو تام و چێژی دونیا و ژیانیش لەمەدا بێت. ئەوەیکە ئێمە تا چەندە خۆمان لە شتە باوەکانی ژیان دەدزینەوە، یاخود تا چەندە دەتوانین خۆمانیان لێ بدزینەوە. هەتا خۆدزینەوە زیاتر، ئەوا چێژیش زیاتر. گوناهێک، کە لە ناخەوە خوتیلکەمان دەدا.

***

**ڕۆژێک عومەر لە بازاڕ دەبینم. لەگەڵ ئەوەی دە ساڵە یەکترمان نەبینیوە، کەچی زۆر بە ئاسانی یەکتر دەناسینەوە:**

**ـ وای ئەوە لە کوێی کوڕی باش، حەی کە وەڕەزیم دەکردی! هەر بە قەوارە گەورە بوویت،... ئەوەندەی تریش کە ریش و سمێڵیشت دەرداوە،... ئەگینا هەر ئەوەی جارانی!**

**منیش دەڵێم:**

**ـ تەنیا جیاوازیمان ئەوەیە تۆ کۆسەی، ریش و سمێڵت دەرنەداوە!**

**پێدەکەنین. هاورێی سەردەمی منداڵین. لە هەمان قوتابخانە بووین. لە بیرم دێ پێی ناخۆش بوو سەردانی جەمشیدم دەکرد و دەچوومە ماڵیان. جارێکیان پێی گوتم لەگەڵ ئەو لوسکەڵە چییە هاتوچۆ ئەکەی! ئەو کاتیش دەمزانی عومەر برایەکی هەبوو ئەمانەی فێردەکرد. گوتم راستی خەبەری براکەت، ئەحواڵی چۆنە؟ گوتی کوڕە وادیارە هەر زۆر پەرتی، دەڵێی هەر لەم شارەیش نەبووی، براکەم تیاچوو، هەر لە سەردەمی شۆڕش تیاچوو،... شەهید بوو! من کە بە بیستنی وشەی شۆڕش سەرم سووڕدەمێنێ، دەڵێم شۆڕش! شۆڕشی چی؟ شەهید!... مەبەستت چیە؟**

**عومەر چاوێک بەم لاولادا دەگێڕێ و کەمێک دەنگی نەوی دەکاتەوە و دەڵێ کوڕە خۆ ئەوەندە کەریش نیم! دەڵێم باوەڕبکە ئاگام لێ نیە! عومەر هەنگاوێک لێم دەکشێتەوە. دەڵێ ئەمانیش وەک ئاغای ئەسەدییان لێدێت، خۆ لەبیرتە! دەڵێ شۆرشێکی گەورەتر بەڕێوەیە و ئیتر ئەمجارەیان تەنیا بۆ ئەوە نیە جەماعەتێک بێن و جەماعەتی کۆن لادەن، نا، ئیتر ئەمجارە بەڕاستی گۆڕان دەبێ.**

من کە نازانم باسی چی دەکا و مەبەستی چییە، بیری ئەو کتێبە دەکەمەوە وا لێیان سەندەم و شەوێکیش بە هۆی ئەو کتێبەوە زیندانی کرام. عومەر دیسان لێم نزیک دەکەوێتەوە و ئەمجارە بە چرپە دەڵێ دەڕووخێ، دەزانی سەرئەنجام دەڕووخێ!

رقم لە خۆم دەبێتەوە. باشە بۆ وا گێژم. عومەر بەردەوام دەبێ و دەڵێ ئەوەندەی نەماوە، گەر پێت خۆشە تۆیش دەتوانی لەگەڵابی، بیر بکەوە لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکی شۆڕشگێڕ و خۆبەخش کە ئامادەن لە پێناوی گەل و نیشتمان بمرن و گیانی خۆیان ببەخشن.

من ئیتر هیچ ناڵێم. هەروا بە بێدەنگی لێی دەڕوانم. وەک بڵێی پەشیمان بووبێتەوە، دیسان هەنگاوێک لێم دەکشێتەوە و بە بزەیەکی ساختەوە لە کاتێکدا بە پشتە دەست بە ئارامی بە سینگمدا دەکێشێ، دەڵێ کوڕە گاڵتەم کرد، رووخانی چی و تەڕەماشی چی! مەگەر دیواری مەستەراحە بڕووخێ! مەگەر لە تەنەکە و لە تەلیس دروستکراوە شەقێکی تێهەڵلەی بە پەشتدا بکەوێ؟ ئەمە غەزەبە غەزەب،... من لام وایە هەتا سەد ساڵی تریش ئەمێنێتەوە.

من لە دووای ئەوەی ئەو رۆژە لە عومەر جیابوومەوە، بۆ چەند دە ساڵێک دوواتر بوو کە توانیم لە قسەکانی هاوڕێی سەردەمی منداڵیم بگەم. نازانم بۆ، بەڵام هەر زۆر خێرایش بەو ئاکامە گەیشتم عومەر زۆر ناوشیارە! نا نا،... با بە موحتەرەمانە بیڵێم،... عومەر ساویلکەیە، رێک وەک براکەی کە سەردەمی شۆڕش تیاچووبوو. دیارە عومەریش کە لە رێگای رێکخراوە نهێنییەکەیەوە قسەکانی منی بۆ چووبووەوە، لای وایە کەسێک کە دە ساڵ لە مێژوو دوواکەوتبێ و بە منداڵی هاتوچۆی

ماڵی ئاغای ئەسەدی کردبێ، جا با هەموو کتێبی دونیایش بخوێنێتەوە و بەردەوام بەسەر ڕێگای کتێبخانەوە بێت، هیچ حسێبێکی لەسەر ناکرێ و کەرێکە لەو گۆڕەیدا! من کە ڕێک لە کاتی گۆڕان و بەسەرهاتە گەورەکانی نیشتمان دە ساڵ بە بێ هۆ خەوم لێکەوتبوو و سڕ لە ناو جێگادا کەوتبووم، بە پێچەوانەی راو بۆچوونەکەی عومەری براکوژراو تەنیا خۆم وەک مرۆڤێکی بێ بەخت و چارەڕەش دێتە بەرچاو کە بە هۆی هەڵەیەکی خۆبەخۆوە یان سیحرێکی نادیارەوە بە ماوەی دە ساڵ کەوتمە دەرەوەی رەوتی مێژوو. بەڵام لە هەمان کاتیشدا خۆم بە بەختەوەر دەزانم؛ لەبەر ئەوەی بەسەر ڕووداوێکدا نەکەوتم کە عومەر و هاوڕێکانی ساڵانی دواتر وەک هەڵەی مێژوویی ناوی لێدەبەن. هەڵەیەک بۆ ئەوەی قەرەبووی بکەنەوە، بەردەوام خەون بە ڕووداوێکی مەزنی مێژوویی ترەوە دەبینن لە داهاتوویەکی نزیکدا. باشە بڵێی هۆکاری نووستنی دە ساڵەی من قوتاربوونی گیانی من نەبووبێ؟ ئا، دڵنیام گەر من ئەو سەردەمە ژیابام بێ ئەملاولا تیادەچووم. کتێبەکان ئەمە دەڵێن. جارێکیان وێنەی براکەی عومەر لە ماڵەوەیان بە سەر دیواری ژووری دانیشتنەکەیانەوە دەبینم کە تارایەکی سووری بە سەرەوەیە و بە چاوە زیتەکانی هێشتا لە دونیای دووای مردنی خۆی دەڕوانێ. وەک بڵێی نایەوێ مردنی خۆی باوەڕبکا. دەزانم عومەر بەردەوام تووڕەیە. لام وایە هەر بە هۆی ئەم تووڕەییەوەیە لە هەڵەدایە. پوورم دەڵێ لێی گەڕێ و نابێ بە ئازاری خەڵکیدا بە چاک یان خراپ بچینە خوارەوە و، لێی بکۆڵینەوە. دەڵێ یەکجار خەتەرە. بەقسەی دەکەم. لانیکەم لەبەر ئەوەی پوورم لەو سەردەمەدا کە بە چرا

لەنتەرەوە بە شوێن ئەقڵدا دەگەڕان، ئەوەند ژیر بوو من بنێریٚ بۆ تێپەڕین لە شەقامە بەناوبانگەکە. تازە لە دووای ئەوەی دەبیستم خاڵم لە دووای ئازادبوون لە زیندان و گەڕانەوە بۆماڵەوە زۆربەی کاتەکانی ژیانی لە ژوورەوە بە کتێبێک بەدەستەوە دادەنیشت و دەیخوێندەوە، هەستی شانازی بەخۆکردنێکی سەیر وەها لە دەمارەکانمدا دەگەڕیٚ کە لەوانەیە شاگەشکەم بکا. تەنیا جیاوازیمان لەوەدایە ئەویان لە چواردیوارییەکی تەنگ خنیبوو و من لە ژێر لێفەیەکی ئەستوور و قورس.

تامەزرۆی بینینی خاڵمم. حەزدەکەم روخساری ئەو کەسایەتی مێژوییە سەرنجڕاکێشە ببینم کە ساڵانی ساڵ لە ناو زیندانە جۆربەجۆرەکاندا مایەوە بەبیٚ ئەوەی رۆژێک لە رۆژان گلەیی لە چارەنووسی خۆی بکا. هەر ئەوەندە بەسە رێگای کۆڵان بگرمەبەر و بچم بۆ ماڵی باوەگەورە. بەڵام خاڵم لە ماڵەوە نیە. دەڵێن ئەویش یەکێک لەوانە بوو وا شۆڕشی پێوە نەهات! کتوپڕ دڵم دادەخورپیٚ،... نەکا دیسان لە زینداندا بێت! عومەر دەڵیٚ شۆرشێک کە خاوەن زیندان بێت شۆرش نیە. من دیسان عومەرم زۆر ساویلکە دێتەوە بەرچاو. ئاخر دەکریٚ لەم دونیا پڕ لە کێشمەکیش و نەگبەتییدا زیندان بوونی نەبیٚ؟ تازە هەندیٚ مرۆڤ بە زیندانەوە جوانن، ئەوان کاتێک دەچنە زیندان مانا بە هەموو شتێک دەبەخشن،... مرۆڤەکانی تر خەیاڵیان پێوەدەکەن و بە هۆی ئەوانەوە ژیان جوانتر دەبیٚ،... بە هۆی ئەوانەوە ئەمان ئازاتر دەبن.

دەپرسم چۆن چۆنی خاڵم شۆڕشی پێوە نەهات؟... وەڵامم دەدەنەوە لەبەر ئەوی سەری خۆی هەڵگرت و رۆیشت، رووی لە هەندەران کرد.

گوتیان لێره بووایه ئیتر ئه‌مجاره ته‌نیا نه‌یانده‌گرت، به‌ڵکو ده‌یانکوشت. گوتیان ئه‌مه‌ی ئه‌مجاره نایه‌وێ هه‌ڵه‌ی ئه‌وه‌ی پێشوو دووپات بکاته‌وه که زیندانه‌کانیشی کرد به شوێنێک بۆ له‌دایکبوونی قاره‌مان. خاڵم به سواری هێسترێکه‌وه ئاودیوی سنوور ببوو. جه‌للاده‌کان به بیستنی ئه‌م هه‌واڵه شێتانه پێکه‌نیبوون. چه‌ند ساڵ له‌مه‌وبه‌ر. من دیسان ئه‌وم دوواتر له ڕێگای گێڕانه‌وه‌ی به‌سه‌رهاته‌کان و له ڕێگای وێنه‌کانه‌وه بینیبووه‌وه. پیرتر و به ساڵاچووتر ده‌ینواند. ته‌نیا شتێک تیایا نه‌گۆڕاوه، هێمنییه‌که‌ی بوو. ڕاستییه‌که‌ی ئه‌وه بوو خاڵم بۆ هه‌میشه له‌گه‌ڵ بێده‌نگیی ژووره‌کانی ناو زیندانه‌کان تێکه‌ڵ ببوو. هیچ که‌سیش هیچ شتێکی بۆ گۆڕینی ئه‌م عاده‌ته‌ی له‌ده‌ست نه‌هات. بێده‌نگی خواردبووی. خواردنێکی به‌رده‌وام که به‌ڵێن بوو تا کاتی مردنی درێژه بکێشێت.

عومه‌ر چاو له زه‌وی ده‌بڕێ و پێی وایه شۆڕشگێڕه کۆنه‌کان زیا له‌راده زل کراونه‌ته‌وه. ده‌ڵێ نانی نه‌زانیی خه‌ڵکیان ده‌خوارد. لای وایه دووربوون، بۆیه کرانه فریشته و کردیانن به شتی سه‌یرو سه‌مه‌ره. گه‌ر له من ده‌پرسن ده‌بێ بڵێم گه‌ر خاڵم زۆر بێده‌نگ بوو ئه‌وا عومه‌ر و هاوڕێکانیشی یه‌کجار زۆربڵێ بوون. نایبڕێننه‌وه! دوو قسه فێرده‌بن و به هه‌زار شێوه ده‌یگێڕنه‌وه. وشه‌کان ده‌یانبه‌ن. خۆهه‌ڵکێشانینان بێ بڕانه‌وه‌یه. چه‌ند حه‌زده‌که‌م ڕۆژێک خاڵم و عومه‌ر به‌تووش یه‌کتره‌وه بن و بکه‌ونه گفتوگۆ! گفتوگۆیه‌ک که ده‌زانم تیایا یه‌کیان زۆربه‌ی کات گوێده‌گرێ و، ئه‌وی دیکه‌یان ده‌دوێ.

باوکم دەڵێ لە شوێنێک خوێندوویەتەوە کاتێک شا لە دووای سەردانی شارەکەی ئێمە سواری کۆپتەرەکەی دەبێتەوە و دەڕواتەوە، بە ئاسمانەوە کتوپڕ دڵی یەکجار خەمگین دەبێ. وەها چەند دڵۆپ فرمێسکیش بە چاوەکانیدا دێنەخوارەوە و دەنیشنە سەر کۆشی. گوایا ئەو رۆژە لە دڵی دابوو شتێک دەبێ،... شتێکی ناخۆش،... هەواڵێکی ئەوەندە ناخۆش کە کەس بۆ بەرپێگرتنی هیچی لە دەست نەدەهات. باوکم ئیستاکە دڵنیایە ئەم شارەی ئێمە شوومە. پارەی نیە، ئەگینا هەر ئەم چرکەساتە کەل و پەلی دەپێچایەوە و لە کۆڵی تەراکتۆرێکی دەنا و بۆ هەمیشە سەری خۆی و ئێمەی هەڵدەگرت و دەڕۆیشت.

من بە پێچەوانەی شا و باوکم و عومەر، لام وا نیە کە دونیا ئەوەندەیش شوێنێکی ناخۆش بێت. بە تایبەت کە ماوەیەکە کچێکی دراوسێمان کاتێک لێم دەڕوانێ و بزە دەنیشێتە ناو نیگا و سەر لێوەکانی، من بۆ ماوەیەک هەموو شتێکی ئەم دونیایە، هەر لە دە ساڵی خەوتنەکەمەوە تا تەنانەت کتێبەکانیشم هەتا قووڵاییەکانی بوون لەبیردەچنەوە. من لە یەکەم رۆژەکانی دووای دە ساڵ خەوتنێکی شێتانە، ئاشق دەبم و بڕیاردەدەم رووبکەمە رۆمانە رۆمانسییەکان. پوورم بە حەسوودییەوە لێم دەڕوانێ و ئاخ هەڵدەکیشێ. بۆکڕوزی کاتە سووتاوەکانی تەمەن فەزا لەخۆدەگرن. هەرچەند دڵنیام هۆکاری ئاشق نەبوونیشی تەنیا بۆ خۆی دەگەڕێتەوە،... بۆ خۆی و خۆی.

***

هەمووومان بە جۆرەیەک لە چیرۆکی خۆشەویستی ئاگادارین و بۆیە بە هەر شێوەیەک لێرەدا بیگێڕمەوە، شتێکی تازە نیە؛ ئەگەرچیە دەتوانێ

سەرنجڕاکیش بێت. لەراستیدا ئەشق تەنیا خۆیەتی سەرنجڕاکیشە و بەڕای من ئەمەیش تا ئاستێکی زۆر بۆ لێک ئاڵانەکەی و درێژەدانی ژیان دەگەڕێتەوە. ئەوی تری تەنیا وەسفە! هەرچەند ئەمە بەری نەگرت بەوەی منیش وەک زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئاشق نەبم.

من 'ئەستێرە'م رێک وەک ئەستێرە بە پانتایی حەوت تەبەقی ئاسمانەوە بینی! راستییەکەی ئەوە بوو خانووەکەی ئەوان باریک و درێژ بوو و لە قاتی سێهەمیدا پەنجەرەیەکی بچووکی تیابوو کە بە سەر کۆڵاندا دەیڕوانی، پەنجەرەیەکی باریک و درێژ وەک خودی خانووەکە کە بەزۆر کەسێک دەیتوانی ناوشانی تیایا جێی بێتەوە.

ئەستێرە هەندێ جار لەوێ بە داموکاوی سەر و مل و شانی لەگەڵ جووتە سێوە شل و لەرزۆکەکەی دێنایە دەرەوە و لە کۆڵان و خەڵکی و دونیای دەڕوانی. قژی بە قردیلەیەک لە دوواوە دەبەست و پێم وابێ هەتا چاو هەتەری دەکرد لە دوورەکانی دەڕووانی. من کە جاروبارە رێم دەکەوتە کۆڵانەکەیان و لەوێوە تێدەپەڕیم، جارێکیان بە رێکەوت سەرم هەڵبڕی و چاوم پێی کەوت. ئیتر هەر ئەوەندە بوو! من بە بێ ئەوەی بە وردی ئاگام لە روخسار و هەیکەلی بێت، کەچی شتێک لەگەڵ خۆی بردمی. شتێک وەک دیمەنێکی غەریب، یاخود وەک یاقووتێکی سەوز بەو بەرزاییەوە. یان رەنگە بە بێ ئەوەی من بە خۆم بزانم من چیرۆکی ئەو کچە پاشایانەم لەم شێوەدیمەنەدا بینیبووەوە کە بە دەیان جار لە کتێبەکاندا خوێندبوومنەوە. ئا، بە بێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بێت رەنگە من دونیای ناو کتێبەکانم راگواستبوو بۆ ژیانی راستەقینە. لای من ئەستێرە جیلوەی بەسەرهاتێکی فەرامۆشکراوی ناو زەینم بوو کە ساڵانی

**ساڵ لەوە پێش خوێندبوومەوە. کامە کتێب،... کامە دەق؟ نازانم. هەرچی دەکەم نایەتەوە بیرم. دوواتر تێدەگەم ئەویش لەبەر ئەوەی چیرۆک و بەسەرهاتی پاشاکان هەر هەموویان لە ریشەدا لەیەکتر دەچن. تەنانەت هەرە نوێکانیشیان، بگرە ئەو پاشایەی روویکردە شارەکەی ئێمە و بە سوار ترۆمبیلێکەوە بە شەقامە سەرەکییەکەیدا داگەڕا و دوواتر بە کۆپتەرێکی پڕ هەراوهوریا و دەنگ زل و بەدقەوارە لە ئاسمانی شاردا ون بوو، ئەویش وەک هەموو ئەوانی تر لە پانتایی مێژوودا ونبوو.**

**ئەستێرە ئەهلی جێژوان نیە، هەرچەند منیش قەت هەوڵم بۆ نەدا. ئەو تەنیا لە ناو پەنجەرە بەرزە بەناوبانگەکەدا رادوەستێ، خۆی خواردەکاتەوە و لە دوور یاخود لەو رێبوارانەی دەڕوانێ وا لە کۆڵانەوە تێدەپەڕن. جاروبارەیش لەوێوە لەگەڵ کچێکی تر قسەدەکا کە پێم وابێ لە حەوشەیەکی تری دراوسێکانە. خوایە من چەند حەزم لە تۆنی دەنگی و شێوازی قسەکردنیەتی، یان لە پێکەنینەکانی. سوێندت بۆ دەخۆم دەتوانم هەتا بەیانی بە بێ ئەوەی یەک چرکە چییە خەو بمباتەوە، زیت زیت لەناو جێگاکەمدا راکشێم و بیری لێ بکەمەوە، بگرە بە چەندین شەو لەسەر یەکتر. ئەستێرە لەو سەرەوە دەزانێ حەزی لێدەکەم. دیارە بە هۆی دوو شتەوە: هاتوچۆی زۆری من و سەر هەڵبڕینم. چاوە زیت و نیگا پڕ لە پێکەنینەکانی ئەمەم پێدەڵێن. من کە جاری وایە شەرم لە خۆم دەکەم بڕیاردەدەم قەت بەوێدا نەڕۆمەوە، بەڵام بێسوودە. ئەشق شتێکە وەک دووپاتکردنەوەیەکی بێسوود، وەک تێپەڕینی لاوێک کە تازە لە خەوێکی دە ساڵەی نەخوازراو خەبەری**

**بووەتەوە بە ناو کۆڵاندا،... وەک حەزێک کە شەرم لە خۆی دەکا. زۆر جار خەیاڵ دەمباتەوە و بیر لەوە دەکەمەوە رەنگە رۆژێک ئەستێرە پرچی رەش و درێژی بەربداتەوە و من لە شەوێکی درەنگ وەختدا کاتێک هەموو کۆڵان و شار و ماڵی ئەوان نووستون، پیایا سەردەکەوم و بە پەنجەرە باریکەکەدا دەچمە ژوورەوە. ئەستێرە پێدەکەنێ و من بە دەم سەرکەوتنەوە دەڵێم وسبە تکایە هێواشتر، نەکا بەئاگابێن! بەڵام ئەستێرە چەن حەزی بە پێکەنینە. واز ناهێنێ، ناترسێ. بە خۆم دەڵێم بلێی ئەو لەو سەرەوە باشتر ئاگای لە دونیا نەبێ، وا گوێ ناداتێ و ناترسێ؟**

**ئەستێرە ساڵانی ساڵ لەوە بەر، سەرەتاکانی ئەو کاتەی من لە خەودابووم، چەند ساڵێک چووبووە مەدرەسە. هەر کە دونیا بە بارێکی تردا دەکەوێ، باوکی دەڵێ چیتر پێویست ناکا. بۆیە ئەستێرە نامەی ئاشقانەیش بەزەحمەت دەخوێنێتەوە. رەنگە هۆکاری پێکەنینەکانیشی هەر ئەمە بێت. ئەو پێکەنینی بەو رستانە دێت وا لە پشتییانەوە چاوە کەیلەکانی ئەو مرۆڤانە راوەستاون وا ناتوانن دونیا بە بێ هەبوونی ئەستێرە بێننە بەرچاوی خۆیان. رێک وەک چۆن ئاسمان بە بێ ئەستێرە نابێ. من قەت نامەیەکم نەنووسی. نەک لەبەر ئەوەی حەزم نەکرد، بەڵکو شتێک لە دەروونمەوە پێی دەگوتم شۆخ و شەنگیی ئەو کیژە بە لای رستەکاندا تێدەپەڕێ و، ناگاتە قووڵاییەکان. لای ئەو ئەمە تەنیا چیرۆکێکی خۆش بوو کە دەکرا بێ ئەوەی بیخوێنێتەوە، تەنیا چاوێکی سەرپێی و خێرای لێ بکەی. یان رەنگە دەیزانی هەمووان**

عەودالّی سێوەکانی بوون، سێوە خڕ و شۆڕەکانی ناو پەنجەرەی خانوویەکی بەرز کە تەنیا زەردەپەڕی ئێواران دەیگەیشتنێ.

باوکم دەڵێ زەمانە گۆڕاوە و هەموو شتێک لەژێر کۆنترۆڵدایە. ئاگات لە خۆت بێت. من کە نازانم باوکم داخۆ باسی کۆلانەکە دەکا یان شتی تر، هەروا وڕوڕ لێی دەڕوانم. باوکم بە بێ ئەوەی سەیرم بکا، دەڵێ خراپیی پەنجەرە ئەوەیە کە بەڕۆژ شەوقدەداتەوە و نابینی چی لە پشتەوەی دەگوزەرێ. منیش لە درێژەدا دەڵێم بەشەویش پەردەکان دادەدەنەوە. لێم دەڕوانێ و سەری دەلەقێنێ و دەڵێ کتێبەکان بەم شێوەیە دەگەنە بەرهەم. بەڵام من لام وایە کۆنترۆڵکردنی ئەستێرە زەحمەتە. چونکە قەت ناچێتە جێژوانی کەس. جۆری هەڵکەوتنی ماڵەکەشیان وەهایە تەنانەت مامەجوێنفرۆشیش گەر دیواری خانوویەکەی تازەی لە تەنیشتدا هەڵچنیایە قەت نەیدەتوانێ وەک خانووەکەی سەلمێ کە ئاشقی ببوو بەسەریا بڕوانێ و، جەستەی تۆکمەی، خەیاڵی لەگەڵ خۆی ببا.

من نازانم چەند مانگ یان چەند ساڵ بە ناو کۆلانەکەدا تێدەپەڕم. زەمەن لای من مانای نەماوە. ئەوەندەیش وڕبووم کە کاتێک سەردەکەمە سەر کتێبەکان دیسان خەیاڵم دەڕوات و بە زەحمەت جاری وایە لاپەڕەیەک تەواودەکەم. هەموو شتێک دەبێ بە ئەستێرە. شەوانە لە پشت پەنجەرەکەوە دادەنیشم و سەیری دەرەوە و ئاسمانی پڕ ئەستێرە دەکەم. هەموو ئەستێرەکان بیانوون بۆ ئەوەی دیسان بە خەیاڵ بچمەوە کۆلانەکە. پوورم سەرم لێ بادەدا، وەک بڵێی دەیەوێ بڵێ خەتای کتێبەکانیشە. خۆزگەم بە عەبەی ئامۆزام،... عەبە بێقۆل دەڵێم.

ڕۆژێک کوڕێکی مل ئەستوری ریشن کە بۆنی دەمی ڕۆژەڕێیەک دەڕوا، بەرۆکم پێدەگرێ و خۆیم لێ مۆڕدەکاتەوە و بە دەنگێکی گرێ گرێ و گڕ دەڵێ ئاخرجارە لێرەوە تێدەپەڕم! تێدەگەی ئاخرجارە! لەبەر ئەوەی من کتێب دەخوێنمەوە زۆر بە ئاسانی بە قسەی دەکەم و ئیتر تەنیا خوودەدەمە ئاسمان. دەستدەکەم بە ژماردنی ئەستێرەکان. گرینگ نیە لێم تێکدەچن، گرینگ بەردەوامبوونە. من لە مێژە گەیشتوومەتە ئەو ئەنجامەی کە لە ژیاندا موهیمترین شت بەردەوامبوونە. گەر دەتەوێ بگەی، بەری مەدە! من کە لام سەیرە ئەستێرە دەتوانێ لە لایەن کەسێکی وەک ئەو کوڕەوە گەمارۆ درابێ، دیسان بەو ئەنجامە دەگەم ژیان شتێکە وەک کۆمەڵێک پشکۆی ئاگرین کە تەنیا بۆ رووانین دەبێ. کۆمەڵێک سکڵ کە روونت دەکاتەوە و گەرمت دادێنێ، بەڵام ناتوانی لە ئامێزی بگری.

شەوێک ئارام لەبەر خۆمەوە دەگریم. پێم وابێ یەکەم جارە لە ژیانمدا دەگریم. کتوپڕ لە ناو گریانەکانمدا بەو ئەنجامە دەگەم کە من کەسێکی ترسنۆکم. دادەچڵەکێم. فرمێسکەکانم بە پشتەدەستم دەسڕم و لە تاریکایی وردەبمەوە و ئەوجا رقم لە خۆم دەبێتەوە. دەزانم کتێبخوێنەکان ترسنۆکن. رەنگە ترسنۆکترینەکان. بەڵام بڕیاردەدەم من نەبم. بۆ سبەی بە کۆڵانەکەدا دەڕۆمەوە. ئەستێرە لەوێ نیە. رۆژەکانی تریش لەوێ نیە. رۆژێک هەتیوەکەی برای دەبینمەوە. وەک بڵێی هەر نایشم بینێ!... چ هەواڵە! ناوێرم بپرسم. نە لەو و نە لە کەس. باشتر وایە مرۆڤ لە هەندێ شت ئاگادارنەبێت و هەر بە خەیاڵی جارانەوە بژی.

ئەمە یەکەم ئەزموونی ئەشقی من بوو. هەر سەرومل و شان و دوو سێوە لەرزۆکەکەیم بینی، بەشەکانی تری جەستەی قەت قەت. نازانم باڵاکورت بوو یان باڵابەرز. براکەی، کە مامناوەندی بوو. بەڵام زانیم ئەمەیش جۆرێکە لە ئەشق. رەنگە گرنگترین و رەسەنترین جۆریشی. لەبەر ئەوەی خەیاڵی رووتە. رێک وەک کتێبەکان.

تێدەگەم بەشی من لە دونیایە، خەیاڵە. پێم وابێ باوکیشم بەمە دەزانێ. رۆژێک دەنگم دەدا و دەڵێ دەبێ منیش وەک هەموو خەڵکی کاربکەم. دەڵێ دەبێ کارێک بدۆزمەوە. لە دووای پرس و جۆیەکی چەند رۆژە لە لایەن باوکم و پوورم و خۆمەوە و دیارە بە رێنوێنی باوەگەورەیش لە شیرینی خانەیەک دادەمەزرێم.

شیرینییەکان زۆر بە تامن، باقلاوە، لەتیفە، نان گوێزی، بامیە و زولوبیا، شیرینی تەڕ، کونجی، بایەمی سووتاو، سۆهان، کشیمیشی و... بەڵام ئەوانیش شیرینیی یادی ئەستێرەم ناتوانن پێ لەبیربکەن. پوورم دەڵێ مامە رەحمان بەقەدەر من خەیاڵی بەقووەت بووایە سەرەڕای شیتەشیتەکانی حەبێی ژنی، هەر دەگەییە سەلمێ.

***

باوکم وازی لە خەونەکانی هێناوە. ئیتر خەیاڵی ناڕوات. هەر وەک جاران سەرایداری قوتابخانەیە، چایی بۆ مامۆستاکان دەبا، بە کۆنەکەی سەر شانی مێزەکان خاوێن دەکاتەوە و هەتا دەتوانێ هەوڵدەدا لە ژوورەکەی خۆی نەیەتە دەرەوە. هەستدەکەم ئێستاکە لە مامەچایی، بۆ هەڵگرتنی چەند چایی پێکەوە، زیرەکترە. باوکم وەک ژووری کارەکەی خۆی لێهاتووە،... پڕی پیاڵە و ژێرپیاڵە و سەماوەرێکی زل و

شمەکی شۆردن و بۆنێکی تایبەتە کە لە بەشەکانی تری مەدرەسەکە جیای دەکاتەوە. بۆنێک تێکەڵێک لە چایی، کەفاو، پیسی و تەنیاییەکانی باوکم. شانەکانی داهێزراون. خۆی داوەتە دەست تەمەن. وەک هەموو مرۆڤەکانی تر. خۆڕاگری بێسوودە. کات سەرئەنجام پێملت دەکا و لەگەڵ خۆی دەتبا. دەگەییە شوێنێک ئیتر بیری لێ ناکەیتەوە. باوکم رۆژنامەیش ناخوێنێتەوە. لە جیاتی رۆژنامە گوێ لە رادیۆ لەندەن و ئیسرائیل دەگرێ. پارازیتەکان ناهێڵن، بەڵام سەرجەم خراپ نیە. دەتوانی بزانی دەڵێن چی. هەواڵەکان ئەوەندە زۆرن سەرت سووڕدەمێنێ. نیشتمان لێواولێوی هەواڵە، ئەویش لەو جۆرە هەواڵانەی لات وایە ئیستا نا ئیستا شتێکی سەیر دەقەومێ! کەچی ساڵەکان تێدەپەڕن و هیچیش ناقەومن، لانیکەم ئەوەی تۆ وا چاوەڕوانی. وەک بڵێی زەمەن خۆی داوەتە دەست تیکرارێکی بێهوودە. هەموو شتێک تا ئەوپەڕی خۆی ناڕاست و ناڕێک دەنوێنێ، یاخود دەنوێنرێ. باوکم بە پەنجە سمێڵەکانی نەوازش دەکا، بە لێو و بە دیان دەیانخوا و لە کاتێکدا سەری داخستووە بە وردی گوێ دەگرێ. باوەگەورە لە ژێر چاوەوە لێی دەڕوانێ. "ئەرێ ئەوە خەریکی چییە و بەتەمای چییە؟" من وەڵامم پێیە، بەڵام ناوێرم باسی بکەم، ناوێرم بڵێم باوەگەورە پرسیارەکەت بە چاوەکانت دەخوێنمەوە و ئەمەیش وەڵامەکەیە "باوکم بەتەمایە کۆپتەرەکەی شا لە رۆژهەڵاتی شار دەربکەوێتەوە و سەرلەنوێ سەردانی شار بکاتەوە!" من پێم وایە باوکم گوناحە. لای ئەو مێژوو دەتوانێ دووپات بێتەوە. ئەو نازانێ مێژوو وەک تەمەن وایە و هەر ساڵەی تیایا جۆرێکە. سالەکان وەهان کە بوون نەک ئەوەی حەزدەکەی

ببن. سەد ئەوەندەیش چاویلکە بگۆڕی و لات وابێ بە هۆیانەوە باشتر دەڕوانی، بێسوودە. ڕێک وەک عەینەکەکەی باوکم. نە من و نە باوکم و نە ئەوانی تر نازانین لە دەرەوەی سنوورەکانی نیشتمان شەڕێکی تر هەیە. ئیتر ئەوە دایکم هەر هیچ. ئەو لە مێژە بۆنی جلە شۆراوەکان و سابوون و تاییت و نسێی ناو حەوشەکەی گرتووە.

مامۆستاکانی قوتابخانەیش بەردەوام دەگۆڕدرێن. گۆڕاون. یەک دووانێکیان نەبێ، ئەوانی تر هەموویان تازەن. بەشێکیان لە شارەکانی ترەوەن. لە شارە دوورەکانەوە. کلاسەکان دوو دوو و سێ سێ ئەو قوتابیانەی تیایا وا ئەوانیش لە شارەکانی ترەوە هاتوون. دوور لە یەکتر، هەر کامەی لە ریزێک، لە کلاسەکان دادەنیشن و چاو بە هەموو شتێکدا دەگێڕن. ئێوارانیش بەرەو بنکە سەربازییەکان دەڕۆنەوە. ماڵیان لەوێیە. باوکم پێم دەڵێ "داخۆ باشتر نەبوو دە ساڵ خەوت پیاکەوت!"

ڕاستە دونیا وەهایە، بەڵام من لام وایە باوکم زۆر زیادەڕەوی دەکا. من پێم وایە ئێمە دەبێ بەردەوام بژین، جا سەرەڕای هەر دۆخ و هەلومەرجێک. دەڵێم شتەکان هەر لە خۆوە گۆڕانیان بەسەردا نایەت، دەبێ هۆکار یاخود شتێک هەبێ لە پشتەوەیان. باوکم چاوەکانیم لێ مۆڕدەکاتەوە و دەڵێ نیشتمان پڕی پیاوە سپڵەکانە. وای لە باوکم!

من ئەو قوتابیانەی وا ئێوارەیان بەرەو بنکەکان دەڕۆنەوە، بینیومن. ناسینەوەیان ئاسانە، لەبەر ئەوەی جلوبەرگی عەجەمیان لەبەردایە. جۆراوجۆرن، وەک قوتابییەکانی تر: باڵاکورت، باڵا بەرز و باڵا مامناوەندی، بە عەینەک و بێ عەینەک، ریشن و بێ ریش. لە ناو شار پێکەوە، دوو دوو و سێ سێ دەسوڕێنەوە. هەستدەکەم لەگەڵ

**قوتابییەکانی تر جیاوازنین. هەموو لە بنەماڵە ئاساییەکانەوە دێن. باوکم دەڵێ قوتابییەکان زۆر تێکەڵیان نابن. ئەوانیش هەروەها. تەنیا حەزیان بە روانینە.**

**پاسکیلەکە هەر مابوو. لە ژێرخانەکە. ئەگەرچی باوکم کەمتر سواری دەبوو. لە زۆر شوێنەوە ژەنگی هەڵهێنابوو. باوکم توورە بوو لەوەی نەیتوانیبوو لە دووچەرخەوە هەڵبداتە هەبوونی ترۆمبیل. ئەو لای خۆی وای حسێب کردبوو کە لە دووای چەند ساڵێک دەگاتێ، بەڵام ژیان بەلایەکی دیکەدا وەرگەڕابوو. نەک نەگەیشتە ماشین، بەڵکو پاسکیلەکەیشی ژەنگی هەڵێنابوو و کۆن هەڵگەڕابوو. چەند جار پوورم دەنگی دا بۆ نایفرۆشێ یان فڕێی بدا. باوکم جوابی نەدایەوە. پووریشم لەوانە نەبوو پڕکێشی لە شت بکا. زۆر خێرا رووی وەردەگێڕا و بە شتێکی ترەوە خۆی مەشغوڵ دەکرد. وەک بڵێی هەتا دووچەرخەکە لە تەویلەکەدا بوو و جێی بەکەس تەنگ نەدەکرد، با هەبووایە.**

**بەڵام من بە بێ ئەوەی پرس بە باوکم بکەم رۆژێک چووم هێنامە دەرەوە، جوان جوان خاوێنم کردەوە، رۆنم لە زنجیر و بۆربڕینگی تەگەرەکانی دا و هەر وەک زیاتر لە دە ساڵ لەوە پێش بردم بۆ حەوشەی ناو قوتابخانەیەک و دەستم کرد بە خۆ فێرکردن. لەبەر ئەوەی لۆق درێژ بووم، زۆر خێرا فێربووم. باوکم هیچی نەگوت. ئیتر رێگای نێوان شیرینی خانەکە و ماڵەوەم بە پاسکیل دەبڕی.**

**عومەری کۆسە رۆژێک بە دەم کڕینی کیلۆیەک شیرینییەوە کە هەر هەمووی تەڕ بوون، دەڵێ گەر باوکت روو لە داهاتوو بووایە ئەوا دەبووە شۆڕشگێڕێکی دەگمەن! من کە نازانم عومەر لە کوێوە ئاگای لە**

بیر و دەروونی باوکمە، دادەچڵەکێم و شەو ئەمە بۆ باوکم دەگێڕمەوە. باوکم کە عومەری کۆسە دەناسێ و لای وایە دایکی رابردوویەکی باشی نیە، دەڵێ هەر ئەوانە بوون دایکی دونیایان گا! پوورم مۆڕەکەیەک لە باوکم دەکاو (باوکم ئاگای لێ نیە) دەڵێ چ کارت بە دایکە داماوەکەی داوە، مەگەر نازانی بە بێوەژنی و بە هەزار بەدبەختی منداڵی پێگەیاند. لە دایکم دەڕوانم و بە خۆم دەڵێم گەر منیش رۆژێک لە رۆژان باوکم بمردایە داخۆ هەر ئیستاکە وەهایان لە سەر دایکم نەدەگوت! رەنگە ئەوسا باوکی عومەری کوسە ئەم قسانەی ئیستای بکردایە. خۆشحاڵم دە ساڵ لە تەمەنم بە بێ بیستن و دیتنی زۆر شت تێپەڕاندووە.

بۆ دوو هەفتە دوواتر باوەگەورە مرد. رێک لە سەر شوێنی نووستنەکەی لە شەوێکی درەنگ وەختدا کاتێک منیش لە خوار ژوورەکە لەبەر قاچەکانییەوە خەوتبووم. من کە ئەو شەوە گوێم لە پرخەی نەبوو، سەرەتا لام وابوو بەردەوام بەخەبەرە و خەوی لێناکەوێ، بەڵام دەمەو بەیان کاتێک بۆ میزکردن چووم بۆ ئاودەست، لە بوومەلێڵی بەیاندا زانیم شتێک هەڵەیە. لە باوەگەورە نزیک کەوتمەوە. مردبوو. ژیانێک، ئەو شەوە بە بێدەنگی لە پەنجەرە یاخود دەرگاکەوە چووبووە دەرەوە و بۆ هەمیشە ماڵی ئێمەی جێهێشتبوو. سەیربوو، باوکم لە پوورم زیاتر گریا. وەک بڵێی لە دووای شۆرش بۆ دووهەم جارە هەتیو دەبێتەوە. باوەگەورەمان لە گۆڕستانی ناو دارستانەکە ناشت و کێلێکی بێ ناونیشانمان خستە لا سەرووی گۆڕەکەی. بەردێکی گەورەی سپیی گرینج گرینج کە بە پێچەوانەی بەردی شەخسەکان بەئاسانی وردەبەردی نیەتی پێوە دەنووسا.

ژووری باوەگەورە هەتا ماوەیەکی زۆر وەک خۆی مایەوە، تەنانەت منیش تیایا نەخەوتمەوە. من رامگواست بۆ دالآن. لە دووای مانگێک پوورم بە بێ ئەوەی پرس بە کەس بکا، دەستێکی پیاهێنا، رادیۆکەی راگواست بۆ ژووری دانیشتنەکە و جل و بەرگەکانی بەخشی و پاشان بە منی گوت لەمە بەدووا ئەمە ژووری تۆیە. بەم شێوەیە یەکەم میراتگەری راستەوخۆی باوەگەورە بوو بە من.

من کە مردنی دایەگەورەم لە بیر نەدەهات، بە مەرگی باوەگەور زانیم بنەماڵە لەرزۆکترە لەوەی پیاو بیری لێدەکاتەوە. زانیم رووداوی مەرگ تەواوی دیمەنەکە بۆ هەمیشە دەگۆڕێ و کتوپڕ یەک رۆژ لەوە پێش وەها لێت دوور دەکەوێتەوە و وەها دەبێ بە مێژوو کە سەیرە. مردن تەنیا سنوور نیە، بەڵکو قووڵاییشە. سنورێکی قووڵ. لە ناو بنەماڵەیشدا مەرگی باوەگەورە زیاتر لەهەر کەسێکی تر کاریگەریی خستە سەر پوورم. وەک بڵێی کتێبەکان و کتێبخانە هیچ مانایەکیان نەما. پوورم هەتا ژیا قەت باسی باوکی نەکردەوە، وەک چۆن قەت من باسی دایەگەورەم لێ نەبیستبوو. ئەو مەرگی وەک خۆی قبوڵکرد، یان باشتر وایە بڵێم قبوڵیکردبوو.

ئەوەندەی پێنەچوو مامەکان داوای میراتیان کرد. دەبووایە خانووەکە بفرۆشین. من کە قەت بیرم لەم بەشە نەکردبووەوە، داچڵەکام. پورم گوتی بێ جێیانکرد، مەگەر بۆ ساتێکیش باوکم و دایکمیان بەخێوکرد و لێیان پرسینەوە وا ئیستا داوای بەش ئەکەن! بەڵام مامەجوێنفرۆش سکاڵای بردە لای حکومەت و دووای ماوەیەک کردیانە سەرمان. لەگەڵ ئەوەی پوورم کردیە بەزم و شەڕێکی سەیری پێ فرۆشتن، بەڵام بێسوود

بوو. سەرئەنجام ئێمە گواستمانەوە بۆ گەڕەکێکی تر لە سەر پرد نزیک بنکەیەکی سەربازیی کە خانوویەکی سێ قاتی بەرز بوو.

فرۆشتن و چۆڵکردنی خانووەکە زەبرێکی رۆحیی گەورەی لە هەموومان دا. راهاتن ئەوەندە ئاسان نەبوو، هەرچەند ئەم خانووە یەک قاتە، تازەتر و گەورەتر بوو. بەڵام لە سەرێکی ترەوە هەستم دەکرد قورسایی مردووەکان لەسەرمان نەما. هەموو شتێک بە جۆرێک تازە ببووەوە. تەنانەت باوکیشم وەک جاران بیری لە رابردوو نەدەکردەوە. تێپەڕینی زەمەن پێی سەلماندین گواستنەوە زۆریش خراپ نیە.

لە بیرم دێ ئەو رۆژەی گواستمانەوە، بە رێکەوت لە کاتی کۆکردنەوەی کەلوپەلەکاندا وێنەیەکی 'شا'مان دۆزییەوە. پوورم زۆر بە پەلە لە حەوشە لە ناو پووتێکدا سووتاندی و ئافتاوەیەک ئاویشی بەسەرداکرد.

ئیستا لە ماڵە نوێکەدا، شا و باوەگەورە و بیرەوەرییەکان پێکەوە جێمابوون و قورسایی ژیان لەسەر شانەکانی ئێمەیش کەمێک سووکتر ببوو. هەرچەند رێگای کتێبخانە بۆ من دوورتر ببووەوە. لە پاسکیلەکە دەڕوانم و خۆشحاڵم مەوداکان دەتوانن نزیکتر ببنەوە.

***

ئەو ساڵانە بنجۆکانی شار هێشتا ئاویان پیادەڕۆیشت. وەک ئیستا نەبوو وشک بن و تەنیا بە کاتی بەفر و باران روونیی و فێنکایی ئاویان تیا بگەڕێ. 'مینەی بنجۆگەڕ'، یەکێک لە خەڵکی گەڕەک کە تازە ئێمە ببووینە دراوسێی و لە خانوویەکی بچووکی دوو قاتی کۆندا بە تەنیا دەژیا، کاری ئەوەی بوو رۆژ تا ئێوارە بنجۆکانی شاری بەسەردەکردەوە. لەم سەر بۆ ئەو سەر و لەو سەر بۆ ئەم سەر. رێک بە

تەنیشتیاندا ورد هەنگاوی هەڵدێنا و چاوی لێ هەڵندەگەرتن. لە بنجۆکاندا زۆر شتی دەدۆزییەوە. هەر لە مستیلە و حەڵقەوە بگرە هەتا پووڵ، زێڕ، کیفی پووڵ، تاکە پێڵاو، تاکە سەرپێی، ناوکەوش، گۆرەوەی، سەعات، دەستبەندی سەعات، جۆرەها ئاسن و تەنەکەی ورد و لەت و پەت، زیو، زنجیری مل، تەسبێحی قەزوان و شووشە و پلاستیکی، پێچ و مۆرە و نوشتە. شتەکانی هەڵدەگرتەوە، دەیخستنە ناو دڵقێکەوە و دەچوو لە حەوزی مزگەوت دەیشۆردن و ئەوسا دەیبردنەوە بۆ ماڵەوە. ئەوەی بەکەڵکی فرۆش بووایە، دەیفرۆشت و ئەوەیشی بیتوانیایە ئیستیفادەی لێ بکات، لێی دەکرد و ئەوەیشی دەمایەوە لە ماڵەوە لە ژوورێکی ناو قاتی یەکەم رایدەگرت. ژوورەکە بۆنێکی سەیر و ناخۆشی لێدەهات.

کەس نەیدەزانی مینەی بنجۆگەڕ بە چی دەژیا. بە دڵنیاییەوە شتومەکی ناو بنجۆکان دەستمایەی ژیانیان تیانەبوو؛ بەڵام مینە لە راستیدا بە خێرو خێرات دەژیا. مینە کە تەمەنی لە پەنجا لایدابوو، خانووەکەی وەک میرات بۆ مابووەوە و ئەوەی کە تەنیا منداڵی ماڵەوەیش بوو کەمێک سەیر دەهاتە بەرچاو. ئاخر ئەو ساڵانە هیچ بنەماڵەیەک لە پێنج شەش منداڵ کەمتری نەبوو. من دڵنیام کە مینە هەموو خوشک و براکانی یان مردبوون یان ئەوەی مابوون لێرە نەمابوون و لە شاران دەژیان. وەک بڵێی بۆ هەمیشە سەری خۆیان هەڵگرتبێ. جگە لەمە مینە نە سەردانی کەسی دەکرد و نە کەسیش سەردانی دەکرد. دەڵێن کاتێک شا هاتبوو، ئەو بە پێچەوانەی خەڵکی نە تەنیا ئەم سەردانە و قەرەباڵغیی بێ وێنەی شەقامەکان هیچ سەرنجی رانەکێشابوو، بەڵکو

به گوێرەی عادەتی کۆنی خۆی به درێژایی بنجۆکان ئەم سەراوسەری شاری کردبوو. ئەوەندەی نەبێ لە چەند شوێن کە سوپا و پۆلیسی لێ ببوو، گێڕابوویانەوە و بە ناچار بە شوێنی تردا چووبووەوە سەر رێگا هەمیشەییەکەی خۆی. زۆربەی خەڵکی بە دیتنی پێکەنیبوون. ئەوەی کە چۆن دەکرێ پیاو رۆژێکی مێژوویی وەها لەدەست بدا و مێشیشی میوان نەبێ! بەڵام ساڵانی دوواتر بەشێکی ئەوانەی پێی پێکەنیبوون، دەیانگوت بەخوا هەر مینەی بنجۆگەڕمان تیا عاقڵ بووا له سەرێکی تریشەوە راستییەکەی ئەوە بوو قەرەباڵغیی ئەو رۆژەی شار، دەستکەوتی نو بنجۆکانی زیاتر کردبوو.

دڵنیام گەر بە ناو شاردا بگەڕێی و لە خەڵکی بپرسی کە داخۆ دوواجار کەی بووە لەگەڵ مینە قسەیان کردووە، کەس ناتوانێ رۆژ و سەعات و تاریخێکت بداتێ. لەبەر ئەوەی مینەی بنجۆگەڕ بەحەیاتی نادوێ. تەنانەت لە کاتی فرۆشتنی شتەکانیشیدا نادوێ و تەنیا لە کابرا دەڕوانێ. خەڵکیش دەزانن چۆن ئیشەکەی بۆ بەڕێ بخەن! ئەو ئەگەر سەری بە سەر بنجۆکانەوە نەبێ، ئەوا تەنیا لە دوو حاڵەتدا لێت دەڕوانێ: یان بە رێکەوت، یان ئەوەی بە جۆرێک سەرنجیت راکێشابێ. لە غەیری ئەمەدا مینە دەتوانێ بە ناو سەدان و هەزاران کەسدا تێپەڕی بە بێ ئەوەی لە یەکیان بڕوانێ. دەڵێن کاتێ خێری پێدەکەن، تەنیا پووڵەکە بە گیرفانە هەراو و دڕاوەکانیدا دەکەن، یان دڵقە پڕ لە تەماتە و خەیار و میوە و... دەکەن بە پەنجەکانیدا و ئەویش بە بێ ئەوەی لێیان بڕوانێ، تەنیا بە گوێرەی عادەتێکی کۆن وەریاندەگرێ و، وەک هەمیشە تێدەپەڕێ.

هەڵبەتە هەنووکە وەک ئەو ساڵانە نەماوە. ناو بنجۆکان بە کەمی ئاویان پیادەڕوا. هۆکارەکەی دوو شتە: یەکەم وەک ساڵان نابارێ و دووهەم کانیاوەکانی دەورووبەری شاریان گرتووە و ناهێڵن هەروا لە خۆوە ئاوەکەی بڕوات. بەڵام ئەمە نەبووەتە هۆی ئەوەی مینە واز لە گەڕانی بنجۆکان بێنێ. ئاو هەبێ و نەبێ، ئەو ڕێگای کۆنی خۆی بەرنادا. عادەتی پێگرتووە. جگە لەمە بنجۆکان وەهان، هەمیشە شتیان تیا دەستدەکەوێ. ئەزموونێکی کۆن پێی دەڵێ ئێرە یەکێک لە شوێنە فەرامۆشکراوەکانە. راستە وەک ساڵان شتیان تیا پەیدانابێ بەڵام بەشی ئەوەندەیان تیا ماوە. جگە لەمە ئیستا مینە، قاپوڕە فیشەک و بگرە خودی فیشەکەکانیش دەدۆزێتەوە. قاپوڕەکان کە لە مسن، کۆیان دەکاتەوە و دەیانفرۆشێ و، بەڵام ئەوەندە وشیاریشە گوللەکان پیشانی کەس نەدا! ئەوانیش لە هەمان ژوور، بەڵام لە سندوقێکدا رادەگرێ.

لای من مینەی بنجۆگەڕ نیشانە و سیمبولێکی گرینگی بەردەوامبوونی رابردوو و وەستانی زەمەنە. بە تاقی تەنیا مێژووی راگرتووە و پێت دەڵێ کە نا وەهایش نیە هەموو شتێک لە گۆڕانێکی ئەزەلی و ئەبەدیدایە. لە گەڵ ئەوەی من بە پێی عادەتێکی کۆن کە لە خوێندنەوەی کتێبەکانەوە دێت، حەزم لە تێپەڕینی کات و خێرایی رووداوەکانە (لەبەر ئەوەی چاوەڕوانی شتێکی عەجایەب لە داهاتوودا دەکەم!)، بەڵام کاتێک مینە دەبینم دڵم دەگەشێتەوە. شتێک لەودا هەیە کە پێم دەڵێ رابردوویش خۆی لە خۆیدا شتێکە و شتێک بوو! ئەوسا هەستدەکەم زەمەن بوونەوەرێکی یەکجار بێ رەحم و بێ بەزەییە. سەروەختێک کە بە هیچ جۆرێک هەستی پێ ناکەین و نازانین چییە، بەڵام دوواتر وەها

تۆڵەی ئەم گوێنەدانەمان لێ دەکاتەوە کە قەت لە ژێری دەرباز نابین. ڕێک وەک خانوویەکی چەند قات کە بوومەلەرزە لێی دابێ و تۆ زیندوو زیندوو لە ژێریا مابیتەوە و هیچ ڕێگایەکی دەربازبوونیشت لێی نیە. نیگایەک هەتا قووڵاییەکان پەرۆش و، هەناسەیەک هەتا دوواقورسایی خۆی سوار.

دایکم جاری وایە داوام لێدەکا چێشتی بۆ بەرمە ماڵەوە. بەڵام هەتا بەیانی لە دەرگاکەی بدەی، نایکاتەوە! وەک بڵێی نازانێ لە دەرگادان و دەرگاکردنەوە چییە، بەڵام چێشتەکەی بۆ لەبەر دەرگاکە دابنێ، بۆ خۆی دوواتر هەڵیدەگرێ و هەر لەوێیش دوواتر شتەکان دادەنێتەوە. دایکم لای وایە خوا خەڵکی هەژاری خوڵقاندووە بۆ ئەوەی بیری بەزەیی و ڕەحممان بخەنەوە، هەروەها بیری ئەوەی چاو بۆ بینینی ئەوانی تریشە. لای ئەو گەر ئەم جۆرە خەڵکە نەبن، ئەوا بەزەیی بۆ هەمیشە بارگەوبنە دەپێچێتەوەو مرۆڤەکان جێ دێڵێ.

تەنیا کەسێک لە ماڵی ئێمەدا کاتێک قسە لەسەر مینەی بنجۆگەڕ دەکرێ و، یان خۆی لێ نەبان دەکا یان بە قێز و ڕقەوە لەسەری دەدوێ،... باوکمە. ئەوەندەی منیش بزانم هەمووی بۆ ئەو ڕۆژە دەگەڕێتەوە وا شا هات. پوورم سەر لە باوکم بادەدا و دەڵێ ئاوا بڕوات ئەویش عەوداڵی بنجۆ وشکەکانی ناو شار دەبێ!

من جاری وایە کاتێک بە شەقامی شاردا دادەگەڕێم، لاسایی مینە دەکەمەوە و لە جۆگەلەکان ورد دەبمەوە. چەند سەرنجڕاکیشە! بیردەکەمەوە کەواتە هەر بۆ دۆزینەوەی شت نیە، بەڵکو جۆریکیشە لە خۆ سەرگەرمکردن. لەبەر ئەوەی نەکا منیش عادەتی پێ بگرم، خۆمیان

لێ دووردەخەمەوە. جارێکیان بە ڕێکەوت چاوم بە چەن تمەنێک دەکەوێ، بەڵام ڕووم نیە هەڵیان بگرمەوە. هەنگاوەکان ئارام دەکەمەوە و چاویان تێدەبڕم. چاوێک بە دەورووبەرمدا دەگێڕم نا، خەڵکی لێیە. ڕەنگە بتوانم شەو بگەڕێمەوە. بەڵام هەر ئەوەندەی دووردەکەومەوە، چیتر حەزەکەم تیانامێنێ. پێکەنینم بە خۆم دێت. دووکاندارێک کە لەم کاتەدا نیگای لەسەرمە، بزەیەکی دێتێ. دڵنیام لای وایە یان شێتم، یان ئەوەندەم نەماوە شێت بم.

مینە کە بە کۆڵانەکانیشدا دەڕوا، هەر وایە. ئەو بێ زەوی ناژی. دەڵێن تەنیا کەسێکە بە شەویشدا بە بەردەم چرا بەهێزەکانی بنکەکەی گەڕەکەکەماندا دەڕوا و چاو لە بنجۆکان دەکا و گەر شتێک سەرنجی رابکێشێ، دادەمووکێتەوە و هەڵیدەگرێتەوە. تا ئیستا تەنانەت بۆ یەک جاریش بێت، دەنگیان نەداوە! مینە لە حەوت دەوڵەت ئازادە و باوکیشم دەڵێ کەسی وەها خائینە و بەدڵنیاییەوە کۆنترۆڵی دەکەن.

ڕۆژێک لە کۆڵانەکە ئێمە پیاوێکی سەر بە دەوڵەتیان کوشت. ئەوەندەی پێ نەچوو داروبەر پڕ بوو لەو چەکدارە تووڕە و لە هەموو شت دڕدۆنگانەی کە کەوتنە پشکنینی هەموو شوێنێک. خانوویان تیا نەبوارد. بە بێ ئیزن خۆیان بە ژوورەوەدا دەکرد و سەریان بە هەموو کون و کەلەبەرێکدا دەگێڕا. جێ پۆستاڵەکان لە زۆر شوێن لە دووای ڕۆیشتنیشیان، مانەوە. لە ماڵی ئێمە هیچیان دەستنەکەوت، بەڵام لە پێنج خانوو بەرەو خوارتر پیاوێکیان پێش خۆیان دا و بە ترۆمبیلێکی بەڵەک گواستیانەوە و، لە ماڵە بێ نازەکەی مینەی بنجۆگەڕیش بە دۆزینەوەی سندووقی فیشەکەکان ئەویشیان بە شەق لەگەڵ خۆیان برد.

مینە ماوەیەکی زۆر لە بنکەکەی گەڕەکی ئێمە یاخود لە یەکێک لەو دەیان بنکەی لە شاردا دەست دەکەوتن، مایەوە و کاتێک ئازادیان کرد زستان هاتبوو و توێژاڵێکی ئەستووری بەفر دونیای داپۆشیبوو. دەڵێن لەگەڵ ئەوەی خێرخوازەکان لە بەیندا بوون، بەڵام هەر باوەڕیان پێ نەکردبوون. گوتبوویان ئاخر پیاوی شێت چۆن دەزانێ فیشەک لە قاپووری فیشەک جیابکاتەوە و لە سندووقێکی تایبەتی بهاوێ! یەکیان گوتبووی قوربان ئەو هەموو ئەو شتانەی وا کۆیان دەکاتەوە لە یەکتر جیایاندەکاتەوە و تێکەڵیان ناکا. دیارە ئەو ئەمە قسەیەی کردبوو بە بێ ئەوەی بۆ یەک جاریش ناو خانووەکەی مینەی بینیبێ!

مینەی بنجۆگەڕ ماوەیەکی چاک لەماڵەکەیدا مایەوە و نەهاتە دەرەوە. بەڵام فەرامۆشکردنی عادەتی کۆن دژوارە،... تەنیا ئەوەندەی نەبێ ئەمجارە چاوی لە بنجۆی بەر بنکە سەربازییەکان نەدەکرد و تەنانەت گەر شتێکیشی بدۆزیایەوە قەت بۆ هەڵگرتنەوەی نەوی نەدەبووەوە.

بەم شێوەیە گەڕانی بەشێک لە جۆگەلەکانی شار قەدەغە کران.

***

بە بەشە میراتەکەی خۆی، مامە وردەواڵە دەستێکی بە ماڵەکەیدا هێنا. بانەکەی گۆڕی و کردی بە قیرەتاو، پەنجەرە دارینە کۆن و داڕزاوەکانی گۆڕی و کردنی بە پەنجەرەی ئاسن و ڕەنگی شینی تۆخی لێدان. پلیکانەکانیشی کردە سمیت. هەروەها گەچکارییەکی باشی ژوورەکانی کرد و تەڕاوێکی چاکیشی دان. لەو بەشە پارەیەی مابووی، فەرشێکی باشیشی کڕی و لە ژووری میوانی دانا. ژنەکەی کە یەکجار بەم گۆڕانکارییانە دڵخۆش بوو، هەزار و یەک ڕەحمەتی بۆ گۆڕی باوەگەورە

نارد و دەیگوت ئینشاڵڵا خوای تەبارەک تەعالا لێی خۆش بێت! من هەر چی بیرم دەکردەوە نەمدەزانی دەبێ باوەگەورەی بەستەزمانی من لە ژیانیدا چی کردبێ وا دەبێ خوا لێی خۆش بێت! هەر چۆنێک لێکی دەدەمەوە، دەبینم ئەو زۆربەی کاتەکانی ژیانی بە دڵتەنگی و بە ئەشکەنجە ژیا،... بەشێکی بەرچاوی تەمەنی ژنی نەبوو، بێکاربوو و ئەسپێ لە گیرفانیا سەوزەڵێی دەگوت، لەگەڵ کوڕەکانی (جگە لە باوکم) نێوانی زۆر خۆش نەبوو و... ئەها هاتەوە بیرم، تەنیا یەک شت، ئەشەدوبیللا تەنیا شتێک کە هەیبوو تووڕەییەکانی بوو؛ بەڵام بڕواناکەم خوا لە سەر تووڕەیی لە کەس خۆش نەبێت. ئاخر نەک ئەوەی هەڵچوون هۆکاری هەیە و ژیانی باوەگەورەیش تەژی بوو لەم جۆرە هۆکارانە! تازە ئەگەر ژیان چارەنووسێکە لە دووا لێکدانەوەدا ئەوە خوایە بڕیاری لەسەردەدا و عەبد هیچکارەیە، دەی بە خوا کەس لە باوەگەورەی من بەستەزمانتر و گوناحتر لە ژیاندا دەست نەدەکەوت. ئەگەر بەشێک لەو میراتە بەر من بکەوتایە ئەوا بێگومان دەچووم باڵندەیەکی یەخسیری ناو قەفەسێکم دەکڕی کە پیاوێکی تەمەن مامناوەندی لە فەلەکەی ناوەڕاستی شار بەهاران دەیانفرۆشێ و، بۆ شادیی رۆحی باوەگەورە ئازادم دەکرد تا وەک جاری جاران بە کەیفی خۆی بە ئاسمانی شیندا بفڕێ. ئەوەیکە دوواتریش چی لێ بەسەردێتەوە، داخۆ دەیگرنەوە یان دەبێ بە پارووی واشە یان پشیلەیەکی نەوسن، ئیتر ئەوە تاوانی من نیە. شتێک لە دەروونمەوە پێم دەڵێ باوەگەورە لە شوێنێکەوە، رەنگە لە چاوەکانی منەوە، ئاگای

لەم رووداوە خۆشە دەبێ و پڕ بە دەروونی رۆحی دەکرێتەوە و بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا بە دڵی خۆی پێدەکەنێ.

راستی، باوەگەورە قەت لە ژیانیدا پێکەنیبوو؟ هەوڵدەدەم بە بیرەوەرییەکانمدا شۆڕ ببمەوە،... بەڵام ناگەمە هیچ شوێنێک. دڵنیام پێکەنینیشی هەبووە، بەڵام تووڕەییەکان دیمەنەکە لێڵ دەکەن و دەیشارنەوە. بزەیەکم دێتێ. بە خۆم دەڵێم تازە کەچی! ئەوسا رۆژێکم دێتەوە بیر کە گونی یەکێک لە براکانم کە تەمەنی ساڵێک دەبوو، رەق ببوو و باوەگەورە دەنگی دایکمی دا و ئەوسا بە دەمییەوە بزەیەک گرتی. بە رای من جوانترین پێکەنین یاخود بزەی دونیا، هی مرۆڤە تووڕەکانە.

مامە جوێنفرۆش، بەڵام بە پارەی میراتەکەی شتێکی تری کرد. رەنگە لاتان سەیرنەبێت گەر بڵێم ژنی هێنا. راستییەکەی ئەوە بوو دوواساڵی ئەو دە ساڵەی من خەوتبووم، حەبێی ژنی بەتووش نەخۆشیی پووکانەوەی ئێسقانەوە ببوو و کەمکەم لە جێگادا کەوتبوو و پوورم گوتەنی ئەو شیتەشیتەی جارانی نەمابوو. لەگەڵ تێپەڕینی ساڵەکان هەتا دەهات جوولەی ئارامتر دەبووەوە، وەها کە لە کۆتاییەکانی ژیانیدا بە دەست ئەم دیواودیویان دەکرد و هەروەها خواردنیشیان بە دەمەوە دەکرد. مامە سەرئەنجام لە دووای ماوەیەک دیان بەخۆداگرتن، لە مەلای گەڕەکی پرسی و ئەویش گوتبووی کە عوزری شەرعی هەیە و لەبەر ئەوەی هیشتا جحێڵ و بە دەستوبرد و بە گوڕە، دەتوانێ ژنی تر بێنێتەوە. مامە کە لە دەروونییەوە حەزی دەکرد ئەو ساڵانە بایە وەها کە بیتوانیایە سەلمێی رۆح و گیانی بێنێ، بەناچار کەوتە پرسیار و چاوگێڕان و سەرئەنجام لە گەڕەکێکی قەراخ شار بێوەژنێکی لادێی

**بینیوەوە و، هێنای. ژنە کە تەنیا ساڵێک دەبوو بێوەژن بوو و چوار منداڵی لە مێردەکەی پێشووی هەبوو، بە بێدەنگی گواسترایەوە و بەم شێوەیە ژیانی تازەی خۆی دەست پێکرد. ئامۆژنە سوعدا کە لانیکەم بیست و پێنج ساڵ لە مامە ڕەحمان بچووکتر بوو، لە خۆشیی ئەوەی شووی بە پیاوێکی شاری کردبوو، پیاوێک کە خانووەکەی ڕێک لە ناوەڕاستی شاردا بوو، وەها دەستی بە ژیانی نوێی خۆیەوە گرت و وەها بە دەوری مامە جوێنفرۆشدا دەهات کە نموونەی کەمتر دەستدەکەوت. مامە بەم ژنەی یەکجار دڵخۆش بوو و تەنیا حەیفی ئەوەی دەخوارد وەک سەلمیٚ تۆکمە نەبوو. بەڵام شتی دیکەی هەبوو کە پێی دڵخۆش بێت: یەکەم گەنجبوونەکەی و دووهەم سەروسینگی گەورە و خروخۆڵی کە لە ژێر کراسە ناسکە کوردییەکەیەوە یەکجار سەرنجڕاکێش دەیاننواند. لووس و سپی وەک گڕکەی داتاشراو!**

**حەبێی داماو کە هەوێی بەسەردا هاتبوو، لە بێدەنگی و لە بیٚ هێزیی جەستەی نەگبەتی خۆی، وەک کەسێک لە سینەما دانیشتبیٚ و پارەی داوە بۆ ئەوەی فیلمەکەی بەرانبەری ببینیٚ، سڕ لەو فیلمە ڕاستەقینەیەی دەڕوانی وا بەڵێن بوو لە جیاتی دوو سەعات، تا دوواساتەکانی تەمەنی لەبەر چاوەکانیدا بیٚ و بڕوا. مامە کە یەکجار میهرەبان ببوو، جاری وابوو دەهات و دەستێکی بە سەر سەری ژنە کۆنەکەیدا دەهێنا و دەیگوت "دەی حەبیٚ گیان هیچی ترت ناویٚ، ها؟... دەی بەقوربان پێم بڵیٚ!" ئامۆژنە حەبێیش بە چاوە واقوڕماوەکانی هەروا لە مێردە بیٚ وەفا و نەگبەتەکەی دەڕوانی و، ئارام ئارام فرمێسکەکان بە لاچاوەکانیدا شۆڕ دەبوونەوە و سەرینەکەیان تەڕدەکرد.**

**هەڵبەت ژیان ئەوەندەیش ڕەق و پڕ لە نەهامەتی نەبوو. ئامۆژنە سوعدا بوو هەتا مردنی ئامۆژنە حەبێ، بوو بە نزیکترین هاوڕێ و نزیکترین کەس و بەجوانی هەتا گیانی سپارد، خزمەتی کرد. دایکم دەڵێ "ئەیچۆن وەهایە، خوا لە شوێنێک دەیستێنێ و لە شوێنێکی تر دەیداتەوە!"**

**ئەو ڕۆژەیش حەبێ مرد، زیاتر لە هەر کەسێکی تر ئامۆژنە سوعدا گریا، تەنانەت لە منداڵەکانی مامیشم زیاتر. بە گۆشەی دەسماڵەکەی سەر سەری، فرمێسک و ئاوی لووتی دەسڕێ و چاوی لە سەر عەرزەکەی بەردەمی هەڵنەدەگرت. مامە جوێنفرۆش بەم دیمەنە زیاتر لە مەرگی ژنەکەی شڵەژا و لەبەر خۆیەوە بە خۆی گوت "هیچ شتێک لە دونیادا بەقەدەر دڵ و دەروونی جوان و بەڕەحم سەرنجڕاکێش نیە." پاش چەند چرکەیەک درێژەی دابوویە و، گوتبووی "ئەو شتەی من نیمە و قەتیش نایگەمێ!"**

**بەڵام لە میراتەکە بڕێکی مابووەوە. سوعدا چونکە بە بێوەژنی شووی کردبوو و خەڵکی دێهات بوو، زۆر گران لەسەر مامە نەکەوتبوو. مامە ئەمەی خستە تەنیشت ئەو بڕە پارەی وا لە ماڵەوە لە سندووقێکی گەورەدا دانابوو و، ئێستاکە کلیلەکەی بەدەست سوعداوە بوو. بە ژنەکەی گوت ئەمە بۆ ڕۆژی پیری! بەم قسەیە سوعدا هاتەوە بیری گەر بە گوێرەی تەمەن بێت، ئەوا لە ڕاستیدا ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەم سندووقە. بەم بیرە دڵی تەنگ بوو و لەبەر خۆیەوە گوتی "خوایە بە کوفری نەنووسی!"**

لە دەرەوە ژیان درێژەی هەبوو. من وەک جارام سەردانی کتێبخانەکەم دەکرد و بەردەوام چاوم لەو ژوورە دەبڕی کە کتێبە قەدەغەکانیان لە دووای شۆڕشەوە لەوێ کردبوو. ئەو کتێبانەی هەڵرژیاگ، نارێک و پێک لەسەر یەک هەڵچنرابوون و مەعلوم نەبوو بۆچی رایاننەدەگواستن. نازانم بۆ، بەڵام بەرەبەرە حەزی خوێندنەوەی کتێبە مێژووییەکان دایگرتم و، رووم کردە شەڕی دووی جیهان. خوێندنەوەی بەڕاستی سەرنجڕاکێش بوو لام. یەکێک لەو شتانەی لێیەوە فێربووم ئەوە بوو کە گرێ دەروونییەکان جۆراوجۆرن و یەک لەوان دەتوانێ گرێیەکی دەروونی بێت بە ناوی 'گرێی دەروونیی مێژوویی'. گرێی دەروونیی مێژوویی وەها نیە لە تاک یان چەند تاکێکدا دەستکەوێ، بەڵکو دەتوانێ لە رۆحی زۆرینەی گەلێکدا هەبێ و جۆری هەڵسوکەوتی لە قۆناغێکی درێژی مێژووییدا دیاری بکا. ئاڵمان وەها بوو. لە دووای شکستهێنانی لە شەڕی یەکەم و پەیماننامەی ڤێرسای لە ساڵی ١٩١٩، نەوعێک لە هەست بە سەرشۆڕیکردن و تووڕەیی لە ئاست ئەم رووداوە تیایاندا سەرهەڵدەدا کە یەکێک لە پاڵنەرەکانی سەرهەڵدانی فاشیزم و پشتیوانی خەڵکی بووە لێیان. تێگەیشتم گرێی دەروونیی گشتی ئەوەندە مەترسیدارە کە دەتوانێ کارەساتی گەورەی لە ئاست جیهاندا لێ بکەوێتەوە.

لە دەورووبەرم دەڕوانم. هەوڵدەدەم ئەمە بەو شوێنەوەی ببەستمەوە وا منی تیا دەژیم. داخۆ شتێکی وا بوونی هەیە؟ ئەگەر هەبێ بێگومان لە زۆربەی کەسەکاندا رەنگدەداتەوە. لە ماڵی خۆمان و لە مامەکان و هەموو ئەو کەسانە بیردەکەمەوە وا دەیانناسم. لەگەڵ ئەوەی چەند

**ساڵێک لەمەوبەر ڕووداوێکی گەورە ڕوویدابوو، بەڵام هەست بە هیچ گرێیەکی مێژوویی ناکەم. هەموومان زۆر بە شێوەیەکی ئاسایی خەریکی ژیانی ڕۆژانەین و خەریکین شەو و ڕۆژەکان تێدەپەڕێنین. لەگەڵ کاسبی کردن، لە دەروونی خۆماندا چاوەڕوانی ئەوەین گەورەکانمان بمرن و میراتی خۆمان بەربکەوێ و ئیتر تەواو. چاوەڕوانییەک کە دەرینابڕین و بەڵام هەیە. مەگەر نەک ئەوەی سەرئەنجام هەموومان ڕۆژێک لە ڕۆژان دەمرین، جا تا زووتر باشتر، بەتایبەت گەر تەمەن لە ئاستێک لابدا و ئیتر شتەکان تامی جارانیان نەمێنێ. لەبەر خۆمەوە بە خۆم دەڵێم ئەو نیشتمانەی خاوەن گرێی مێژوویی نەبێ نابێ بە هیچ،... وەها وڵاتێک قەت ڕووبەری مێژوو داگیرناکا. ئەوسا بیر لە دەیان ملیۆن کوژراو دەکەمەوە. هەنگاوەکانم شل دەبنەوە. داخۆ گرێ مێژووییەکان ئەمە دەهێنن؟**

**شەوانە تیشکی گڵۆپە بەهێزەکانی بنکە سەربازییەکە دەگاتە ماڵی ئێمەو، حەوشەکە ڕووناک دەکاتەوە. لە حەوشەکە، سووچەکان وا تیشکیان بەرناکەوێ لە هەمیشە تاریکتر دەنوێنن. دەڵێن لە کاتی هێرشەکاندا کاتێک نوورئەفکەنەکان بە ئاسماندا دەکەن، هێرشبەرەکان هەوڵدەدەن خۆیان لە بن سێبەرەکاندا حەشاربدەن. دیارە گەر سێبەرێک دەستکەوێ.**

**من چەند جوان هەست بەم ساڵانە دەکەم. لەگەڵ سات بە ساتیاندام. ساڵەکانی تەمەنی خۆم. ئەو ساڵانەی هەم هی منن و هەم هی ئەوانی تر. پوورم لای وایە هیچ شتێک بە قەدەر کتێبە مێژووییەکان مرۆڤ**

سەبارەت بە داهاتوو دڵ ڕەش ناکەن. کتێبە مێژووییەکان دەتوانن ژیان و مرۆڤت لەبەر چاو بخەن.

***

مامە تەنەکە لەبەر ئەوەی دەوڵەمەند بوو، وای پیشاندەدا کە عەلئەساس پارەی میراتەکە شتێکی سەیر نیە، بایەخی زۆر لە خوارەوەیە و ئەگەر وەریدەگرێ تەنیا لەبەر ئەوەیە کوڕی باوکیەتی و شتێکی وەهایش ناتوانێ لەگەڵ ئەمە کە لە دەرەوەی خواست و نیازی ئەوەوەیە بکات. بە دەنگی بەرز دەیگوت پیاو دەبێ ملبداتە چارەنووسی خۆی. هەرچەند باوکم زۆر ڕقی لەم بۆچوونە بوو و دەیگوت گەر شا کەمێک خۆی بگرتایە و مقاومتی بکردایە ئەوا چارەنووسی جۆرێکی تر دەبوو.

من تا ئەو شوێنەی کە مامە تەنەکە پیاوێکی چاوچنۆک و دەست قونجاو و ڕژد نەبوو، لە گەڵیام؛ بەڵام لە لایەکی ترەوە دەبێ بڵێم کە مامە یەکجار حەزی لە پارە بوو و بەسەراکەوتنی پارەیەکی لابەلا کە ئەوەندەیش بێ بایەخ نەبوو، دەیتوانی بەشێکی ژیانی پڕبکاتەوە.

ڕاستییەکەی ئەوە بوو مامم ژنی بۆ عەبە بێقۆلی کوڕی نەهێنابوو و لەگەڵ ئەوەی تەمەنی عەبە لە بیست و پێنج لایدابوو و هێشتا لای باوکی کاری دەکرد، کەچی قنج و ڕەبەن مابووەوە و بۆ خۆی دەهات و دەچوو. هەڵبەت عەبە لە ڕواڵەتدا یەکجار گۆڕابوو. ئیستا بۆ خۆی پیاوێک بوو و کۆتە گەورە و قۆل درێژەکەی جارانی لەبەردا نەمابوو؛ بەڵام گەر کەمێک لێی ورد بایتەوە دەتبینی هەمانی جارانە. عەبە خۆشەویست نەبوو و خەڵکی هەتا دەیانتوانی خۆیان لێ دەپاراست و

ئەوەیشی بەدەمییەوە دەهات تەنیا لەبەر ئەوە بوو خۆی لە نەهامەتییەکانی بپارێزێ!

مامە تەنەکە لەبەر خۆیەوە لێکی دەدایەوە کە بە میراتەکە دەتوانێ ژن بۆ کوڕەکەی بێنێ و گەر سەریشی نەگرت و عەبە لە داهاتوودا لە ژنەکەی جیابووەوە، ئەوا ئەم هیچ زەرەرێکی نەکردووەو لە راستیدا پارە و پووڵی کەسی ترە لە دەستی داوە، نەک خۆی!

بۆیە کاتێک میراتەکەی وەرگرت، کەوتە گەڕان بە شوێن کەسێکی وەهاوە کە کچێکی هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ بۆ عەبەی داوابکا. لە دەرگای زۆر مالانی دا و روویکردە گەلێک کەس، بەلام هەر هەموویان یان راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستیان بە روویانەوە نا و کچیان نەدایە. مامە، کە تازە بوو تێدەگەیشت چ دۆخێکی بە هۆی کوڕەکەیەوە لەناو خەڵکیدا هەیە، بڕیاری دا بچێ و لە دێهات ژنی بۆ بخوازێ، بەلام ئەمەی لە ئاستی کەسایەتی و ناسیاویی خۆی لە شاردا نەدەبینی و بۆیە روویکردە شاران. بە خۆشییەوە بە هۆی ئەو ئاشنایەتی و هاتوچووەی لەگەڵ هەندێ کەس هەیبوو، توانی ژنێکی سوور و سپیی چاو شین بۆ عەبە بێنێ. سەیر ئەوە بوو لەگەڵ ئەوەی کەس ئامادەنەبوو کچ بە کوڕەکەی بدا کەچی رۆژی زەماوەنەکەی یەکجار قەرەباڵغ بوو و ئەوەندە سەیارە بۆ راگواستنی بووکێ هاتبوون کە جادە نەیدەگرتن! بۆق لێدان و هۆڕن لێدانێک بوو، نەبێتەوە. بە تایبەت چەند ماتۆڕێک لە هاوڕێیانی عەبە کە هەر هەموویان کراس و پانتۆڵی رەشیان لە بەردا بوو، سەر دەست و قۆلەکانیان کوتابوو و بە سمێڵی

فش و دەسماڵی سوور، ئەنگوستیلەی زل و تەسبێحەوە کەوتبوونە ناو ریزی ماشینەکانەوە و بە کەیفی خۆیان مانۆڕیان دەدا.

هەڵبەت بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی مامەتەنەکە، عەبە کە بە چاوی شین و روخساری سوور و سپیی و قژە کاڵەکانی ژنەکەی حەپەسابوو، وازی لە بەزمی جارانی هێنا و لکا بە ژیانی تازەی خۆیەوە. راستییەکەی ئەوە بوو عەبە بێقۆل لە عەبەبوونەکەی جارانی وازی هێنا و بۆخۆی دووکانێکی تری کردەوە و وەها سەری بە ژیانی خۆیەوە گرت، کە کەس باوەڕی نەدەکرد. ژنەکەی کە ئافرەتێکی بێدەنگی هەمیشە چاو بەپێکەنین بوو و بە هاتنی خۆی ژیانی عەبەی بە تەواوی گۆڕیبوو کارێکی کرد لە دووای یەک دوو ساڵێک بگرە پێش ئەوەی یەکەم منداڵیشیان لە دایک بێت، گواستیانەوە بۆ شارەکەی خۆی. زۆر کەس دەڵێن عەبە لەبەر جوانیی ژنەکەی ئەمەی کرد، هەندێ دەڵێن لەبەر ئەوەی نەیدەویست هەتیوەکانی رفیقی هاتوچۆی ماڵەکەی بکەن و بەعزێکیش دەڵێن ماڵە خەزووری دەوڵەمەندن و گوایا وەعدی کارێکی باشیان پێداوە. بەهەرحال عەبە بێقۆل گواستییەوە و بۆ هەمیشە لە شارەکەی ئێمە ونبوو. تەنانەت وای لێهات سەردانە جاربەجارەکانیشی نەما و، چیتر شەقام و کۆڵان نەبینییەوە. وەک بڵێی ئەویش وەک 'شا' سوار دوواکۆپتەری ژیانی خۆی بووبێ و بۆ هەمیشە بەرەو هەندەران سەری خۆی هەڵگرتبێ.

مامە تەنەکە کە قەت چاوەڕوانی ئەمەی نەدەکرد، لە جیاتی ئەوەی رەحمەت بۆ گۆڕی باوکی بنێرێ، بۆ گۆڕی دایکی دەنارد! لەبەر ئەوەی

پێی وابوو هۆکاری چاکە لە بنەماڵەکەیاندا دایکیەتی،... ئەو دایکەی مەزڵوومانە ژیا و مەزڵوومانە سەری نایەوە.

مامەتەنەکە لەوە بەدووا شاگردی گرت و پاشماوەی ژیانی هەتا مرد لەگەڵ شاگردەکانی لە دووکانەکەدا بەسەربرد.

باوکم لای وایە هەندێ کەس لە ژیاندا ئەوەندە بەشانسن نەبێتەوە. ئەو لای وایە ئەم جۆرە کەسانە لە ئاسمانیشەوە بۆیان دەبارێ و هەموو شتێک دەبێ بە بیانوویەک بۆ خۆشبەختی ئەوان. ئاگام لێیە جاری وایە بە پوورم دەڵێ:

- ئاخر تۆ بەو هەموو خوێندەوارییەوە وەرە یەک تۆز بەختی ئەو گرگنەت نەبێ و، کوڕەکەی منیش لەگەڵ ئەو هەموو خوێندەواری و زانابیە، وەرە دە ساڵی رەبەق خەوی لێبکەوێ و نەزانێ دونیا لەو دە ساڵەدا بە چ بارێکدا وەرگەڕاوە!

پوورم کە بەشەکەی خۆی بەدڵ نیە، لووتێکی لێ هەڵدەقرچێنێ و بە بێ ئەوەی وەڵامی باتەوە هەر لە خۆوە دەچێ بۆ حەوشێ. منیش کە لام وایە خۆشبەختی بە ژنهێنان و شتی لەم بابەتە نیە، پێم وایە باوکم هێشتا هەر لە سەردەمی خەونەکانی خۆی لە کاتی شادا دەژی و باوەڕناکا ژیان بە قەدەر خودی ئەو ساڵانەی وا بەسەریا هاتووە، گۆڕاوە.

بەڵام با بزانین مامە چایی بە میراتەکەی چیکرد. مامە کە بە هۆی کەوشە لاسیقییەکانی، راوەستانی زۆر لەسەر پێ و ئارەقکردنەوەی لاقەکانی بەری پێکانی مێخەکیان دەردابوو، بڕیاری دا کارەکەی بگۆڕێ. هەڵبەت لەپێشدا زۆر هەوڵیدا چارەسەرێک بۆ مێخەکەکان بدۆزێتەوە،

بۆ وێنە قاچەکانی هەموو شەوێک جوان بە سابوون دەشۆرن، لە جیاتی کەوشی لاسیقی ئێستاکە سەرپێی لەپێ دەکرد و جاری وایش هەبوو قولاپی کامواچنینی سووردەکردەوە و دەیسووتاندن.

بەڵام بێسوودبوو. لەبەر ئەوەی هەموو رۆژێ هەمان کاری دەکردەوە و یەکجار لەسەر پێ راوەدەستا و بگرە تەمەنیشی هەڵکشابوو و چەوریی ژێر پێستیشی کەمی کردبوو، هەتا لایدەکردەوە قاچەکانی وەک خۆیان لێدەهاتەوە. بگرە لە بن سمتی راستیشیەوە ژانێکی خراپی تر رووی تێکردبوو و ئەوەندەی دیکە وەزعەکەی لێ تێکدابوو. وەڕەز لەم دۆخە کاتێک باسی میراتەکە هاتەگۆڕێ، یەک شەوی رەبەق هەتا بەیانی خەوی لێنەکەوت و بیری لێکردەوە چ بکا باشە. بۆ بەیانی ئەگەرچی هێشتا بە هیچ نەتیجەیەک نەگەیشتبوو، بەڵام سەردانێکی سەر گۆڕەکەی باوکی کرد، دەستی بە کێلەکەیەوە گرت و دۆعایەکی باشی خوێند و داوای لە خوای گەورە کرد بیبەخشێ و جێگای بەهەشتی بەرین بێت؛ ئەوسا بە دەم رێگای ناو شارەوە بڕیاری دا بڕە پارەکە بدا بە سوو.

دیارە بەم بڕیارەی خۆی کەمێک بە خۆیدا شکایەوە و، بە ئەسپایی لە شەرما ئەم لاولای خۆی بە چاو پشکنی. دەیزانی بە گوێرەی ئیسلام سوو حەرامە، بەڵام چار چی بوو؟ هەتا کۆتایی عومری هەر قاچەکانی ئارەقیان بکردایەوە و مێخەکیان دەربدایە و ئەمیش هەر بە شەلە شەل بڕوا و ئازارێکی زۆر لە جەستەیدا هەست پێبکا؟ تازە گەر باسی ژانی بن قوونیشی بکا ئیتر ئەوە هەر هیچ! نا، شتی وانابێ. بیری کردەوە رەنگە رێگایەکی دەربازبوون هەبێ. بۆ دوو رۆژ دوواتر سەردانی مزگەوتی کرد

**و لە خەڵوەتدا لەگەڵ مەلا کەوتە پرسیار و راوەرگرتن. مەلا، سەرەتا گوتی کە بە گوێرەی سوڕەکانی بەقەڕە، ئالی عومران، نساء و رۆم سوو یەکجار قەدەغەیە و بگرە تەنیا گوناحێکە وەک گوناحی "شەڕ لە گەڵ خودا"دا لە قورئان باسی لێکراوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئاگای لە دۆخی مامە بوو و دەیزانی چ ئازارێک بە قاچەکانییەوە دەکێشێ، لە دووای پرس و جۆیەکی زۆر لەسەر ئەوەی داخۆ مامە بەو بڕە پارەیە دەتوانێ ئیشی تر بکا، سەرەرای تێفکرین و پیشنیاری جۆراوجۆر بە هیچ شوێنێکی ئەوتۆ نەگەیشتن و، پاش کەمێک دەست بە ریشی درێژ و سپیدا هێنان گوتی دیارە لە ئیسلامدا هەندێ جار دەکرێ سوو وەربگری، مەسەلەن موسوڵمانێک دەتوانێ لە کەسێک کە کافرە سوو وەربگرێ، جا بۆیە تۆ دەتوانێ لە گەڵ کەسێک لەم شارە کە کافرە بکەویتە مەعامەلەوە و بەم شێوەیە لە غەزەبی خودای گەورە بەدوور بی! مامە چایی هەروا لە مەلا راما. باشە چۆن دەیتوانی کەسی وا بدۆزێتەوە. دەیزانی کەس لانیکەم راستەوخۆ خۆی بە کافر لە قەڵەم نادا. مەلا گوتی برای موسوڵمان، کافر لە دوورەوە خۆی هاوارئەکا، مەسەلەن لە ئەحەی ئارەقخۆر بڕوانە، ئیتر ئەمە ئەم لاولای نیە. مامەچایی بیری کردەوە مەلا راستدەکا، بەڵام لەبیری دێ دایکی پێی دەگوت ئەوە خودای گەورە خۆیەتی دەزانێ کێ لە راستیدا کافرە و کێ موسوڵمان و ئەمە کاری عەبد نیە. هەستا بڕوات کە مەلا وەک دوواقسە پێی گوت:**

**- هەڵبەتە مەعامەلە کردن لەگەڵ کەسی کافریش کە ئەخلاقیاتیان بە هۆی دووری لە خودای تەباڕەک تەعالاوە لاوازە و دونیاگەزیدەن، زەحمەتە!**

مامە چەند ڕۆژی دیکەیش سەبری کرد. هەتا نیوەشەوان خەوی لێنەدەکەوت و لەگەڵ ئەوەی نەیدەزانی قورئان بخوێنێتەوە، بەڵام لە تاقچەکە بە دەستی بەنوێژەوە دایگرت و لاپەڕە بە لاپەڕە سەیری وشە و ڕستەکانی دەکرد. لەبەر چاویدا چەند پڕ لە ڕەمز و ڕاز و لە هەمان کاتدا چەند خۆفناکیش دەینواند. بیری کردەوە ئەم وشە و ڕستانە زیاتر لە هەزار و چوارسەد ساڵە هەن و هێشتا مرۆڤ لە تێگەیشتنی تەواویان ماوەتەوە. بە خۆی گوت بێهۆ نیە، کەی مرۆڤ بە ئەقڵ و تێگەیشتنی ناکامڵی خۆی دەتوانێ لە کەلامی کامڵی خوا گیان تێبگا. لێرەدا بوو بروسکەبیرێک وەک هەورە تریشقە بە ئاسمانی مێشکیدا گەڕا و بۆ چرکەیەک دونیای وەها ڕووناک کردەوە کە چاوەکانی نەیاندەتوانی لە حەژمەتی تیشک شتەکان ببینێ. بە خۆی گوت:

- ئا، خوای گەورە دەلیلی داماوانە... هەر ئەوە دەزانێ بۆخۆی چی گوتووە!

قورئانەکەی بەستەوە، هەڵیگرت و بەپەلە خستیەوە سەر تاقچەکە. بۆ سبەی ڕووی کردە حاجی براییمی قۆزاخ کە هەموو خەڵکی دەیزانی پیاوێکی سووخۆرە. پیاوێکی خۆشپۆشی دەموچاو ڕۆناویی کە هەمیشە مرادخانییەکی کەشخەی لەبەردەکرد. حاجی براییم پارەکەی وەرگرت، بە ئارامی و لەسەرەخۆ ژماردنی و لەگەڵ مامەمە سازا.

ئەو شەوە مامە هەتا بەیانی لە ناو جێگاکەدا تلی دا و ئەم دیواودیوی کرد. هەر چۆنێک لێکی دەدایەوە بەو بڕە سوودەی وەریدەگرت دەیتوانی زۆر موحتاجی کارکردن نەبێت.

**داخۆ خودای مەزن لەو سەرسەرانە چۆن بیری لە ئەمڕۆ و لە داهاتووی ژیانی ئەو دەکردەوە؟**

***

**لەمێژە شار و دەورووبەری بووەتە لانکەی شەڕێکی درێژخایەن. ئەمە لەو کاتەوە دەستی پێکردووە وا من لە خەوی دە ساڵەدا بووم. ڕێک لە دووای شۆڕشەوە. پوورم جاری وایە دادەنیشێ و هەوڵدەدا بە گێڕانەوەی چیرۆک، ئەو دە ساڵەی تەمەنم بۆ قەرەبوو بکاتەوە. ئەو لای وایە ژیان چیرۆکە و بۆیە جیاوازییەکی وەها لە نێوان بینینی ڕاستەوخۆی یاخود گێڕانەوەی لە لایەن کەسێکی ترەوە نیە. پوورم ڕاستدەکا. کاتێک دەکەوێتە گێڕانەوە، هەموو هۆش و سەرنجی من دەچێتە سەر داستانەکانی ئەو. لام سەیرە دەکرێ ئەوەندە چیرۆکی سەیروسەمەرە لە ماوەیەکی وەها کورتدا ڕوویاندابێ. پوورم دەڵێ شا خۆی بوو خەڵکی فێری شەقام کرد. دەڵێ بە گەشەی شارەکان و سەرهەڵدانی خیابانەکان و لە لایەکی ترەوە ئەو مەراسم و کۆبوونەوانەی وا لە ناو شەقامەکاندا بەڕێوەی دەبرد، خەڵکی بەرەو ئەوە برد کە هەست بە هێزی خۆیان بکەن و بزانن شتێکن. دەڵێ کاتێک شا بە تایبەتی لە کۆشکەکەی خۆی هەڵدەستێ و سەردانی شارێکی بچووکی نەناسراوی سەر سنووری وەک ئێمە دەکا، خۆی لە خۆیدا ئەو بۆچوونە لای خەڵکەکە دەخوڵقێنێ کە گرینگن و بۆیە دوواتر ئەو غیرەتە دەدەن بە خۆیان بڕژێنە خیابان و ئەوەی بکەن وا لە ئەساسدا نابێ بیکەن. من کە قەت ناپرسم شا چۆن ڕووخا و حەزدەکەم لە کتێبەکاندا ئەم بەسەرهاتە بخوێنمەوە، لەوە تێدەگەم کە جاری وایە**

**کردەی کەسێک دەتوانێ بە بێ ئەوەی خۆی پێی بزانێ، شتی پێچەوانەی لێ بکەوێتەوە. رەنگە ژیانیش بە گشتی ئاکامی وەها دیاردەیەک بێت. خوا نەیویست دونیا بخولێقێنێ، بەڵام هێزی خولقاندن پێی کرد.**

**پوورم لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ ئەو هێزەی بەهۆی شۆرشەوە ئازاد بوو، هەر خۆی بە قۆناغی سەردەمی شۆڕشەوە نەبەستەوە و هەتا ئیستا بە جۆرێک لە جۆرەکان درێژەی هەیە. دەڵێ شۆڕش وەهایە هەتا ساڵانی ساڵ ئاسەوارەکانی لە زەینی هەندێ کەس کە کەمیش نین ناسڕێتەوە و بە تەمای دووپاتکردنەوە هەر وازناهێنن. دووپاتکردنەوەی شتێک کە لانیکەم دەیان ساڵی تری دەوێ، ئەویش بە مەرجێک دۆخ نەگۆڕێ. شەوانە کاتێک من گوێم لە قرمژنی چەکەکان و دەنگی دووری تۆپەکان دەبێ، بیری ئەم قسەیەی پوورم دەکەومەوە. نازانم بۆ من کاتێک پوورم باسی شۆڕش دەکا حەزدەکەم تەنیا گوێی لێبگرم و یەک تاقە وشە چییە لە دەمم نایەتە دەرەوە. من لام وایە لە نێوان ئەو کەسەی رووداوەکانی شۆڕش بە کتێب دەخوێنێتەوە و ئەوەی وا راستەوخۆ ئەزمونی کردووە وەها جیاوازییەک هەیە کە بە هیچ شتێک پڕنابێتەوە. بۆ کتێبخوێنەکە بێدەنگی و گوێگرتن دەمێنێتەوە و بۆ ئەوی تر قسە و گێڕانەوە. شتێک هەیە وشە و رستەکان ناتوانن هەڵگری بن. لە کتێبخانە جاری وایە لاپەڕەی کتێبەکان هەڵدەدەمەوە و وێنەکانی ئەو ساڵانە بەسەردەکەمەوە. ئاپۆرای بێ ئەژماری خەڵکی کە هەست دەکەی تەنانەت شەقامەکانیش هەڵیاننناگرێ، ورت دەکا. سەیرە خەڵکی لە ئاستێکی وەهادا کتوپڕ دەتوانن ببن بە یەک دەنگ و بە یک جەستە و بە یەک داوا. وەک بڵێی شوانێکی نادیار بە یارمەتی گۆچان و سەگەکانی،**

رانەمەڕەکەی پێش ئەوەی هەتاو داچێ و دونیا تاریک دابێ خڕدەکاتەوە و بەرەو ئاوایی وەپێش خۆیان دەنێ.

جاری وایە نیوەشەوان کاتێک لە دەرەوە دەنگی تەقە بەرزدەبێتەوە و ئاسمانی شار دەگرێتەخۆی، پوورم بە ئارامی دێتە ژوورەکەی باوەگەورە و جەستەی تاریک و لێڵی بەسەر مندا دادەنەوێنێ و، دەڵێ گوێت لێیە ئەمە ئەوانەن وا لە دووای ساڵان هێشتا حاڵ و هەوای شۆڕش بەرینەداون. دەڵێ ئەوان پێیان وایە بە دەنگی تفەنگ دەتوانن جێگای دەنگی خەڵکی پڕبکەنەوە. ئەوسا سەرە تاریکەکەی لەبەر خۆیەوە بادەدا و، دەڕواتەوە دەرەوە. من تا درەنگان، تەنانەت لە دووای کۆتایی هاتنی تەقەکانیش بیردەکەمەوە. نەکا بۆ منیش تەنیا بیرکردنەوە بە میرات مابێ! پاشماوەی شۆرشگێڕەکان تووڕەن و لەبەر ئەوەی لە لایەن حکومەتی نوێوە بێ بەشکراون ئامادەن هەتا دوواسنوورەکانی بەربەرەکانێ بڕۆن،... هەتا مردن. من لام وایە حەقی خۆشیانە. گەر هەموو پێکەوە کردیان، دەبێ هەر هەمووشیان پێکەوە لە دەستکەوتەکاندا هاوبەش بن. بەڵام وادیارە ئەوەی هێزی سەرەکییە زۆرترین بەش بۆ خۆی هەڵدەگرێ و بەرەبەرە هەوڵدەداهی ئەوانی تریش بخوات! وەک ئەو رەوە شێرە مێینانەی بە شوێن نێچیرێکەوەن و لە دووای راوکردنی کتوپڕ شێری نێری رەوەکە لە ناو بێشەیەکەوە پەیدا دەبێ و هەوڵدەدا ئەوانی تر لە کەلاکەکە دووربخاتەوە، دێنە بەرچاوم. نیشتمان ئەم گۆش تا ئەو گۆشی دەنگی نەڕە و مڕەی شێرەکانە.

جاری وایە بە خۆم دەڵێم ئەگەر منیش خەوم لێنەکەوتایە، داخۆ چیم بەسەردەهات؟... چارەنووسم چی دەبوو؟ دۆزینەوەی وەڵام دژوارە.

منێک کە بە تەنیا هەستم بە چۆڵیی ڕێگای قوتابخانەکە و ئارامیی خانە سازمانییەکان کردبوو، دەکرا هەمان ئەزموونی زۆرینە دووپات بکەمەوە، یان ئیستا یەکێک لە پیاوە تووڕە چەک بە دەستەکانی نیوەشەوان دەبووم؟

من دوواوێنەی پێش خەوی دە ساڵەکەم دێنمەوە پێش چاوەکانم. شا دەبینمەوە کە دەم بە بزە بە سەر ماشینێکی کەشخەوە دەست بۆ خەڵکی رادەوەشێنێ و بەردەوام لەم لاو لایشەوە چەپک چەپک گوڵی بۆ دەهاون. ماشینەکە(کان) بەسەر گووڵەکاندا دەڕۆن و پان و پلیشیان دەکەنەوە. کتوپڕ لە دووای سالانی ساڵ تێدەگەم شتێک لەم دیمەنەدا هەڵەیە. نا، گووڵەکان نین، بەڵکو،... بەڵکو بە گشتی خودی دیمەنەکەیە. ناکرێ کەسێک ئەوەندە ببینرێ و ئەوەندە هەست بە خۆشبەختی بکا و ئەو هەموو خەڵکی دیکەیش بە جۆرێکی تر بن. من لە جیاتی شا بوومایە لە ماڵی خۆم دەمامەوە و قەت بەم شێوازە لەگەڵ خەڵکی رووبەڕوو نەدەبوومەوە. ئیتر باسی کۆپتەرەکە ناکەم کە چ حەسرەتێکی تری لە ژێر سەقفی خانووە گڵینەکاندا لە دووای خۆی جێهێشت.

کاک بەختیار لە دەرەوە بە دیانە سپییەکانیەوە و بە جامانە تازە و جلە رێک و پێکەکەیەوە، بازاڕی گەرمە. ئەو هەم لێرە لە زیندانەکانی شار دەتوانێ خەڵکی رزگاربکا و، هەم لە دەرەوەیش لەو شوێنەی وا حکومەت دەستی ناگاتێ دەتوانێ بەدەم پیاوانی دەسەلاتەوە، کە یەخسیرکراون، بڕوات. هەڵبەت وەهایش نیە هەموو کارێکی لەدەست

بێت، وەک بۆ خۆی دەڵێ کاری خێر تەنیا فریای پیاوی خێرخواز دەکەوێ! خێرخوازەکانی ئەم بەراوبەریش کەم نین.
کاک بەختیار دەتوانێ بە یەک ئەندازە وەک بۆ خۆی دەڵێ بۆ شەهیدەکانی هەر دوو لا بگری و قوڕبپێوێ. ئەو لای وایە هەر ژیانێک بە زۆر سەندرا، دەچێتە خانەی شەهیدەوە. ئەوەی بە شێوەی سروشتی تەمەنی تەواونەبێ، شەهیدە و جا بگرە لە سەر بیروباوەڕێکیش بکوژێ کە تەنیا بەلای خۆیەوە راستە. من لام وایە کاک بەختیار لە خودی خودایش فراوانتر بیردەکاتەوە. ئەو بە یەک چاو لە عەبدەکان دەروانێ. رەش و سپی و رەنگەکانی تر هیچ جیاوازییەکیان لەنێواندا نیە،... لای ئەو. ژیان بەوانەوە ژیانە و ئەوەی یەکیان بستێنێ لە راستیدا بەتووش گوناح و هەڵەیەکی گەورە و نەبەخشراوەوە بووە.
خەڵکی دەڵێن شێتە. منیش پێم وایە کاک بەختیار شێتێکی قیت و قۆزە. راستی مەگەر بەگشتی ئێمە لە سەردەمێکی شێتانەدا ناژین؟ ئەو پەساپۆرتێکی تایبەتی لە گیرفاندایە. هەموو درگاکان بەڕوویدا کراوەن. ئەو لە یەک کاتدا هەم جوبرەئیلە و هەم ئیزرائیل. بۆ خۆت دەگەڕێتەوە کە دەتەوێ لە کوێوە لێی بڕوانی. بوونەوەرێک کە نموونەی یەکجار کەمە. هەر خۆی نموونەی خۆیەتی. لەگەڵ مەرگیشی هەموو شتێک کۆتایی پێ دێت. کاک بەختیار تەنیا لە کەلێن و قوژبنەکانی شەڕی نێوان شۆرشگێڕاندا دەژی، بەو مەرجەی بۆخۆی نە شۆڕشگێڕ بێت و نە دژە شۆڕشگێڕ. هەرچەند حکومەت لە دوواماندا بەختیار لە خۆیان دەزانن و ئەوانی تریش وەک بوونەوەرێک کە هەر حیسابی بوونیشی بۆ ناکەن. ئەو هەیە و نیە. وەک هەوا.

باوکم کە قێزی لە کاک بەختیار دەبێتەوە، دەڵێ زەمانی شا حەیوانفرۆش بووە. لە گوندەوە بەتایبەت مانگا و گای هێناوە بۆ قەسابەکانی شار. پێی دەفرۆشتن و ئەوانیش سەریان دەبڕین و کیلۆ کیلۆ بە خەڵکیان دەفرۆشتنەوە. بەم شێوەیە هەموویان خێرێکیان دەستدەکەوت و دەژیان. باوکم لای وایە ئیستایش بەختیار هەر هەمان کاری هەیە، بەڵام بە شێوازێکی تر. دەڵێ ئەو بەردەوام لەسەر قوربانییەکان یان قوربانیکراوەکان دەژی. دەڵێم باوکە گەر هەندێ کەس دەیانەوێ قوربانی بن جا بۆچی هەندێ کەسی تر نەیانەوێ لەسەریان بژین؟ دەڵێ:

- بۆنی خوێنی گرتووە، خوێن! مەگەر نازانی ئەو تەرمەکانی مەیدانی شەڕ کۆدەکاتەوە و سوار پشتی پیکابەکانیان دەکا و دەیانگوازێتەوە؟

من کە هێشتا بە هۆی زاڵنەبوون بەسەر ڕووداوەکاندا رقم لە خۆم دەبێتەوە، هەوڵدەدەم لە زەینمدا جێگایەک بۆ بەحەقبوونی باوکم بکەمەوە. دەزانم نابێ پەلە بکەم. تەنانەت دە ساڵ بزربوون دەتوانێ دەرفەتێکی باش بێت بۆ ئەوەی لە گۆشەنیگایەکی ترەوە ژیان و ڕووداوەکانی ببینرێنەوە.

شەوێک خەودەبینم. لە خەومدا ساڵەکان پرچی زێڕین و درێژی کچێکی نەشمیل و جوانن کە درێژدرێژ بە سەر شان و ملیدا شۆڕبوونەتەوە. ئەو پرچانەی دەکرێ هەم پەرێشان بن و هەم بکرێن بە پەلکەی جوان و رازاوە. ئەو قژانەی لەهەر حاڵەتێکیاندا سەرنجڕاکێش و دڵڕفێنن.

داخۆ روخساری پەری ئاسای خودی کچەکە نیە مانا بە قژەکان دەدا؟

***

بۆ من زۆر ئاسان نیە ببم بە لایەنێک لەم دونیایەدا. هەتا رۆژەکان زیاتر تێدەپەڕن زۆرتر بەو ئاکامە دەگەم کە کاری من زیاتر روانین و باسکردنی شتەکانە. ئەو دە ساڵەی بە حەق یان بە ناحەق وەک کونێکی قووڵ و بێ بن کەوتە ناو ژیان و تەمەنی منەوە، کارێکی کردووە کە من تەنیا خەریکی پڕکردنەوەی بم، هەڵبەت پڕکردنەوەیەکی ناهومێدانە کە قەت بە ئەنجام ناگا. لەبەر ئەوەی زەمەن کە دەگوزەرێ ئیتر گوزەراوەو لە جادەیەک ناچی جارێکی تر بتەوێ پیایا بچیتەوە. کاتێک لە دونیایەکەوە فڕێت دەدەنە دونیایەکی ترەوە، ئیتر کارت دەبێ بە لێوردبوونەوەو پشکنین. ئەوانەی وا کاتی خۆی لەگەڵ رووداوەکان دەرۆن، دەرفەتی ئەوەیان هەیە لە ساتەکانی دوواتردا بیری لێ بکەنەوە، بەڵام من وا نیم. چونکە رووداوەکانی جارانم نەبینیوە، لەگەڵ بینینی ئەوەی ئیستایش ناچارم بیر لەوانی پێشوویش بکەمەوە و لەبەر ئەمە من زەین و بیرم یەکجار قەرەباڵغە. جاری وایە سەرم دێشێ. من بوونەرەی نێوان رووداوەکان و بیرەکانم. هەمیشە چکێک لەم و چکێک لەو، یان چکێک لەو و چکێک لەم. بڵێی کتێبەکان ئەم کەلێنەم بۆ پڕبکەنەوە؟

عومەری کۆسە کە لە هاوڕێیەتی و پشتیوانی من بۆ بیروڕاکانی ناهومێد بووە، بەڵام وازناهێنێ و هەر جارەی کە بەتووشمەوە دەبێ، بە جێ و نابەجێ باسیان لێدەکاتەوە. ئەو ئەوەندە لە داهاتوو دڵنیایە کە من سەرم سوڕدەمێنێ. جاری وایشە بیردەکەمەوە رەنگە هی ئەوە بێت وەک من هیچ کونێک لە رابردوویدا نیە. جگە لەمە هەستدەکەم دەشگەڕێتەوە بۆ ئەو فۆرمولەکردنەی وا بۆ خۆی کردوویەتی، ئەویکە "رابردوو و

ئیستا بەردەوام هەڵەیە و، داهاتوو راست". ئەو لەوانە نیە کە ئەمانە تێکەڵ بکا. مەسەلەن لای وابێ رابردوو، ئیستا و داهاتوو هەم هەڵەن و هەم راست. یان ئەسڵەن بەگشتی واز لەم جۆرە قاڵبانە بێنێت و بە شێوازێکی تر بڕوانێتە دونیا. واتە قاڵبێک کە لە کەلیمەی هەڵە و راست بەدوور بێت و لە وشەی تر کەڵک وەربگرێ. شتێک کە نامومکینە لای ئەو.

رۆژێک کە بە رێکەوت بەتووشییەوە بووم و خەریکین لە شەقامی ناو بازاڕدا دادەگەڕێین (من دووچەرخەکەم بە دەستەوەیە)، باس لە شتێک دەکا بە ناوی 'سەرکوت'. دەڵێ:

ـ ئەم هەموو بنکە و بارەگا پڕ لە چەکدارە دەبینی،... ئەم هەموو پیاوە جاسووس و گرتن و ئەزیەت و ئازاردانە دەبینی؟... هەمووی ئەمانە لە راستیدا پێش ئەوەی نیشانەی هێز و دەسەڵات بن، نیشانەی لاوازین. ئەمە ئەوە دەگەیەنن ئەمانە ئەوەندەیان نەماوە و ژیان سەرئەنجام وەهای لێدێ ئێمە دەمانەوێ.

من کە لەم ماوەیەدا بە شەڕەکانی ناپلئۆنەوە سەرم قاڵە و زۆرم لێ خوێندوونەتەوە، دەڵێم:

ـ ئەمانە شەڕی ئەو دیو سنوورەکان ناکەن تا زوو کۆتایی پێ بێنن، یاخود بە هۆی شکستەوە داڕمێن. ئەمان بە ناوخۆوە خەریکن.

عومەری کۆسە لای وایە دۆخەکە دەشگاتە شەڕە دەرەکییەکان. ئەو لای وایە پێوەندێکی توند و تۆڵ لە نێوان ناوەوە و دەرەوەدا هەیە. ئەوسا من باسی شەڕەکانی ناپلیۆنی بۆ دەکەم، ئەوەی کە دەورووبەری بیست

ساڵی خایاند هەتا کەوت، تازە لە تەواوی ئەو بیست ساڵەیشدا لە شەڕی دەرەکیدا بوو. خۆ ئەمان لەوەیشدا نین.
عومەر دەچیتە بیرەوە. دەستێک بە ڕوومەتی لووسیدا دێنێ و دەڵێ مەرج نیە وڵاتان لەیەکتر بچن. من کە هەستدەکەم عومەر کەمتر لە مێژوو دەزانێ و هەروەها بە هۆی تەمەنییەوە رووداوی کەم بینیوە، بەو ئاکامە دەگەم پیاوی وەک ئەو دەبێ زیاتر لە هەر کەسێکی تر بە مێژووەوە سەرقاڵ بێت. لە خۆم خەنیم کە سەرەڕای ئەوەی بەشێکی بەرچاوی رابردووی خۆم لە بیر نیە کەچی باشتر لە زەمەن دەگەم. حەزدەکەم پێی بڵێم لەگەڵ من هاتوچۆی کتێبخانە بکات، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەکا ئەویش رۆژێک کتوپڕ دە ساڵ لە تەمەنی لێ ون بێت ناوێرم هیچ بڵێم. لەبەر دەم قاوەخانەیەکدا لە یەکتر جیادەبینەوە. من بەردەوام دەبم و ئەو خۆ بە چاخانەکەدا دەکا. شتێک لە دەروونمەوە پێم دەڵێ ئەویش رۆژێک لە رۆژان بە تووش کاک بەختیارەوە دەبێ. رەنگە کەسوکارەکەی بۆ ئەوەی رزگاری بکەن دەستەودامێنی بەختیار ببن. بەڵام دەنگێکی تر پێم دەڵێ ئیشی بەختیار لەوەیا نیە ئەوەندە ئاسان رزگاری ببێ، دەڵێ بگرە یەکجار لە دەرەوەی دەسەلاتی کەسانی وەک کاک بەختیارە. بەستەزمان عومەری کۆسە کە دەبێ زۆر شت ببینێ و زۆر شت ئەزمون بکا. گەر بەخت یاری نەبێ، ژیانێکی یەکجار زەحمەتی دەبێ. پوورم لای وایە گەنجی جاران زۆرتریان دەخوێندەوە و کەمتر یاخی بوون و کەچی جەوانی ئیستا کەمتر دەخوێننەوە و زیاتر یاخین. ئەو تامەزرۆی ئەو رۆژانەیە وا لە نێوان ئەم دووانەدا هاوسەنگییەک هەبێ. هەر چەند لەوە دەچێ رۆژانێ دێ کە خەڵکی نە دەخوێننەوە و نە

یاخیش دەبن. ئەو رۆژانەی وا تیایاندا زۆرینە تەسلیمی رەوتی ژیانی رۆژانە دەبن و دەگەنە ئەو ئاکامەی هیچ شتێک لەم دونیایەدا بایەخی تێکۆشان و ماندووبوونی نیە جگە خۆت. "کاکە گەر دەتەوێ خزمەتێکم بکەی، لاچۆ لەبەر هەتاوەکەدا با لێمبدا!" بەم ژیان دەبێ پەیکەری خۆی بگوازێتەوە بۆ ئەوەی خۆی ئەوەندە هەڵنەقورتێنێتە چارە نووسی ئەوانی تر.

من نازانم عومەر خەریکی چییە و، چ پێوەندێک لە نێوان ئەو و رووداوەکانی ئەم ساڵانەدا هەیە. هەر ئەوەندە دەزانم ئەو لەو دەگمەن کەسانەیە کە ناتوانێ ژیان بە بێ رووداوە گەورەکان وێنابکا. هەموو شتێک ئاماژەیە بە گۆڕانێکی گەورە،... لای ئەو. گۆڕانێک کە گوایا بەڵێنە مانای راستەقینەی شتەکان بگێڕێتەوە. من زۆر جار عومەرم لە دوورەوە بینیوە کە لە چاخانەکە دانیشتووە و رۆژنامەیەک بە دەستییەوە خەریکی خوێندنەوەیە. لەم کاتانەدا چەندە لە باوکم دەچی! تەنیا جیاوازییان لەگەڵ ئەو ساڵانە وا باوکم تیایا رۆژنامەی دەخوێندەوە ئەوەیە کە ئەم دەخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بڵێ ئەها هەموو شتێک هەڵەیە! باوکیشم بۆ ئەوەی بڵێ ئەها هەموو شتێک چەند راستە! سەیر ئەوەیە ناوی رۆژنامەکەیش هەر هەمانە. شۆڕش ناوەکەی نەگۆڕیوە.

شەوێک چەندین چەکدار کە لە ناو دوو ماشێندان خۆ بە ماڵی عومەری کۆسەدا دەکەن. عومەر لە ماڵەوە نیە. هەموو ماڵەکە دەپشکنن. گوایا هەندێ نووسینی نایاساییان دۆزیوەتەوە. دەپرسن عومەرە کۆسە لە کوێیە. دایکی دەگری و دەڵێ نازانێ،... نازانن. دەڵێن کەی دێتەوە.

دەڵێ کات و ساتی دیاریکراوی نیە. چەکدارەکان کە یەکجار تووڕەن و بە حسێبی خۆیان وەها هاتبوون کە بە دڵنیاییەوە لایان وابوو عومەر لەماڵەوەیە، لە پاش سرتە و چرپەیەکی کورتی نێوانیان، دەڕۆن. لە وەڵامی ئەوەی کە دوواجار کەی لە ماڵەوە بووە، پێیان دەڵێن لە بەیانییەوە کە دەرچووە نەهاتووەتەوە. بەڵام راستییەکەی ئەوە بوو عومەر ئەو ئێوارەیە بەرەو ماڵەوە بەڕێوەبووە. سیخوڕەکان ئاگایان لێبووە. کەچی کتوپڕ عومەر بە پێچەوانەی چاوەڕوانی و حیسابی سیخوڕەکان کە لایان وابووە بە دڵنیاییەوە چووەتەوە ماڵەوە بە رێکەوت ناڕواتەوە تەنیا لەبەر ئەوەی دێتەوە بیری کە وەعدی بە پووری دابوو ئەمڕۆ یارمەتی بدا. عومەر، تووڕە لە گێژەیەتی خۆی رێگا دەگۆڕێ و بەرەو ماڵی پووری رێک لە یەکێک لە کۆڵانەکانی نزیک خانووەکەی خۆیان، شۆڕدەبێتەوە. لەوێ تازە بۆ نانخواردنیش مابووەوە و بە دۆمینەوە هەتا درەنگان سەرقاڵ دەبێ.

عومەر بەڕاستی خەریکی چیت؟ دیمەنی رۆژنامەخوێندنەوەکەی کۆسە دووادیمەن بوو من لە زەینمدا لێی بۆ هەمیشە بەجێما. عومەر سەری خۆی هەڵگرت و رۆیشت.

دڵم تەنگ دەبێ. رۆیشتنەکان ئاسان نین. بەشێک لە رابردووی تۆ لە گەڵ خۆیشیان دەبەن، تەنانەت گەر دە ساڵ لەو رابردووەیشت لەبیر نەمابێ. پوورم لای وایە من پیاوێکی یەکجار خۆش شانسم. لەبەر ئەوەی کتێبەکان ناهێڵن رێگام بکەوێتە هەندێ شوێن کە ئەگەرچی وەک رێگا دینەبەرچاو، بەڵام لە راستیدا رێگا نین. چاوەکانی پێدەکەنن. وەک بڵێی دەیەوێ بڵێ سوپاس بۆ ئەوەی بەردەوام هەی. وەک چۆن منیش بە

**کتێبەکان دەڵێم ئەگەرچی راتاندەگوێزن و لێتان دەقرتێنن، بەڵام سوپاس بەردەوام هەن.**

**ئەوەندەی نەماوە ساڵی کۆن تەواوبێ و، ساڵێکی نوێ خۆی بهاوێتە ناو باوەشی ژیانەوە. من لە دووا رۆژەکانی مانگی رەشەمەدا بەردەوام خەریکی خوێندنەوەی ناپلیئۆنم. رێکەوتێکی سەیر دووارۆژەکانی ساڵ بە دووالاپەڕەکانی خوێندنەوەی ئەوەوە گرێدەدا. مرۆڤێک کە قەت لە مردن نەترسا و لە تەقینەوەی هیچ تۆپێک لە تەنیشتیدا نەسڵەمییەوە. ئەو تەنیا لە بیری دارشتن و جێبەجێکردنی پلانە سەربازییەکانیدا بوو.**

**نازانم عومەری کۆسە تا چەندە وەهایە.**

**نۆرۆزی ئەمساڵ سەرەڕای هەموو بەربەستەکان، نەورۆزێکی خۆشە. شار لە ناو ئاگر و چرەدووکەڵدا دەتلێتەوە. ئەمیش لە شەڕەکانی سەردەمی ناپلیئۆن دەکا. تەنیا ئەوەندەی هیچ شوێنێک نیە سوپا بیەوێ بۆی بجووڵێ و بچێ داگیری بکا. هەموو شتێک لە ناو خۆیدا تا ئەوپەڕی دەکشێ و دیسان سەر لە نوێ، شەو درەنگان وەک جارانی خۆی لێدێتەوە.**

**باوکم شەو دێتە تەنیشتم و لەبەر پەنجەرەکە لە کاتێکدا هەردووکمان خەریکی سەیرکردنی دەرەوەین، دەڵێ "تەنانەت ساڵان نەورۆزانیش ئەوەندە دونیا پیس هەڵنەدەگەڕا!"**

**لە دوورەوە ئەستێرەکان چاوشارکێیانە. بێ ئەژمار و بێ کۆتایی. خۆزگەم بە خۆیان لەو سەرەوە ئاگایان لە هەموو شتێکە. ئەوان ئیستا چاویان لە عومەرە کۆسەیشە.**

***

مامۆستا سینا کە لە قەدیمەوە مامۆستایە و دەرسی ئەدەبییات دەڵێتەوە و بە هۆی کەمی مامۆستا هێشتا جاروبار کاردەکا و بەردەوامە لە هاتوچۆی نێوان قوتابخانە و ماڵەوە، دەست بە سمێڵە زل و بابرِە سپییەکانیدا دێنێ و دەڵێ لە هەموو سەردەمێکدا شتێکی گەورە هەڵەیە، بەڵام لە بەعزێ سەردەمدا ئەم هەڵەیە یەکجار گەورەترە. ئەو لای وایە ئەم زەمەنەی وا ئێمەی تیا دەژین یەکێکە لەو دەگمەن سەردەمانە. دەشڵێ "هیچ شتێک یارمەتی نادا، دەبێ راوەستی تا بۆ خۆی بگوزەرێ، لەبەر ئەوەی کەس دەسەڵاتی نیە بەسەریا!" لەسەریەک لەسەریەکیش شیعر بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی دێنێتەوە "آسمان را ملامت نمی کنم، تقدیر من این است"، یان "با سیەدل چە سود گفتن وعظ، نرود میخ آهنی در سنگ". ئەو لە بەشی ئەدەبی فارسیدا لیسانسی هەیە.

مامۆستا سینا وەک خەڵکی نیە، هاتوچۆی شارانی زۆر کردووە و دونیادیدەیە. یەکێک لەو دەگمەن کەسانەیە وا پێش شۆرِش لە زانکۆی شارە گەورەکان خوێندوویەتی. فارسییەکی بێ لەهجە دەزانێ. هەروەها یەکێک لەو دەگمەن کەسانەیشە سەرەرِای خوێندەواریی بەرز، کە هەیەتی، خۆی تێکەڵی هیچ شتێک نەکردووە و جگە لە رێگای نێوان ماڵەوە و قوتابخانە، بۆ هیچ شوێنێکی تر لاینەداوە. لەبەر ئەمە نە کەسی وەک باوکم خۆشی دەوێ و، نە کەسی وەک عومەرە کۆسەیش. باوکم لای وایە کەسێکی سپڵەیە و لەگەڵ ئەوەی لە حکومەتی پێشوودا پێگەیشت کەچی رۆژێک لە رۆژان بە یەک تاقە قسەیش بێت دیفاعی لێنەکرد. باوکم دەڵێ ئەم جۆرە کەسانە تەنیا لە بیری دۆخی خۆیاندان و چونکە خوێندەواریشن زۆر بە جاکی دەتوانن پاساوی بۆ بێننەوە.

پاساو بۆ هەموو شتێکی ئەم دونیایە. لە هەموو شتێکیش باوکم رقی لە غەبغەبەکانی ژێر ملی مامۆستا سینایە کە کاتێک دەدوێ و دەنگی گڕ دەکا، ئەوەندەی تر شۆڕدەبنەوە. لای کەسی وەک عومەرە کۆسەیش خەڵکی وەک مامۆستا سینا لەگەڵ ئەوەی نابنە پیاوی هیچ حکومەتێک، بەڵام وەکوو ئەوە وایە پیاوی هەر هەموویان بن. عومەر دەڵێ گوێنەدان بە دۆخی باو بە مەعنای دیان پیانانیەتی و تەواو! بەڵام مەگەر مامۆستا وەک خەڵکی تر وەهایە کە گوێ بداتە ئەم جۆرە قسانە! نەوەڵلا! ئەو وەک هەمیشە دێ و دەڕوا و بگرە خەڵکی زۆر رێزیشی دەگرن. لەبەر ئەوەی کەسێکی بێوەیە و خۆی لە ژیانی کەس هەڵناقورتێنێ. دەڵێ لە خۆوە خوا ئەوەندە مەخلوقاتی خۆی جۆراوجۆر دروست نەکردووە، یەک رەشە و یەک سپی و یەک سوور، ئەویان بە عەرەبی دەدوێ ئەمیان بە رووسی و سێهەمیان بە عیبری، یەک موسوڵمانە و یەک مەسیحی و ئەوی تر جوولەکە،... جا دەبێ وەک خودای گەورە ژیان و دونیا وەک خۆی وەربگری و تەواو. "جنگ هفتاد و دو ملت همه را عذر بنه، چون ندیدند حقیقت ره افسانه زدند". لای ئەو هیچ کام لەم هەفتاودوو میللەتە راست ناکەن و بە ناوی حەقیقەتەوە کۆمەڵێک ئەفسانەیان سازکردووە و خۆیانی لەسەر بەکوشت دەدەن و بگرە ئەوانی تر دەکوژن. لای مامۆستا تەنیا حەقیقەتی ژیان ئەوەیە کە کەس ناتوانێ بگاتە حەقیقەت.

من زۆر جار بیرم لە مامۆستا سینا کردووەتەوە. ئەو دەیەوێ هەموو ساڵەکانی تەمەنی بژی و ئەوجار کە دەردێکی سروشتی بەری پێ گرت و گوتی ئیتر بەسە و دەبێ مل بدەی و بمری، بمرێ و بڕایەوە. ئەو

حەزناکا خۆی گوتەنی بە هۆی مرۆڤە گەمژە و لە خۆ رازییەکانەوە ژیانی کۆتایی پێ بێ. لای ئەو مرۆڤ لەوە نزمتر و بێدەسەلاتترە بیەوێ بەگژ چارەنووسی خۆیدا بچێتەوە. هەر کەسیش ئەمەی کرد، پێش لە هەر شتێک خۆی فەوتاندووە. پێی وایە ژیان خۆی لە خۆیدا قورسە و، کەچی مرۆڤی نەگبەتیش هەر لە خۆوە ئەوەندەی تر لە خۆی قورستری دەکا.

جاری وایە کە سەرم بە سەر کتێبەکانەوەیە و خەریکی خوێندنەوەم، هەستدەکەم جاری وایە خەریکە وەک ئەو بیردەکەمەوە. بۆ ئەوەیش وات لێ بێ، تەنیا ئەوەندە بەسە خۆت بهاویتە ناو بیرە جۆربەجۆرەکانەوە. ئاە، مرۆڤ چەند ئاسان دەتوانێ ئەو حەقیقەتەی وا باوەڕی پێیەتی لێی ون بێت. بۆ ئەوەی وام لێ نەیەت دەبێ جاری وایە لە کتێبەکان دووربکەومەوە و خۆم لە ژیانی رۆژانەدا جوان نوقم بکەم. دەبێ هەوڵبدەم خەیاڵم زۆر نەڕوا. رێک وەک باوکم کە چۆن خۆی بە قۆناغێکی تایبەت لە ژیانی بەستووەتەوە. پوورم کە بە چاوەکانم و بە نیگاکانم دەزانێ چە باسە، دەڵێ ئیستا خۆ دەزانی چەند دژوارە؟ لێی دەڕوانم. من و ئەو ئیستاکە چەند لەیەکتر دەچین. ئەو هاوسەرێکی ژیانی بۆ نەدۆزرایەوە و، منیش حەقیقەت. پێی دەڵێم نا ناهێڵم وەک ئەوم لێ بێت، دەڵێم نامەوێ ببمە مامۆستا سینایەکی تر.

شەوانە جاری وایە پەردەکان دانادەمەوە بۆ ئەوەی تیشکی گڵۆپەکانی مەقەڕەکە لە پەنجەرەکەوە بگوزرێ و بێتە ژوورەوە. بۆ ئەوەی لە بیرم بێت لە دەرەوە حەقیقەتێکی تریش هەیە کە هەوڵدەدا گەورەترین حەقیقەتی دونیا بێت و ئەمە دەتوانێ هانی من بدات کە منیش لە لای

خۆمەوە حەقیقەتێکی وەها بخوڵقێنم. بەڵام حەزناکەم وەک عومەر ئێرە جێ بێڵم.

مامۆستا سینا وەک ئاغای ئەسەدی خاوەن ترۆمبیلێکی سوارییە، بەڵام هی ئەم کۆنە و لە چەند شوێنەوە بریندارە و قوپاوە. ژەنگیشی هەڵهێناوە. مامۆستا دەست و دڵ کراوەیە و لە کاتی تەعمیری ماشینەکەی یاخود هەر شتێکی تر هەمیشە شاگردانەیش دەبەخشێ. لەبەر ئەمە هەر چی شاگردی شارە، ئەوانەی وا ئەم روویان تێدەکا، بە دڵ خۆشیان دەوێ. مامۆستا سینا لە کاتێکدا بە روویاندا پێدەکەنێ و لێوانە ئاوەکەی وا بەپەلە بۆیان هێناوە، وەردەگرێ و دەیخواتەوە، دەستدەبا بۆ گیرفانی و شتێکیش دەخنێتە ناو دەستیانەوە. شاگردەکان بە روخساری پیس و چەور و دەستە رەشەکانیانەوە هەتا دەتوانن لێویان بۆ بزەیەکی کشاوە دەکەنەوە و، دەڕۆن. هەرچەند هەتا ئەو لەوێیە، چاوێکیان لەسەرە نەکا پێویستی بە شت یاخود یارمەتییەکی تر هەبێ.

هەندێ شوێن و هەندێ کەس هەیە وەک بڵێی هەر نەبن،... ئەو قەد قسەیان لەسەر ناکا. بۆ وێنە مەقەرەکان و کاک بەختیار. وەک بڵێی قەتیش نایانبینی. کە بەلایاندا تێدەپەڕێ، نیگای لەسەر زەویی و رێگای بەردەمیەتی و تەسبێحەکەی دەستیشی زیاتر لە هەر کاتێکی تر دەسوڕێنێ. بەڵام کاک بەختیار هەمیشە بە دەنگی بەرز سڵاوی لێدەکا و بە بزەیەکی هەتا بڵێی ئاشکراوە لێی دەڕوانێ. مامۆستایش وەک بڵێی بە بێ ئەوەی لە بەختیار بڕوانێ، هەر بە دەنگەکەی دەیناسێتەوە و بە

بێ سەر بەرزکردنەوە بە بەکارهێنانی وشەی 'کورم' وەڵامی دەداتەوە. وەک هەمیشە تێدەپەڕێ.

مامۆستا وەک ئاغای ئەسەدی جاری وایە ژنەکەی سوار ترۆمبیلەکەی دەکا و دەچن بۆ گەڕان. سوڕێکی ناو شار دەداتەوە و جاری وایشە روو لە یەکێک لە باخەکانی دەورووبەری شار دەکا. جاری وایشە منداڵەکانی یەکێک لە کچەکانی پێیە (مامۆستا سینا خاوەن سێ کچە).

لای من مامۆستا زۆر لە خانە سازمانییەکانی جاران دەکا. شتێکە وەک یەکێک لە بیناکانی، یان وەک حاڵ و هەوای گشتیی ناو جادەکانی. رقم لە خۆم دەبێتەوە کە بۆچی ئەو ساڵانە من خاوەن پاسکیل نەبووم کە بتوانم بە ناویا سوڕێک بدەم. ئەو ساڵانە لە مێژە تێپەڕیون. من کە بە پێچەوانەی زۆر کەس هیچ حەسرەتێکم بۆیان نیە و تەنیا بە گوێرەی بیرەوەری دەچمەوە سەریان، حەزم دەکرد قوتابیی مامۆستایش بوومایە. لای من ژیانی راستەقینە تاقیکردنەوەی هەموو ئەو شتانەیە وا لات بە جۆرێک لە جۆرەکان گرینگن.

ماوەیەکە لە شارە مزگەوتەکان زیادیان کردووە، هەر هەمووشیان، بەوانەی جارانەوە ئیستاکە خاوەن بڵیندگۆی باشن. کە بانگ دەدەن هەر هەموویان پێکەوە دەست پێدەکەن، جا بە کەمێک پاش و پێش کەوتن. وەک بڵێی لە داخی یەک ڤوڵۆمی بڵیندگۆکانیشیان تا ئەو پەڕی خۆی زیادکردبێ! تەنیا یەکیان دووادەکەوێ، ئەویش وەک بڵێی لەبەر ئەوەی بانگدەرەکە دەنگی یەکجار خۆشە و، حەزناکا دەنگی لەناو دەنگی نەتاشراو و ناخۆشی ئەوانی تردا ون بێت! مامۆستا سینا کە وەک هەمیشە دەستنوێژ دەگرێ، بەرماڵە رەش و سپییە نەخشراوەکەی

رادەخا و تەقیلە سادە سپییەکەی کە ژنەکەی بۆی دوریوە لەسەردەکا، لەبەر خۆیەوە سەرێک بادەدا و هەوڵدەدا بە بەرزکردنەوەی دەنگی وەها خۆی لە نوێژەکەیدا نوقم بکا کە ئەم گەڕەلاوژە بێ سەرەوبەرەیە لە بیر خۆی بباتەوە. گەر ئاوا بڕواتە پێش، دەبێ لە بیری ئەوەدا بێت بۆ گەڕەکێکی تر راگوازێ؛ گەڕەکێکی ئارامتر کە بەیانیان زوو بوێری پەنجەرەکانت کراوە بن. مامۆستا جەژناوجەژن نەبێت قەت رووناکاتە مزگەوت. دەڵێ موسوڵمانەتی پێش مزگەوت لەدایک بووە.

هەمیشەیش لەکاتی ناشتنی مردووەکانی شاردا، بە مەرجێک بیانناسێ، لە سەر قەبران ئامادەیە. لە گۆشەیەک، گەر دەست بدات لە ژێر درەختێکی دربەڕوو، رادەوەستێ و بەدڵ لە بەر خۆیەوە دۆعا بۆ رۆحی مردووەکە دەخوێنێ و هەر بەو بێدەنگی و ئارامیەیش سوار ماشینەکەی دەبێتەوە و دەڕواتەوە.

هەستدەکەم جاری وایە خوام بینیوە کە دەست بە سەر شانیدا دەکێشێ و دەڵێ "خوا جەزای بەخێرت بداتەوە!"

شەوێک خەوێکی زۆر ناخۆش دەبینم. لە خەوما قالۆنچە زلە سوورە ناشیرینەکان بە شاخە درێژەکانیانەوە هەموو دونیایان داگیرکردووە. بەهەرچی لە بەر دەستمدایە دەستدەکەم بە کوشتنیان،... بەڵام بێسوودە. لە شوێنێکی نادیارەوە دێن و دێنەوە. وەک بڵێی تۆپاوەکانیشیان دیسان دەژیەنێەوە. جەستەم سەر شەلاڵی ئارەق کەوتووە. دایکم لە سووچێکەوە ناهومێدانە لێم دەڕوانێ. من شێتانە دەست پێدەکەمەوە. تۆزی ئەو پەتووەی رایدەوەشێنم دونیا لە خۆیدا نوقم دەکا.

**نەکا ژیان کوشتنی شێتانە و بێسوودی قالۆنچەکان بێت!**

**رۆژێک کە لە کتێبخانە خەریکی خوێندنەوەی مێژووم، لە لاپەڕەیەکدا چاوم بە بورجی ئیفل دەکەوێ. بینایەکی یەکجار بەرز لە ئاسن و لە پۆڵا. نزیکەی سەد ساڵە هەیە. لە تەنیشت رووبارێکی جوان بەناوی سێن. زیاتری لێ ورددەبمەوە. هیتلەر کاتێک فەڕەنسە دەگرێ، سەردانی ئەم بورجەی کردبوو. بیری ئەوەی دەکرێ لە شارێک لە دایک بیت و هەموو تەمەنت هەتا پیری ئاگات لە تاوەرێک بێت کە قەت پیر نابێ، چەند ترسناکە. رەنگە هەموو بەیانییەک کاتێ لە خەو هەڵدەستی و پەردەکە لادەدەیت و بورجەکە دەبینی، لات وایە هێشتا ئەو ساڵانەیە،... ساڵانی سەردەمی منداڵی و گەنجیەتی!**

**نا، من قەت نامەوێ لە شارێکی وەهادا بژیم. لایشم وایە مامۆستا سینایش هەروەها!**

***

**'بەرادەر شەب ئاویز' بە سوار تانگەوە لەگەڵ لەشکرێکی گەورە و پۆشت و پەرداخ، چەندین ساڵ لەوە پێش هاتە ناو شارەوە و، لە دووای ئەوەی زیاتر لە پەنجا کەسی، کە لە ناو شاردا مابوونەوە و زۆرتر خەڵکی بەتەمەن و بەرپرسی ئیدارە حکومییەکان بوون، گرت و رەوانەی زیندانی ناو گەورەترین سەربازخانەی شاری کردن، وەک بەرپرسی ئاسایش و هێزە چەکدارە تایبەتەکان بۆ خۆیشی بنکەیەکی لە فەرمانداریی کۆن کردەوە و بۆ ئارامکردنەوەی دۆخ دەستی کرد بە جێ بە جێکردنی پلانەکانی. لە راستیدا بە گوێرەی پلانەکە، کە لە راستیدا لە سەرەوەتر داڕێژراوبوو، بەرادەر بە گوێرەی ئەو ئازادییەیش دابوویانە،**

بڵێن بوو لە ڕێگای زەبروزەنگی بێ سنوورەوە هەتا دەتوانێ زۆر خێراتر دۆخەکە ئارام بکاتەوە و ئەوەی وا ناویان لێنابوو دژەشۆڕش، لەناویان ببات و نیشتمان وەها هێوربکاتەوە کە وەک بڵێی قەت هیچ زیندەوەرێکی تر جگە لە خۆیانی تیانەبووە.

بەرادەر شەب ئاویز، کە ئەم ناوەی لە باوکییەوە بۆ مابووەوە، کلاشینکۆفێکی دوو دەراغی لە شاندەکرد، دەمانچەیەکی کۆڵتی دەبەست و بە ریش و قژە ڕەش و فڕەکەیەوە بە ماتۆڕ یان بە تۆیۆتای ژاپۆنی هەمیشە لە شەقامەکانی  شار جرت و فرتی بوو. پێداگرییەکی عەجیبی لەسەر ئەوە هەبوو کە ترس چییە لە وجودیدا نیە و بۆیە هەرچی هاوڕێکانی پێیان دەگوت کە باش نیە شەوانە بچێتەدەرەوە و ئەم لاولا بکا، بەڵام بێسوود بوو. هەڵبەت شانسیشی هەبوو. گەلێک جار لە کەمین و پلانی کوشتن دەربازببوو و بۆیە وەک دەڵێن سیوای ببووەوە و دەیانگوت باوەڕێکیشی تیا پێک هاتبوو لەسەر ئەوەی خودای گەورە چاوەدێری دەکا و بۆیە قەت هیچی لێ نایەت. دیارە دوو جاریش بریندارببوو، بەڵام برینەکان ئەوەندە کاری نەبوون، بیکوژن و بۆیە هەر جارەی هەڵدەستایەوە و لە بیمارستان بەرەڵایان دەکرد ئەوەندەی تر شێت و هار و بێ پەروا باڵی فش دەکردەوە و وەیلانی ناو شار دەبووەوە. تەنانەت وای لێهات بە سواری ماتۆڕ رووی دەکردە دەشت و دەر و دەچووە سەر بەرزایی و شوێنە خەتەرەکان و لەوێوە دووربینی هەڵدەخست. لەو سەریشەوە ئەوانی تر، واتە ئەو پیاوە توڕانەی وا شەوانە خۆیان بە شاردا دەکرد، کون بە کون بە شوێنییەوە بوون و دەیانویست هەرچۆنێک بێت یان بیگرن یان بیکوژن. لەبەر ئەوەی

بەرادەر شەب ئاویز گەلێک خەڵکی گرتبوو، لێیانی کوشتبوو و هەروەها بەم جۆرە کارانەی لە ناو و ناوبانگی ئەوانیشی دەدا. ئاخر چۆن دەکرا پیاوێکی وەها کە لەو سەری دونیاوە هاتبوو، بەم چەشنە یاخی بێت و حیساب بۆ کەس نەکات!

بەڵام شەب ئاویز قەت پێوە نەبوو. بگرە ئەوەندە لە شارەکە مایەوە کە ژنیشی لە خەڵکی خواست و تەواو پێی داچەقاند. تەنانەت وای لێهات گەورەو بچووکی شار و بەشێکی دێهاتەکانی دەورووبەریشی دەناسی و بە تووش هەر کەسێکەوە بایە لە خیابان، دەیتوانی بە ناوی خۆی چاکوچۆنی بکا. هەر چەند نەیدەکرد و هەمیشە وای دەنواند کە گوایا نایانبینێ.

بەرادەر شەب ئاویز، سەرئەنجام ساڵانی ساڵ دوواتر، لە زێدی خۆی کە شارێکی گەرم لە باشووری نیشتمان بوو، بە نەخۆشی شێرپەنجەی سییەکانی مرد و هیچ کام لە منداڵەکانی کە دوو رەگە بوون بە دەورییەوە نەبوون.

من کاتێک لە خەوی دە ساڵە خەبەرم بووەوە و شەب ئاویزم ناسی، ساڵانێک بوو لە مانەوەی لە شارەکەمان تێدەپەڕی. ئەو رۆژەی منیان لە بەردەم کتێبخانەکە گرت، ئەو لەو بنکەیە نەبوو وا منیان تیا هێشتەوە. لە دووای ماوەیەکی باش، لەگەڵ ئەوەی من هاتووچۆی دەرەوەم زۆر بوو، کەچی قەت تووشی نەببووم و تەنیا ناووناوبانگیم بیستبوو. رۆژێک کە پاسیکەلەکەم بەدەستەوە بوو و بەرەو ماڵەوە دەرۆیشتمەوە، کتوپڕ بە تووشییەوە بووم کە بە ماتۆڕە یاماها سەدو بیست و پێنجە فەرمان بڵیندەکەی بە بەردەممدا تیپەڕی. چەند میتر

خوارتر تورمیزێکی قایمی گرت، وەها تەگەری دوواوە لە سەر ئیسفاڵتەکە خشکاو خەتێکی رەشی لە دووای خۆی جێهێشت. منیش وەک هەموو ئەو خەڵکەی تر وا لەو دەورو بەرەدا بوون، لام کردەوە بۆ ئەوەی بزانم چی قەوماوە. بەرادەر شەب ئاویز بە سەر و بە قامکی ئاماژە ئیشارەتی دا لێی نزیک بکەومەوە. من کە سەرەتا لام وابوو لەگەڵ کەسێکی تریەتی (بەهۆی چاوە قووڵەکانییەوە کە وەک دوو کوونی تاریکیان دەکرد و نەیاندەهێشت بە ئاسانی نیگاکانی ببینی)، پاشی ئەوەی زانیم نەخێر رێک لەگەڵ منیەتی، بە ئارامی لە کاتێکدا پاسکیلەکەم هەروا بە دەستەوە بوو، چووم بۆ لای. بە لەهجەیەکی سەیرو سەمەرە و لەهەمان کاتدا سەرنجڕاکێش لێی پرسیم:

ـ ئێسمێت چییە؟

کەس نەیدەوێرا راوەستێ. راستی ناوم چیبووا؟ من کە لە کاتی لەدایکبوونەکەم باوکم لە ئەشقی پاشا ناوی نابووم محەممەد رەزا و باوەگەورە پێی تەنیا لەسەر محەممەد داگرتبوو و لە دووای فێربوونم بە کتێبخانە خەڵکی ناویان لێنابووم حەمەی جادە چۆڵەکە و لە دووای بەخەبەربوونەوەکەم پێیان دەگوتم "ئەوەی بە قسەی خوای نەکرد"، تیایا مابوومەوە چی جواب بدەمەوە کە دیسان پرسییەوە (دیارە ئەمجارە بە دەنگی بەرز و قایم و ترسناک):

ـ ئێسمێت چییە؟

شتێک لە دەروونەوە پێی دەگوتم "نەڵێی محەممەد رەزا، بەخوا کەوڵت دەکا... حەمەی جادە چۆڵەکەیش لام وایە وەک گاڵتەپێکردن لێکی دەداتەوە و باش نیە، هەروەها "ئەوەی بە قسەی خوای نەکرد"یش هەر

زۆر خەتەرە و یەکسەر لەسەرت وەک تاوانێکی حکومی و ئیلاهی دەنووسرێ"... بۆیە بیری باوەگەورە کەوتمەوە و گوتم:

ـ محەممەد قوربان!

ـ پێسەری کیت!؟

دەبێ بڵێم ئەو رۆژە، رۆژێکی یەکجار مەزن لە ژیانی مندایە. رێک ئەو رۆژە بوو من ئەشقی گێرانەوەی چیرۆک گرتمی و کتوپڕ زمانم پشکوت و لەو بێدەنگی و کەمدوویی و خۆبواردنەی جاران کەوتم و حەزی گێڕانەوەی بەرسەهات و داستان تەواوی جەستە و رۆحی گرتمە خۆ. گەر هەڵە نەکەم رێک لەو رۆژەوە دەستم پێکرد وا پوورم دەستی گرتم و بە ناو جادە بەناوبانگەکە بەرەو کتێبخانەکە رۆیشتین، ساڵانی ساڵ لەوە پێش دەڵێم، باسی خانە سازمانییەکانم کرد و ئەو کچانەی بە قژی رووت و شەڵوارەوە سواری پاسکیل دەبوون و قنیان لەدوواوە دەردەپەڕێ و کوڕەکانیش شەوانە لە سەر چیمەنی بلوارەکەی تەنیشتی خانە سازمانییەکان دەستپەڕیان دەکرد (دیارە دڵنیا بووم کە بەرادەر شەب ئاویز لە کەلیمەی دەستپەڕ تێدەگا و موشکیلەی نیە)، باسی چۆلەکەکانی ناو درەختەکانم کرد، باسی باوکم کە ئەوەندە لە خەیاڵی رابردوودایە کە دەڵێی زەمەن لای ئەو لە پێشەوەیە بەرەو پاش! باسی عەبە بێقۆلی ئامۆزام بۆ کرد کە جاری وابوو هەستمدەکرد لەلای کۆتەکەی گەورەترین شوێنی دونیا بوو، باسی ئەشقەکەی مامەجوێنفرۆش کە سوێی بۆ سەلمێ ببووەوە و نیوەشەوان کاتێک ماڵ و منداڵی دەخەوتن دەچووە حەوشە و وەک منداڵ بەو سک و قنە زلەیەوە دەگریا،... باسی خەوتنی دەساڵەی خۆمم بۆ کرد، ئەو دە

**ساڵەی منی فێرکرد مێژوو تەنیا دەستکردی مرۆڤەکانە و لە راستیدا بوونی نیە و ئەوە هەیە چیرۆکە و بە هەڵە ناویان لێناوە مێژوو،... لەم قسانەدا بوو کە کتوپڕ شەپەڵاخەیەکی وەهای لێدام کە بەسەر دووچەرخەکەمدا کەوتم و هەردووکمان پێکەوە بەربووینە ناو بنجۆکەوە، ئەو بنجۆیەی وا مینەی بنجۆگەڕ ئاشقی بوو و هەموو ژیانی بە تەماشای ئەوانەوە تێپەڕکردبوو. لەو پەڕی ژان و ئازاردا بوو کە چاوم بە مستیلەیەکی نوقرە کەوت کە لە بنی گەڵایەکی تەڕ کەوتبوو و لە گەڵ دونیا چاوشارکێی دەکرد.**

**نازانم چۆن گوازرامەوە. ئەوەندە دەزانم کە چاوم هەڵێنا خۆم لە ناو چواردیوارییەکی تەسک و ترسناک و تاریکدا بینییەوە کە بۆنی میز و چڵک و شێی دەدا. کە چاوەکانم عادەتیان بە تاریکی گرت، زانیم لە کوێم. لەبەر خۆمەوە گوتم "وادیارە هەندێ شوێن بە شوێنتا رائەکەن".**

**ئەمجارە کاک بەختیاریش نەیتوانی فریام کەوێ. بەرادەر شەب ئاویز دەیگوت کەس ناتوانێ دە ساڵ بخەوێ و خەبەری بێتەوە و ئەوجا بە کەیفی خۆی بە شەقامدا بسوڕێتەوە و وەک بڵێی هەر هیچ رووینەدابێ. شەب ئاویز لای وابوو هەموو چیرۆکی من درۆیەکی گەورەیە و هەڵبەستراوە و هەر لە بنەماڵەی منەوە بگرە هەتا هەموو خەڵکی شاری درۆدەکەن. جگە لەوە دەیگوت چۆن چۆنی بۆخۆی کە ئەم هەموو ساڵە لەم شارە ماوەتەوە، بەمەی نەزانیوە! دەینەڕاند و بە کاک بەختیاری دەگوت لاتان وایە گەمژەم... پێتان وایە نازانم خوا بۆ دە ساڵ مرۆڤ نامرێنێ!؟ ئەوسا بە هەڕەشە و گوڕەشە و نەڕەنەڕ بەختیاری دەرکردبوو و پەروەندەکەی منی بۆ ناوەند بەرزکردبووەوە. بەڵام پێش ئەوەی ئەم**

کارە بکات، هەوڵیدا راستی لە زمانی من بکێشێتە دەرەوە. بۆ ئەم مەبەستە چەند نینۆکی دەرکێشام، بە قەمچی چەند جار ناوەناوە و هەر جارە تا پەنجا زەربەی لێدام، لەگەڵ ئەوەیش دوو جار ئیعدامی درۆینەی کردم.

کاتێ گیرابووم، دەڵێن عومەری کۆسە لە رادیۆوە رۆژ تا ئێوارە باسی منی دەکرد و وەکوو نموونەیەکی بەرچاو و دەگمەنی جینایەت باسی لێکردبوو،... دەیگوت "حکومەتێک رەحم بە پیاوە نووستووە بێ ئاگاکان نەکا ئیتر بە کێی دەکا!" بەرادەر شەب ئاویزیش لەو کاتانەدا وا نینۆکەکانی هەڵدەکێشام دەیگوت "بیهوودە نیە عومەرە کووسە بۆت تەبلیغ ئەکا، ئەبی چیزێک ببی!" من کە لە ژانی قامکەکانم، برینەکانی جەستەم و پاشماوەی ترسی شەوەکانی ئیعدام تاکە تاکە لە وشەکانی دەگەیشتم و دەبا دوواتر بۆ ئەوەی بزانم چیی گوتووە سەرلەنوێ بیری خۆمیان بێنمەوە و سەر یەکیان بخەمەوە، بە گوێی بەرادەردا دەمچرپاند کە رەنگە من لە خێڵی ئەسحابی کەهەف بم شتێک کە نە خۆم و نە خەڵکی هێشتا بەمەیان نەزانیبێ. شەب ئاویز ئیتر لەم کاتانەدا دەگەییە ئەوپەڕی تووڕەییەکانی و دەیگوت "خەفە شەو ئیکبیریە کافەر خوا نەشناس، وا ئەزانی بەم حەرفانە لیرە دەرباز ئەبی..."

ژان وەک بڵێی تەنیا منی لەم دونیایەدا دۆزیبێتەوە و لە راستیدا لە مێژە بەتووش کەسی ترەوە نەبووبێ، لە خۆشیا وەها بە بەژن و باڵامدا هەڵدەزنا و وەها بە مەملەکەتی جەستەمدا دەگەڕا کە من نەمدەتوانی بە هیچ کلۆجێک خۆمی لێ جیابکەمەوە. هەموو شتێک تا ئەوپەڕی من بووم و ئەو،... ئەو بوو و من. بە ناو یەکتردا بە هەزاران

جار تێدەپەڕین، لەگەڵ یەک ئاوێتە دەبووینەوە و وەک خۆڵ و ئارد هەتا ئەو پەڕی دنکەکانمان بە ناو یەکتردا پرش و بڵاو دەبووینەوە. دیسان و دیسان،... بێ ئەژمار. بەڵام بە پێچەوانەی بەڵێنی بەرادەر شەب ئاویز من رزگارم بوو و لە زیندان نەمردم. ئیستایش نازانم چۆن چۆنی. دڵنیام کاری کاک بەختیار نەبووە. ساڵانی دوواتر بوو بیستم پوورم رزگاری کردبووم. زانیم لەگەڵ ژنی بەرادەر، کۆنە دەستەخۆشک بوونە و رووی تێکردبوو و لە دووای گریان و پاڕانەوەیەکی زۆر سەرئەنجام ژنەکەی رازی ببوو لە مێردەکەی بپاڕێتەوە. گوتبووی زەحمەتە، بەڵام لەبەر تۆ دەیکەم. وەک دەڵێن بەرادەر زۆر حەزی بە ناو جێگایە و ژنەکەی یەک هەفتە لەگەڵی نەنوستبوو هەتا رازی کردبوو. ئەو رۆژە منیان تیا ئازادکرد لە بیرمە بەرادەر شەب ئاویز بەردەوام دەستی بە گونیا دێنا، وەک بڵێی لە دووای هەفتەیەک حەسانەوە، کاری زۆر لێ کێشابێتەوە و ئازاری بێ جێی دابێ. ناو چاوی هەتا بڵێی تاڵ بوو. هەڵبەت بە من چی. گرینگ ئەوە بوو من بۆ دووهەم جار کە لە خۆوە گیرابووم دیسان لەخۆوە ئازادکرامەوە و توانیم ئەوەندە درێژە بە ژیان بدەم هەتا ئەم چیرۆکە بۆ ئێوە بگێڕمەوە. هەرچەند لام وایە لە نێوان قەمچی و دەرهێنانی نینۆک و ئیعدامی درۆینە، ئەمەی سێهەم لە هەر هەموویان ناخۆشترە. لەبەر ئەوەی دڵنیای گەر بەڕاستیان بێت ئەوا ئیتر قەت ژیان و دونیا نابینیتەوە. ترسی ئیعدام ترس لە مردن نیە، بەڵکو ترس لە لە دەستدانی ژیانە. بێگومان ئەوانەی ئەزموونیان کردبێ تێدەگەن مەبەستم چییە.

***

هەندێ شت بۆ هەمیشە وەک راز دەمێنێتەوە، سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەی دەیدەین بۆ ئەوەی لێیان تێبگەین. راستییەکەی ئەوە بوو من تەنیا بە هۆی پاڕانەوەکانی پوورم لای ژنەکەی بەرادەر شەب ئاویز ئازاد نەکرابووم، بەڵکو خودی بەرادەریش لە دووای هەڵکێشانی هەموو نینۆکەکانم و بەکاربردنی شێتانەی قەمچی و ئیعدامی درۆینە، بەو ئەنجامە گەیشتبوو کە نا درۆ نیە،... هەروەها شەوێکی درەنگان کاتێک دەچێتە ناو جێگاکەیەوە بۆ ئەوەی بخەوێ، خەیاڵ دەیباتەوە و لەبەر خۆیەوە بە خۆی دەڵێ "بەعزی چیزها هەمیشە مێسلە راز باقی میمونەن!"

شەب ئاویز راستدەکا گەر نینۆک کێشان و قەمچی و ئیعدام نەتوانن رازێک ئاشکرا بکەن، مانای ئەوەیە ئەو شتە یان هەر نەبووە، یان تەنیا بە شکڵی راز دەتوانێ لەم دونیا گەورەیەدا هەبێ؛ رێک وەک خودی خودا و چیرۆکی جنۆکەکان و حەقایەتەکانیش.

بەڵام ئەو ماوەیەی زیندان منیشی جووڵاند و، ئەمجارە بەڕاستی دانیشتم و بیرم لێکردەوە کە چۆن چۆنی پیاو دەتوانێ دە ساڵ بخەوێ بە بێ ئەوەی بخوا و بخواتەوە و جگە لەمە سەردانی ئاودەستیش بکات! سەرێکم لەبەر خۆمەوە بادا. دەچم و لە پوورم کە لە هەموو کەس پێی نزیکترم، دەپرسم کە داخۆ چ چیرۆکێک لەپشت ئەمەوە هەیە. پوورم بە چاوە وردەکانی لێم ورددەبێتەوە و دەڵێ وامزانی بە کتێب خوێندنەوە زیرەکتر دەبی و، زیاتر لە دونیا دەگەی! من بە خۆمدا دەشکێمەوە و هیچ ناڵێم:

ـ مەعلومە چۆن توانیتوتە دە ساڵ لە خەوا بژی،... هەموو ئەو ساڵانە شیری وشکمان بۆ دایکت ئەکڕی، بۆمان ئەگرتەوە، ئەویش ئەیخوارد و ئەوجا مەمکی ئەدایتێ،... جاری وابوو دایکت ئەوەننەی شیری وشک ئەخواردەوە کە دڵی بەیەکا ئەهات، لەم کاتانەیا ئەچووین و مانگایەکمان بۆ ئەهێنا تا دایکت لە شیری گوانەکانی بخوا و بەم شێوەیە بەردەوام بێ لە شیردانی تۆ،... بۆ ئاودەستیش کە ئاسان بوو، کاسەیەکمان ژێرئەدای، یان دڵق و پەڕۆمان رائەخست و خاوێنمان ئەکردنەوە!

چ بۆگەنستانێک بووە!

ئیستا دەزانم بۆچی جارەجارە ئەوەندە بۆنی دایکم دەدەم. دایکیشم بەستەزمان بۆنی شیری وشک و مانگای گرتبوو. هەتا ژیا، ئەم بۆنەی لێوە دەهات. باوکم کە قێزی دەکرد بچێتە لای دایکم، هاواری کردبوو کە "ئەمە چ وەزعێکە، دەی منداڵێکی تر دروست ئەکەین!" پوورم گوتبووی "گووبخۆا باشترە!" دایکم دەگریا و نەیدەزانی خەمی من بخوا، یان مێردە نەگبەتەکەی.

ئەو رۆژە لە دووای ئەوەی شەب ئاویز منی گرتبوو و لەگەڵ خۆی بردبوو، کەسێکی خێرخواز دووچەرخەکە لە ناو بنجۆکە هەڵدەگرێتەوە و دەیباتەوە بۆ ماڵەوە (بەبۆنەی پاسکیلەکەوە، مستیلە زیوەکەیشی بینیبووەوە و بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە بە دزییەوە خستبوویە گیرفانییەوە). دووچەرخەکە، گڵگیرەکەی و چەرخی دوواوەی خوار ببوو، فەرمانەکەی گەڕابوو و چەند تەلیشی شکابوو، هەروەها لە چەند شوێنیشەوە بریندارببوو. دایکم چەند رۆژ بەسەریدا گریابوو و گوتبووی

هەمووی خەتای ئەم پاسکیلەیە، ئەگەر ئەمە نەبێت کوڕی من ئەوەندە ناچێتە دەرەوە!

باوکم کاتێک گوێی لەم قسانەی دایکم دەبێت، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە کڕینی ئەم پاسکیلە هەر لە سەرەتاوە هەڵەیەکی گەورە بووە. دێتەوە بیری بە شوێن کڕینی دووچەرخەکە، شۆڕش دەکرێ و پاشا دەربەدەری وڵاتان دەبێ، ئیتر لە بەڵاکەی من گەڕێ. بۆیە بەیانییەک زوو سواری دەبێ و هەتا دەتوانێ لە شار دووردەکەوێتەوە و لە قووڵکەیەکی تەنیشت شاخێکی رۆژهەڵاتی شار فڕێی دەدا. تا دەگاتەوە ماڵ دەبێ بە نیوەڕۆ و لە حەوشە دادەنیشێ و بە دەم خواردنەوەی ئاوەوە دوو جگەرەی مزری بۆ دەکێشێ. گریابووش،... جا نازانم بۆ من، بۆ پاسکیەلەکە یان بۆ پاشا.

من لەو رۆژەوە بەربوومە، زۆربەی شەوەکان خەو بە نینۆکەکانمەوە و بە پشتم و بەو هەناسانەوە دەبینم وا لە کاتی زیندان و ئیعدامەکاندا جێیان هێشتم. لە خەو دادەچڵەکێم، لە شوێنی جارانی باوەگەورە دەڕوانم و هەوڵدەدەم وەها نەقیژێنم کە خێزان لەخەو راچڵەکێنم. بە خۆشییەوە هەر لە هەوەڵیشەوە وەها نەبووە. بە پەڕۆیەک کە لە تەنیشتمدایە ئارەقەی دەورووبەری مل و ناوچاوانم دەسڕم و هەوڵدەدەم لەم کاتانەدا بە بیرکردنەوە لە جادەکەی ساڵان و لە کتێبخانەکە و لە غەریبیی مەرگی دووچەرخەکەم، خۆم لەبیربەرمەوە. ژیان ئەوەندە ناهێنێ بەدەم خەم و ئازارەکانییەوە وەها دووربکەویتەوە کە نەگەیتەوە ئەو شوێنەی وا تێیدای. جاری وایە شەب ئاویز دێتە خەومەوە و بەو سەروقژە بژەوەی داوای لێبوردنم لێدەکا و، دەڵێ "مەعزەرەت، ئێنشاڵڵا

خۆدا ببەخشێ!" نازانم مەبەستی لە خودا کێیە، منە یان خودی خودا کە هەتا ئیستاکە خۆی لە کەس ئاشکرا نەکردووە. گەر مەبەستی من بێت، ئەوا دەتوانم بیبەخشم. لای من ئەگەر بەرادەر شەب ئاویزیش هەمان ڕێگای ساڵان و هەمان کتێبخانەی ئەزموون بکردایە، ئەوا بێگومان نەدەگەیشتە ئێرە. لە جیاتی جەللاد دەبووە قوربانی. ڕاستی بۆچی ئەوانەی کتێب دەخوێننەوە هەمیشە نەقشی قوربانی دەگێڕن! باوکم لەگەڵ ئەم بۆچوونەی من نیە و لای وایە زۆربەی جەللادەکان کتێب خوێنن. لانیکەم کتێب لەسەر چۆنیەتی ئەشکەنجەدان دەخوێننەوە،... ئەو کتێبانەی تەنیا لە کتێبخانە تایبەتیەکانی ئەواندا هەن و شاراوەن و کەسی تایبەت دەیانخوێننەوە. جاری وایە بەخۆم دەڵێم زۆر باشە بەرادەر، نینۆکەکانم و پێست و هاوارەکانم بۆ بگەڕێنەوە، دەتبەخشم! بەڵام نایڵێم. ئەمەیش رازێکە. هەندێ شت قەت ناگەڕێتەوە. ڕێگای ژیان زیاتر ڕێگایەکی هێڵ ئاسایە نەک دایرەیی. باشتریش دایرەیی نیە. گەر وا بووایە دەکرا جێگای من و بەرادەر شەب ئاویز بگۆڕدرێ،... من ئەو و ئەو من! نا،...نا، ئەمە کارەساتە. ڕەنگە تاوانی زمانیش بێت کە وشەی 'قوربانی' تیایە. مەگەر وەها نیە هەموو وشەکان دەربڕی شتێکن لە دەرەوەی خۆیان؟ تازە، ئەی کەلیمەیش نەبوو جیهان و بوونی خوڵقاند؟

یەکێک لە دەستکەوتەکانی ئەوەی بەسەر مندا هات ئەوە بوو کە پوورم و ژنەکەی بەرادەر شەب ئاویز دیسان وەک ساڵان یەکیان گرتەوە و بوونەوە بە هاوڕێی گیانی بە گیانی. ژنی بەرادەر کە تەواو موحەجەبە بوو، هەفتەی یەک دوو جارێک دەهات و سەردانی پوورمی دەکرد و لە

ژوورەکەی باوەگەورە هەتا ئێوارە دادەهات پێکەوە بە گەرموگوڕی قسەیان دەکرد. گوڵە بەڕۆژە بە چایی دەگوت جێم بکەوە و، چایی بە گوڵەبەڕۆژە. من تەنیا روخساریم بینیبوو، سپی سپی و قەڵەویچکە و هێشتا لووس. لەچکەکەی وەها توند دەبەست کە ئەوەندەی تر کوڵمەکانی دەردەپەڕاند و من حەزی ماچێکی بەتام دایدەگرتم. ئەویش وەک بڵێی لە نیگاکانمەوە لەمە گەیشتبێ، زیاتر لە کاتی پێویست لێم رادەما. وەک بڵێی دەڵێ مەخابن گەنج نەماوم! من سەرم دادەخەم و دەڕۆم. رقم لە خۆمە. من نابێ ئەوەندە زوو ئەوەی روویدا لە بیری بکەم و خەیاڵی نابەجێ بمگرێتە خۆی.

ئەوەندەی بزانم دادەنیشن و باسی رابردوو و زۆر شتی تریش دەکەن. جارێ گوێم لێبوو بە پوورمی گوت خۆزگەم بە خۆت شووت نەکرد. ئەوسا زانیم ئەوا شێوەژیانی پوورمە ئەوی سەرلەنوێ کێشاوەتەوە ماڵەکەی ئێمە. ژنی بەرادەر حەزی بە ئارامی و بێدەنگیی ژیانی پوورم بوو. دەیگوت پیاو هەموویان فشەن، سماتەیەک هەڵگرە و بیانسوو، دڵنیابە لە هەر هەموویاندا سەرئەنجام دەگەییە شتێک بەناوی گونیان (لێرەدا بزەیەکی دەهاتێ)، دەیگوت هەرچی دەڵێن و هەرچی دەکەن بۆ ئەمەیە. خوایە چەند حەزم دەکرد لە پشت درگاکەوە لێی بپرسم "بەرادەر شەب ئاویزیش؟" نا، من باوەڕناکەم لانیکەم گون لە پشت ئیعدامی قولابییەوە بێت. نا،... نا، ئیتر ئەمە درۆیەکی گەورەیە.

شەوێک باوکم، لە کاتێکدا وشەکان لە دەمیا دەشکانەوە و زۆر بە نابەدڵنیاییەوە دەدوا، بە ئەسپایی گوتی "لات وانیە هاتوچۆی ئەم سەڵیتەیە باش نیە و لە ناو و ناوبانگمان ئەدا؟" پوورم بە لاچاو

سەیرێکی کرد و، گوتی "ناو و ناوبانگ!؟ ئەم سەڵیتەیە نەبووایە، ئیستا ئەبوایە هەموو رۆژێکی جومعە خۆت و ژنت بچوونایە سەر قەبری کوڕەکەتان و هۆڕەهۆڕ بگریانایە!" باوکم ئیتر متەقی لێوەنەهات. ئەوسا گۆڕی خۆم هاتەبەرچاو کە غەریبانە لە سووچێکی قەبرستان لەناو گۆڕەکانی تردا کەوتووە بە کێلێکەوە بە ناو و بە وێنەی منەوە. کتوپڕ زۆر دڵم بۆ خۆم سووتا،... گریانم هات. کۆترێک کە لەسەر بانیژێکە نیشتبوو و ملی خواردەکردەوە و لە منی دەڕوانی، فڕی و لە بەردەممدا بەتەمای خواردن نیشتەوە. لەگەڵ فرمێسکەکانم لێمان رووانی. راوەستا، قاچێکی بەرزکردەوە، وەک بڵێی دەڵێ ئەها منیش دەتوانم لەسەر یەک قاچ بێستم. راستی کێی تر دەتوانێ لەسەر یەک قاچ راوەستێ؟ بیردەکەمەوە. هیچ شتێک ناگاتە زەینم. بە خۆم دەڵێم زۆر شت،... ئا زۆر شت! کۆترەکە دەفڕێتەوە و لە ئاسمانی نێوان خانووەکانی گەڕەک لەچاو وندەبێ. پەڵەهەورێک خۆی کردووە بە دەنووک.

هەستێکی خۆش نیە هەست بکەی لە لایەن هەمان کەس یان لایەنەوە هەم زوڵمت لێکراوە و هەم پیاوەتی. تاوانی منە یان ئەو(ان)؟ نا، تاوانی من نیە، بەڵام من نابێ بهێڵم وەزعەکە بگاتە ئێرە، نا،... نەدەبووایە بمهیشتایە. جا با بێ تاوانیش بم. رقم لە خۆم دەبێتەوە کە پوورم رووی کردووەتە ماڵی بەرادەر و، ئەوەندەی تر رقیشم لە خۆم دەبێتەوە کە قبوڵم کرد و رۆژێک لە رۆژان نیشانەی پرسیارێکم نەخستە سەری. بە ئیزنی کێ منیان رزگار کرد؟

نازانم عەبە بێقۆل ئەمە لە کوێوە دەبیستێ. رۆژێک نامەیەک دەگاتە دەستم. تیایا نووسراوە "بۆ ئامۆزای خۆشەویست و سادە و گەوجم،... بە کورتی بە خوا کەری!"

هەر ئەوەندە. رەنگە تەنیا کەرەکانن گیان دەردەبەن.

بە نامەکەی عەبە تێدەگەم کە دونیا لەوە بچووکترە وا بۆی دەچین. ئەوەیش وا دونیا بچووک دەکاتەوە، هەوایە. دەجوولێ و ئیتر هەموو شتێک لەگەڵ خۆی بۆ هەموو شوێنێک دەبا. بە بی ئیزنی خۆت. تازە بە گوێرەی کەسەکانیش دەستەبەندییان دەکا: لە ئامۆزاوە بۆ ئامۆزا، جا با زۆر جیاوازیش بن و هەر کامەی لە شارێک بژین.

ژنی بەرادەر وەهای لێدێ، کاتێک نایەت هەموومان بە نیگای پڕ لە پرسیارەوە لە پووری دەڕوانین. ئەویش روو وەردەگێڕێ و چاومان لێناکا. حەیف لچ هەڵقرچاندن، دەنگی نیە.

من نازانم خانووەکەی ئێمە کە رووبەڕووی ئەو بنەکەیە وا بە گڵۆپی بەهێز، شەوانە دەوروبەری خۆی رووناک دەکاتەوە، ئیستاکە ئەمنترە یان نا، بەڵام بەردەوام هەستێکی خۆشم نیە. گەر کتێبەکان نەبن، بەڕاستی ژیان تامی تیاماوە؟

***

باوکم دەڵێ کوێربم ئەو ساڵەی شا هات بۆ شارەکەمان، نەخۆش بوو! ئا، نەخۆش بوو و کەس نەیدەزانی. دەڵێ هەر خۆی و دکتۆرەکەی دەیانزانی سەرەتانیەتی. بگرە بە 'فەرەح'ی ژنیشی نەگوتبوو. دکتورەکە پێی وابوو چەند ساڵێک دەخایەنێ تا دەیکوژێ. شا دڵی بەمە خۆش بوو

و لای خۆی وای لێکدابووەوە هەر کاتێک وەزعی خراپتر بوو و لە ناو جێگادا کەوت، ئەوجا باسی بکا. باوکم دەڵێ ئەوەیە پیاو! ئەو لای وایە پیاوە مەزنەکان هەمیشە خۆیان فەرامۆش دەکەن و بە سەروماڵەوە خۆیان فیدای گەل و نیشتمان دەکەن. هەڵبەت خێرا ئەمەیشی پێ زیاد دەکا "پەح لەم گەلەی ئێمە!"

باوکم لێرەدا چیرۆکەکەی رادەگرێ و منیش بۆ ئەوەی بزانم شا دوواتر چی بەسەرهاتووە، دەچم و کتێبە مێژوویيەکان دەخوێنمەوە. ئەگەرچی بە زەحمەت دەستدەکەون و دەبێ زیرەکانە و ناڕاستەوخۆ لە ناو کتێبەکانی تردا بیدۆزیتەوە. ئا، شا نزیکەی ساڵ و نیوێک دووای ئاوارەبوونی بە هۆی سەرەتانەکەیەوە، کە باوکم لای وایە بەهۆی شۆرش و دەربەدەر بوونییەوە زۆر خێرا پەرەی سەندبوو، لە وڵاتی میسر مردبوو و لە یەکێک لە مزگەوتەکانی ئەو وڵاتە بە خاک سپێردرابوو. باوکم دیسان دەڵێ کوێربم جەوان بوو مرد جوان، تەنیا شەست ساڵی تەمەن بوو.

من کە رقم لە خۆمە، لەبەر ئەوەی رێک لە کاتی هەندێ رووداوی یەکجار گرینگی مێژووییدا خەوم لێکەوتبوو، زیاتر و زیاتر بە ناو کتێبە مێژوویيەکاندا رۆدەچم. باسی تەختە جەمشید کە پێنج سەد ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیح دروستکراو لە دووای دوو سەد ساڵ ئەسکەندەر مەقدوونی بە سوپا زەبەلاحەکەیەوە هات و وڵاتی داگیرکرد و سووتاندی. سەیری وێنەکان دەکەم. چەند عەزەمەت دێتە بەرچاو. کۆشکە یەک لە دووای یەکەکان کە بە تەنیشت یەکترەوەن، سەربازە ریشنەکان بە نێزەکانی دەستیانەوە، ستوونە درێژەکان، نووسراوە

سەیرو سەمەرەکان، ئەو خەڵکەی وا دیاری دێنن، پەیکەری بەردینی ئەسپ و باڵندەکان کە هێز لە روخسارییان دەبارێ. لە هەمان کاتیشدا چەند خەماویشە کە هەموو ئەمانە لە دەشتێکدا لە تەنیشت بەرزاییەکانی دەوووبەریدا لە پاش هەزاران ساڵ بە هەیکەلی وێرانیانەوە ماون و بەردەوام چاوشارکێی ژیان دەکەن. ئەوسا وێنەکانی شا لە کاتی سەردانی بۆ تەختە جەمشید، تەنیا، یان لەگەڵ میوانەکانی لە وڵاتانی دیکەوە،... مەلەکەی بریتانیا. دڵم دەگوشرێ. نەک لە بەر شا یاخود کۆشکەکان،... نا لەبەر ئەوەی کتوپڕ هەموو شتێک زۆر بێ مانا دەبێتەوە لەبەر چاومدا. لە ناکاو زەمەن وەها بچووک دەبێتەوە کە دەبێ بە هیچ. شا و تەختەجەمشیدم وەک یەک دێنە بەرچاو. هەزاران ساڵ دەبن بە یەک چرکە. بیر لە خۆم دەکەمەوە، داخۆ ئەو دە ساڵەی وا من خەوتووم خاوەن هیچ مانایەکە؟ بەخەبەر بوومایە کەچی! چیم دەکرد؟ جێژنەکانی دووهەزار و پێنج سەد ساڵەی شاهەنشاهی،... رێک پێش شۆڕش. تا نەکەوین، باوەڕ بە مردن ناهێنین. باوکم دەڵێ بە چاوەوە بوو،... بە چاوەوە،... ئاخر پیاوی ئاقڵ جێژنی وەها لەبەر چاوی دونیادا رێکدەخا؟ ئا، بۆ خۆی دڵی پاک بوو و نەیدەزانی چەندە چاوی خەڵکی پیسە.

من جاری وایە رقم لە باوکم دەبێتەوە. هەستدەکەم رێک وەک شا ئەویش گەمژەیە. کاکە وازبێنە، کێ بە شوێن مردوودا رادەکا، کێ؟ مامە تەنەکە دەڵێ ئاوا بیردەکاتەوە بۆیە قەت سەربەخۆ نابێ،... نەبووە و نابێ! دڵنیام باوکم پارەی هەبێ و بوێرێ، یەکەم وڵات بۆی دەچێ بۆ سەفەر وڵاتی میسرە. رێک بەرەو مزگەوتی رفاعی، ئەو مزگەوتەی شای

تیا نێژراوە. بەو لێوانەوە تامەزرۆی ماچکردنی کێلەکانن. عومەرە کۆسە ڕۆژێک نامەیەکم بۆ دەنێرێ و دەڵێ پێی بڵێ ئاگای لە خۆی بێ، شەب ئاویز قسەکانی ببیستێتەوە بە گون هەڵیدەواسێ و گیرفانەکانی جوان جوان دادەتەکێنێ. دەڵێ پیاوی جاسووسی زۆرە و وا لێی مەڕوانن. بیر دەکەمەوە مەگەر ئێمە (لانیکەم من) چۆن لە بەرادەر شەب ئاویز دەڕوانین. ڕۆژێ کە زۆر لە بیردام و حەزدەکەم بە جۆرێک پەیامەکەی عومەر بگەیەنمە باوکم، لە جیاتی ئەوەی بڵێم ئاگات لە خۆت بێت، دەڵێم ئاگات لە گونت بێت! دایکم گۆشەی لەچکەکەی بە دەمییەوە دەگرێ و مۆڕەکەیەکم لێدەکا. چاوەکانی بە پێچەوانەی مۆڕەکانی پێدەکەنن. باوکم بە خۆشییەوە ئەوەندە لە داڵغەدایە ئاگای لێ نیە. سەری بەرزکردەوە و گوتی چی!؟

باوکم دەبێ واز لەم شاپەرەستییەی بێنێ. ئەو دەبێ ئەوەندە لە رابردوودا نەبێ. شەوێک پێش خەوتن پێی دەڵێم بچێ بۆ ڕاوەماسی. بچێ بۆ ئەو چەمەی وا ئەوەندە دوور نیە، قولاپێک لەگەڵ خۆی هەڵگرێ و بە دیار ماسییەوە هەتا ئێوارە دانیشێ. بەڵکو جووڵەی ماسی و ئاو بیری بێننەوە کە گۆڕان و جووڵە سەرەکیترین ڕووداوی دونیان. جگە لەوە دەنگی ئاو ئارامی دەبەخشێ. دەنگەکانی رابردوو لە بیر گوێکان دەباتەوە. کە پێی دەڵێم، سەر بەرزدەکاتەوە و لێم دەڕوانێ. بۆ بەیانی قولاپێک دروستدەکا، بوخچەیەک شتومەک دەپێچێتەوە و دەڕوا. کە ئێوارێ دێتەوە یەک تاقە ماسی چییە ڕاوی نەکردووە، بەڵام ڕوخساری کراوەترە. پێش ئەوەی بۆ خەو بچێتە ناو جێگاکەیەوە، بە گوێم دا دەچرپێنێ کە پێشنیاری چاک بوو و بە تەمایە سبەی بچێتەوە.

بەم شێوەیە باوکم بووە بە ماسیگر و ماسییەکان یارمەتیاندا شا لە بیر خۆی بباتەوە و ئەمجارە باسی ئەوەمان بۆ بکا کە جوانترین دیمەنی دونیا، شۆقی تیشکی هەتاوە لە سەر خڕە بەردەکانی بن ئاوێکی تەنکدا. ئەوەیکە گەر سروشت سەر لە نوێ تێکەڵ بە ژیانی مرۆڤ بێتەوە ئەوا هیچ ڕووداوێک ئەوەندە کارەساتبار نیە کە مرۆڤ لە ژێریا نوقم و هەلاهەلا بێت. بەڵام خراپی ڕاوەماسی ئەوە بوو کە باوکم وەها گیرۆدەی ببوو دەستی لێ بەرنەدەدا. ڕۆژێک مارێک پێوەی دەدا و دەبورێتەوە. شانسی دەبێ و پیاوێک لەو دەرووبەرە دەیدۆزێتەوە و فریای دکتۆری دەخا، بەڵام ژارەکە قاچی ڕەش و شین دەکاتەوە و وەها تێکەڵ بە دەمار و گۆشتی خوار ئەژنۆی دەبێ، کە ناچار دەبن بۆی ببڕنەوە. بەم شێوەیە باوکم نیوەی قاچی ڕاستی لە دەست دا. سەرەتا بە دوو گۆچان دەڕۆیشت و ئەوجا کردی بە یەک دانە. کە دەڕۆیشت کەمێک خۆی بۆ دەگەڕان و کاتێک دەیەویست دانیشێ خۆی فڕێدەدایە سەر نیمکەتی قاوەخانە. دیسان نامەیەکی ترم لە عومەرەوە بۆ هات و گوتی ئەمەیش عاقیبەتی ئەوانەیە وا لە کاتی بە ڕێگا ڕۆیشتندا زیاتر سەیری دوواوەوەی خۆیان دەکەن تا پێشەوە. عومەر ئەمەی نووسیبوو لەبەر ئەوەی دڵنیا بوو مارەکە لە دوواوە بە باوکمیەوە دابوو نەک لە پێشەوە. عومەر ئەمەی لە کوێوە دەزانی، ئیتر خۆی و خوای خۆی.

دەبێ سوپاسی مارەکە بکەم کە دووابیرەوەرییەکانی شای لە کۆڵی ماڵی ئێمە کردەوە و باوکم ئیتر نەک تەنیا قەت باسی نەکردەوە، بگرە ئەو وێنەیەیش وا لە یەغانە قەیمییەکە هەیبوو و هی کاتی سەردانی پاشا بۆ شارەکەمان بوو دەریهێنا، سووتاندی و خۆڵەمێشەکەیشی لە سەر

**بانیژەکە دایە دەم با. بەم شێوەیە مێژوو لە ماڵی ئێمە بارگە وبنەی پێچایەوە و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لێکردین، هەرچەند من لە کتێبخانە بەردەوام سەرقاڵی بووم و هەر جارەی کتێبێکم لە سەر بەشێکی مێژووی جیهان دەخستە سەر مێزەکەی بەردەمم. کتێبەکان پێیان دەگوتم مێژوو ئەوەندەی بۆ خوێندنەوەیە بۆ لایەنگری کردن نیە.**
**ساڵەکان خێراخێرا تێدەپەڕن و ئەوانیش وەک ئەوانەی پێش خۆیان دەبن بە مێژوو. بەڵام راوەستە! بۆ بە مێژووبوون تەنیا تێپەڕین پێویست نیە، مێژوو بە رووداویشەوەیە کە دەبێتە مێژوو. مێژوو بریتییە لە کۆی کات و رووداوی تێپەڕیو. چ سەیرە، ئەم شارەی ئێمە بەو کەسەوە ناوی چووە مێژووەوە کە نیشتمان رۆژێک لە رۆژان بە سەرشۆڕی و بە تۆپزی دەریپەڕاندبوو! دەڵێن بنەماڵەکەی ماون و بەتەمان رۆژێک لە رۆژەکان بگەڕێنەوە. دەڵێن ئەوان باس لە هەڵەیەکی مێژوویی دەکەن. ئەمە ئیتر زۆر جیاوازە. دڵنیام گەر باوکم ئەمە ببیستێ، سەرلەنوێ دەچێتەوە سەر حاڵ و هەوای جارانی. نا، نابێ بیبیستێ. بەخۆشییەوە زەوقی گوێگرتنی رادیۆ خارجییەکانیشی نەماوە. ماسییەکان خۆیان بە هەموو کەلێن و قوژبنی ژیانی ئەودا کردووە. منیش بۆ دڵنیایی زیاتر جاری وایە لەگەڵی دەچم. پێکەوە تا درەنگان دادەنیشین و لە ئاو و لە ئاسمان و لە شاخە دوورەدەستەکان دەڕوانین. باوکم لە مێژە فێری گرتنیان بووە. کە دەیانگرێ، بە شووڵێکیانەوە دەکا و دوو سەری شووڵەکە گرێدەدا و ئەوسا بەرەو ماڵەوە بەڕێ دەکەوێتەوە. شووڵەکە لە پەتی سێدارە دەکا. ماسییەکان بەڕیز و لە تەنیشت یەکتردا پیایا شۆڕبوونەتەوە. تەواوی رێگا هەڵدەخەنەوە.**

قەراخ چەمەکە پڕە لە دارەبی. بە دەم باوە دەشەکێنەوە و بە درێژایی چۆم، دادەگەڕێن. من چەند شانازی بە باوکمەوە دەکەم. بەو قاچەوە وازناهێنێ. ئەو لای وایە لە راستیدا چەمەکە قاچەکەی برد و جا رەنگە رۆژێک لە رۆژانیش بۆی بێنێتەوە. بۆیە هەمیشە چاوی لە لاسەرووی ئاوەکەیە.

رۆژێک لێی دەپرسم داخۆ بیری دایک و باوکی دەکا. دەڵێ ئەی تۆ چی، لات وایە تۆیش بیرمان بکەی؟ دەڵێم پێت وایە پوورم هەست بە بەختەوەری بکا؟ دەڵێ ژیانکردن ئەسڵە و ئەوانەی تری هەمووی شتی لابەلان، زۆر گرینگ نین. راستدەکا ئێمە زۆربەی کاتەکانی ژیانمان تەنیا دەژین بە بێ ئەوەی بیر لە چۆنیەتییەکەی بکەینەوە.

مرۆڤەکان زۆر جار دەبێ شکستەکانیان قبوڵ بکەن. یەک لەوانیش باوکم. کە قبوڵیشی کرد. زۆر کەسی دیکەیش قبوڵی ناکەن تەنیا لەبەر ئەوەی نازانن چی بکەن. جێگرەوەیان نیە بۆی. پێشنیاری من بۆ باوکم ماسیگری بوو. ئێوە؟... نازانم.

***

هیچ شتێک وەک هەواڵ نیە. لە ئاو و تەنانت لە هەوایش زاڵمترە. بە بێ ئەوەی ببینرێ و هەستی پێ بکرێ خۆی دەگەیەنێ. بۆ هەر شوێنێک لات وایە ناگا، ئەو دەگا! کەس نازانێ چۆن دزە دەکا، کەس تێناگا کێ هەڵگریەتی وچۆن چۆنی دەتوانێ هەموو مەوداکان بە بێ هیچ کێشەیەک ببڕێ. "کاکە تکایە با لە ناو خۆماندا بێت!" بەڵام ئەمە ئەو شوێنیە وا لەوێوە سەفەرە پڕ لە راز و رەمزەکەی دەست پێدەکا. گەر لە من بپرسن دەڵێم هۆکاری ئەمە ئەوەیە هەموو کەس حەزی بە بیستنی هەواڵە،

کاتێک مرۆڤەکان ئەوەندە تامەزرۆبن ئیتر هەر لە خۆوە هەواڵ روویان تێدەکا. ئەوانەیشی وا بە رواڵەت خۆ گێل دەکەن بە لای منەوە لەوانی تر خراپترن، تەنیا ئەوەندەی نایدرکێنن.

عەبە بێقۆل لەگەڵ ئەوەی دەستی ماڵ و منداڵی گرتبوو و بۆ هەمیشە نیشتمانی جێهێشتبوو، رۆیشتبوو و کەس هەواڵی نەدەزانی، کتوپڕ حاڵ و وەزعی بوو بە بنێشتی ناو دەمی خەڵکی، بگرە لەو کاتەی وا لێرە بوو زیاتر باسیان دەکرد. دایکم بە بیستنی هەواڵەکە بە روومەتی خۆیدا دەکێشا، بە پەنجەکانی دەیگرتن، شێتانە رایدەکێشان و دەیگوت "ئەیەڕۆۆۆ!"

راستییەکەی ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی عەبە لە سییەکان لایداوە، بەڵام حکومەت تەنگی پێ هەڵدەچنێ و دەڵێ دەبێ بچێ بۆ سەربازی. وەک دەڵێن لە شاران لەم بارەیەوە حکومەت دەسەڵاتی زۆرترە. عەبە خۆی لێ گێڵ دەکا و وەڵامیان ناداتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە شارەکەدا غەریبەیە و وەک مانگای ناوچاو قەشان وایە، زیاتر لە خەڵکی تر لە لیستەکەدا خۆی دەنوێنێ و بۆیە یەکەم کەسە کە هەڵدەکوتنە سەری. بەم شێوەیە تەنگی پێ هەڵدەچنن و عەبە ژیانی نامێنێ. هەر پێی دەکرێ خۆی بدزێتەوە و ئەوەندە دەرنەکەوێ، بەڵام خۆ نەدەکرا هەتا ئەبەد ئەمەبکا. ئەو دەبووایە کار و کاسبی بکا و ژن و منداڵەکەی بژیەنێ. ماڵە خەزووران سەرەتا زۆر تووڕە بوون. ئەوان لایان وابوو عەبە بە تەمەنی بیست و پێنج ساڵەیەوە سەربازی کردبوو و بۆیە لێیان نەپرسیبوو. ئیستا کە بەمەیان دەزانی تووڕە لە وەزعەکە نەیاندەزانی چی بکەن. خەزووری کە دەوڵەمەند دەبێ، ماوەیەک بە بەرتیل و شتی وا

وەزعەکە دووا دەخا؛ بەڵام سەر لە نوێ هەڵیدەدایەوە و دیسان عەبە ئاوارەی نیشتمان دەبووەوە. سەرئەنجام لە دووای کۆبوونەوەیەکی بەرینی بنەماڵە ناچاریان کرد بچێ بۆ سەربازی و گوتیان دوو ساڵ هیچ نیە و تا لادەکاتەوە ئەویش تەواودەبێ! گوتیان ئاگایان لە ماڵ و منداڵی دبێ.

نۆ رۆژ لە پاییزێ لایدابوو کە عەبە بێقۆل جانتا دەپێچێتەوە لە ماڵ و منداڵ بە چاوە خەمبارەکانییەوە خواحافیزی دەکا، لەگەڵ چەند کەسی تر سواری مینی بووسێکی دەکەن و بەرەو 'عەجەب شێر' بەڕێی دەکەن. عەبە کەلیمە چییە لە دەمی نایەتە دەرەوە. وەک بڵێی لاڵ بووبێ. یان لە بەردەمی خۆی دەڕوانێ، یان لە دوور لە دەشت و دەر و شاخ و کێوە رووتەنەکان کە هەتا چاو کاردەکا لەگەڵ ئاسمان پێشبڕکێیانە. پاشان کە لەوانی تر وردەبێتەوە، دەبینێ زۆر لە خۆی گەنجترن و بەمە دادەچڵەکێ. عەبە توورە لە دۆخەکە جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و مژێکی وەها قووڵی لێدەدا و وەها چرەدووکەڵێک سازدەکا کە ئەو پیاوەی بە جلی ئەرتەشییەوە لە پێشەوە دانیشتبوو و لەوە دەچوو بەرپرسیان بێت، زۆر بە توورەییەوە دەنگی دا. ئەم توورەییە، ئەوی جووڵاندبوو و کتوپڕ عەبەکەی جاران لە دووای ساڵانی ساڵ لە دایکدەبێتەوە. بۆیە لێی راستدەبێتەوە و هەر لەوێ لە ناو ماشینەکەدا دەچێ و چینێکی باشی دەکوتێ. کابرای جوندی کە چاوەڕوانی ئەمە نەبوو و شوێنەکەیشی وەها نەبوو بتوانێ خۆی دەرباز بکا و گەر بیشیتوانیایە دەست بکاتەوە، لە دووای ئەوەی ئەوانی تر فریای دەکەون و شۆفیرەکەیش مینی بووسەکە رادەگرێ، لە چنگی عەبە دەربازدەبێ، دۆخەکە بە

یارمەتی هەمووان ئارام دەبێتەوە و ئیتر عەبە بە کەیفی خۆی هەتا دەگەنە شوێنی مەبەست جگەرە دەکیشێ. وەک هەواڵەکە دەڵێ گوایا لە داخا سیگاری بە سیگار رۆشن کردووەو، کەس لە ترسانا متەقی لێوە نەهاتووە.

لە ماوەی سەربازییەکەیدا عەبە بێقۆل دەبێ بە "عەبدولا کۆردە" و ئەوەندە خەریکی شەڕ و نەگبەتی دەبێ کە بەردەوام بۆ تەمبێ کردنی، بە کاتی خزمەتەکەی زیاددەکەن؛ وەها کە لە دوو ساڵەوە دەبێ بە سێ ساڵ! وەک هەواڵەکان دەیانگوت عەبە کە لە ناو کەلەڕەقی و درێژبوونەوەی ترسناکی کاتی سەربازییەکەیدا مابووەوە، هەتا دەهات خراپتر دەبوو و هیچ نەسیحەت و قسە و گفتوگۆیەک فریای نەدەکەوت. هەر ئەوەندە دەرجەدارێک کەمێک بە جۆرێکەوە بیدوانایە، ئیتر وەک کەڵەشێر ئاوقای دەبوو. سەرئەنجام گوایا خەزووری فریای کەوتبوو و بە خاتری کچەکەی و منداڵەکانی بڕێکی لە زیاسەربازییەکانی کڕیبووەوە. وەعدیشیان لێ سەندبوو کە کەمێک دیان بەخۆیا بگرێ و ئەوە قبوڵ بکا کە سەربازی سەربازییە و،... تەواو.

هەڵبەت کارەکە بەمە راوەستایە هیچ عەیبی نەبوو. بەدبەختییەکە لەوەدا بوو کە ژنە سوور و سپییەکەی عەبە وەک هەواڵەکان دەڵێن خیانەتی پێ دەکا و رێک ئەو رۆژەی عەبە گوروبانێکی کوتابوو و سەروچاوی شین و مۆر کردبووەوە، مریەمی ژنی کە لە گەڵ کۆنە ئەشقەکەی دەستی تێکەڵ کردبووەوە، بۆ شەوەکەی لە دووای خەوتنی منداڵەکانی، دەیباتە ژوورەوە و ئیتر بە یاد و حەسرەتی جاری جاران جوان جوان یەکتریان شێلابوو.

ئەم هەواڵەیش، دیسان کەس نازانێ چۆن، وەک هەموو هەواڵەکانی تر ئەو ڕێگایەی وا عەبە بە مینی بووسەکە بڕیبووی، دەبڕێ و لە تێڵدڕوو و پۆستی نیگابانییەکان تێدەپەڕێ و دەگاتە گوی قوت و تیژەکانی عەبدۆلا کۆردە کە ئیستا بۆ خۆی لە پانتۆڵی خۆیدا فەرماندەی سەرەکیی سەربازخانە گەور و گرانەکە بوو! عەبە بە هیچ شتێک ڕاناگیرێ. وەک شێت داروبەرد بە یەکتردا دەدا. سەرئەنجام دەیگرن و دەیخەنە زیندانەوە. فەرماندە لەگەڵ ئەوەی دەزانێ چی بەسەر سەربازەکەیدا هاتووە، بەڵام بە هۆی ئەو بێ نەزمییەی هەیبوو، مەرەخەسی ناداتێ و عەبە هەروا دەمێنێتەوە. سەرئەنجام عەبە شەوێک یان ڕۆژێک ڕادەکا. هەندێ دەڵێن فەرماندە بۆ خۆی ئەم دەرفەتەی بۆ ڕەخساندووە و هەندێکی تر دەڵێن نیگابانەکان ئەوەندەی لێ دەترسان کە ڕێگایان بۆ ئاوەڵا کردبوو و، هێشتبوویان نایاسایی بڕوات.

عەبە، ئێوارەیەک درەنگانی ڕۆژێکی کورتی زستانی دەگاتەوە ماڵ. ئەو کە لە لای خۆی بڕیاری دابوو هەر بگاتەوە ماڵ بە یەکێک لە چەقۆ گەورە و تیژەکانی ئاشپەزخانە دەستبەجێ سەری مریەمی ژنی ببڕێ و خوێنی پیس و گڵاوی بڕژێنێتە سەر زەوی، هەر بە بینینی ژنەکەی لە پشت شووشەی پەنجەرەکەوە ئەژنۆی شل دەبێ و لە ناو ئەو هەوا سارد و سڕەی دەرەوەدا کە چوار دەرەجە لە خوار سفرەوە دەبێ، وەک منداڵ دەستدەکا بە گریان. گریانێکی بێدەنگ. عەبە قەت لە ژیانیدا ئەوەندە هەستی بە دڵتەنگی و داماوی خۆی نەکردبوو. بە سەرە تاشراوەکەیەوە لە خۆی پرسیبوو باشە بۆ ژیانی بەم ئاقارەدا ڕۆیشتبوو؟ لەچی کەم بوو؟ چ زوڵمێکی لە ماڵ و منداڵی کردبوو؟ هەرچی بیری دەکردەوە هیچ

شتێکی وەها نەدەگەییە خەیاڵی. ئەوسا کتوپڕ بە یەک بۆچوون دەگا، ئا ژنەکەی جوان بوو و ئەم دونیایەش پڕە لە ئینسانی نامەرد. هەروەها بەو نەتیجەیەیش گەیشتبوو کە چوون بۆ سەربازییەکەی خەتایەکی یەکجار گەورە بووە. عەبە بە ئارامی فرمێسکە گەرمەکانی لە سەر رووومەتی ساردوسڕی دەسرێتەوە و، دەچێتە ژوورەوە. ژنەکەی بە بینینی وشک دەبێ! منداڵەکانی بەرەو باوەشی رادەکەن و لە قاچەکانی دەئاڵێن. عەبە واق وڕماو لە نێوان ژنەکەی و منداڵەکانی دادەنەوێ و دەستێک بە سەری هەردووکیاندا دێنێ و وەها لە نیگا دەریاییەکانی ژنەکەیدا نوقم دەبێ کە لەناکاو هەموو شتێکی لەبیر دەچێتەوە.

عەبە چەند شەوێک لەماڵەوە دەبێ و دوواتر سوار مینی بووس دەبێتەوە و دەچێتەوە بۆ سەربازخانەکەی. گوایا کاکی فەرماندەیان بینیبوو لە ژوورەکەی خۆیدا دەستی بە سەر شانی عەبدۆلا کۆردەدا هێنابوو و دڵنەوایی دابووەوە. سەربازەکانی دیکە دەڵێن فەرماندە وەک عەبە کاتی خۆی هەمان بەڵای بەسەردا هاتبوو. جا ئەوەی چی بە گوێی عەبەدا چرپاندبوو، ئەڵاهوئەعلەم!

من بۆ خۆم نازانم چۆن چۆنی ئەم کردەیەی عەبەی ئامۆزام لێکبدەمەوە. بە رای من بە چەند جۆر دەکرێ بۆی بچین:

- عەبە ئەوەندە عاشقی ژنەکەیەتی کە دەتوانێ هەر جۆرە تاوانێکی ببەخشێ، بەس بەو مەرجەی هی خۆی بێت و لێی جیا نەبێتەوە،

- عەبە ئەو شەوە گەیشتبووە ئەو ئەنجامە کە ناکرێ لەم جوانییە تەنیا خۆی بەهرەمەند بێ!

ـ عەبە کتوپڕ لەوە گەیبوو کە تاوان تاوانی خۆیەتی، ئاخر کێ دەتوانێ بە چەندین مانگ خۆی رابگرێ؟
ـ لای خۆی لێکی دابووەوە (بەهۆی ئارامیی ژنەکەیەوە)، کە بابە هەموو ئەمانە قسەن و فریان بە سەر راستییەوە نیە،
ـ یاخود نەیدەزانی چۆن لە ژنەکەی ئەمە بپرسێ و، لەمە قۆڕتریش ئەوەی چۆن چۆنی بیسەلمێنێ،
ـ عەبە بیری ژیانی جارانی خۆی کەوتووەتەوە و وەهای لێکداوەتەوە کە ئەمەی بەهەرحاڵ باشترە،
ـ بیری لەو خێرو بێری ماڵی خەزووری وەک میرات کردبێتەوە. رەنگە بە خۆی گوتووە رۆژێک لە رۆژان لێرەیش دەڕۆم و خەڵکیش چیرۆکەکەم وەک هەموو چیرۆکی تری ناو ئەم دونیایە لەبیردەکەن،
ـ یان رواڵەتی بێتاوانی منداڵەکانی ئەویان سارد کردبووەوە.
کەس نازانێ لە راستیدا ئەو شەوە چی لە دەروونی عەبە بێقۆلی ئامۆزای مندا گوزەراوە، بەڵام چەند مانگ دووای ئەوە بوو یان چەند ساڵ، نازانم؛ بەڵام رۆژێک نامەیەک گەیشتە دەستم کە لە لایەن ئەوەوە بوو! عەبە کە قەت منی ئاوەها نەدوواندبوو و لایشم وایە ئەم نامەیەی لە شارێکی دوور بە عەریزەنووسێک نووسیبوو، تێیدا وەهای گوتبوو:
"ئامۆزا نازدار و لە گوڵ پاکترەکەم، ئامۆزای زانا و زیرەکم! دەزانم کاتی خۆی بە قسەکانم ئازارم داوی و قەت ئەو ئامۆزایەی نەبووم کە دەبووایە ببم، بەڵام دەبێ بڵێم هەمیشە بەخیلیم پێ بردووی، تەنانەت ئەو ساڵانەیش. من هەمیشە موعجیبی ئارامی و شەخسیەت و رێک و پێکیی تۆ بووم. ئەمەیش زۆر جار تووڕەی دەکردم. چونکە نەمدەتوانی

وەک تۆ بم، هەڵدەچووم. لام وابوو ئەگەر بەمە نەتوانم خۆم وەک تۆ لێبکەم، لانیکەم تۆ وەک خۆم لێدەکەم. چ خەیاڵێکی خاو! من ئەو کاتانەیش دەمزانی جادەکە و کتێبخانەکە بۆ تۆ چین. من زۆر جار بەو جادەیەدا ڕۆیشتووم و بیرم لە تۆ کردووەتەوە. لەبەر دەمی کتێبخانەکەدا راوەستاوم و هەوڵمداوە بزانم تۆ چۆن دەڕوانیتە دونیا، شتێک کە لێی نزیک کەوتمەوە (بە گومانی خۆم)، بەڵام قەت نەیگەیشتمێ؛ ئەمەیش ئاساییە. دەبێ دیان بەوەدا بنێم کە تۆ چ وەک خۆت و چ وەک بیروەرییەکان و چ ئیستاکە وەک ئامۆزایەک کە بیری لێدەکەمەوە، ئارامیم پێدەبەخشی. سوپاس! دڵنیام تۆ تەنیا کەسێکی کە دەتوانی تێبگەی، بەتایبەت لە دۆخی من (ئەمەیش بەو نیەتەوە دەلێم کە دەزانم ئاگات لە هەواڵەکانی منە، دەزانم هیچ شتێک وەک هەواڵ نیە!"

عەبدۆلا کۆردە، نامەکەی، پێم وابێ لەبەر عەیبە، واژۆنەکردبوو. کاغەزەکە لە چەند شوێنەوە چرچ ببوو، وەک بڵێی چەند جارێک لە ناردنی پەشیمان بووبێتەوە.

کە لە خوێندنەوەی دەبمەوە، سەرهەڵدەبڕم و چاو لەو چلورانە دەکەم وا بە گوێسبانەکەوە شۆڕبوونەتەوە و بە تەنیشت یەکترەوە وەک ریزە سەرباز راوەستاون. پێم وایە عەبە کوڕێکی باشە. ئەوەندە باش کە ڕێزی ژیانی لەلا لە نامووس زۆرترە. منیش خراپم. باشە بۆچی ئەو ساڵانە جارێک لە جاران پێم نەگوت وەرە با پێکەوە بچین بۆ کتێبخانەکە!... ئا وەرە با پێکەوە بچین!

***

شەوی وایە لە ژوورەکەی باوەگەورە پڕ بە خۆم هاواردەکەم و دەقیژێنم. جەستەم سەر شەلاڵی ئارەق دەکەوێتەوە. دایکم و باوکم و پوورم بەپەلە دەگەنەوە سەرم. پەرداخێک ئاوم دەدەنەوە و ئەوسا بە پەڕۆیەک دەموچاو و دەوری ملم دەسڕنەوە. هیچ شتێک وەک ئیعدامی درۆینە نیە. دەگەڕێتەوە و دەگەڕێتەوە و هەر جارەیش بە خوویەکی تازەوە. لە بیرناچێتەوە. دایکم دەگری و دەڵێ دەبێ بیبەینە لای شێخ، باوکم بیر لە تەوریز لە دکتۆرێکی دەروونناس دەکاتەوە و بەڵام باسی ناکا، پووریشم دەڵێ لێی گەڕێن کتێبەکان سەرئەنجام ڕێگاچارەیەکی بۆ دەدۆزنەوە.

شەوی وایە بە نۆرە لە لام دەخەون. ماوەیەک باش دەبمەوە و هەموو شتێک وەک جارانی لێدێتەوە،... بەڵام کاتییە. ژێ سێ بەدەستەکە لەگەڵ هاوڕێکانی نیوەشەو دەگەڕێنەوە. بە جل و بەرگە بەڵەکەکانیانەوە و بەو سەروقژ و ریشە زۆرانەوە کە بۆنی ژێر خاک و قەبر و دەنگی دووری مەلایکە چاوەڕوانەکان دەدەن. ژیان دەبێ بە تاڵێکی کەکرەئاسا. کونی تفەنگەکە لەبەر چاومدا ئەوەندە گەورە دەبێتەوە کە دەبێ بە دەمی هەژدیهایەک. کونێک کە دەتوانێ هەموو شتێک قووت بدا. حووتێکی ئاسنین. دایکم جاری وایە وەک سەردەمی منداڵی لایەلایەم بۆ دەکا، دەست بە سەروقژمدا دێنێ و چیرۆکەکانی سەردەمی منداڵیم سەرلەنوێ بۆ دەگێڕێتەوە. ئەو چیرۆکانەی دیسان سەرنجم رادەکێشنەوە. وەک بڵێی سەرلەنوێ گەڕابێتمەوە سەرەتاکانی ژیانم. ئەو ساڵانەی وا دەمتوانی هەتا بێکەران لە تاریکی رابمێنم، وێنەکانی تیا بکێشمەوە و خەونی جۆراوجۆری تیا ببینم. یەکێک لە

مامەکانم، نازانم کامیانە، دەڵێ ژنی بۆ بێنن، هیچ شتێک وەک ژن نیە. من کە دڵنیام ئەمە قسەی مامە رەحمانە، بە خۆم دەڵێم هەندێ کەس هەتا ئەبەد ئەوەن کە هەن. ناگۆڕێن، بەڵام خۆ ژنهێنان گاڵتە نیە. یەکەم دەبێ کارت هەبێ، دووهەم دەبێ سەربازیت کردبێ و سێهەم دەبێ بۆ خۆت حەزبکەی و چوارەم لانیکەم گەر کارت نەبێ دەبێ ماوەیەک دایک و باوکت بتژیەنن. وادیارە کەس گوێی لەم پێشنیارە نیە. کەس. وادیارە ئەم سەردەمە لە سەردەمی ژنهێنان ناچێ. یەکێک لە مامەکان، کە دیسان نازانم کامیانە، بەگاڵتەوە دەپرمێنێ و دەڵێ لەو کاتەوە گواستوتانەوە بۆ خانووە تازەکە دەڵێی مێشکتان لە کۆنەکە جێ هێشتووە. کەس وەڵامی ناداتەوە. لەبەر خۆمەوە بە خۆم دەڵێم دەبێ کەمێکی تر تەمەنت هەڵکشێ. دیارە ئەمەم لە کتێبێکدا خوێندبووەوە کە لەگەڵ ساڵەکان مرۆڤ بەهێزتر دەبێ و بەهۆی ئەزموونکردنی رووداوی زۆرتر ئەوانەی جارانی زیاتر لەبیردەچێتەوە، لانیکەم لاوازتر دەبن. بە تایبەت کاتێک لە پەنجاکان لابدەی، ئیتر ئەقڵ ئەوەندە گەشەدەکا کە خۆت نەدەیتە دەست هەستەکان. دیارە بە یەک مەرج گەر ئیرادەیشت هەبێ. کەواتە من تەنیا دەبێ چاوەڕوانی ساڵەکان بم. ساڵەکان لە داهاتوودا و ئیرادەیەک لە ئیستاوە. خۆشحاڵم رێگاچارەیەک هەیە.

بەرادەر شەب ئاویز لە مەجلیسێکی خۆمانەدا کە دەعوەتییەکی دەوڵەمەندێکی شار دەبێ، لەگەڵ هاورێکانی قاقا پێدەکەنێ و دەڵێ لەو کاتەدا زۆریان میزدەکەن بە خۆیانا. دەڵێ هەرە بەغیرەتەکەیشیان وان، بەدەست خۆیان نیە. ئەگەرچی من لەبیرم نایەت، بەڵام بەم پێیە دەبێ دوو جار لەبەر چاوی ئەواندا میزم بە خۆمدا کردبێ. لە نافەکەوە بۆ

دەرەلینگ و لەوێوە بۆ ناو گۆرەوەی و کەوشەکانم. نا،... لە بیرم نایەت. ئەوسا دڵنیا دەبم کە بەرادەر تەنیا دەیەوێ رابوێرێ و مەجلیسەکەیان بە قسەی خۆش زیاتر گەرم بکا. بۆنی ویسکی و حەشیش و سیگار دونیا دادەگرێ. لە پەنجەرەی نیوەکراوەی مەجلیسەکەوە دەنگی وەڕینی سەگێکی دوور دەگاتەگوێ. من بۆ ئەوەی ئەوەندە خەجاڵەتی لە خۆم نەکێشم هەوڵدەدەم بەرادەر بخەمە جێی خۆم و ئەوجا بیهێنمە بەرچاوم کە داخۆ ئەگەر ئەو بووایە چی دەکرد. کاتێک دەبینم ئەویش میز بە خۆیدا دەکا، سوکناییم دێت، بەڵام،... بەڵام ئارام نابمەوە. لە هەموو ئەم دیمەن و خەیاڵانەدا شتێک تا ئەوپەڕی خۆی ناڕاستە. هەوڵدەدەم بیدۆزمەوە. هەرچی دەکەم ناتوانم. شەوێک کاتێک دایکم لایەلایەم بۆ دەکا، دەیدۆزمەوە. ئا، من و بەرادەر شەب ئاویز شتێکمان ونکردووە. هەردووکمان نامانەوێ بۆ ساتێکیش بێت بچینە ناو دونیای ئەوی ترەوە بۆ ئەوەی بزانین کە بەڕاستی چ خەبەرە. ئەگەرچی ئەمە لای ئەو هەڵبژاردنێکە و لای منیش شتێکە وەک تۆڵە کە ناهێڵێ. ئەو شەوە بڕیاردەدەم خۆم لە هەستی تۆڵە بۆ هەمیشە دەربازبکەم، هەوڵدەدەم رابردوو بە هەموو شتەکانی خۆیەوە بکەم بە رابردوویەکی تۆخ و ئیتر نیگا و سەرنجم تەنیا لای داهاتوو بێت.

جگەرەفرۆشێکی شاعیر دەناسم کە هیچ ناڵێ و رۆژ تا ئێوارە بە جگەرەکانییەوە لە ناو جادە و کۆڵان دەگەرێ و کە شەویشی لێدێ تەنیا لە زمانی قەڵەمەکەیەوە بە سەر کاغەزەکانییەوە دەدوێ. ئەوسا بیرم دەکەوێتەوەکە هەموو ئەم ساڵانە لەگەڵ ئەوەی یەکجار زۆر هۆگری

**خوێندنەوە بووم کەچی ئاوێتەی نووسین لە هیچ شێوازێکیدا نەبووم. لە خۆم توورەم. حەزدەکەم وەک ئەو دەست بکەم بە شێعرنووسین. بۆ ئەم مەبەستە بۆ یەکەم جار کتێبێکی شێعر دەخوێنمەوە. سەرنجم زۆر رادەکێشێ. شێعر لای من شتێکە وەک قووڵاییەکانی رۆح کە هەڵدەقوڵێ بە بێ ئەوەی بگاتە رووبەر. دەگاو ناگا. دەست دەبەم و قەڵەمەکەم هەڵدەگرم و لە لاساییکردنەوەیەکی خۆبەخۆدا دەنووسم "ئەو شەوە ـ تەنیا خۆم بووم لەگەڵ خۆم". دەست رادەگرم و لێی رادەمێنم و چەند جار لەبەر خۆمەوە دەیخوێنمەوە. درێژەی دەدەمێ "وەک خۆمی ساڵان ـ بە درێژایی جادەکە ـ بارانێکی داغ دەنگی دام ـ داچڵەکام!" چەند جاری تر دەیخوێنمەوە. لەگەڵ ئەوەی دزانم شێعر شتێکە وەک "دەگا و ناگا"، بەڵام چەند حەزدەکەن بگا. رقم لە خۆم دەبێتەوە. بەڵام نایدڕێنم. دەیخەمە گیرفانمەوە و هەوڵدەدەم پیشانی جگەرەفرۆشە شاعیرەکەی بدەم. بۆ سبەی شوێنی دەکەوم. دەستم لە ناو گیرفانمدایە و بە سەرپەنجەکانم بە شێعرەکە کایە دەکەم. چاوەڕوانی دەرفەتێکم. چەندین رۆژ ئەمە دووپات دەکەمەوە بە بێ ئەوەی بتوانم سەرکەوتووبم. ناتوانم. بەڵام لانیکەم شێوەژیانی ئەوم دێتە دەست. تەواوی رۆژ دەڕوا، رادەوەستێ و دادەنیشێ. سەیری خەڵکی دەکا، لەبەر دووکانەکان لە شمەکەکان رادەمێنێ، پاڵ بە درەختەکانەوە دەدا، قاچێکییان پێوەدەنێ و وەک هەمیشە چاوەڕوانی مشتەرییەکە، لە قاوەخانەکان لادەدا و چاییەک دەخواتەوە. لەوێ مشتەری باشی هەیە. بە دنک زیاتر دەفرۆشێ هەتا پاکەت. پاکەتەکان بە چەندین جار رێک و پێکدەکاتەوە، جاری وایە ئەوەندەیان لێ رادەمێنێ کە هەستدەکەم لە ناویانادا**

وندەبێ. بۆ خۆی سیگار ناکێشێ. سەیر ئەوەیە لە هەموو ئەو ساعەتانەدا و بە درێژایی ڕۆژ، یەک وشە چییە نانووسێ یا ناخوێنێتەوە، بەڵام ئاگام لێیە لەبەر خۆیەوە ورتەورتیەتی.

ڕەنگە شێعر شتێک بێت وەک ڕاکردن لە دە سەعات گەڕانی بێهوودەی ناو کۆڵان و ناو جادەکان. شتێک کە من نیمە. پوورم دەڵێ پەلەمەکە بۆ خۆی دێت،... دەڵێ دیارە مەرج نیە شێعر بێت. ئەو لای وایە ژیان وەهایە کە سەرئەنجام دەبێ کەسێک بینووسێتەوە. جا بە کەم و زۆریش کەوتووە. لای ئەو هەموو کەسێکیش دەتوانێ بینووسێتەوە، هەر لە جگرەفرۆشەکەوە بیگرە هەتا کەسێکی وەک من کە هێشتا ناتوانێ خۆی لەو دوو ڕووداوە درۆینەی ژیانی دەرباز بکات.

کتێبە مێژووییەکان پێم دەڵێن تەنیا ئەوانەی دەتوانن لە ڕووداوە قورسەکانی ژیانیان قوتاربن کە ئەوەندە ڕووداوی قورس ببینن چیتر بەلایانەوە گرینگ نەبێ. ڕێک وەک ئەو سەربازانەی وا بە ناو دەیان شەڕدا تێدەپەڕن و بە سەدان کوژراو و بریندار دەبینن. دەڵێن ئەوانەی وا تەنیا یەک یان دوو ڕووداوی لەم چەشنە دەبینن بۆ هەمیشە ترسەنۆک و لاواز دەمێننەوە. لەم کاتانەدا بیری کەسی وەک عومەرە کۆسە دەکەومەوە و بە خۆم دەڵێم بانگت لێدەکەن! بەڵام نا، هیچ شتێک وەک مرۆڤێکی تەنیا و بێدەسەڵاتی بەر تفەنگێک نیە کە بێ خەیاڵە لەوەی تۆ هەبی یان نەبی. نا، ئەم ڕووداوانە نە دەتوانن زۆر دووپات ببنەوە و نە بۆ دووپاتبوونەوە خوڵقاون.

هەتا ڕۆژێک هەواڵی خۆکوژیی شاعیرە جگەرەفرۆشەکە لەناو شار بڵاودەبێتەوە. لە پەنجەرەی بەرزی ئەو خانووەوە وا بە سەر کۆڵانێکی

کوڕدا دەیڕوانی خۆی فڕێدەداتە دەرەوە و کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ. دەفتەرە شێعرەکەیشی لەو دیو پەنجەرەکەوە لەناو ژوورەکە جێدەمێنی. گوایا گەرەکی بووە لەگەڵ خۆی هەڵیداویێ؛... جا یان دەفتەرەکە نەیویستووە، یان بۆ خۆی لە دووا چرکەدا پەشیمان بووبێتەوە. کەس نازانێ. بەڵام من دەزانم. من پێم وایە شاعیر دەتوانێ خۆکوژی بکا، بلام شێعر نا. رەنگە تەنانەت شێعرەکان هەوڵیاندابێ پەشیمانیشی بکەنەوە، هەتا قەراخ خۆهەڵدانەکە لەگەڵی رۆیشتوون، بەڵام بێسوود بووە.

تەرمەکەی چەندین رۆژ لە ساردخانەی بیمارستان دەمێنێتەوە و گوایا لە دووای ئەوەی حکومەت لێکۆڵینەوەی لێدەکا و دکتۆرەکانیش راپۆرتێکی پزیشکی لەسەر دەنووسن، ئیزنی ناشتنی دەدەن. هەموو دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە بەڕاستی خۆی کوشتووەو تاوانی کەس نەبووە.

من ناچم بۆ قەبران. بگرە جگە لە کەس و کاری خۆی و هەندێ کەسی تریش کە یەکجار بە ژمارە کەم دەبن، لە خەڵکی شار کەس ناچێ. دەڵێن خۆکوژی گوناحە و بە قسەی خوای نەکردووە و بۆیە خۆی لێ دەبوێرن. رێک وەک ئەو رۆژانەی جگەرەی دەفرۆشت. منیش جاری وایە پێم وایە خۆکوژی تاوانە، هەرچەند رەنگە گەر رۆژێک بتوانم شێعرەکانی بخوێنمەوە، بگەمە بۆچوونێکی تر.

بەڵام راوەستن. کە بیر لە جگەرەفرۆشەکە دەکەمەوە، دوو شەوە ترسناکەکەی ژیانم چەند وەک رووداوێکی سادە و ساکار دێتەبەرچاو. نیوەشەوێک لەناو جێگاکەم دێمە دەرەوە و لە پەنجەرەکەوە لە دیمەنی

چۆڵ و تاریکی کۆڵان دەڕوانم. نازانم خۆشحاڵ بم یا خەمگین کە هەمیشە دەکرێ کارەساتێکی ترسناکتر لەوەی لامان وایە یەکجار ترسناکە، هەیە.

***

زۆر شت لە ژیاندا هەیە کە یان بە سەریا تێدەپەڕی، یان چارەنووس بەسەریا تێتدەپەڕێنێ! حاڵەتی سێهەم بوونی نیە. بە رای من مرۆڤ بوونەوەرێکە یان هەڵدەبژێرێ، یان بۆی هەڵدەبژێرن. رێگای سێهەم بوونی نیە. ئەبەدا!

ئەوەندەی من لە خۆم و لە چارەنووسم گەیشتبم ئەو چەند ساڵەی لە خەودابووم، زیاتر لە هەر شتێکی تر لە چەمکێک دوورکەوتبوومەوە بە ناوی نیشتمان کە خەڵکی ئەو ساڵانە هەم زۆریان لە سەر دەم بوو و، هەم زۆریشیان لەسەر هەڵدابوو. راستییەکەی ئەوە بوو هەموو رووداوی شۆڕش لەم کەلیمەیەدا جێی دەبووەوە. بەڵام ئەوە چ وشەیەک بوو هەم شا باسی لێکردبوو و هەم ئەوانەی لێی راپەڕیبوون و بەزۆر دەریانپەڕاندبوو! لام وایە یان لەیەکتر نەگەیشتبوون، یان هەر کامەو بیروڕای خۆی لەسەری هەبووە. بەڵام کامەیان راستن؟ داخۆ دەکرێ هەموو بیروڕاکان بەیەک ئەندازە راست بن؟ یان نیشتمان لە بنەڕەتدا فڕی بە سەر راستی و دروستییەوە نیە؟

ئەوەندەی من لە دەورووبەری خۆم دەڕوانم و لە دۆخەکە گەیشتبم، دەبینم نیشتمان ئەو خاکەیە وا هەموو جۆرە بنیادەمێک بەسەریا دەڕوا، هەر کامەیش بەجۆرێک لێی دەڕوانێ و داواکاری تایبەتی خۆی لێ

هەیە. بە کورتی من لام وایە نیشتمان ئەو شوێنەیە هەموو خەونی تیادەبینین.

لە یەکێک لە کتێبە مێژووییەکاندا خوێندوومەتەوە ناوچەیەکی سەرسەوز لە دەورووبەری پاریس هەیە کە ساڵانێک شوێنی پیاسەی قارەمانەکانی شەڕی یەکەمی جیهان لەگەڵ دڵدارەکانیان بووەو، ئیستاکە شوێنی ئەو سۆزانییانەیە، وا بە جەستە نیوەڕووتەکانیانەوە بەتەمای مشتەری ئەم سەر تا ئەو سەر تیایا رادەوەستن بۆ ئەوەی گڕی جەستەی پیاوە هەوەسبازەکان یاخود ئەو پیاوانەی وا لەمێژە گەرمایی جەستەی ژنیان هەست پێنەکردووە، دامرکێننەوە. لە کتێبەکەدا وێنەکانیش هەن. وێنە رەش و سپییەکانی سەردەمی شەڕ و، وێنە ملەوەنە تازەکان. ئەو دڵدارانەی قۆلیان بە قۆلی یەکتردا کردووە و دەم بەبزە تێدەپەڕن و، ئەو وێنە رەنگییانەی وا سۆزانییەک بە دامەنە کورتەکەیەوە بە سەر ماشینێکدا نەویوەتەوە و خەریکی مامڵەکردنە لە گەڵ مشتەرییەک. راستی مرۆڤەکان لەپێناوی چیدا دەجەنگن؟ داخۆ ئەوانە تا چەندە قارەمان بوون کە لە دووای خۆیان ناوچەیەکیان بۆ قەحبەکان جێهێشت؟ یان لە راستیدا قەحبەکان بەشێکی جیانەکراوە و هەمیشەیی لە ژیان و لە سروشتی کۆمەڵگان و بەسووک سەیرکردنیان هەر لە بنەڕەتەوە تاوانە و ناڕاست؟ ئێمە تا چەندە لەوەدا راستین کە قارەمانێکی شەڕ لە سۆزانییەک بەرزتر بنەرخێنین؟ داخۆ قارەمانەکان ئەوانە نین کە بۆ بەرگری لە نیشتمان، لەو نیشتمانەی ناتوانێ بیرێک لە حاڵی سۆزانییەکان بکاتەوە، مرۆڤەکانی تر دەکوژن؟ داخۆ قارەمانەکان ئەوانە نین کە رۆژێک لە رۆژان وەک هەموو ئەو پیاوانەی

وا ئیستاکە بەم شەقامەدا تێدەپەڕن، سەردەمانێک لە شوێنێکی تر بە شەقامی تردا تێپەڕیبن بە تەمای سۆزانییە چاوەڕوانەکانی ئەو سەردەمە؟

بۆنی نانی تازە بە لووتمدا دێت. لەگەڕەک، ماڵێک خەریکی نانکردنە. بۆنەکە لەززەتبەخشە و ئارامم دەکاتەوە. هەتا دەتوانم بە هەڵکێشانی نەفەسی قووڵ هەڵیدەکێشمە ناو سییەکانمەوە. دەبم بە نان. نازانم خۆشحاڵ بم لەوەی لەو سەردەمەیدا وا باس باسی نیشتمان بوو، من لە خەودا بووم یان نا؛ بەڵام هەستدەکەم بەپێچەوانەی هەموو ئەوانەی وا ئەو سەردەمەیان بینیوە، من دەرفەتی ئەوەم بۆ رەخساوە لە گۆشەنیگایەکی ترەوە بڕوانمە نیشتمان. لانیکەم لەوەیدا کە پەلەنەکەم و ورد و، بەکاوەخۆ بە شوێنیەوە بم.

رەنگە نیشتمان ئەو دایک و باوکە جووتیارە بێت کە هەموو کوێرەوەرییەک دەکێشن بۆ ئەوەی تاقە کوڕەکەیان بنێرن بۆ شار بخوێنێ، بۆ ئەوەی دوواتر بێتەوە و یارمەتیان بدات، بەڵام چارەنووس کوڕەکەیان بەرەو رێگایەکی تر دەبات. وەها کە تەنیا لە دووای ئەوەی دایک و باوکی دەمرن دەگەڕێتەوە و مەزرا و خانوو و هەموو ئەو کەرەسانەی تێیدایە دەفرۆشێ و لە ئێوارەیەکی خەمگینی پاییزیدا لە دووای ئەوەی بۆ دوواجار سەیری زەردەپەڕەکەی ئاشنای سەردەمی منداڵی دەکا، بۆ هەمیشە دەڕوا. کورسییەکی کۆن کە بۆ هەمیشە جێدەمێنێ.

نازانم.

بۆ ئەوەی بتوانم بە شوێنێک بگەم، هەوڵدەدەم لە خەیاڵمدا بیهێنمە بەرچاوم کە ئەوانەی دەورووبەرم، ئەوانەی وا دەیانناسم چۆن بیر لە نیشتمان دەکەنەوە. لای باوەگەورە بێگومان نیشتمان ئەو ژنەی بوو قەت پێی نەنایە دونیاوە. لای باوکم خائینێکی سپڵەی لە قەحبە کەمتر بوو. لای پوورم ئەو پیاوە خەیاڵییە بوو قەت لە ناو چیرۆکەکانەوە پێی نەنایە ناو دونیای راستەقینەوە و بۆ هەمیشە وەک چیرۆک مایەوە. لای مامە جوێنفرۆش ئەو خانووانەی بوو وا یەک لە دووای یەک سازی دەکردن. لای ئاغای ئەسەدی ئەو زیندانەی بوو وا دەبووە دووامەنزڵگەی خائینان بە شا. لای مامە تەنەکە، تەنەکەیەک بوو کە دەیکوتا و دەیتوانی هەموو شتێکی پێ سازبکا. لای حەمە عوممانە تیکە زەوییەک بوو کە دەیتوانی لە دووای هێرشبردنە سەر وڵاتێکی تر بەری بکەوێ. لای مامە چایی، چەند پیاڵە چایی لەسەریەک دانراو بوو بەو جووت قەندانەوە وا لە ژێرپیاڵەی هەر کامیاندا خۆی دەنواند. لای عەبە بێقۆل ژنێکی جوان بوو کە دەیتوانی بەشی زۆر کەس بکا، بەمەرجێک لای خۆی بمایەوە. لای حەمەسوور دەمانچەیەکی ئەو دیو سنوور بوو. لای خازوڵەیخا و بەکرەکوێر دوو ژوور بوو لە حەوشەدا کە دەیانتوانی بەکرێی بدەن. لای مامە وردەواڵە، ئەو مت و مووروانە بوون وا ژنە دێهاتیی پێ هەڵدەخەڵەتاندن. لای ئاغای فەرەجی، ئەو کووچە و کۆڵانانە بوون وا ئەو دەیتوانی کێشکیان تیاببینێ. لای ئەحەی ئارەقخۆر، بتڵێکی ئارەقی سەگی بوو بە پیاڵۆکەیەک ماستەوە لە تەنیشت کانیاوێک لە بناری شاخێکی بەرز کە تەنیا دەیڕوانیە ئاسمان. لای کاک بەختیار مرۆڤێکی دیل بوو کە پارەی لێ هەڵدەوەری. لای

**عومەرە کۆسە شتێکی بێدەسەڵات بوو کە چاوەڕوانی هیممەتی ئەو بوو. لای دایکم تەشتێک جل بوو کە دەبووایە هەموو رۆژێک بیانشوا و لای ئاغای شەب ئاویزیش نیشتمان شتێک بوو کە بە هەڵە ناویان لێ نابوو نیشتمان و ئەگینا دەبووایە ناوی حەوشەکەی ماڵی باوکم بووایە.**

**باوکم کە لە من وەک زۆڵ دەڕوانێ و، لای وایە ئەوەی هیچ هەستێکی بەرانبەر بە نیشتمان نەبێ تەنیا شیاوی کوشتن و تیابردنە، بە گوێمدا دەچرپێنێ و دەڵێ "گەر لە گۆشت و ئێسک و خوێنی خۆم نەبوویتایە، دەمێک بوو کوشتبوومی!"، ئەوسا دەستدەکا بە گیرفانیدا، کەللایەکی بەردی زل دەردێنێ (ئەو کەللایەی لە کاتی ماسی گرتن لە قەراخ چەم دروستی کردووە) و، دەڵێ "پێشنیارت پێ ئەکەم بۆ ئەوەی لەوە زیاتر حەیامان نەبەی رۆژ تا ئێوارە لەگەڵ هەتیوومەتیوان خەریکی مێشێن بە!" ئەو پێشنیارەی زیاتر لە هەڕەشە دەچێ تا پێشنیار. من ئارام کەللاکە دەخەمە گیرفانمەوە و دەڕۆم. بە خۆشییەوە باوکم ئەوەندە زەین و بیری مەشغوڵە کە زۆر خێرا هەموو شتێک لەبیردەکا و سەر لە نوێ دەچێتەوە سەر چیرۆکە کۆنەکەی خۆی. پاشا، لە لای ئەو، لەو دیو کەنارەکانی نیشتمانەوە هێشتا وەک ئەو ساڵە دەست رادەوەشێنێ و ئەمیش لای وایە ئەوەندەی نەماوە سەماوەرە رووسییەکە وەک ساڵی ساڵان لە تاقچەکە دابگرێتەوە و بیخاتەوە بەردەست.**

**چەند حەزدەکەم بە باوکم بڵێم کە تاوانی من نیە و لە راستیدا من یەکێک لەو کەسانەم وا بۆم هەڵدەبژێرن. ئەویش تەنیا بە هۆی رووداوێکی سادە و چاوەڕواننەکراوەوە،... رووداوی خەوتنی دە ساڵەی من. هەرچەند شتێک لە دەروونمەوە پێم دەڵێ کە دەبێ خۆشحاڵ بم.**

خۆشحاڵ بم لەبەر ئەوەی نیشتمان، وەک حەزی خۆی، وەک شتێکی نادیار و ناڕوون بۆ هەمیشە بمێنێتەوە. من کە دەزانم باوکم لەمە ناگا، پشتی تێدەکەم و دەڕۆم. ئەو بە خەیاڵی خۆی و من بە خەیاڵی خۆم. وەک هەمیشە.

ڕۆژێک پێی دەڵێم بابە دەزانی گەر کتێبە مێژووییەکان بخوێنیتەوە تا ڕادەیەکی زۆر لە سەردەم و لە کاتە ئاساییەکانی ژیان ڕزگارت دەبێ و دونیا دەبێ بەو شتە و بەو کاتەی وا بۆ خۆت حەزت لێیەتی؟ باوکم بەم قسەیە، تیشکێک لە چاوەکانیدا دەگەڕێ و بۆ ڕۆژی دوواتر پێکەوە سەردانی کتێبخانەکە دەکەین. من لێدەخوڕم و ئەویش لە دوواوە بە سەر تەرکەکەوە. پاسکیلەکە کۆن بووە و جیڕەی دێ. پێی دەڵێم بۆ ئەوەی شاگەشکە نەبێ، واباشە سەرەتا بە کتێبی 'سیندرەلا'وە دەست پێبکا. بەرپرسی کتێبخانەکە کە لەمێژە بووینەتە ئاشنا و جێی متمانەی یەکترین، دەچێ و کتێبەکە لە ژووری کتێبە قەدەخەکراوەکان دێنێتە دەرەوە، چاوێک بە دەوری خۆیدا دەگێڕێ و دەیداتە دەستمان:

- بە وەعدی جارانمان؟
- بەوەعدی جارانمان!

باوکم لە کتێبی سیندرەلا تێرنابێ، جاری وایە بە دەنگی بەرزیش چەندین و چەندین جار دەیخوێنێتەوە؛ بەڵام هاوکات دەیخاتە بیرێکی قووڵیشەوە. ئەو لای وایە هەموو هەڵەی پاشاکان لەوێوە دەست پێدەکا کە وەک شازادەی ناو کتێبی سیندرەلا دەیانەوێ لەگەڵ خەڵکی ئاسایی تێکەڵ بن و ئاشقیان دەبن و ئامادەن بۆ ئەوەی بیانگەنێ هەموو شتێک بکەن.

بەڵام ئەمە بەر بەوە ناگرێ، لە خوێندندنەوەی کتێبە تاریخییەکان بەردەوام نەبێ. هەموو هەفتەیەک یەک یان دووانیان لێدەخوێنێتەوە. وەها کە ئیتر لە کتێبخانە بۆ ئەو کتێب نامێنێ. تەنانەت هی ژوورە قەدەغەکەیشی هەموو خوێندوونەوە. چەند کتێبێکیش لە کتێبفرۆشییەکەی شار دەکرێ و ماوەیەکیش بەوانەوە سەرقاڵ دەبێ.

رۆژێک پێی دەڵێم "باوکە کتێبە مێژووییەکانیش وەک هەموو شتێکی تر کۆتاییان پێدێ، بۆیە وا باشترە لە بیری خوێندنەوەی شتی ترا بێ، یان سەرلەنوێ پیایانا بچێتەوە."

هەڵبەت باوکم لەوە زیرەکترە من بیرم لێدەکردەوە. ئەو هەموو ئەو بەشانەی وا لەسەر پاشاکەنە لەو دەفتەرانەی وا کڕیونی، بە دەستوخەتی خۆی دەنووسێتەوە. بە دەیان دەفتەری شەست بەرگی. ژوورەکان بۆنی جەوهەری خودکاری بیگ دەگرن. ئەو پێی وایە دونیا یەک کتێبی کەمە: کتێبێک کە هەڵگری ژیانی هەموو پاشانی نیشتمان بە تێکڕایی بێت.

خۆشحاڵم باوکم بۆ پاشماوەی ژیانی، سەرگەرمیی خۆی دۆزیوەتەوە. ئەوە سەرگەرمییەوە دەتوانێ مانا بە ژیانی بدات و چیتر هەر لە کونجی ماڵ دانەنیشێ و خۆی بخواتەوە.

تەنیا ئەوەندەی، دەبێ ئاگامان لەوە بێت شەوێک لە شەوان ئاغای شەب ئاویز بە زەوق، بە حەز یان بە هۆی راپۆرتەوە خۆی نەکا بە ژوورەوەدا.

پوورم دەڵێ تازە کەس لە ماڵی ئێمە مەشکوک نابێ!... کەس کەس.

***

ماوەیەکە هەستێکی سەیرم هەیە. هەستێک کە ئەگەرچی ئازارم نادات، بەڵام خۆشیش نیە. من هەست دەکەم ترسنۆکم. دیارە لەوە پێش ئەم رستەیەم لەسەر خۆم بیستبوو. یەکەم جار سالانی ساڵ لەوە پێش عەبە بێقۆلی ئامۆزام پێی گوتبووم. کاتێک جارێکیان لەسەر رێگای کتێبخانە بەتووشییەوە ببووم، دەستی راستی لە ناو قۆلی درێژی کۆتەکەیەوە هێنابووە دەرەوە و لە کاتێکا بەردی لە چۆلەکەکان دەگرت، گوتبووی "ئیستا ئەزانم، تۆ ترسنۆکی و لەو کتێبخانەیە خۆت ئەشارییەوە. وەک چۆن چۆلەکە لە دەست پشیلە هەڵدێت!" ئەوسا بزەیەکی شەیتانی شەقامەکەی تاساندبوو.

چەند رۆژێکە فکر و زکرم چووەتەوە سەر ئەم قسەیە و ناتوانم لە خۆمی دووربکەمەوە. باشە بەڕاستی من ترسنۆکم؟ ئاوڕێکی سەرپێی لە ژیانی رابردووم دەدەمەوە. هیچ شتێکی وا نایەتە بەرچاوم کە بیسەلمێنێ من ترسنۆکم. تەنیا ئەوەیکە من زۆر تێکەڵی خەڵکی نەبووم. ئەمەیش جیاوازە و فڕی بەسەر ترسنۆکییەوە نیە. تازە، من لام وانیە عەبەی ئامۆزام کەسێکی ئازا بێت. شتێک لەودا هەیە قێزەونە، ئازارم دەدات، نەک من، بەڵکو زۆر کەسی تریش. لای من لە ئازایەتیدا شتێکی جوانیش هەیە، تایبەتمەندییەکی سەرنجڕاکێش کە بە خۆیەوە سەرقاڵت دەکا، لەو تایبەتمەندییانەی بۆ هەموو کەس دەستنادا و، بۆیە دەبێتە داڵغە. عەبە داڵغەی کەس نیە، هەموو کەس خۆی لێ دەبوارد، بگرە رقیشیان لێی بوو. هەڵبەت ئەمە سالانی ساڵ لەوە پێش بوو.

ئەم بیرانە خۆشحاڵم دەکا، بەڵام هاوکات خەیاڵی ترسنۆکییەکەم لێ دوورناکەنەوە. تا رۆژێک بەڕێکەوت بەلای چەند کەسێکدا کە لەبەر

مزگەوت راوەستاون و پێکەوە دەدوێن، رادەبوورم؛ گوێم لێدەبێ یەکیان بە گومانی خۆی بە ئەسپایی دەڵێ "ئەمەیش ئەو پیاوەی لە ترسانا دە ساڵی رەبەق خەوی لێکەوت!" دەپەشۆکێم. ئیتر ئەمە تەواو تازەیە. بەپەلە دەڕۆمەوە بۆ ماڵەوە. دەچمەوە ژوورەکەی باوەگەورە و دەرگاکە لەسەر خۆم قوفڵدەدەم و هەتا شەو نایەمە دەرەوە. دایکم و تەواوی خێزان یەک لە دووای یەک دێنە پشت دەرگاکە،... دەپاڕێنەوە و هەوڵدەدەن بمهێننە دەرەوە. ئەرێ رۆڵە چی بووە، بۆ وا زیزی، چی قەوماوە؟ بێسوودە. من لام وایە ئەو چەند کەسەی بەر مزگەوت درۆناکەن. من رێک لە سەردەمی گەورەترین رووداوی نیشتمان خەوم لێکەوتبوو و، کارەساتبارتر لە هەر هەموویشی ئەوەیکە هەتا ساڵانی دوواتریشی خەبەرم نەبووەوە. هەوڵدەدەم بێتەوە بیرم کە دوواڕۆژی من کەی بووە و چیم کردووە. بەڵام جگە لە چەند رووداوی سەرەکیی وەک رێگای کتێبخانە، هاتنی شا، ئاغای فەرەجی، ماڵی ئاغای ئەسەدی و حەمەسوور و شتی لەم بابەتە هیچی ترم نایەتەوە بیر. رابردوو تەنیا چەند وێنەی گەورەن لە تەنیشت یەکتردا و، ئیتر هیچی دیکە. قۆڵەکانم لەسەر ئەژنۆکانمە و سەرم لەسەریانە، بەو هەموو وێنە ناڕوون و خۆڵەمێشییانەوە کە جاروبارە سەرتاتکێیانە و بە دەوری وێنە سەرەکییەکانەوە دێن و دەچن. شتێک لە رابردووەوە وەک سێبەری ناو تاریکی کە بەرەبەرە خۆی دەهاوێتە بەر هەتاو، دەردەکەوێ. جەستەم دەلەرزێ. ئێوارەیەکم دێتەوە خەیاڵ دایکم بە چاوە پڕ لە فرمێسکەکانییەوە لەسەر بەرماڵەکە لە دووای نوێژی ئێوارە دەستەکانی بە نیشانەی دۆعا بۆ ئاسمان بەرزکردبووەوە و، بە دەنگێکی

نەوی و کز و داماوانەوە داوای لە خوا دەکرد کوڕەکەی، یەعنی من، بۆ ماوەیەکی باش بەدوور لە دونیایە و لەم ژیانە رابگریٚ بۆ ئەوەی لە هوروژمی بێ ئەمانی ئەو رووداوانەی وا بەڵێن بوو لە داهاتوویەکی نزیکدا بێن و نیشتمان لە خۆیاندا غەرق کەن، بە سەلامەتی دەربازبم. دایکم جاری وایە لەگەڵ بەرماڵەکە دەبنە یەک. جیاناکرێنەوە. سەرم بە ئارامی بەرزدەکەمەوە و، لە ژووورە تاریکەکە دەڕوانم. شەو لە دەرەوە روونترە لێرە. ئا، ئیستاکە جوان جوان دێتەوە بیرم. ئەو ئێوارەیە باوکم درەنگ هاتەوە، باوەگەورە لە حەوشە لەسەر بەردە نوێژەکە خەریکی نوێژکردن بوو، پوورم دیسان خەیاڵی شتێکی نادیار بردبوویەوە،... ئا،... ئیستا تەواو دێتەوە بیرم. رادەبم و دەچمە بەر پەنجەرەکە. لە کۆڵان چەند سێبەر تێدەپەڕن. دونیا بە شێوەیەکی سەیر بێدەنگە. باشە دایکم کە هەمیشە لە ماڵەوە بوو و سەری بە منداڵداری و چێشت لێنان و شۆردنی جلەوە سەرقاڵ بوو چۆن چۆنی توانیبووی پێش بینی داهاتوو بکات؟ دایکێک کە خوێندەواری نەبوو، رۆژنامەی نەدەخوێندەوە و هەمیشە بە سەرسوڕمانەوە لەو کتێبانەی دەڕوانی وا من لە کتێبخانە دەمهێنانەوە!

وەڕەز لەو غەدرە گەورەیەی لە من و لە ژیانم کرابوو، سەرئەنجام شەو درەنگان لە ژوورەکە دێمە دەرەوە. دایکم ئاوێزانم دەبێ و بە گریانەوە تێرتێر سەروچاوم ماچدەکا. چاوەکانمان یەکتر دەخوێننەوە. هەر دووکمان دەزانین چ خەبەرە. من قەت لێی ناپرسمەوە کە داخۆ بۆ وای کرد. ئەویش بێدەنگە. تا ساڵانی دوواتر تێدەگەم، یاخود کەسێک کە ئیستاکە لە بیرم نەماوە بۆم دەگێڕێتەوە کە رێک چەند رۆژ پێش نوێژی

ئەو ئێوارەیەی دایکم، ئێوارەیەک درەنگان کاتێک خەڵکی لەماڵەوەن، پۆلێک باڵندەی کۆچەری لە ئاسمانی شارەوە تێدەپەڕن و لە حەوش و دەرک و بانەکەی ئێمە دەنیشنەوە. تەنیا دایکم ئاگای لەمە دەبێ. بە ئارامی هەڵدەستێ و دەچێتە حەوشە. گوایا باڵندەکان دەوریان دابوو و بۆ ماوەیەکی باش قسەیان لەگەڵ کردبوو. کەسەکە دەیگوت باڵندەکان پێیان گوتبوو لە قەراغەکانی زەوییەوە، ڕێک لەو شوێنەوە بێکۆتایی دەست پێدەکا و ئاسمان و زەوی بە گوێی یەکتردا دەچرپێنن، هەواڵ هاتووە کە دونیا تا ماوەیەکی چاک سەرەوقون دەبێتەوە، گوتبوویان هەواڵەکە دەڵێ دونیا بە تەمای چاکە دەیەوێ وەرسوڕێ، بەڵام لێی تێکدەچێ و تا ماوەیەک کە نادیارە و کەس نازانێ چەندەیە پشێوییەکی سەیر دایدەگرێ. باڵندەکان بە دایکمیان گوتبوو ئاگات لە کوڕەکەت بێت. دایکی بەستەزمان کە تەواو هەراسان دەبێ و نازانێ چی بکا، پرسیاری ئەوە دەکا دەی چار، داخۆ چی بکا بۆ ئەوەی بتوانێ من لەوەها دۆخێک بپەڕێنێتەوە. یەکێک لە باڵندەکان گوتبووی بیخەوێنە! ئەوسا لە بن باڵە سپی و بە هێز و ماندووەکانییەوە گەڵایەکی بچووکی وەک گەڵای گۆزروانی دەرهێنابوو، کە گوایا لە تەنیشت کانییەکی سیحراوی بە دەندووک چنیبووی و هێنابووی، گوتبووی ئەمە بکە ئاوەوە و بیدەرێ با بیخواتەوە،... بۆساڵانی ساڵ خەوی لێ دەکەوێ. دایکم ترسی لێدەنیشێ و دەپرسێ چەند ساڵ؟ وەڵام وەردەگرێتەوە هەر چەند ساڵ تۆ خۆت پێ خۆش بێت. سەرئەنجام لەسەر دە ساڵ ڕێک کەوتبوون، هەرچەند باڵندەکان کاتێک هەڵفڕیبوونەوە بە لاچاو لە دایکمیان ڕووانیبوو.

من نازانم دایکم چەندە لەوەدا تاوانبار یاخود خاوەن مافە کە بە بێ ئیزنی من بەم شێوەیە لەسەر ژیانی من بڕیاربدا، بەڵام چیرۆکی باڵندەکان لام یەکجار سەرنجڕاکێشن. ئەم چیرۆکە دەبێتە هۆی ئەوەی من بە ئاسانی بیبەخشم و لەسەر دە ساڵ تەمەنم پڕکێشی لێنەکەم. گرینگتر لە هەمووشیان ئەوەیە کە من سەرئەنجام بۆم دەسەلمێ پیاوێکی ترسنۆک نیم و تەنیا بە هۆی ترسی کەسێکی ترەوە و بە گوێرەی بڕیاری پۆلێک باڵندەوە بەشێکی گرینگی ژیانم لە رووداوەکان دوورخرابوومەوە.

بەڵام داخۆ هەندێ رووداو ئەوە دەهێنێ وەها ژیانتی بۆ لە دەست بدەی؟ ئایا مەرگ یان کارەساتەکان ئەوەندە ترسناکن بەم شێوەیە زەمەنیان بە قوڕگدا بکەی؟ دەڵێن تەواوی ئەو دە ساڵە کاتێک لە دەرەوە دەنگە سەیروسەمەرەکان دەهاتن و هەر رۆژەی لە شوێنێکەوە هەواڵێکی ناخۆش دەهات، دایکم کە لە پشت پەردەکانەوە لە دەرەوەی دەڕوانی، خەنی لەوەی کوڕەکەی لە خەوێکی قووڵدا ئەو رۆژانە تێدەپەڕێنێ، بەردەوام دۆعای بەخێری بۆ باڵندەکان دەکرد. لای ئەو مەلائیکەکان لە قەوارەی ئەواندا هاتبوون بۆ ئەوەی بەزەیی خوا بۆ خانووەکەی ئێمە بگوێزنەوە کە گواستبوشیانەوە.

رۆژێک لێی دەپرسم بۆ لای وابوو من شتێکم بەسەر دێت. لە جوابا دەڵێ مەگەر کارەسات دەپرسێ! ئەم وەڵامەم بەدڵ نیە و کەمێک لەو کۆشکەی لە خۆمم دروست کردبوو، دەڕمێنێ. لە تەمەنی بەرەوسەرتردایە تێدەگەم کە ژیان شتێکە وەک هەیکەلێکی ناڕوون و بە قەدەر هەموو بوون کە زۆر جار تەنیا بە گوێرەی حەزی خۆی دەجووڵێتەوە.

دایکانیش چەند سەیرن و چەند دونیا تەنیا بە گوێرەی منداڵەکانیان لێکدەدەنەوە. ئەوان تا مۆخی ئێسقانیان خۆپەرەست و کۆنسێرڤاتیڤن. خۆشەویستی ئەوان بۆ منداڵەکانیان، هەموو یاسا و ڕێساکانی دونیا لەبابەت هەوڵی مرۆڤ بۆ دەستەبەرکردنی ژیان و دونیایەکی باشتر بەسەر یەکتردا دەڕمێنن. هێشتنەوەی منداڵ لە ناو ماڵ، گەورەترین غەدری دایک و باوکە لە منداڵ.

نازانم دایکم خۆش دەویٚ یان نا، نازانم رقم لێیەتی یان نا؛ بەڵام گەر بە من بێت بێگومان بە جۆرێکی تر دایکان دروست دەکەمەوە. جۆرێکی وەها کە لە جیاتی ئەوەی منداڵەکانیان بشارنەوە، بیانکەن بە گژ جیهاندا. ئەو دایک و باوکانەی زیاتر لەوەی لە چارەنووسی منداڵیان بترسن، پەرۆشی چۆنیەتی پەروەردەبوونی کەسایەتی ئەوانن لە ژیانیاندا.

رۆژێک دایکم دەستم دەگریٚ و دەمبا لە یەکێک لە چەمەدانەکانیدا پەڕێک دەردەهێنیٚ و پیشانم دەدا. دەڵیٚ ئەمە تەنیا پەڕێکە لە باڵندەکانی ئەو ساڵە بەجیٚ ماوە و ئەمە یەکەم جاریشە پیشانی کەسێکی دەدا. لێی دەڕوانم. دەڵیٚ گەر دەتەویٚ دەتوانی هەڵیگری. من تەنانەت دەستیشی لێنادەم، چ بگا بەوەی لای خۆم رایبگرم. بە رای من خراپترین شت هەڵگرتنی ئەو سیمبۆلەیە وا هەموو جارێک بە بینینی دێتەوە بیرت کە تەنیا لەبەر مانەوە، وازت لە ژیانکردن هێناوە. دایکیشم کە لەمە تێدەگا، چیتر هەڵیناگرێتەوە و رۆژێک کاتێک کەس ئاگای لیٚ نیە، لە سەر بانی دەیداتەوە دەست ئەو رەشەبایە وا دەڵێی تەنیا بۆ هەڵگرتنی پەڕی باڵندەکە هەڵیکردبوو.

**بەڵام بە خۆشییەوە دایکم لە یەک شتدا هەڵەی کردبوو. ئەویش دە ساڵەکە بوو. گەر دایکم دەیویست دەبارەت بە من دڵنیا بووایە، نەک دە ساڵ، بەڵکو لەوە دەچوو بە دەیان ساڵی تریش من دەبا بخەوتایەم،... بگرە هەتا دووای مەرگیشم! نیشتمان لەوە دەچوو زۆر خراپ تێوەگلابوو.**

***

**باوەگەورە کاتی خۆی کە نوێژی دەکرد، تەنیا دەمی دەجووڵا. یەک تاقە وشە چییە لێت نەدەبیست. سەری دادەخست و هەتا تەواودەبوو چاوی لە بەرماڵەکە یاخود بەردەکە دەبڕی. یەکێک لە ئارامترین ساتەوەختەکانی ژیانی ئەو، کاتی نوێژەکانی بوو. دەبوو بە کەسێکی تر. ئەمە ئاسایی بوو، لەبەر ئەوەی خوا پێی گوتبوو لەم کاتانەدا دەبێ هۆش و زەینی تەنیا لای ئەو بێت و بەس. من نازانم باوەگەورە تا چەندە لە کاتی نوێژکردندا ئاگای لای خوا بوو، داخۆ سەرداخستنەکانی هی ئەوە نەبوو کە زۆر بە ئاسانی خەیاڵی دەڕۆیشت و دونیای فانی سەرلەنوێ سەرنجی دەقۆستەوە؟ بەڵام من وای دادەنێم لانیکەم لەو کاتانەدا لە ژیانی دەورووبەر دادەبڕا و ئەمە یەکێک لەو کاتانە بوو کە من حەزم نەدەکرد قەت تەواوبێت. جاری وابوو حەزم دەکرد لە جیاتی پێنج جار لە شەو و رۆژدا، بیست جار نوێژ بکا. هەر جارەیشی زیاتر لەوەی پێویست بوو لە سەر بەرماڵەکە بمایەتەوە. ئەوەندە کە بەرەبەرە خانووەکە تووڕەییەکانی لەبیربباتەوە. باوەگەورە وەک بڵێی بەمە بزانێ، لەبیرم دێت کاتێک لێدەبووەوە، مۆڕەکەیەکی لێدەکردم و منیش نیگام لەسەری هەڵدەگرت و خۆم بە شتێکی ترەوە سەرقاڵ دەکرد.**

سەیرە لەگەڵ ئەوەی من قەت نوێژم نەکرد و قەت یەک تاقە رۆژوو چییە نەمگرت، کەچی دەنگی بانگ و نوێژ ئارامی دەکردمەوە و، ببوو بە بەشێک لە ژیانم. وەک هەموو شتەکانی دەورووبەرم کە بە درێژایی ساڵانی تەمەنم پێیان راهاتبووم. ئەمە زۆر جار دەبووە هۆی ئەوەی بیر لە خوا بکەمەوە. لای من ئەو ساڵانە خوا بوونەوەرێکی میهرەبان بوو کە باوەگەورەی پێنج جار لە رۆژدا لە ئێمە دووردەخستەوە و دەبووە هۆی ئارامی. لانیکەم لای من. کاتێک باوەگەورە مرد و من هەڵکشام و تەمەنم گەورەتر بوو، ئەم وێنایە لام هەر مایەوە.

مامەکانم بەپێچەوانەی باوکیان، هەمیشە بە دەنگی بەرز نوێژیان دەکرد. وشە بە وشەیان دەگوتەوە و وەک بۆخۆیان دەیانگوت، بە دەنگی بەرز نوێژخوێندن خێری زۆرتر بوو. دەیانگوت لەبەر ئەوەی هەم باشتر شەیتانی راوەدەنێ و هەم وشە موقەدەسەکان هەوایان خاوێن دەکردەوە. لای ئەوان، دەنگی کەلیمە قەت نەدەمرد و بۆ هەمیشە لە هەوادا دەمایەوە، هەتا گوێی تری پەیدادەکرد و بەم شێوەیە هەتا ئەبەد بەردەوام دەبوو. لای من ئەمە چەند خەیاڵێکی جوان بوو. بەڕاستی سەیریش بوو مامەکانم بەم شێوەیە خاوەن خەیاڵی وەها بن. بە ئیستایشەوە پێم وایە هەر چواریان ئەمەیان بیستبوو و لە راستیدا هی خۆیان نەبوو. پوورم بە گاڵتەوە پێیان دەڵێ "ئەرێ، هەر ئەم کەلیمانە بوون لە هەوادا مانەوە و کەسی تر هەڵیگرتنەوە و وەزعەکە وای لێهات!" بەڵام ئەوان وەڵامی نادەنەوە. لای ئەوان چونکە پوورم دەرسی شەیتانیی خوێندووە، تازە دەرکردنی لە مێشکی مەحاڵە و بەس لە رۆژی قیامەت مەگەر خودای گەورە فکرێک بە حاڵیان بکا. تازە ئەوەی

که شووی نەکردبوو، وەک تۆڵە و سزای خوا لەم دونیایەدا لێیان دەڕوانی. مامە تەنەکە چاوەکانی بچووک دەکردنەوە و دەیگوت "جا ئیتر تێبگە لەو دونیا چ خەبەر دەبێ!"

لە ناو براکاندا تەنیا باوکم نوێژ ناکا. یەعنی دەیکا، بەڵام تەنیا بە کاتی رەمەزاندا. جگە لەمە هەموو رەمەزانیش بەڕۆووە و تاقی لێناخوا. مامە رەحمان لای وایە باوکم لە قنەوە لەغاوی کردووە! بە دەنگی بەرز دەڵێ "ترِحێو، جا ئەمە کەی موسوڵمانەتییە!" باوکیشم گوێ ناداتێ و پێی وایە خۆهەڵقورتاندن لەم سەردەمەدا لەو کاتەوە لە شا راپەڕین بووە بە کاری هەموو عەبدێک و ئەمە وەک گوناهێکی گەورە لێکدەداتەوە. منیش لام وایە خۆتێهەڵقورتاندن، گەر لە سنوورێک لابدا، جێی خوا و بنیادەم دەگۆڕێ و ئەمە بۆ خڵقەت شتێکی باش نیە. تەنانەت بیستوومە مامە چاییچی جاری وایە لە مزگەوت بانگ دەدا و ئەمە کارێکی کردووە کە بە تەواوی لە چوونە بەهەشت دڵنیا بێت و لە ئیستاوە بە بەرچاوڕوونییەوە لە داهاتووی خۆی لە دووای مردن بڕوانێ. هەڵبەت باوکم قەدیم نوێژی دەکرد و وەک هەموو براکانی تری قسووری نەدەکرد، بەڵام لەو کاتەوە دۆخ گۆڕابوو و شا رۆیشتبوو، کەمێک ئیمانی لەق ببوو. باوەڕی بە عەداڵەتی خوایی لەق ببوو. ئەو ئەم کارەی خوای پێ قووت نەدەدرا و بە دایکمی دەگوت "پێم وایە جاری وایە تەنانەت لە لای ئەویش دنیا لەسەر سەر دەگەڕێ!"... ئەستەغفورولڵا... ئەستەغفورولڵا! دایکم ئەمە لە تەنیایی خۆیدا دەڵێ و بەڵام هاوکاتیش لای وایە خوا لەوە گەورەترە کە بەم جۆرە کفرانە لە عەبدی خۆی وەرگەڕێتەوە و فەرامۆشی بکا،... بەتایبەت لە رۆژی

قیامەت کە ڕۆژێکی یەکجار هەستیارە و خوا بە هۆی ئەو ئەشقەی مرۆڤەکان بۆ ژیان هەیانە، ڕەحمێک لە دڵیا دەگەڕێ و ئەوەی نابێ وا بە کەڕرات لە کتێبە ئاسمانییەکەیدا بەڵێنی دابوو.

ڕاستی ئێمە تا چەندە مافی ئەوەمان هەیە خودا وەک حەقیقەتێکی ئەزەلی و ئەبەدی بێنینە بەرچاومان؟ چاوەکانم دەقونجێنم و هەوڵ دەدەم ئەزەلی و ئەبەدی بێنمە بەر چاوەکانم. زەمەنێک وێنادەکەم کە لە ڕابردوویەکی نادیارەوە دەکشێ، دەگاتە ئێرە و پاشان لێرەوە هەتا داهاتوویەکی نادیار. پاش کەمێک هێنان و بردن، لێی تێیدەگەم، بەڵام بۆم کۆ ناکرێتەوە. گەر خوا ئەمە بێت، ئەوا هیچ فڕی بە سەر ئێمەوە نیە و ئێمەیش بە هەمان شێوە. ئەو لە جیهانی خۆیدایە و ئێمەیش لە خۆماندا. ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا خۆ پیاهەڵواسینێکی ڕووداراانەیە کە تەنیا لە داماویی مرۆڤەکانەوە دێت. نا، ئەو کاری بە ئێمە نیە، ئەوە ئێمەین خۆمانی پیا هەڵدەواسین تەنیا لەبەر ئەوەی لە دەست کورتیی تەمەن دەربازبین. باوەڕ بەخوابوون، هەوڵدانێکی بێسوودە بۆ درێژکردنەوەی خۆمان لە زەمەندا. ئەو زەمەنەی وا ناتوانین تێی بگەین و کەچی بۆ خوای جێ دێڵین تا بەو ڕەحمەی وا دیسان دەیخەینە پاڵی، بۆمان بگەڕێنێتەوە.

من پاشماوەی تەمەنم، هەر بەم هۆکارە، خۆم لە نوێژ و لە ڕۆژوو و لە باوەڕ بەدوور رادەگرم و لام وایە ژیان بەم شێوەیە دەستەمۆترە. حەزدەکەم بەقەدەر ئەو کاتەی وا دەژیم، خەیاڵم بڕوات. بڕواناکەم خوا پێویستی بە من بێت. بڕواناکەم چۆنیەتیی ژیانم لەسەری کاریگەری هەبێ. چرکەساتەکان لەوە بچووکترن لە بێکۆتاییەکاندا ببینرێن.

ڕۆژێکیان ڕێک لە دووای نانخواردنی نیوەڕۆ کاتێک هەموو خێزان ڕاکشاون و خەریکی پشوودانی دووانیوەڕۆیانن، لە کاتێکدا دەنگی ویزەویزی مێش و مێشوولەکان تەنگیان پێ هەڵچنیوین، لە حەوشە دەبێ بە حەشر و حەلەلایەک نەبێتەوە! پۆلێکی زۆری چۆلەکە، بە جریوەجریویان دەرک و بان هەراسان دەکەن. ڕادەبم و دەچمە بەر پەنجەرەکە. دایکم دەڵێ داخۆ لەسەر چی شەڕیانە. لێیان ورد دەبمەوە. دەڵێی بە شوێن یەکیاندا وێڵن. لەم شوێن بۆ ئەو شوێن، بە خێراییەکی سەیرەوە دەفڕن. وەک لاسیقی خڕ، لەسەریەک لەسەریەک دەکشێن و دیسان کۆدەبنەوە. هەرچی زیاتر لێیان ورد دەبمەوە، بێ فایدەیە. هیچ شتێکی وەها سەرنجم ڕاناکێشێ. دیسان گوێم لە دەنگی دایکم دەبێتەوە "ئەڵێن چۆلەکەکان ئەتوانن لەگەڵ خوا قسەبکەن!" ئەوسا وێنەی ئەو چۆلەکەیەم دێتەوە بیر کە لە تەنیشت سەر و دەندووک و سینگیدا ئایەتێکی قورئان نووسرابوو. وێنەیەک کە لەوە پێش لە شوێنێک بینیبووم. وەک بڵێی ڕستەکان لە دەندووکی ئەوەوە دەهاتنەدەرەوە. ساڵانی دوواتر لە دەقێکدا دەخوێنمەوە سلێمانی پەیامبەر ڕۆژێک لە ڕۆژان توانیویەتی لە گەڵ دوو چۆلەکە قسەی بکا کە تیایا مێینەکە گلەیی لە ئەشقی درۆینەی نێرینەکە کردووە و نێرینەکەیش بۆ ئەوەی سەرنجی مێینەکە ڕاکێشێ خۆی فش کردووەتەوە و باسی لە فڕێدانی تاج و تەختی سولەیمان بە دەندووکی خۆی کردووە بۆ ناو دەریا!

چۆلەکەکان هەمیشە هەن. ئەوان، زستانە هەرە دژوارەکانیش تێدەپەڕێنن. هی بچووکییانە، زۆربوونیان، زیرەکیان یان توانای قسەکردنیان لەگەڵ خوا، نازانم. هەر ئەوەندەی،... ئەوان هەن. وەک

هەموو ئەو شتانەی وا هەن. جاری وایە بوون خۆی دەبێتە هۆکار. هۆکاری خۆی.

لە پەنجەرەکە دەکشێمەوە و دەچمەوە رادەکشێمەوە. مێشکوژەکە هەڵدەگرم و ئەوەی لە تەنیشتمدا بنیشێ، پانی دەکەمەوە. چۆلەکەکان میشخۆرن. چەند حەزدەکەم هەر ئەو پۆلە خۆیان بە ژوورەوەدا بکەن و تاقبڕیان بکەن.

بە دەنگی بانگی عەسر خەبەرم دەبێتەوە. خەوێکی قورس، بە پێچەوانەی خواستی خۆم، دایگرتبووم. سەرم قورسە و دونیا جۆرەیەکی تر دێتە بەرچاوم. خۆم درەنگ دەبینمەوە. دەنگی مەلا، بەو هەوا گەرم و بێدەنگە حوزن بڵاودەکاتەوە. بازاڕ، ئەوەندەی نەماوە قەرەباڵغ هەڵگەڕێتەوە. جاران ئەم کاتانە باوەگەورە داوای چایی دەکرد. رێک لە حەوشە لەسەر بەردە نوێژەکە. چۆلەکەکان لەمێژە رۆیشتوون. دەنگێکی سەیر، دەنگێک وەک تەپڵ و زوڕنا، سەرنجم دەقۆزێتەوە. بێگومان دراوسێیەک گوێ لە گۆرانی دەگرێ. پوورم خۆ بە ژوورەوەدا دەکا و دەڵێ کۆڵانێک ئەولاتر زەماوەندە. دەڵێ وەک ساڵی ساڵان لۆتیان بانگ کردووە!

هەڵدەستم و بە پەلە خۆم دەگەیەنم. خەڵکێکی زۆر کۆبوونەتەوە و رەشبەڵەکە. سەرچۆپی کێشەکە، هەموو ئازای ئەندامی شەلاڵی ئارەقە. لەسەر بانەکان وەک جاری جاران خەڵک راوەستاون کە زۆربەیان ژن و منداڵن. کاکی شایەر لە نێوان دوو شاباشدا پشوویەکی بۆ وەردەگرێ و دەنگ هەڵدەبڕێ "بووک زێنێ عەمرم زێنێ، ئەمنم خەڵکی گەرمێنێ،

شێخی... خوایە لە منت نەستێنیٚ!" وشەکانی دووای 'خوا' ناگەنە گوێم. بە خۆم دەڵێم دوواتر لە چۆلەکەکان دەپرسمەوە.

کە دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە، هەنگاوەکانم سووک سووکن، خۆشییەکی یەکجار زۆر لە دەروونمدایە. بە خۆم دەڵێم "کەواتە لۆتییەکان لە دووای سالانی ساڵ گەڕاونەتەوە!" بە خۆم دەلێم وادیارە بەرادەر شەب ئاویزیش کەیفی بە شایی و زەماوەند دێت! بێگومان باوکیشم زۆری پیٚ خۆش دەبیٚ، هەرچەند تەمەنی هەڵگەڕاوەتەوە.

بەڵام هێشتا نەگەیشتوومەتەوە ماڵەوە کە دوو لەندکرۆزێری پڕ لە چەکدار بە بەردەمی ماڵەکەماندا تێدەپەڕن. ئەژنۆم شل دەبیٚ. بە دڵنیاییەوە بەرەو ئەویٚ دەچن.

دوواتر دەبیستم شاییەکەیان تێک نەدابوو. تەنیا ئەوەی ماوەیەکی باش لەو دەورووبەرەوە مابوونەوە و لە خەڵکیان روانیبوو و،... دوواتر رۆیشتبوون.

باوکم دەڵیٚ نە جلوبەرگی کوردی بەو فش و هۆڵییەوە خۆی لە خۆیا بۆیان کێشەیە و نە ئەو تەپڵ و زوڕنایەی لە هەزاران ساڵ لەوە پێشەوە خەڵکی پێی سەما ئەکەن.

من شەو پێش خەوتن، لە ژوورەکە بەتەنیا سووکە هەڵپەڕکێیەکی بۆ دەکەم. هەمان شەو لە خەویشمدا پۆلە چۆلەکەکە دەبینمەوە کە دەستیان گرتووە و لە حەوشەکەی ئێمە هەڵدەپەڕن. لۆتییەکان هەر ئەوانەن وا دوێنیٚ بینیوومن. رۆژی دوواتر بۆ دایکمی دەگێڕمەوە. بۆ ئێوارێکەی بیٚ ئەوەی من بزانم دایکم چارشێو لەسەر دەکا و روو لە 'خاهاجەر' دەکا کە بەناوبانگە بۆ لێکدانەوەی خەو.

**دایکم که دەگەڕێتەوە زۆر خۆشحاڵە. هەموو گیانی پێدەکەنێ و دەجریوێنێ. چارشێوەکەی لەسەر ناکاتەوە که ئاوێزانم دەبێ، ماچم دەکا و دەڵێ ئینشائەڵلا ژیانت پڕ دەبێ لە خۆشەویستی و لە ئارامی.**

**لە دەرەوە ئاسمان بە هۆی مانگی چواردەوە هێشتا ڕووناکە و، مل ناداتە تاریکی.**

***

**بیژەن ئەسغەرنژاد که کوڕی ئاغای بورهانی ئەسغەرنژادە و کارمەندی سازمانی ئاوە، که سەرخۆش دەبێ هەتا دەتوانێ کوڵ و کفی دەروونی هەڵدەڕێژێ و شەرمی لەکەس نیە، بەڵام تەنیا لە کۆڕی هەڤاڵە نزیکەکەنیدا. ئەگینا هەتا بڵێی لەلای خەڵکی خۆی دەگرێ و ملی دەماسێنێ. بورهانی باوکی سەرەتا شۆرەتیان چێودار بووە و دوواتر کراوە بە چاودار و سەرئەنجام بە هەوڵی خۆی کرابوو بە ئەسغەرنژاد. بورهان زۆر حەزی بەوەیە ناوەکەی حال و هەوای فارسانەی هەبێت و لە پاش گەڕانێکی زۆر سەرئەنجام لەسەر ئەسغەرنژاد ساخ ببووەوە. دیارە ئەو کات نەیدەزانی ئەسغەر لە بنەڕەتدا عەرەبییە، هەرچەند دوواتر کاتێک زانیشی، هیچی لە دۆخەکە نەگۆڕی. لای ئەو وشەکان بە ڕەگ و ڕیشەیان ناناسرێنەوە، بەڵکو بە شێوە و ڕادەی بەکارهێنانیانە دەناسرێنەوە. بۆیە لای ئەو، ئەم شۆرەتە تەواو لە جێی خۆی بوو، بەتایبەت که 'نژاد'یشی پێوە لکابوو. بورهانیش کۆنە مامۆستایە و ئەویش وەک پوورم هەموو شانازییەکەی ئەوەیە که ئەگەرچی یەکەم مامۆستای شار نیە، بەڵام لە نەوەی یەکەمە و، جگە لەمە لە شاران دەرسی خوێندووە. ئەم پیاوە بەپێچەوانەی کوڕەکەی نە دەخواتەوە و نە**

ئەهلی قسەی قۆڕە و نە فرەویژیشە. لای ئەو، ژیانی دەرەکی و دەروونی وەک ئاوێنە یەکتر دەنوێننەوە و بۆیە یەکجار ئاگای لە خۆیەتی. من کاتێک لە بیژەنی کوڕی دەڕوانم کە بە جۆرێک هاوڕێی سەردەمی منداڵیمە و ئیستاکە دیسان بە گوڕێکی زیاترەوە بووینەتەوە بە رفیق، دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە بیژەن لە داخی باوکی وادەکا، یاخود لەبەر ئەوەی هەموو تەمەنی حەسرەتی ئەوەی بووە کەمێک ژیانێکی کراوەتر و خۆشتری هەبێ. بیژەن لە دڵەوە رقی لە باوکیەتی، بەڵام بە گوێرەی ئەو نەریتەی وا لە کۆمەڵگادا هەیە و کوڕ دەبێ رێزی باوک بگرێ، ئەویش لەگەڵی رایدەکێشێ.

بەهەرحاڵ.

بیژەن مشت دەکێشێ بە مێزە نزمەکەی بەردەمیدا و دەڵێ ئاخ چەندە بیری ئەو سەردەمە دەکەم!... ئاخ چەندە تاسەی بۆنی قنە خڕ و سپییەکانی سەر سەندەڵیی دووچەرخەکان دەکەم. کچە ناسکۆڵە فارس و تورکەکان دەڵێم. پوولی دۆمینەکان یەک بە خۆیان هەڵدەخەنەوە و ریزیان دەشێوێ. سیانەکەی تر دەنگیان بەرزدەبێتەوە و دەنگی دەدەن. یەکیان دیسان پوولەکان یەکدەخاتەوە. هەر وەک جارانیان. لە شوێنێکا حەپی بەیازەکەی خراپ داناوە، دەنگی دەدەن. ئەویش راستدەکاتەوە. من کە لە کەنارەوە دانیشتووم و سەیریان دەکەم، لە بۆنی تێکەڵی سیگار و ئارەقی سەگی سەرم لە گێژەوە دێت و، بۆ ساتێک بە خۆم دەڵێم ئەرێ تۆ لێرە لەناو ئەمانەدا چیدەکەی. هەمووی خەتای بیژەنە کە بە زۆر من بەم لاولادا رادەکێشێ، دەڵێم نا، نایەم و، کەچی وازناهێنێ. چەن قیرسیچمەیە. وەک گەنە پێتەوە دەلکێ. ئاخر منێک کە

نە دەخۆمەوە و نە جگەرە دەکێشم و نە دوو قسەی قۆڕیشم پێدەکرێ، چی دەکەم لەناو ئەمانەدا؛ تازە باشیش پێناکەنم. تەنیا بزەیەکم لێوە دێت. لە راستیدا تەنیا شتێک کە هەمە ئەوەیە دەتوانم بە چەندین رۆژ دابنیشم و گوێ بگرم. تەنانەت گەر بێ ماناترین شتەکانیشم بۆ بگێڕنەوە. بێدەنگم. هیچ کەس هیچ شتێک لە من نابیستێتەوە. ئیستا دەزانم بیژەنی ئەسغەرنژاد بۆ ئەوەندە حەزی لە هاوڕێیەتی منە. لە سەردەمێکی وەک ئەمڕۆدا، کەسی وەک من زێڕە،... لانیکەم بۆ ئەوانەی وا وەک بیژەن وان. ئەوەی پێیان خۆش بێت لەبەر دەمیدا دەیکەن و جگە لەمە هەمیشە گوێگرێکی وەفاداریشیان هەیە کە قەت هیچ نادرکێنێ.

- وەی وەی،... خۆ لە بیرتان دێت!... من کە دووچەرخەکەم دەبردەوە، هەتا یەک هەفتە لە ژێرزەمینییکە نەمدەجوولاند، پیاوی ئەویست بەرەولای بچێت و دەستی لێبدات. رۆژی چەند جار بۆنم پێوەدەکرد. هەتا کونی رۆحم هەڵمدەمژی،... جوان جوان. کە پێم ئەدان سواری بن، ئیتر بۆ خۆم هەتاماڵەوە ئەوە دووچەرخەکە بوو سوارم دەبوو! ئاخ چ زوو ئەو رۆژانە رۆیشتن،... چیمان بەخۆمان کرد. پیاو دڵی دەردێ تا قنێکی خڕی وەک جاران دەبینێتەوە و بگرە هەر نایشیبینێ. مەگەر دەکرێ بەم مانتۆ و چارشێو و جلوبەرگە فشۆڵانەوە!

من دیسان دەچمەوە ئەو ساڵانە. هەموو شتێک چەندە لە خەونێکی کتوپڕ دەچێ. هەڵبەت هیچ هەستێکم نیە بۆی. ساتەکان، هەرچەند بە درێژایی هەزاران ساڵیش بن؛ کەچی کاتێک یادیان دەکەی لەچەند چرکە زیاتر نین. مێشکی مرۆڤ چەند بێڕەحمانە هەموو کاتەکانی رابردوو

دەکا بەو چرکانەی وا ئێمە سەرلە نوێ، کورت کورت، وێنایان دەکەینەوە.

بیژەن پوولێک بە تووندی دەکێشێ بە مێزەکەیدا و، دەڵێ ئەوە چییە دیسان دالغە لێی دایتەوە؟!

من سەیری بیجامەکەی دەکەم. چوارمیلکە دانیشتووە و هەتا ئەژنۆکانی هەڵیکێشاوە. تووکی سەر سینگی لە جەنگەڵێکی چڕ دەچێ. گەر جوان بیپشکنی، تیایا شێر و پڵینگ دەبینیتەوە. ئیتر ئەوە مار و دووپشک گارانتییە. بەڵام دەبێ وەک پاڵەوانەکەی چیرۆکی ئالیس لە سەرزەمینی عەجایەب، ئەوەندە بچووک بیتەوە کە تۆیش لە ناو سینگیدا ون بیت. یەک لە سیانەکە دەپرسێ دەی عاقیبەت چیت لە دووچەرخەکەت کرد... نەکا قووتت دابێ؟

ئەوانی تر قاقا دەستدەکەن بە پێکەنین. یەکی تریان دەڵێ بەشەرەفم لەوەیش کەرترە! سێهەمینیان دەڵێ کەر نا، بڵێ بارگیر!

دووکەڵ چڕتردەبێتەوە. من هەستدەکەم لە دەرەوە کەرێک یاخود چەندین کەر پێکەوە خەریکن دەزەڕێنن. لادەکەمەوە، لە پەنجەرەکە دەڕوانم و زیاتر گوێ هەڵدەخەم. بیژەن دەڵێ خێرە، دە ساڵەکە بانگت لێ ئەکەنەوە؟! دەنگی زەڕینی کەرەکان هەتا دێت بەرز و بەرزتر دەبێتەوە. بیژەن دەڵێ بەخوا لەم پیاوە بەختەوەرتر لە دونیایا دەست ناکەوێ، ئەوەی نەبینی وا ئێمە بینیمان. دە بڵێن خۆزگەم بە خۆی! کتوپڕ یەکیان دواپوول بە مێزەکەدا دەکێشێ و، دەڵێ دۆمینە! بیژەن تێکدەچێ،... بەڵام بێسوودە. شەریکەکەی لای وایە گەر بیژەن ئەوەندە نەڵێ و ئاگای لە کایەکە بێت باشترە. بیژەنیش لە وەڵامدا دەڵێ لە

هەرە کۆنەوە توانیوویەتی چەندین کار پێکەوە ئەنجام بدا و ئەمە تایبەتمەندیی تایفەی ئەسغەرنژادە. ئەم دۆڕانەیش تەنیا بۆ خراپی دەستەکەی دەگەڕێتەوە.

من هەڵدەستم و بەرەو پەنجەرەکە دەچم. نا، هەڵەم نەکردووە. دەیکەمەوە و دەڵێم گوێتان لێیە؟ یەکیان دەڵێ یەکەم جارە دەنگی کەر دەبیستی؟! هەموو دەیدەنە قاقای پێکەنین. بیژەن دەڵێ بەشەرەفم ئەمەیان پێکێکی تری ئەوێ، ئادەی یاڵڵا. من جاری وایە دەڵێی نایناسمەوە. ئەوسا درێژەی پێدەدا:

- لە گەڕەکی لادەییە خۆشەویست و بەڕێزەکانەوە دێت، گوێدرێژەکانیشیان لەگەڵ خۆیان هێناوە. کەسیان لە عایلە جێ نەهێشتووە، گوێدرێژیش وەهایە، یەکیان بزەڕێ، ئەوی تریشیان دەست پێدەکا، وەک کەڵەشێری گەڕەکە جۆراوجۆرەکانن کە گوێیان لە یەکترە، تازە خوا بگا چاوییان بە ماکەرێک نەکەوێ، ئیتر ئەبێ بە حەشروحەلەلا!... وەرە کاکی خۆم، وەرە دانیشە، دونیا هەر ئەمەی کەم بوو، با ئەم زەرەزەڕەیشی بێتەسەر.

بەڵام من هەستدەکەم کەرەکان تەنیا بەم هۆکارانە نیە دەزەڕن. ئەوان کاتێک بە لەجا دەکەون و رق هەڵدەگرن؛ یان کاتێک تووڕەیشن، دەزەڕن. پەنجەرەکە بە نیوەکراوەیی جێدێڵم و دێم لە لایان دادەنیشمەوە. هێشتا هەفتاوشەش بە چل و نۆن. واتە بیست و شەشی باڵا بە چل و نۆی پایین! بیژەن لای وایە ئەوان بچنە سەدیش، هەر دەیدۆڕێنن. ئەو سوورە لەسەر ئەوەی بۆ بردنەوە خولقاوە.

ـ ئەریّ نەتگو عاقیبەت دووچەرخەکە چی لێهات ماڵ کاول،... فرۆشتت، فڕێتدا، بەخشیت یان هەر ماوە؟

ـ کوڕە کاکە، فڕێدانی چی و فرۆشتنی چی و بەخشینی چی،... هەتا ساڵانی ساڵ هەروا لە ژێرزەمینییەکەدا مایەوە، من ساڵانی دوواتریش، بگرە کە ژنیشم هێنا، هەر دەچووم و بۆنم پێوە ئەکرد، بەڵام بەرەبەرە ژنگەکەی وەها زیادی کرد کە تەنیا بۆنی ژەنگم ئەکرد و ئیتر نەچوومەوە بەلایەوە. هەتا رۆژێک بینیم لەویّ نەمابوو، باوکم دابووی بە دووچەرخە فرۆشێکی شار و وەسسەلام... نامە تەمام! منیش لێم نەوت، ئەگەرچی سەرەتا زۆر دڵم تەنگ بوو.

ژوورەکە گەرمە و، بۆنی ئارەقی لەشیش دێت. من لە کتێبەکاندا وەسفی ئارەقخۆرەکانم بینیوە. بەو ئاکامە گەیشتووم ئارەق هەرچی بیت هەرچیترت دەکا! گەر ئازابیت، ئازاتر دەبی، گەر ئاقڵ بی ئاقڵتر، گەر ترسنۆک بیت ترسنۆکتر، گەر روودار بیت روودارتر، گەر خەمین بیت خەمینتر، گەر بێدەنگ بیت بێدەنگتر. ئەگەرچی کەمێک لە بەشی ترسنۆکییەکەی دڵنیانیم و، دەبیّ زیاتر بیری لیّ بکەمەوە. یەکیان رووودەکاتە بیژەن و، دەڵیّ:

ـ هەتیو لەبەر ئەوەی کۆنە چێودارن، چاک لە کەر و شتی وا ئەزانی، بەم گۆڕینی شۆرەتە خۆتانتان لێمان گۆڕیوە! بەڵام هەر ئەوەن کە بوون. باشە ئیستا چێودار شتێک، ئەی ئەم چاودارە چی بوو،... کەرە!؟

ـ هەتیوە، باوکم سەرەتا چاودار بە عەینەک تێگەیشتبوو، هەتا پێی چوو وانیە، بەڕەکە ئاوبردبووی، بۆیە ئەمجارە تەواو ناوێکی تازەی دانا.

جەماعەت پێدەکەنن. نازانم بە چی پێدەکەنن. پێم وابێ زۆرتر جەوەکەیە جووڵاندوونی.

شەو کە دەڕۆمەوە بیر لەوە دەکەمەوە کە ئەوە چییە من بە بیژەنەوە گرێدەدا و، بۆچی من بە بێ هیچ مقاومەتێک بەقسەی دەکەم و لەگەڵی دەڕۆم. لەپڕ تێدەگەم من وەهام. من لەگەڵ ئەوەی حەزم بە تەنیایی خۆمە، کەچی دەتوانم لەگەڵ هەموو کەس هاوڕێ بم. هەر ئەوەندەی پێم بڵێن. وەک بڵێی تاقیکردنەوە، تەنیا هاندەر و تەنیا ئامانجی من لە ژیاندا بێت. نەکا هی کتێبەکان بێت. بە پوورم دەڵێم عادەتێکی خراپت فێرکردم. پوورم لە وەڵامدا دەڵێ کتێبخوێنەکان یان دەبێ ببن بە مامۆستای زانکۆ، یان نووسەر، یان لە حیزبێکی سیاسیدا ببنە ئەندام؛ ئەگینا سنووری نێوان خۆیان و خەڵکی تریان لێ تێکدەچێ و هاوڕێیەتی هەموو کەس دەکەن. من کە تازە بە هۆی دە ساڵی خەوەکەمەوە ناتوانم ببم بە ئەندامی حیزبی سیاسی یاخود مامۆستای زانکۆ، بیر لە نووسەری دەکەمەوە. ئا، من دەتوانم ببم بە نووسەر. دەتوانم،... تەنیا بەو مەرجەی دە ساڵەکانی تەمەنم، لە دەروونی خۆمدا زیاتر و زیاتر بکەم. وەها نە خۆم خۆم لە نووسینەکانمدا بناسمەوە و نە ئەوانی تر. وەک غەریبێک کە چیرۆکێکی ئاشنا دەگێڕێتەوە.

دوو مانگ دوواتر بیژەن بەسەر ئارەقخۆرییەوە دەگیرێ. لە ناو بازاڕ، لەبەر دەمی خەڵکی پەنجا زەربە شەللاقی لێدەدەن و جەریمەیەکی باشیشی دەکەن. بەختی دەبێ دەریناکەن، بەڵام وەرەقێکی پێدەنووسن کە گەر جارێکی تر دووپاتی بکاتەوە، ئەوا لە دایرەکە دەریدەکەن.

بیژەن ئیستا تەنیا لەگەڵ من دەخواتەوە. هەر خۆی. دیسان نازانم چ تامێکی هەیە. من وەک هەمیشە گوێم لە چیرۆکە کۆنەکانیەتی. رۆژێک دەڵێ دەبێ راوەستێ تا تەمەنی هەڵدەکشێ بۆ ئەوەی بیرەوەریی تری بەسەردا بێت. هەر لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ داخۆ ئەم رۆژانە هی ئەوەن ببن بە بیرەوەری!

***

بورهان ئەگەرچی ئەم سەردەمەی بەدڵ نیە و بگرە بەدڵیش رقی لێیەتی، بەڵام هەوڵدەدا وەک خۆی دەڵێ واقع بین بێت و شتەکان وەک خۆی ببینێ. چاکە چاکەیە و خراپە خراپە. هەر کەسێکیش، بەتایبەت گەر موسوڵمان بێت، بە چاکە بڵێ خراپە و بە خراپە چاکە، ئەوا لای ئەو لە رێگای خوا لایداوە و بێگومان لە پاش مردن نسیبی جەهەننەم دەبێ. هەرچەند لایشی وایە لە دووای مردن، بگرە لای خودی خوایش یاسای تر زیاتر لەوەی وا لە دەقە ئایینییەکاندا هاتووە، حاکمە و بگرە لە دووامانادا کەس نازانێ کێ بەهەشتییە و کێ نا. لای بورهان پردی سیڕات زۆر لقی تریشی لێدەبێتەوە و، ئەم رازە تەنیا لای خوا خۆیەتی و لە کن عەبدی نەدرکاندووە. جارێکیان بیژەن گوتی باوکم لای وایە دیوی شاراوەو و ناوەوەی مرۆڤەکان زۆر گرینگە و ئەمە ئەو بەشەیە کەس لێی نازانێ و بۆیە واچاکە لە ئاست یەکتردا بێدەنگ بین. بە شوێن ئەمەیشدا بە باوکی رادەبوێرێ کە ئەوەندە بێدەنگە جاری وایە لە موجەسەمە جیاناکرێتەوە.

تا ماوەیەکی باش ئەم قسەیە بە خۆیەوە مەشغوڵم دەکا. هەتا ئیستا من بەم شێوەیە لەم پرسەم نەڕوانیبوو. راستە، ئەوەی ئێمە لەسەر

کەسانی تر دەیزانین ڕوواڵەت و کردەیانە، قسەکانیانە، ئیتر کاتێک بێدەنگ دەبن، یاخود هیچ شتێک ناکەن، تەواو دادەخرێن. بەڵام مرۆڤ لێرەدا ڕاناوەستێ، هەوڵدەدەین بەوەی لە ڕابردوودا کردوویانە، دیسان بیانخوێنینەوە. تەنانەت بێدەنگکییەکەیشیان. ئێمە بێدەنگیی مرۆڤەکان قبوڵ ناکەین. لای ئێمە هەمووومان هەمیشە خەریکی شتێکین. بەردەوام. ڕاوەستان مانای نیە. تا ڕۆژیک تێدەگەم کە من بەبێ ئەوەی بە خۆم زانیبێ، لە ڕاستیدا لە تەواوی ئەم سالانەی وا ژیاوم، توانایەکی سەیرم لە خوێندنەوەی بێدەنگییەکانی ئەوانی دیکە هەبووە. ئەمەیش بۆ کتێبەکان دەگەڕێتەوە. کاتێک ئینسان لە بێدەنگی خۆیدا بە سەعات دادەنیشێ و لە لاپەڕەکان، یەک لە دووای یەک ڕادەمێنێ، بە بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ، فێریش دەبێ هەر بەو شێوەیە لە مرۆڤەکانیش بڕوانێ و وەک ڕستە بێدەنگەکان بیانخوێنێتەوە. لەخۆوە نەبوو منیش ئەوەندە مرۆڤێکی بێدەنگ و گۆشەگیر بووم. نانا،... گۆشەگیر نا! حەزم لەم وشەیە نیە. گۆشەگیر دەکرێ گێژۆکەیەکیش بێت.

بەم خوێندنەوەیەی خۆم، هەستێکی لەخۆبایی بوون دامدەگرێ. سینگم ڕاستدەکەمەوە و ملم دەکێشم. لە دوورەکان دەڕوانم. خوایش ڕەنگە لەم کاتانەدا لەسەر ئەستێرەیەکی دوورەدەستی ناو کاکەشانەکان هەر ئەم کارە بکات. لە خۆشیا تەسبێحێک لە جوانترین ئەستێرەکان بە پەتی تیشک سازدەکا و، حەمد و سەنای تواناکانی خۆی، لەگەڵ خۆی بۆ میلیۆنان ساڵ دەیبا. ئەو ساڵانەی وا لای ئەو چرکەیەکن.

بورهان لای وایە لابردنی 'کارخانەی بەرق' و وەسڵکردنی شار بە کارەبای سەرتاسەریی وڵاتەوە، یەکێک لەو کارە باشانەیە وا دەسەڵاتی

نویێ کردوویەتی. کاتێک بیژەن ئەم قسەیەی باوکی بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە، دێتەوە بیرم پێش ئەوەی خەوی دە ساڵە لە خۆیدا نوقمم بکا، شار بە هۆی مەکینەیەکی یەکجار گەورەوە کە بە قەدەر خانوویەک دەبوو و رێک لەناو گەڕەکەکانی شاردا، لە ناو حەوشەیەک بە دوو حەوزی گەورەی ئاوەوە کە بینایەکی شیروانی گەورەیان لە تەنیشتدا بوو، جێگیرکرابوو، بەرقی بۆ دابیندەکرا. خەڵکی ناویان لێنابوو کارخانەی بەرق! دەنگی کارخانەکە هەر زۆر زل بوو و، لە هەموو شوێنێکی شارەوە جگە لە گەڕەکی پشت تەپۆڵکەی قەبرستانەکە کە بەسەر هەموو شاردا دەیڕوانی، دەبیسترا. ئەم مەکینە گەورەیە هەمیشە بۆ رێبواران جێگای سەرنج بوو. نەدەکرا لە کۆڵانەکەی تەنیشتییەوە تێپەڕی و بۆ ماوەیەکی باش لێی نەڕوانی و بیری لێنەکەیتەوە. دەنگەکەیشی بەڕاستی ترسناک بوو، گوێی کپ دەکرد، بەڵام خەڵکی شار عادەتیان پێکردبوو و وەک بڵێی هەر دەنگی لێوە نایەت! من کە نازانم کەی و چۆن ئەم کارخانەیە گواسترابووەوە، بە بیژەن دەڵێم راستی کەی لێرە برديان؟ بیژەن دەڵێ ئەویش بە جوانی لەبیری نیە و لای وایە کە یەکێک لە رۆژەکانی ناوەڕاستی وەرزی هاوین بووە. دێتەوە بیرم بیرەوەریی خۆش و ناخۆشم لەم کارخانەیە هەبووە. کاتی خۆی کە منداڵ بووم، بۆ ئاوهێنان لەگەڵ دایکم دەچووین بۆ ئەوێ، بۆ حەوزەکان. لەگەڵ ژنان و منداڵانی تریش. سەیری حەوزە قووڵەکان و مەکینە ترسناکەکە چ دونیایەک بوو! دەستم بە کراسەکەی دایکمەوە دەگرت و هەتا دەهاتمەوە دەرەوە، بەرم نەدەدا. دایکم کە هەڵگرتنی پووتە ئاوەکان بەم شێوەیە بۆی زەحمەت دەبوو، دەنگی دەدام؛ بەڵام من

هەتا دەهاتینە دەرەوە وازم نەدەهێنا. هەر جارەو شوێنێکی کراسەکەی. دایکم بە هۆی قورسایی پووتەکانەوە شین و رەش دەبووەوە. کوڵمەلانی سوورسوور هەڵدەگەڕان. بەم شێوەیە دڵتەزێنرتین و جوانترین دیمەنی دونیا لەبەر چاوەکانمدا لەدایک دەبوو.

بیژەنی ئەسغەرنژاد راستدەکا. ئیستا لەمێژە ئەو دەنگە لەم شارە ونبووە. ئەو دەنگەی من چەندە غەریبیی دەکەم. دێتەوە بیرم جاری وابوو با لەگەڵ خۆی بە شەوانەدا دەیهێنا و دەیبرد، گا بەرز و گا نەوی. چەند بە تامەزرۆییەوە گوێم بۆ ئەم گەمە سروشتییە هەڵدەخست.

بیژەن قاقا پێدەکەنێ و، دەڵێ لە بیرت دێ ئەو بنەماڵەیەی رێک لە تەنیشت کارخانەکەدا دەژیان و، باوکیان بەرپرسی مەکینەکە بوو؟ دەڵێم ئەیچۆن لەبیرم نایەت. دەی مەگەر هەر ئیستایش لەوێ ناژین؟ دەڵێ با... با، هەر لەوێن، مەبەستم ئەو سەردەمەیە. دەڵێم ئێ!؟

دەڵێ لە بیرت دێ کاتێک لە کوڕەکەیمان ئەپرسی ئاخۆ ئەو دەنگەدەنگە ئازاریان نادا و ژیانکردن لە تەنیشتی وەها دێوەزمەیەکا زەحمەت نیە، ئەیگوت عادەتمان پێگرتووە و هەر ئاگایشمان لێ نیە! من سەیری دەکەمەوە و دەڵێم دەی راستە، باوەڕناکەم درۆی کردبێ. بیژەن وەک بڵێی رقی هەستابێ، دەڵێ کوڕە ئەی لەبیرت نەبوو چەند گەمژە ئەینواند، نەک خۆی بەڵکوو هەموویان! لەبیرت نایەت کاتێک قسەمان لەگەڵ ئەکرد چۆن گوێ رائەگرت و چەننە درەنگیش جوابی ئەدایەوە؟! ئەوسا قاقا پێدەکەنی. بیژەن راستدەکا. ئەمەم بەجوانی لەبیرە، بەڵام ئەوەی هۆکاری ئەمە کارخانەکە بووبێ یان نەخۆشی، تیایا ماوم.

بیژەن درێژەی دەداتێ و دەڵێ لە کاتی شۆڕشدا تەنیا بنەماڵەیەک بوو پێم وابێ گوێیان لە هەراهەرای تەزاهوراتەکان نەبوو و بێ خەیاڵ لێی دانیشتن. دەڵێ تەنیا بنەماڵەیەکیش بوون کەسیان هیچیان لێ بەسەرنەهات. دەپرسم باشە لە دووای گواستنەوەی مەکینەکە باوکیان چکارەبوو؟ دەڵێ کوڕە ئەوە گرینگ نیە، خوا تیکەکە نانێ هەر ئەگەیەنێ.

بیر لە کووڕەکە دەکەمەوە. چەند مرۆڤێکی ئارام و مەزڵووم بوو. ئەوەی دەنگەدەنگی مەکینەیەکی گەورە، ڕێگای ژیانی کۆمەڵێک خەڵکی بە پێچەوانەی زۆرینە گۆڕیبێ و بە بارێکی تریدا خستیبێ، لام وەک ڕێکەوتێکی سەیر و عەجایەب دێتەبەرچاو. هەرچەند هەر ئەوان نەبوو ئەمە چارەنووسیان بوو. سەردەمە گەورەکان مرۆڤە لاکەوتەکان لەبیردەکا و لە بەرچاوانیان دووردەخاتەوە. دەزانم بیژەن وەک هەمیشە خەریکی گاڵتە و جەفەنگە، بەڵام گەر شۆڕش دەنگی ناو شەقامەکان بێت، ئەوا نەبیستنی بەهۆی دەنگێکی ترەوە کە بەڕێکەوت ڕێک لەبەر دەمی ماڵەکەتدایە، دەکرێ کردنەوەی ڕێگا یاخود پەنجەرەی ڕووانینی تر بە سەر ڕووداوە مێژووییەکاندا بێت.

ماسییە زەردو سوورەکانی بن حەوزەکانم دێنەوەیاد. ماسییەکانی بن قەوزەکان کە بە سەرتاسەری ئاوەکەدا پەخش و بڵاو بوون و ئەوەندەی دیکە حەوزەکانیان ترسناک دەنواند. دایکی من کە زیاتر لە هەموو ژنەکانی تر لە ئاو دەترسا و لە کاتی پڕکردنی تەنەکەکانیشدا دەستێکی هەر بە منەوە بوو، وەک من چاوی لە بنی حەوزەکە هەڵنەدەگرت. من و دایکم پێکەوە دەترساین. من هەمیشە بەخیلیم بەو منداڵانەی تردا

دەهاتەوە کە بە بێ خەیاڵ و بە بێ ئەوەی کەسوکارەکانیان بەریان پێ بگرن، بە دەوری حەوزەکاندا هەڵدەهاتن، دەچەمینەوە، دەستیان بە ئاوەکەدا دەکرد و بەدەنگی بەرز پێدەکەنین. ئەو پێکەنینەی کە بە هۆی مەکینەکەوە نەدەبیسترا. لەوێ لە حەوشەکە گەورەکان پێکەوە نەدەدوان، یان کە دەدوان وەک بڵێی بەسەر یەکتردا دەیانقیژاند. جاری وابوو هەستم دەکردن پێکەوە قسەیان دەکرد بەس لەبەر ئەوەی لەناو ئەو هەراهەرایەدا بەڕێکردنی وشەکان، دونیایەکی تر بوو. کە دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە هەتا ماوەیەکی باش گوێکانم جۆرەیەک بوون. کپ دەبوون و هەوڵمدەدا بە لەپی دەستەکانم، لە گەمەیەکی درێژخایەندا، رزگاریان کەم. جاری وابوو دەگەییمە ئامانج و جاری وابوو نا.

بیژەن دەلێ مەکینەکەیان بەسەر ترێلییەکی یەکجار گەورەوە راگواست. هەموو خەڵکی شار چووبوونە سەیری. دەڵێن ئەمجارە بردبوویان بۆ شارۆچکەیەکی دوورەدەستی تر لەو سەری نیشتمان. ئەو مەکینەیەی کەس قەت قەت هەوالێکی لێ نەبیستەوە.

ساڵانی دواترە دەبیستمەوە کاتێک شا هاتبوو بۆ ئەم شارەی ئێمە، کارخانەی بەرقیان لەبەر ئەوەی رێک لە تەنیشت شەقامە سەرەکییەکەی شار بووە، ئەو خیابانەی وا شا لێیەوە گوزەری کردبوو و دەستی بۆ خەڵکی راوەشاندبوو، کوژاندبووەوە. ئیستا دێتەوە بیرم ئەو رۆژە یەک تاقە گڵۆپ چییە رۆشن نەبوو. تەنیا دروشمی سەر کاغەز و سەر پەڕۆکان و گوڵ و هەراهەرا و ئیتر هیچی تر.

**گەر بە حسێبی ساڵان بێت، گەر بیژەن ئیستا کارمەندی سازمانی ئاوە، منیش دەبێ کارمەندی ئیدارەی بەرق بم! من چیم لەو کەمترە. تازە گەر بزانن ئارەقخۆرە دەریشی دەکەن و وەک ئەحەی ئارەقخۆری لێ دێ کە تەنانەت بیرکردنەوە لەوەی ببێ بە کارمەندی حکومەتیش بۆی خەونە. حەتاڵ و بەتاڵی ناو جادەکان، مەجبووری کاسبیی سەرپێی، وەک دەڵێن. ئەحە دەڵێم.**

**رۆژانی داهاتوو هەوڵدەدەم بیرەوەریی کارخانەی بەرق لەبیر خۆم ببمەوە. یەک دوو جارێک بە یادی ساڵان بە ناو کۆڵانەکەی تەنیشتیدا دەڕۆمەوە. دڵم تەنگ دەبێ. رقم لە خۆمە کە لەو کاتەوەی لە خەوی دە ساڵە هەستاومەتەوە، بۆ یەک جاریش بێت، خەیاڵم نەچووبووەوە بۆ سەر ئەو مەکینە جادووییەی وا ساڵانی ساڵ ئەم شارەی رووناک کردبووەوە. سپڵەم؟ نا نیم. تەنیا ئەوەندەی کە خەوە درێژخایەنەکان دەتوانن زۆر بیرەوەری بکوژن و بۆ هەمیشە لە مەیدان بەدەریان بکەن. بەڵام بە خۆشییەوە ئارەقخۆرەکان هەن! ئەوان بیرمان دێننەوە. تەنیا ئەوەندەی دەبێ جورئەتی ئەوەمان هەبێ لە مەجلیسیاندا دابنیشین و لامان وانەبێ کە سەرخۆش دەبن بەتەمای کاری خراپە لەگەڵماندان. رێک وەک من.**

**لە رۆژێکی خۆشی هاوینیی کۆتایی خەرمانان، هەستدەکەم بیژەن و ئەحە، سەرەڕای جیاوازیی زۆری دۆخیان، کەچی یەکجار لەیەک دەچن و، وەک ئەم شارە ئێمە پێویستییەکی زۆرمان پێیانە. ئەو مرۆڤانەی مێژوونووسەکان، گەر بەڕاستی بەتەمان مێژووی راستەقینە بنووسنەوە، دەبێ ئاوڕیان لێ بدەنەوە!**

***

**ساڵەکان کە سەرەتا هەمیشە بە کاوەخۆ و ئارام لەبەر چاومدا تێدەپەڕین، هەنووکە دەفڕن. هەدانادەن. گەر ساڵان لە جۆبارێکی ئارامی بن شاخێکی بەرز و گەردنکەشیان دەکرد کە بە ناو مێرگ و گوڵزار و گیاجاڕەکاندا تێدەپەڕی، ئێستاکە لە رووبارێکی خرۆشانیان دەکرد کە بەناو دۆڵێکی بەستێن یەکجار لێژی پڕ لە گابەرد و گڕەبەرددا رێیان دەکرد کە تەواو بە پەلە بوون لەوەی بگەنە کۆتایی خۆیان. رووبارێک کە جاری وایە لە دەنگی بەسامی خۆی هەراسان دەبێ. زەمەن بە هەموو بوونی خۆیەوە لەبەر دەممدایە. لەهەر چرکەیەکیدا هەستدەکەم رەنگە ببم بەو دڵۆپانەی کە لە پێچێکی کتوپڕیدا لە رووبارەکە دادەبڕێن و بۆ هەمیشە لەناو زەوی زبر و وشکی کەنار بۆ هەمیشە وندەبن. بگرە رەنگە بۆ من ئەم خێراییە یەکجار زیاتر بێت. ئەویش تەنیا لەبەر ئەو دە ساڵەی وا لەو ژوورەی تیایا لەدایک ببووم، خەوم لێکەوتبوو. خەوێکی بێ مانا کە بە هیچ شتێک پاساو نادرێتەوە. بەڕاستی ژیانی من چەندە بوو؟ ئەم رۆژانە هەستدەکەم غەدرێکی گەورەم لێکراوە، غەدرێک کە لەوە پێش زۆرم هەست پێنەدەکرد. نا، دەبێ ئەو دە ساڵە وەربگرمەوە. بەڵام لە کێ؟... روو لە چ کەسێ بکەم؟ من ساڵە جۆبارییەکانم لەکیس چووبوون. ئەو ساڵانەی وا تەنانەت شۆڕشیش نەیدەتوانی بیانکا بە رووبارە پڕ لە هاژەکان. لە پەنجەرەکەوە لە دەرەوە دەڕوانم. ژیان و دەرەوە وەک هەمیشەن. لە دیمەنەکەی بەر دەممدا هیچ شتێک نەگۆڕاوە. گەر چاو بقونجێنم و هەموو ئەو ساڵانەی وا تێپەڕیون لە دەروونی خۆم بسڕمەوە، دەتوانم سوێندبخۆم تەنیا دوو رۆژ لەو رۆژەی گوزەراوە وا**

**بۆ ئێره گواستمانەوه. تەنانەت دەتوانم سوێندبخۆم هێشتا نەیشمانگواستووەتەوه. چاو بە دەورووبەری خۆمدا دەگێڕم. لەم خانووەدا بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو تەنیا من و پوورم ماوینەتەوه. هەموو ئەوانی تر رۆیشتن. جا یان بەرەو ئەو شوێنەی وا ناویان لێناوه دونیایەکی تر، یاخود شوویانکرد و ژنیان هێنا و ئیستاکە بۆ خۆیان خاوەن ماڵ و حاڵی خۆیانن. خوشک و براکانم دەڵێم کە قەت من بە درێژایی ژیانم نەمتوانیَ پێوەندی خوشک و براییان لەگەڵ دروستبکەم. ئەمەیش تاوانی کتێبەکانە. تاوانی ئەوانەی وا لەیەکەم چرکەکانەوه منیان فێرکرد ئەوەندەی سەرنجم دەبیَ لە سەر دەرەوە بیَ، نابیَ لەسەر ناوەوەی ئەو چواردیواریانەی بێت وا تیایانا دەژیام. نا، لەمەیشدا هەڵەم. ئەی ئەوە نیە بەشێکی بەرچاوی چیرۆکەکەم باسی باوەگەورە و پوورم و باوکم و دایکمە؟! من وردیلەکانم نەبینی. جا یان هی ئەوە بوو خۆیشم وردیلە بووم، یان رەنگە هی ئەوە بوو من زۆر زوو هەوڵمدا بگەمەوە ژیانی گەورەکان، یەکجار زووتر، پێش ئەوەی هەڵبدەمیَ و بگەمیَ. نەکا هۆکاری خەولێکەوتنی دە ساڵەم ئەمە بێت؟ زەمەن لێم ترسا. ئەوانەی زووتر لە تەمەنی خۆیان، خۆیان هەڵداوێنە ناو رووبارە گەورەکەوە، خودی زەمەن تۆڵەیان لێدەکاتەوه.**

**پوورم کە پیر بووه و لەمێژه وازی لە خەونی شووکردن هێناوه، دەپرسیَ داخۆ من وازم لە بیرکردنەوه نووسراوئامێزەکانم هێناوه، یاخود بەردەوام لەسەر هەمان پلانی جارانم. رووی تێدەکەم و دەڵێم "جادەکەت لەبیره؟ وازم لێناهێنیَ. ئیستایش هەر لەویم." وە بۆنی چنارە باڵابەرزەکان لە جەستەم دەئاڵیَ. کتێبخانەکە وەک هەمیشە**

چاوەڕوانمە. باڵندەکان بەردەوام دەفڕن. پوورم دەڵێ "ببورە دەستم گرتی و بردمی بۆ ئەوێ، گەر بمزانیایە دونیا وەهای لێدێ، لێ ئەگەڕام تۆیش وەک هەموو ئەوانی تر بی." دەڵێم "ئەزانی لە ترسا پیاوانی شار روویان تێنەکردی و بۆیە وا تەنیا مایتەوە!" بزەیەکی چرچی دێتێ و دەڵێ کە من هەڵەترین پیاوی دونیام و ئەمەیش دیسان تاوانی خۆیەتی. چاوەکانی پڕدەبن لە فرمێسک. دەڵێ "ئەزانی من تۆم رێک وەک خۆم لێکرد، پیاوێکی تەنیا وەک ژنێکی تەنیا،... ببورە... لێم ببورە، بەڵام ئەمە لە نیەتما نەبووە. بمبەخشە!" من کە سەرەڕای هەموو رووداوەکان خۆشحاڵم لەوەی کە هەم، بزەیەکم دێتێ و دەڵێم من زۆر هەست بە بەختەوەری دەکەم. پوورم چاوم لێهەڵدەگرێ و نیگا وەردەگێڕێ. لە دەرەوە دەنگی بانگی عەسر دێت. دووانیوەڕۆیەکی یەکجار گەرمی هاوینە. کەڵەشێرەکان باڵەکانیان بە یەکتردا دەکوتن بە بێ ئەوەی بخوێنن. شار هەناسەی قورسە و، تامەزرۆی بایەکی فێنکە کە لە شاخەکانەوە داگەڕێ و هەموو کۆڵان و جادەکان لە ئامێزی خۆی گرێ. فێنک فێنک بیانلێسێتەوە. دەڵێم راستی لە هەموو ئەو شتانەی وا رابردن تۆ چ شتێک زیاتر لە هەمووی سەرنجی راکێشای؟ پوورم هەروا لە خەیاڵی خۆیایەتی. چاوەڕوانم. رووم تێدەکا و دەڵێ خۆم. دەڵێ "لام وابوو خۆشبەختترین ژنی ئەم شارە ئەبم کەچی بەدبەختترینیان بووم. زانست فریام نەکەوت!" پاش کەمێک بێدەنگیی تر، هەڵدەداتەوە و دەڵێ "هەروەها تۆیش،... تەنیا جیاوازیی من و تۆ ئەوەیە من مێینەم و تۆ نەرینە." لەبەر خۆمەوە بە بێدەنگی بە خۆم دەڵێم "رەنگە ئەوەندەی نەمابێ لەگەڵ تەرمەکەی ئەمیش بچم بۆ گۆڕستان!" ئەوسا خانوویەکی

تەنیا، تەژی لە خۆمی تەنیا دێتە بەرچاوم. بەلاچاو سەیری قەفەسەی کتێبەکان دەکەم. خۆشبەختانە وەک هەمیشە لەوێن. من و ئەوان پێکەوە دەمێنینەوە. دڵنیام ئەو ڕۆژەی دەمرم، ئەوانیش لەگەڵ من دەمرن،... دەڕۆن. ئەوسا خانووەکەیش وەک میرات بۆ هەمیشە بەسەرهاتەکەی لەم چیرۆکەدا تەواودەبێ. بزەیەکی تاڵم دێتێ. ترسناک نیە. نا،... نیە. لەبەر ئەوەی شتەکان هەر هەموویان ڕۆژێک لە ڕۆژان دەگەنە کۆتایی خۆیان. ئەوەی ترسناکە ئەوەیە کە ئێمە لە ژیانمان نەگەیەنە کۆتاییمان و هەست بکەین هێشتا زۆر شت ماوە دەبێ ئەنجامی بدەین. دەڵێم چۆنە وەک سالآن دەستم بگریت و لە جادە بەناوبانگەکەوە پێکەوە جارێکی تر تێپەڕینەوە؟ پێدەکەنێ. سەرم لێ بادەدا. دەزانم یەعنی نا. دەڵێم ئەو سالآنە نەمانزانی عەکسێک بگرین. بەلآم کوا کامێرا. ئەو سالآنە، یان وێنە لە خودی وێنەگرییەکاندا دەگیرا، یان لە سەیران. لە ناو شار کەم کەس ڕووی ئەوەی هەبوو عەکس بگرێ. ئەو وێنانەی هەموو کەس وەک سەرباز، ڕەق و تەق، تیایاندا رادەوەستان. وەک بڵێی سەرگروبان یان مامۆستا بە شووڵەکەیەوە دەردەکەوت کە "بۆچی خوار وەستاوی!" تەنیا ژنەکان بە منداڵەکانی باوەشیانەوە راحەت بوون. ئەویش بەناچاری. بە مەلافەیەکی ڕەش، یان سپی دیواری ناشیرینی حەوشەکانیان دادەپۆشی بۆ ئەوەی عەکسەکان شارستانیانەتر بێن. عەکسە ڕەش و سپیە ئەبەدییەکان کە بۆ ڕۆژی دوواتر، گەر لێت بڕوانیایە، دەڵێی هی سەد ساڵ لەوە پێش بوون.

بە پوورم دەڵێم زەمانی قەدیم هەر ئەو کاتیش زۆر قەدیم بوو،... لانیکەم ئەوەیکە قەدیم دەینواند. ئەو لە گەڵ ئەمە نیە و لای وایە من

دیسان وەک هەمیشە خەریکە لە چاویلکەی ئیستاوە سەیری ئەوسا دەکەم. دەڵێ لای وابوو کتێبەکان فێری ئەوەیان کردووم کە بتوانم لە کاتدا جێگۆڕکێ بکەم و وەک جەستەیەک هاوکات لە چەندین شوێن هەبم. بێدەنگ دەبم. دەڵێم لات وانیە ئەم قسەیەی من جۆرێکە لەو جێگۆڕکەیەی وا باسی لێدەکەی؟ پوورم لای وایە من سەرەڕای هەموو شتێک بەڕاستی زیرەکم. لەلای ئەو، تەنیا مانەوە، باشترین دەرکەوتەی زیرەکییە. مرۆڤە زیرەکەکان لەگەڵ کەس ناسازێن، لەبەر ئەوەی بیرکردنەوەیان لە هەموو شتێک لا گرینگترە. لەبەر ئەوەی هەر خۆیان پێ راستە.

دیسان لەبەر خۆمەوە لەگەڵ خۆم خەریکی دروشمدانم. پوورم دەڵێ عەیبی نیە، هەموو کەس لەم ژیانەدا بە جۆرێک لە جۆرەکان دەبێ دڵی خۆی رازی بکا.

شەو درەنگانە. هەستدەکەم کەسێک لە پشت دەرگای ژووری خەوەکەمە. دەنگ هەڵدەبڕم کێیە. شێتانەتر دەنگ هەڵدەبڕم. وەڵام نیە. دڵم لەسەر هەزار لێدەدا. دەمم وشک دەبێ. لە کاتێکدا جەستەم سەر ئارەق نیشتووە، دەچم و بەپەلە دەیکەمەوە. کێیە؟ کەسێک بە لاتەنیشتی درگاکەوە خۆی حەشارداوە. لەگەڵ ئەوەی هەموو ئازای ئەندامم دەلەرزێ و دەنگم لە قوڕگمدا پەنگدەخواتەوە، بە هەر دوو دەست یەخەی دەگرم و بەرەو خۆم رایدەکیشم. دەیناسم. سیمای وەک هەمیشە چەند ناشیرینە. هاواردەکەم بەم نیوەشەوە چی دەوێ. دەڵێ هیچی ناوێ و بەهەڵە ریێی کەوتووەتە ئێرە! بۆنی گرتن و زیندان و ساڵە پڕ لە تەنیاییەکانی ژوورە تاکەکەسییەکانی لێوە دێت. چاودەگێڕم. لە

تاریکاییەکاندا کەسی تری لەگەڵ نیە. بەڵام هاوکات هەستدەکەم بەرادەر شەب ئاویز لەوێ لە شوێنێکە و هەموو رووداوەکە دەبینێ. بەس من توورِەم، وازناهێنم. رایدەکێشم و توند دەیدەمەوە بە دیوارەکەی پشت سەریدا. دەڵێم ئاخر جارە لێرە دەتبینم... ئاخر جار،... تێدەگەی!؟ دەلێ بەرادەر شەب ئاویز داوای دەستنووسەکانم دەکا. دەڵێ نەک لەبەر ئەوەی لای وایە شتێکی خراپم نووسیوە و لە یاسا لامداوە، نا، لەبەر ئەوەی ئەویش حەزدەکا بیانخوێنێتەوە. دەڵێ بەرادەر شەب ئاویزیش وەرِەزە و زۆر کات نازانێ چی بکات. گوتوویەتی لەم شارە بچوکەی سەر سنوور، وەرِەزی گەورەترین دوژمنی مرۆڤە. ئەوسا پێش ئەوەی فرِێی بدەمە دەرەوە، لەناکاو خۆی لە ناو دەستەکانمدا وندەبێ! من دەمێنمەوە و دەستە پرِ لە هیچەکانم.

خەبەرم دەبێتەوە. هەناسەم سوارە لەوەی خەیاڵ دەتوانێ وێنای بکا،... شەلاڵی ئارەقم. بەپەلە دەچمە ئەو دیو. بزانم داخۆ پوورم چۆنە. لە ناو تاریکییەوە وەک هەمیشە گوێم لە دەنگی هەناسەیەتی. هەناسەی پیری. کاتێک دڵنیایی ئەم ساتە خۆشانەی خەو، خۆی لە خۆیاندا نیعمەتێکی گەورەن. دڵنیام قیژاندوویشمە. لەو قیژانەی کەس بەخەبەر ناهێنن. لەو قیژانەی تەنیا هی خۆتە. چۆنە دەستنووسەکانم ببەم و پیشانی بەرادەر شەب ئاویزی بدەم؟ جا گەر قەرار بێت من نووسەر بم و کتێب بنووسم، ئەویش مافی خۆیەتی بیخوێنێتەوە. کتێبەکان هی هەموانن. ئەوەیکە چۆنی لێکدەداتەوە لە جێی خۆی. ئەمە فرِی بە نووسەرەوە نیە. رەنگە بتوانێ بەشەکەی خۆیشی تەدقیق بکا. مەسەلەن بڵێ گەر ئەو نەبایە نیشتمان لەمێژ بوو هەڵوەشابوو و هەر

بەشەی گورگێکی ناوچەکە قرتاندبووی و بردبووی،... بۆ هەمیشە. وە من دێتەوە بیرم کە خراپترین ئەشکەنجەکانیش هەمیشە جوانترین بیرەکانی لە پشت بووە. بکوژەکان خۆیان خۆیان قانع نەکەن، قەت ناتوانن ئەوەی بکەن وا دەیکەن. من لام وایە لە پشت هەموو شتێکەوە بڕیارێکی تاکەکەسیانە هەیە. کەس لە راستیدا ناتوانێ کەسی تر مەجبووربکا، ئەگەر مەیلێک لەکەسەکەدا نەبێ. پەشیمانییەکان لەوە لێمان نزیکترن وا بیری لێدەکەینەوە.

بۆ سبەی بە هەموو وەرەقەکانەوە دەچم بۆ لای برادەر شەب ئاویز. دەڵێ باش بوو هاتی، ئەگینا کەسی ترم دەنارد. ئەوجا دەزانم دوێ شەو خەوم نەبینیبوو! دەڵێ جێیان بێڵە، دەیانخوێنمەوە و جوابت لێ دەگێڕمەوە. ئەوسا دەپرسێ داخۆ دەتوانێ سەرنج و تێبینییەکانی خۆی لەسەر بنووسێ. دەڵێم بۆ نا.

هەفتە و مانگ دەگوزەرێ و وەڵام نیە. نایشوێرم بچمەوە بەر دەرگای. دەزانم ئەم رۆژانە سەرقاڵە. ئاوری شۆڕش لێرە و لەو دیو سنوور کڵپە دەستێنێ. هەواڵەکان سات بە سات دەگەنە گوێ. هەناردەکردنی شۆڕش وەک هەناردەکردنی سێو و هەنگوین و فەرشی کاشان و نەوت و گاز نیە. منیش وەک نووسەرێکی باش، زیاتر، چاودێری هەواڵەکانم. چاوەڕوانم. دڵنیام رۆژێک لە رۆژان برادەر وەڵامم دەداتەوە.

سەرئەنجام ئەو رۆژە دەگا. دەستنووسەکان وەردەگرمەوە و دەچمەوە ماڵەوە. تەنانەت بە پووریشم ناڵێم. دەیانکەمەوە. لە سەر یەکەم لاپەڕە، لە سەری سەرەوە، سەرەتا نووسیویەتی:

"خوێندمەوە. سوور بە مانای لابردنە."

پەڕە بە پەڕە هەڵیاندەدەمەوە. دەڵێی سورێژە لێیداون. سوورەکان وەهان کە رستەکانی ژێرەوەیان ناخوێنرێنەوە!

لە خوارترەوە (وشە و رستەکان تەواو نین و هەم لە باری ئیملاوە و هەم لە باری رێزمانەوە کێشەیان هەیە. ساخیان دەکەمەوە)، نووسیویەتی:

"سەرنجەکان:

- پوورت بە ناردنی تۆ بۆ کتێبخانە وەک بەمەعلیم بوونەکەی خۆی هەڵەیەکی کوشندەی تری کرد،

- مامەکانتم خۆش ئەوێ. لە شارەکەی منیش وەستاکارەکان وەهان. بەدەم هەڵچنینی دیوارەوە ئەوەننە سەیری ماڵان ئەکەن و ئەوەننە ژنی جۆراوجۆری بە بێ حیجاب ئەبینن کە وەک مامە جوێنفرۆشیان لێدێت. لەخۆوە نیە ئێمە باوەڕی قووڵمان بە حیجاب و بەوە هەیە کە ژنان ئەبێ لە ماڵەوە بن،

- باوەگەورەت زۆر لە خۆڕازی یاخود بەخۆ کەم باوەڕ بووە (توورەییەکانی بۆ داپۆشینیان بووە)، یەک تۆز ناوچاوی کراوەتر بووایە و لە جیاتی خۆگرتن قسەی دڵی خۆی بکردایە، هەر بە حەواوە ژنی تری ئەستدەکەوت،

- لە خۆوە دڵت خانە سازمانییەکانی گرتووە. دەوڵەتی پێشوو ئەمانەی لە زۆر شوێن سازکردبوو. ئەمانە گەڕەکی تایبەت بە تاغووتییەکان بوون و بە هەڵاتنی شا، سەردەمیان کۆتایی پێهات،

- ئاگام لە باوکت بوو و ئەمزانی چی لە دەروونیا ئەگوزەرێ، باش بوو ئاقڵ بوو و تەنیا لە خەیاڵاتی خۆیا ژیا،

- حەزم لە کەسایەتی عەبە بێقۆلە، نموونەی زۆر بێت، بەڵام بە شەرتێک رووی لەم لاوە بێت،
- حەمە عوممانە تاوانی نیە، سەرباز ئەبێ گوێڕایەڵ بێت. نیشتمان بۆ هەر شوێنێکی ناردی، دەبێ لەوێ بیت،
- ئاغای ئەسەدی خائینی بە تەواو مانابوو، دڵنیام بە سزای خۆی گەیشتووە. جەمشیدی کوڕیشی بە کەیفی خۆی! گەر بچێتەوە سەر رێبازی باوکی، ئەوا ئەویش چارەنووسی باشتر نابێ،
- فەرەجیی پاسەبان، ئیستا حەتمەن ئارەقخۆرێکی پیرە. ئەگەرچی ئەمە خۆی لە خۆیا زەرەرە، بەڵام گرینگ ئەوەیە بۆ سەر نیزام هیچ مەترسییەکی ناتوانێ ببێ، لەبەندەر عەبباسیش چی زۆرە، تریاک!
- خازوڵەیخا و بەکرە کوێر لە مرۆڤە ونەکانی ناو مێژوون، ئەوانە هەن بۆ ئەوەی کەسانی تر هەبن. خوای گەورە نموونەیان زیادکا،
- حەمە سوور لە مێژە پیاوی خۆمانە، شۆرش بە بێ ئەوان سادرناکرێ،
- کاک بەختیار لای وایە زۆر زیرەکە،... لێی گەڕێ با ببێ!
- چارەنووسی عومەری کۆسە، چارەنووسی هەموو ئەوانەیە وا لەگەڵ ئێمە تێدەکەون، ئافەرین بۆ وەسفت!
- مینەی بنجۆگەڕ، شێخ عەودالْ، ئەحەی ئارەقخۆر، حاجی برایمی قۆزاخ، مامۆستا سینا و ماشینەکەی، مریەمی ژنی عەبدوڵڵا کوردە، خا هاجەر، بورهانی ئەسغەرزادە و بیژەنی کوڕی و هەموو ئەوانەی تر وا ناویانم لە بیر نەماوە، لێیان ئەگەڕێم. ژیان بە هەموو رەنگەکانییەوە جوانە بەتایبەت گەر زەرەریان نەبێ بۆ پەزەکە!

له کۆتاییدا حەزئەکەم پێت بڵێم پێم وابێ ئەتوانی ئەمە وەک کتێب چاپی بکەی، من وەک خۆم کێشەم لەگەڵیا نیە. بگره ئەتوانم یارمەتیشت بدەم. بەشێکی مێژووت گێڕاوەتەوە، بەڵام گەر له جیاتی تۆ بم، مادام ده ساڵ له گرینگترین ساڵەکانی ژیانت که هاوکات بووه له گەڵ گرینگترین رووداوی نیشتمان، له خەوا بوویت، وا باشتر بوو دەست بۆ قەڵەم نەبەی. کوڕی باش، هەر کەس ناتوانێ ببێ به نووسەر. خۆ بەوە نیه پوورت دەستت بگرێ و به جادەیەکی چۆڵدا بتبات بۆ کتێبخانه. گەر وا بووایه دونیا لەبەر نووسەر جمەی ئەهات! به قەولی هاوڵاتیانی خۆت شەقت له پووت هەڵدایه نووسەر دەردەپەری!
"

له زیرەکیی بەرادەر شەب ئاویز سەرم سووڕدەمێنێ.
ماڵی بەرادەر ئاوا! ئیستا دەزانم من بۆ قۆناغەکانی تەمەنی خۆمم قەت بۆ لێک جیانەدەکرانەوە.